**هەرێمی کوردستان - عێراق**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

# راپۆرتی کار و چالاکی

## کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی یەک ساڵدا

ئاب ٢٠٢٠



# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | ٢ |
| یاسای چاکسازی | ١٠ |
| کاروچالاکی وەزارەت و دەستەو فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت | |
| وەزارەتی داد | ٢١ |
| وەزارەتی ناوخۆ | ٢٩ |
| وەزارەتی پێشمەرگە | ٣٩ |
| وەزارەتی دارایی و ئابوری | ٤٦ |
| وەزارەتی تەندروستی | ٦٠ |
| وەزارەتی پەروەردە | ٦٥ |
| وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن | ٧١ |
| وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار | ٨١ |
| وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی | ٩٠ |
| وەزارەتی پلاندانان | ١٠١ |
| وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی | ١٠٦ |
| وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان | ١١٢ |
| وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان | ١١٥ |
| وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو | ١١٩ |
| وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی | ١٢٦ |
| وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن | ١٣١ |
| وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی | ١٤٠ |
| وەزارەتی کارەبا | ١٤٥ |
| وەزارەتی سامانە سروشتییەکان | ١٥٣ |
| وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان | ١٥٩ |
| وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان | ١٦٢ |
| وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری نێوان هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵ | ١٧١ |
| فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە | ١٧٤ |
| دەستەی وەبەرهێنان | ١٨١ |
| دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوە ئیدارەی هەرێم | ١٨٧ |

| | |
|---|---|
| دەستەی کاروباری ژینگە | ١٩٠ |
| دەزگای گشتی کاروباری مین | ١٩٣ |
| فەرمانگەی میدیا و زانیاری | ١٩٥ |
| ئەکادیمیای کوردی | ٢٠١ |
| ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان | ٢٠٦ |

## پێشەکی

بەپێی برگەکانی (یەکەم و دووەم) لە ماددەی (بیست و یەکەم) لە نیزامی ژمارە (١١) ی هەموارکراوی ساڵی ٢٠١٢ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بەپرسە لەبەدواداچوونی جێبەجێکردنی کارنامەی حکومەت و بەرزرکردنەوەی راپۆرتی دەوری بۆ بەرێزان سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی. ئەم راپۆرتەی بەردەستتان بریتییە لەپوختەی کاروچالاکی وەزارەت و دەستەو فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت لەماوەی یەك ساڵی تەمەنی کابینەی نۆییەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

وەزارەت و دەستەو فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت لەسەرەتای دەستبەکاربوونی کابینە نۆییەم بەرنامەی کاروچالاکییەکانی خۆیان دارشت بە پشت بەستن بە هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆییەم کەپێکهاتووە لە ٧ تەوەرەو ٥٣ هێڵی گشتی. رووداوە نەخوازراوەکانی قەیرانی دارایی و بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوونە بەربەستی گەورەی بەردەم جێبەجێکردنی بەشێك لە پرۆژەو کاروچالاکییەکان بەلام سەرەرای قەیرانەکان دامودەزگاکانی حکومەت بەردەوامبوون لەپێشکەشکردنی لەبەرنامەی کاریان.

ئەم راپۆرتە دابەشکراوە بەسەر سێ بەش کە بریتین لە بریارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی بەرنامەی چاکسازی و کاروچالاکی وەزارەت و دەستەو فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت لەماوەی یەك ساڵی تەمەنی کابینەی نۆییەم.

## لیستی بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

## بڕیاری ژمارە ( ١ ) تاكو ( ٧٢ )
## لە ٢٠١٩/٧/١٥ تا ٢٠٢٠/٧/١٥

| ژمارە و ڕێکەوتی بڕیار | بابەتی بڕیار | ئامانجی بڕیار |
|---|---|---|
| (١) لە ٢٠١٩/٧/١٥ | ڕێکخستنەوەی دەوامی فەرمانبەران و نەهێشتنی رۆتینی ئیداری | بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی دەوامی سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەهێشتنی رۆتین و گەندەڵی |
| (٢) لە ٢٠١٩/٧/١٥<br>(٤) لە ٢٠١٩/٧/٢٢ | کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ | چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکە بووەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان دۆزینەوەی میکانزمی گونجاو بۆ دۆسیە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا |
| (٣) لە ٢٠١٩/٧/١٥ | پلانی کاری وەزارەت و دەستە و فەمانگە نەبەستراوەکان بەوەزارەت لەژێر ڕۆشنایی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ئامادەکردنی پلانی کاری وەزارەت و دەستە و فەرمانگە نەبەستراوەکان بەوەزارەت لەژێر ڕۆشنایی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان. |
| (٥) لە ٢٠١٩/٧/٢٢ | یەکخستنی ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتەکان | پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتی و بەدەستهێنانی بەڵگەنامە و زانیاری پێویست پێشکەشی هاولاتیانی هەرێمی کوردستان بکات و ببێتە هەنگاوێك بەرە و بەئەلیکترۆنی کردنی کاروبارەکانی حکومەت. |
| (٦) لە ٢٠١٩/٧/٢٢ | پڕکردنەوەی فۆرمی دارایی ئاشکرا کردنی بەرژەوەندی گشتی | لە پێناو شەفافیەت و نەهێشتنی گەندەڵی |
| (٧) لە ٢٠١٩/٧/٣٠<br>(١٢) لە ٢٠١٩/٨/٧ | دۆسیەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | گفتوگۆکردن لە بارەی وردەکارییەکانی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی |

| ئامانجی بڕیار | بابەتی بڕیار | ژمارە و ڕێکەوتی بڕیار |
|---|---|---|
| ڕێکخستنەوەو پێداچوونەوە بە میلاك و ڕێکخستنەوەی بودجەی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی دامەزراوەیی | پەسەند کردنی مەبدەئی بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی گشتی ڕاژە | (٨) لە ٢٠١٩/٧/٣٠ |
| کۆ کردنەوەی گشت داهاتەکانی هەرێمی کوردستان و ڕێکخستنەوەیان لە چوارچێوەی وەزارەتی دارایی و ئابووری | گەڕانەوەی گشت داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری | (٩) لە ٢٠١٩/٧/٣٠ |
| چاوخشاندنەوە بە پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچەو دەرماڵە و ئیمتیازەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان | پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ چاوخشاندنەوە بە پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەشینی و مووچەو دەرماڵەو ئیمتیازاتەکانی دیکە | (١٠) لە٢٠١٩/٧/٣٠ |
| پاراستنی گیان و سەلامەتی گەشتیاران و هاووڵاتییان لە شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان | ئامادە کردنی ڕێنمایی پێویست بۆ پاراستنی گیان و سەلامەتی گەشتیاران و هاووڵاتیان لە شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان | (١١) لە٢٠١٩/٧/٣٠ |
| ڕێکخستنەوەی باج و نەهێشتنی خۆدزینەوە لە گومرگ دراوە. | ملکەچکردنی لایەن و کەس و کۆمپانیاکان بە پێدانی باج | (١٣) لە ٢٠١٩/٨/٧ |
| ڕێکخستنەوەی شایستەی دارایی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت | خەرج کردنی شایستەی دارایی بۆ کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت | (١٤) لە ٢٠١٩/٨/٧ |
| ڕێکخستنەوەی پەیوەندییە دەرەکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە | پێکهاتەو ئەرك و بەرپرسیاریتی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە | (١٥) لە ٢٠١٩/٨/٧ |
| دامەزراندنی سێ یەکەمەکانی ساڵی خوێندنی باڵا و مامۆستایانی گرێبەست لە کەرتی پەروەردە و ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان | پێکهێنانی لیژنە بۆ دیراسەتکردنی بابەتی دامەزراندنی (سێ) یەکەمەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و مامۆستایانی گرێبەستی وەزارەتی پەروەردە | (١٦) لە ٢٠١٩/٩/٤ |
| دابین کردنی نەوتی سپی بۆ هاووڵاتیان لە ناوچە شاخاوییەکان | دابەشکردنی نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان | (١٧) لە ٢٠١٩/٩/٤ |
| نۆژەنکردنەوەی سەرجەم ڕێگاوبانەکانی هەرێمی کوردستان و گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان | نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان | (١٨) لە ٢٠١٩/٩/٤ |

| ژمارە و ڕێکەوتی بڕیار | بابەتی بڕیار | ئامانجی بڕیار |
|---|---|---|
| (١٩) لە ٢٠١٩/٩/٤ | ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ هاوتاکانیان لە دەسەڵاتە فیدراڵییەکان | پتەوکردنی پەیوەندییە دوو لایەنییەکان و چارەسەر کردنی کێشەکان |
| (٢٠) لە ٢٠١٩/٩/١١ | پرسی بوودجە و بەشداری هەرێمی کوردستان لە قۆناغی سەرەتایی ئامادەکردنی ڕەشنووسی بوودجەی ٢٠٢٠ | بەشدار کردنی هەرێمی کوردستان لە قۆناغەکانی سەرەتایی ئامادە کردنی پرۆژەی ڕەشنووسی بوودجەی ٢٠٢٠ لە عێراق و دابین کردنی شایستە داراییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان |
| (٢١) لە ٢٠١٩/٩/١١ | سەرژمێری گشتی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢٠ | دەستەبەر کردنی بەرژەوەندی و داخوازییەکانی کوردستانیان بە هەموو پێکهاتەو نەتەوەییەکانیەوە لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان |
| (٢٢) لە ٢٠١٩/٩/١١ | پەسند کردنی هەمواری پەیڕەوی یەکەمی دەفتەرگرتنی بازرگانی بۆ مەبەستەکانی باجی دەرامەت | ڕێکخستنەوەی باج و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی و کارگێڕی بۆ ڕێگە گرتن لە خۆ دزینەوە لە باج |
| (٢٣) لە ٢٠١٩/٩/١٨ | ڕێکخستنەوەی کاروباری دەروازە سنوورییەکان | کۆکردنەوەی داهاتی دەروازە سنورییەکان و یەکخستنی ڕێکار و میکانیزم و پرۆسەکانی و گەشەپێدانی بزاڤی بازرگانی بە ڕەچاوکردنی ماف و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان |
| (٢٤) لە ٢٠١٩/٩/١٨ | گەڕاندنەوەی قەرزی کشتوکاڵی | وەرگرتنەوەی قەرزە کشتوکاڵییەکان بە شێوەیەك لەگەڵ بار و گوزەرانی جووتیاران بگونجێت |
| (٢٥) لە ٢٠١٩/٩/١٨ | پێکهێنانی لیژنەی کاروباری یاسایی لە ئەنجومەنی وەزیران | پێشکەش کردنی راوێژی دەستوری و یاسایی پێویست بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو بابەتانەی لە چوارچێوەی کارنامەکانی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەخرێنەڕوو |
| (٢٦) لە ٢٠١٩/٩/١٨ | دارشتنی پرۆژەی یاسای (مافی خاوەنداریەتی هزری) | ڕێکخستەوەی مافی خاوەندارێتی هزری لە چوارچێوەیەکی یاساییدا |
| (٢٧) لە ٢٠١٩/١٠/١٦ | دامەزراندنی (سێ) یەکەمەکان لە سەر ئاستی زانکۆ حکومییەکان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٥- ٢٠١٦ | دابین کردنی دەرفەتی کار بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان |

| ژمارە و ڕێکەوتی بڕیار | بابەتی بڕیار | ئامانجی بڕیار |
|---|---|---|
| (٢٨) لە ٢٠١٩/١٠/١٦ | بەبازاڕ کردنی ناوخۆیی گەنمی بەرهەمهێنراو لە هەرێمی کوردستان | سوود وەرگرتن لە گەنمی خۆماڵی و باش کردنی باری ئابووری جوتیاران و ڕێکخستنەوەی بازاڕی گەنم |
| (٢٩) لە ٢٠١٩/١٠/٢٣ | پەسەندکردنی ڕەشنووسی ( پەیڕەوی لکاندنی منداڵ بە خێزانی جێگرەوە ) | ڕێگری کردن لەو منداڵانەی کە لە ماڵە حکومییەکان دەمێننەوە بە خراپ سوودیان لێ وەرنەگیرێت و جیاکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی نەکرێت |
| (٣٠) لە ٢٠١٩/١٠/٣٠ | ڕاسپاردنی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی یاسایی لە ئەگەری هەموارکردنەوەی دەستوری عێراق | خۆ ئامادەکردن بۆ ئەگەری هەموارکردنەوەی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ و دروست کردنی ئەرشیفێك بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم بەڵگە و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی لەبارەی هەمواری دەستور |
| (٣١) لە ٢٠١٩/١٠/٣٠ | پەسند کردنی پێشنیاری دروست کردنی سندوقی هەمیشەیی فریاکەوتنی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان | دروست کردنی سندوقی هەمیشەیی فریاکەوتنی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان |
| (٣٢) لە ٢٠١٩/١٠/٣٠ | پێداچوونەوەی پێشنیاری هەمواری یەکەمی پەیڕەوی (پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٥)ی لە ساڵی ٢٠١٧) | ڕێکخستنەوەی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان |
| (٣٣) لە ٢٠١٩/١١/٦ | پێداچوونەوە بە پێکهاتەو هەیکەلیەتی وەزارەت و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت | پێداچوونەوە بە هەیکەلیەتی گشت دام و دەزگاکانی حکومەت ڕێکخستنەوەیان بەپێی پێداویستی و تایبەتمەندی |
| (٣٤) لە ٢٠١٩/١١/٦ | دامەزراندنی مامۆستایانی گرێبەست لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە | بەهەمیشەیی کردنی دامەزراندنی مامۆستایانی گرێبەست لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە |
| (٣٥) لە ٢٠١٩/١١/٦ | مووچە و پێشینە و ئیمتیازاتی شەهیدان و زیندانیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان | دەستەبەر کردنی مووچە و پێشینە و ئیمتیازاتی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی خەرجییە سیادییەکانی بودجەی عێراقی فیدراڵ |
| (٣٦) ٢٠١٩/١١/٦ | چاکسازی لە یەکخستن و ڕێکخستنی بودجە و میلاك و هێزەکانی پێشمەرگە و بەدەستهێنانی مافە دەستورییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە | یەکخستن و ڕێکخستنی بودجە و میلاك و هێزەکانی پێشمەرگە و دەستەبەرکردنی مافە دەستورییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە |

| ئامانجی بڕیار | بابەتی بڕیار | ژمارە و ڕێکەوتی بڕیار |
|---|---|---|
| دۆزینەوەی میکانزمێك بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کارمەندانی گرێبەست | بەدواداچوونی بارودۆخی کارمەندانی گرێبەست | (٣٧) ٢٠١٩/١١/٦ |
| ڕێکخستەوەی خەرج کردنی داهاتی ناوخۆیی وەزارەت و دەستە و فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت | دەسەڵاتی خەرجکردنی داهاتی ناوخۆی وەزارەتەکان و دەستەو فەرمانگەکان | (٣٨) ٢٠١٩/١١/٢٧ |
| گەیاندنی خزمەتگوزاری لە بواری ئاو و ئاوەڕۆ بۆ هاووڵاتیان | پێداچوونەوە بە یاسای ئاودێری ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٦٢ | (٣٩) لە ٢٠١٩/١١/٢٧ |
| ڕێکخستنەوەی تۆماری کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت | تۆمارکردنی نوێی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان | (٤٠) لە ٢٠١٩/١١/٢٧ |
| چاکسازی لە خانەنشین و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە | پەسەند کردنی پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشین و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان- عێراق | (٤١) لە ٢٠١٩/١٢/١١<br>(٤٢) لە ٢٠٢٠/١/١٢<br>(٤٣) لە ٢٠٢٠/١/١٢ |
| ڕێکخستنی کاری ژمێرکارانی یاسایی لە هەرێمی کوردستان | پەسەندکردنی پەیڕەوی پیادەکردنی پیشەی چاودێری و وردبینی ژمێریاری لە هەرێمی کوردستان | (٤٤) لە ٢٠٢٠/١/٢٢ |
| خێراکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان، خزمەت کردن لە بواری گەشەپێدانی خێزان و چاودێری کۆمەڵایەتی | واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵەی ئەلیکترۆنی، پێشنیاری یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ مندالانی بێ باوك و پرۆژە یاسای گەشەپێدانی خێزان | (٤٥) لە ٢٠١٩/١/٢٢ |
| کۆکردنەوە و ڕێکخستەوەی داهات بەشێوەیەکی ڕێکخراو | کردنەوەی هەژمێرێکی بانکی بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە بانکێکی نێودەوڵەتی | (٤٦) لە ٢٠٢٠/٢/١٢ |
| بەدواداچوونی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازەتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان | پێکهێنانی لیژنەی باڵای بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی چاکسازی | (٤٧) لە ٢٠٢٠/٢/١٢ |
| خۆ پاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە | بڕیاردان لەسەر دەوامی سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن | (٤٨) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ |
| بڵاوکردنەوەی و گەیاندنی زانیاری دروست بۆ ڕای گشتی | پێدانی زانیاری دروست بە شێوەیەکی ڕۆژانە بۆ ڕای گشتی | (٤٩) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥ |

| ژمارە و ڕێکەوتی بڕیار | بابەتی بڕیار | ئامانجی بڕیار |
|---|---|---|
| (٥٠) لە ٢٠٢٠/٥/٥ | کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی داهات و دابینکردنی مووچە و شایستەی دارایی مووچە خۆران | ڕێگری کردن لە بەهەدەردانی داهات و تێپەڕاندنی قەیرانی دارایی و دەستەبەرکردنی شایستەی دارایی بۆ مووچەخۆران |
| (٥١) لە ٢٠٢٠/٥/٥ | لێخۆشبوون لە کرێی کرێچی موڵکەکانی حکومەت | سووک کردنی بار و گوزەرانی کرێێچی لە هەرێمی کوردستان |
| (٥٢) لە ٢٠٢٠/٥/٥ | دەست پێکردنەوەی دەوامی فەرمی فەرمانبەران | دەست پێکردنەوە و ڕێکخستنەوەی دەوامی فەرمی فەرمانبەران لە دامودەزگاکان |
| (٥٣) لە ٢٠٢٠/٥/٥ | چەسپاندنی لامەرکەزی ئیداری لەسەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتی |
| (٥٤) لە ٢٠٢٠/٥/٥ | بڕیاردانی کۆتایی لەسەر ساڵی خوێندنی ٢٠١٩ – ٢٠٢٠ | ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و فێرخوازان و بەفیڕۆ نەچوونی ئەمساڵی خوێندنیان |
| (٥٥) لە ٢٠٢٠/٥/١٣ | ڕاسپاردنی سەرجەم وەزیرەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی و بەرپرسی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا) سەردانی هاوتاکانیان بکەن لە ئەنجومەنی وەزیرانی کابینەی نوێی حکومەتی فیدراڵی | پتەوکردنی پەیوەندییەکان و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| (٥٦) لە ٢٠٢٠/٥/١٣ | پێکهێنانی لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی ڕاستەوخۆی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەن بۆ مەبەستەکانی بڕیاری ژمارە (٣٣) تایبەت بە چاکسازی کارگێڕی و هەیکەلبەندی نوێی پەیکەری حکومەت و میلاك و وەسفی وەزیفی | چاکسازی کارگێڕی و هەیکەلبەندی نوێی پەیکەری حکومەت و میلاك و وەسفی وەزیفی لە هەرێمی کوردستان |
| (٥٧) لە ٢٠٢٠/٥/١٣ | دارشتنی کۆدی تایبەت بە هەرێمی کوردستان بۆ بیناسازی | پتەوکردنی بیناکان لە پێناو سەلامەتی و تەندورستی هاولاتیان |
| (٥٨) لە ٢٠٢٠/٦/٣ | دەستنیشانکردنی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم وەك نوێنەری هەرێمی کوردستان لە دایەلۆگی ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی ستراتیجی نێوان کۆماری عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا | بەشداری کردنی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆکانی نێوان ئەمەریکا و عێراق لە ڕێککەوتنامەی چوارچێوەی ستراتیجی |

| ژمارە و ڕێکەوتی بڕیار | بابەتی بڕیار | ئامانجی بڕیار |
|---|---|---|
| (٥٩) لە ٢٠٢٠/٦/٣ | تەواوکردنی بەیاننامەی دارایی بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٩ | ووردبینی کردنی بەیاننامەی دارایی (بیان مالی) ساڵی ٢٠١٩ |
| (٦٠) لە ٢٠٢٠/٦/٣ | پەسند کردنی پێشنیازی یاسای (ماف و ئەرکەکانی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان و پرۆژە یاسای لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان) | ڕێکخستنی ئەرك و مافەکانی نەخۆش و لە ئەستۆگرتنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان |
| (٦١) لە ٢٠٢٠/٦/٢١ | تەمویل کردنی ڕێژەی ٧٩٪ خەرجییەکانی مووچە و شایستەی دارایی مووچەخۆران و خانەنشینانی گشت وەزارەت و دەستەو لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و سەرجەم سەرۆکایەتی و دامەزراوەکانی هەرێم | دابین کردنی مووچە و شایستە داراییەکانی مووچەخۆران بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە هەرێمی کوردستان |
| (٦٢) لە ٢٠٢٠/٧/١ | پەسەندکردنی چوارچێوەی هاوبەشی کەرتی گشتی - کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان | داڕشتنی سیاسەت و پلانی حکومەت بۆ پشتیوانی کردنی کەرتی تایبەت و بەشداری پێکردنی لە گەشەپێدانی ئابووری و پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان |
| (٦٣) لە ٢٠٢٠/٧/١ | پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکانی کەرتی تایبەت و ڕێکار و میکانزمەکان پەیوەست بە مامەڵەکردنی کەرتی تایبەت، ڕێکخستنی سیستەمی بانکی و باج و یاساکانی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی بازاڕی کار | ڕێکخستنی بواری تایبەت و سیستەمی بانکی و باج و کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان |
| (٦٤) لە ٢٠٢٠/٧/١ | دانی باج لە بواری نەوت و گاز و پەیوەندی گەیاندن | ڕێکخستنەوەی سیستەمی باج بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان بۆ زیادکردنی داهاتی گشتی |
| (٦٥) لە ٢٠٢٠/٧/٨ | پەسەندکردنی قۆناغی دووەمی پرۆگرامی بایۆمەتری | ئەلیکترۆنی کردنی دامودەزگاکانی حکومەت و یارمەتیدان لە جێبەجێ کردنی کردارەکی یاسای چاکسازی |
| (٦٦) لە ٢٠٢٠/٧/٨ | یاسای چارەسەری زێدەڕەویی سەر زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان | پێداچوونەوە بەڕەشنووسی یاسای چارەسەری زێدەڕەویی سەر زەوی کشتوکاڵی |
| (٦٧) لە ٢٠٢٠/٧/٨ | پەسەندکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی گرێبەستە کشتوکاڵییەکان و بڕیارەکانی دابەشکردنی زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان | ڕێکخستنی گرێبەستی کشتوکاڵی و دابەشکردنی زەوی کشتوکاڵی |

| ژمارە و ڕێکەوتی بڕیار | بابەتی بڕیار | ئامانجی بڕیار |
|---|---|---|
| **(٦٨)** لە ٢٠٢٠/٧/٨ | پەسەندکردنی پێشنیازی پرۆژەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ ڕێکخستنەوەی نەمامگەکانی وەزارەت | بە مەبەستی برەودان و گەشەپێدانی نەمانگەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وەك سەرچاوەی نوێی داهات |
| **(٦٩)** لە ٢٠٢٠/٧/١٥ | پەسەندکردنی پەیڕەوی ناوخۆیی بۆ سندوقی خانەنشینی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان | ڕێکخستنەوە و داڕشتنەوە و یەکخستنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی |
| **(٧٠)** لە ٢٠٢٠/٧/١٥ | پەسەندکردنی پەیڕەوی تایبەت بە مەرجەکانی دامەزراندن بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و بەرەو ژوور لە هەرێمی کوردستان | دیاریکردنی مەرجەکانی دامەزراندنی فەرمانبەرە پلە باڵاکان |
| **(٧١)** لە ٢٠٢٠/٧/١٥ | دەستپێکردنی پرۆسەی قەرەبووکردنەوەی جووتیاران | ڕێکخستنەوەی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان |
| **(٧٢)** لە ٢٠٢٠/٧/١٥ | پەسەندکردنی پرۆژە یاسای نوێی فرۆشتن و بەکرێدانی مایەکانی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان | ڕێکخستنەوەی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت |

## کار و چالاکییەکانی
## لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی

دوای دەرچوونی یاسای ژمارە (٢)ی ٢٠٢٠ یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازانەکان و خانەنشینی لەهەرێمی کوردستان - عێراق لە پەرلەمانی کوردستان و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بە ژمارە (٢٤٧) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٦ و ئەنجومەنی وەزیران بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەم یاسایە لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە ٢٢ی ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/١٢ بە بڕیاری ژمارە ٤٧ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/١٢ ، بڕیاری پێکهێنانی لیژنەی باڵای بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی یاسایی چاکسازی دەرکرد.

وەك هەنگاوی یەکەم بەپێی ماددەی (١٧) لە یاسای چاکسازی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران دوای ئامادەکاری تەواو ڕەشنووسی پەیڕەوی ئەم یاسایە ئامادەکراو ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٢٤) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/١ پەیڕەوی جێبەجێ کردنی یاساکەی دەرکرد لە ژێر ناوی پەیڕەوی ئاسانکاری جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازەتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان و لە ژمارە (٢٤٩)ی ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٧ وەقایعی کوردستان بڵاوکرایەوە.

لیژنەی باڵای بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی چاکسازی لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆی لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٨ وەك هەنگاوی یەکەم ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد:

- **بڕیاری ژمارە ٢٩٣٣ بڕیاری لە ٢٠٢٠/٤/١٦ تایبەت هەیکەلبەندی نوێی بەڕێوبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری:**

١- وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە هەیکەلبەندییەکی تازە بۆ بەڕێوبەرایەتی خانەنشینی ئامادە دەکەن.

٢- وەزارەتی دارایی و ئابووری پێشنیارەکانی بۆ دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی ئامادە دەکات.

٣- بۆ مەبەستەکانی خاڵی یەکەم و دووەمی سەرەوە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕەشنوسێك بۆ ئەنجومەنی وەزیران ئامادە دەکات.

- **بڕیاری ژمارە ٢٩٣٤ لە ٢٠٢٠/٤/١٦ تایبەت بە ووردبینی و پێداچوونەوەو پاککردنەوەی لیستەکانی زیندانی و ڕاگیراوی سیاسی لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراون:**

١- بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لیژنەیەکی تایبەتمەند پێکدەهێنت بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامیەتی وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان کە پلەیان لە ب.گ کەمتر نەبێت بە مەبەستی ووردبینی و پێداچوونەوە و پاککردنەوەی لیستەکانی زیندانی و ڕاگیراوانی سیاسی.

٢- لیژنەی باڵای بایۆمتری و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری لە ئەنجومەنی وەزیران کاردەکەن بۆ بەئەلیکترۆنی کردنی لیستەکانی زیندانی و راگیراوانی سیاسی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران.

- **بڕیاری ژمارە ٢٩٣٥ لە ٤/١٦/ ٢٠٢٠ تایبەت بە چاکسازی لە بوودجە و میلاکی هێزەکانی پێشمەرگە لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە:**

١- لیژنەی تایبەتمەند بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامێتی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیرەکانی کاروباری پێشمەرگە، ناوخۆ، دارایی و ئابووری، کە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٦) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٣ پێکهێنراوە کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەدات.

٢- بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەی ئاماژە پێکراوی سەرەوە بەڕێزان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بەدواداچوون و کاری پێویست ئەنجام دەدەن.

- **بڕیاری ژمارە ٢٩٣٦ لە ٢٠٢٠/٤/١٦ تایبەت بە وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان:**

١- بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٣) سێیەم لە یاسای چاکسازی پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێکاری یاسایی پێویست بگرێتەبەر بۆ وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان.

٢- پێویستە سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران خشتەی پۆلێنکردنی قەرزەکان ئامادە بکات.

٣- وەزارەتەکانی داد و ناوخۆ و دەستەی وەبەرهێنان هاوکاربن بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکانی هاتوو لە ماددەی ئاماژە پێکراوی سەرەوە.

- **بڕیاری ژمارە ٢٩٣٧ لە ٤/١٦/ ٢٠٢٠ زیادکردنی ئەندام بۆ لیژنەی باڵای چاکسازی:**

١- پاڵپشت بە ماددەی (٢) دووەم لە پەیڕەوی جێبەجێ کردنی یاسایی چاکسازی بڕیاردرا بە زیادکردنی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەندامیەتی لە لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی چاکسازی.

- **بڕیاری ژمارە ٢٩٣٨ لە ٤/١٦/ ٢٠٢٠ تایبەت بە دامەزراندنی ناوەندی دەستنیشانکردنی کەمئەندامی:**

١- بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ماددەی (٨) لە پەیڕەوی یاسای چاکسازی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی کاردەکات بۆ دامەزراندنی ناوەندی دەستنیشان کردنی کەم ئەندامی (مرکز تشخیص العوق).

٢- ڕاسپاردنی بەڕێزان وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بۆ مەبەستی دابینکردنی بینای پێداویستییەکان بۆ ناوەندی ناوبراو.

٣- بەردەوامبوونی گشت ئەو لیژنانەی کە تایبەتمەندن بە دیاریکردنی ڕێژەی پەککەوتەیی.

- **بڕیاری ژمارە ٢٩٣٩ لە ٢٠٢٠/٤/١٦ تایبەت بە پێکهێنانی لیژنەی وەزارەتەکان:**

١- پەسندکردنی پلانی وەزارەتە تایبەتمەندەکان بۆ جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی.

٢- پێکهێنانی لیژنەکانی وەزارەت و لیژنە لاوەکییەکان لەلایەن وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەتەکان.

- **بڕیاری ژمارە ٢٩٤٠ لە ٢٠٢٠/٤/١٦ تایبەت بە ڕێکخستنەوەی گشت دەرماڵەکان:**

ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و لیژنەی باڵای بایۆمتری و فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بە مەبەستی ئامادەکردنی پێشنیارەکانیان بۆ ڕێکخستنەوەی گشت دەرماڵەکان.

- **بڕیاری ژمارە ٢٩٤١ لە ٢٠٢٠/٤/١٦ ڕێکخستنەوەی بواری بانکی لە هەرێم:**

بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی (١٣) یەکەم لە یاسای چاکسازی ڕێکخستنەوەی بواری بانکی لە هەرێم و بەئەلیکترۆنی کردنی خزمەتگوزارییە بانکییەکان، پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری میکانیزمێکی گونجاو بۆ کردنەوەی ئەژمێرەیەکی کەسی بۆ مووچەخۆران ئامادە بکات.

- **بڕیاری ژمارە ٢٩٤٢ لە ٢٠٢٠/٤/١٦ تایبەت خانەنشین کردنی فەرمانبەر بە پلەی بەڕێوبەری گشتی و سەرووتر و سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان:**

١- لیژنەی وەزارەتەکان ئەو کەسانە دەستنیشان دەکات کە حوکمی بڕگەکانی دووەم و سێیەم لە ماددەی (١٢) لە یاسای چاکسازی دەیانگرێتەوە و لیستی ناوەکانی (پلەی معوم) بۆ لیژنەی باڵا بەرز دەکاتەوە.

٢- وەزارەتی دارایی و ئابووری و دیوانی ئەنجومەنی وەزیران پێشنیارەکانیان سەبارەت بە میکانیزمی جێبەجێ کردنی ماددەی ئاماژە پێکراوی خاڵی ١ بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزدەکەنەوە.

- **بڕیاری ژمارە ٢٩٤٣ لە ٢٠٢٠/٤/١٦ تایبەت بە داڕشتنی ڕەشنوسی پەیڕەوی ڕێکخستنی ژمارەی پاسەوانی:**

١- پێکهێنانی لیژنەیەك لە وەزارەتی ناوخۆ بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕەشنوسی پەیڕەوێك بە مەبەستی ڕێکخستن و دەستنیشان کردنی ژمارەی پاسەوانان.

٢- بەڕێز وەزیری ناوخۆ لیژنەیەك پێکدێنێت لە نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی (ناوخۆ، دارایی و ئابووری، پێشمەرگە) ئاسایشی گشتی و دەزگای ئاسایش بۆ دیراسەت کردنی لیستی گشت پاسەوانان.

**دەرئەنجامەکانی جێبەجی کردنی بڕگە وماددەکانی یاسای چاکسازی**
**وەك لە پەیڕەوی جێبەجێ کردنی یاساکەدا هاتووە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە کە خراوەتەڕوو:**

- ماددەی (١): ئامانجەکان لە دەرچوونی یاسای چاکسازی
- ماددەی (٢): یەکخستنی ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیکراو و ڕاگیراوی سیاسی، بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان

- **کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان:**

١- وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی (شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، پەروەردە و تەندورستی) بە مەبەستی دەرکردنی ڕێنمایی بۆ یەکخستنی ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٦/٢٩ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا و بڕیاردرا لە ناوەڕاستی مانگی (٧) کۆبوونەوەی وەزیرە تایبەتمەندەکان ئەنجام بدرێت.

٢- وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بەردەوامن لە پێداچوونەوەی بە گشت بڕیارەکانی پەیوەست بە میراتگری ئەو کەسانە کە بەدەر لە حوکمەکانی یاسا سوودمەندبوون بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەیان لیستی ئەو کەسانە ئامادە دەکەن و لە ئێستا دا کاری لەسەر دەکەن.

- **زیندانی و ڕاگیراوی سیاسی:**

١- بۆ پێداچوونەوە بە تۆماری لیستی زیندانی و ڕاگیراوی سیاسی بەپێی حوکمەکانی ئەم ماددەیە وەزارەتی ناوبراو بە فەرمانی ژمارە (٤٣) لە ٢٠٢٠/٦/٣٠ تۆماری نوێی زیندانی و ڕاگیراوی سیاسی هەڵپەسارد تاکو ئەرکی ووردبینی و پێداچوونەوە و پاککردنەوەی لیستەکان تەواو دەبێت.

٢- وەزارەتی شەهیدان وئەنفالکراوان بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری ئەنجومەنی وەزیران پرۆسەی بەئەلیکترۆنی کردنی تۆماری لیستەکانی زیندانی و ڕاگیراوی سیاسی لە ڕێگەی تۆماری بایۆمەتری جێبەجێ دەکات.

٣- بەپێی فەرمانی ژمارە (٤٢) لە٢٠٢٠/٦/٣٠ لە ٢٠٢٠/٧/١ و بەپێی یاسای خانەنشینی مامەڵە لەگەڵ میراتگری زیندانی سیاسی دەکرێت و داوا لە وەزارەتی دارایی و ئابووری کراوە ڕێنمایی پێویستی بۆ بکات.

- **ماددەی (٣):**

**ڕێکخستنەوەی سەرجەم ئەو بەخشین و ئیمتیازاتە داراییانەی خەرج دەکرێت بۆ چاودێری کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندامان.**

١- بۆ دامەزراندنی ناوەندی دەستنیشانکردنی کەمئەندامی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی پرۆپۆزەڵێکیان بە نووسراوی ژمارە (٢٤٥) لە ٢٠٢٠/٦/١٥ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان بەرزکردۆتەوە بۆ پەسندکردن و بڕیاردان لەسەری.

٢- بۆ دابینکردنی باڵاخانەی ناوەندی دەستنیشانکردنی پەککەوتەیی و دابینکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران گشت ڕێکارەکانی گرتۆتەبەر.

٣- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەستاوە بە پێداچوونەوە بە دۆسیەی سودمەندانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی و خاوەن پێداویستی تایبەت و ئەم پرۆسەیە بەردەوامە بۆ بەستنەوەی گشت بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بەیەکەوە بە سیستەمی ئەلیکترۆنی.

٤- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ دەستنیشان کردنی ڕێژەی دەرماڵەی لەبری پەککەوتەیی، بە نووسراوی ژمارە (١٦٨٤) لە ٢٠٢٠/٦/٢٣ ڕەشنووسی بڕیاری ڕێژەی دەرماڵەی (لەبری پەککەوتەویی) و مەرجەکانی دیاری کردووە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرزکراوتەوە.

٥- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بە هاوکاری لیژنەی باڵای بایۆمەتری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کاردەکات بۆ دیاریکرنی ئەو فەرمانبەرانەی لە گشت وەزارەت و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت بەخشینی تەرخان کراوەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی وەردەگرن.

٦- بۆ ووردبینی کردنی ئەو کەسانەی کە سەرەڕای مووچە،سودمەندن لە وەرگرتنی بەخشین و ئیمتیازاتی تری دارایی لە بودجەی گشتی لە ناو هەرێم و دەسەڵاتی فیدراڵی، پێویستە سیستەمی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی هەرێم لە رێگەی لینکێکەوە ببەسترێتەوە بە سیستەمی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی حکومەتی فیدراڵ تاوەکو ناوی دووبارە دەرکەوێت هەرچەند ئەم سیستەمە لەبەردەستە بەڵام تائێستا کار لەسەر ئەم داتابەیسە نەکراوە.

- **ماددەی (٤):**

**یەکخستن و رێکخستنی یەکەکانی ژمێریاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و، دەستنیشان کردنی پاسەوان بۆ بارەگاو دامەزراوە حزبییەکان و پاسەوانانی خاوەن وەزیفە باڵاکان و بەرپرسانی سەربازی و ئاسایشی ناوخۆ هەروەها گواستنەوەی گشت پاسەوانەکان بۆ سەر میلاکی یەکەی پاسەوانی لە وەزارەتی ناوخۆ و پێداچوونەوەو رێکخستنەوەی لیستی سوودمەندانی کەمئەندامانی پێشمەرگە.**

١- لیژنەی تایبەتمەند بەسەرۆکایەتی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکانی کاروباری پێشمەرگە و ناوخۆ و دارایی و ئابووری سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و بەرپرسی یەکەکانی (٧٠) و (٨٠) لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢١ و ٢٠٢٠/٧/١٢ کۆبوونەوەیان ئەنجامدا.

٢- وەزارەتی ناوخۆ بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٥٨٨٧) لە ٢٠٢٠/٤/٧ یەکەی پاسەوانی ناوخۆی لەسەر ئاستی وەزارەت دامەزراندوە و بەپێی ئەم فەرمانە بەشی پاسەوانی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانیان لکاندووە بە یەکەی پاسەوانی لە وەزارەتی ناوخۆ.

٣- وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە فەرمانگەی چاودێری دارایی وەزارەتی راسپاردوە بەپێی بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە بۆ ووردبینی کردنی لیستی پێشمەرگە و دروستکردنی دۆسیەی کەسی و پێداچوونەوە بە خزمەتی پێشمەرگایەتی لە گشت یەکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە فەرمانی ژمارە (٥٣٩٤) لە ٢٠٢٠/٦/٣٠. بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری ب.گ. بوودجە/ میلاك و لە کۆبوونەوەی بەردەوامن.

٤- بۆ دارشتنی رەشنوسی پەیرەوێك بۆ رێکخستنەوە و دەستنیشان کردنی ژمارەی پاسەوانان بۆ بارەگاکان و دامەزراوە حزبییەکان، وەزارەتی ناوخۆ رەشنوسی پەیرەوی رێکخستنی پاسەوانی دام دەزگا فەرمییەکان و کەسایەتییەکان لە هەرێمی کوردستانی ئامادەکرد و ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە بۆ پەسەند کردن، تاوەکو بەپێی پەیرەوەکە پێداچوونەوە بە لیست و ژمارەی پاسەوانەکان بکرێت.

٥- لیژنەی لاوەکی لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بەپێی بڕگەی شەشەمی ئەم ماددەیە سەرقاڵی پێداچوونەوەو ڕێکخستنەوەی لیستی سوودمەندانی خانەنشینی کەم ئەندامانی پێشمەرگەن و دەرئەنجامی کارەکانیان پاش تەواو بوون بۆ لیژنەی وەزارەت بەرز دەکەنەوە بەڵام بەهۆی نالەباری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان ئەم پرۆسەیە لە ئێستادا ڕاگیراوە.

- **ماددەی (٥):**

**ڕێکخستنەوەی سەرجەم دەرماڵەکان لە ژێر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.**

١- وەزارەتی دارایی و ئابووری لیستی دەرماڵەکانی ئامادە کردووە و بە نوسراویان ژمارە (٢٦٠) لە ٢٠٢٠/٦/١١ بۆ لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی بەرزکراوەتەوە.

٢- وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕای بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری وەزارەتەکان و فەرمانگە جیاوازەکانی دەربارەی جۆر و بڕی دەرماڵەکان وەرگرتووە بە نووسراویان ژمارە (٢٧٦) لە ٢٠٢٠/٦/٢٨ بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرزکراوەتەوە.

٣- فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بەرنامەیەکی ئەلیکترۆنی ئامادەکردووە کە تیایدا دەرماڵەکان پۆلێن و گشت دەرمالەکان لەسەر ئاستی وەزارەت و دەستە و فەرمانگە نەبەستراوەکان لە خۆ دەگرێت.

٤- وەزارەتی دارایی و ئابووری پاش بڕیاردان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران لەسەر بابەتی ڕێکخستنی دەرماڵەکان ڕێنمایی پێویست دەردەکات.

- **ماددەی (٦):**

**پێداچوونەوەو ڕێکخستنی پلە و ناونیشان و مووچەی وەزیفی سەرجەم مووچەخۆرانی هەرێم جگە لە زیندانی و ڕاگیراوانی سیاسی.**

١- وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ جێبەجێ کردنی بڕگەکانی ئەم ماددەیە ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٢)ی بە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٤٢٢٦) لە ٢٠٢٠/٦/٢٩ دەرکرد کە لە ٢٠٢٠/٧/١ دەکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

٢- وەزارەتی دارایی و ئابووری بە مەبەستی پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی پلە و ناونیشان و مووچەی وەزیفی لە بوارەکانی خزمەتی (پێشمەرگایەتی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) بەپێی یاسا و پەیڕەو

و ڕێنماییە کار پێکراوەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە ڕێنمایی دەردەکەن کە بۆ ئەم مەبەستە لە کۆبوونەوە بەردەوامن.

- **ماددەی (٧):**

ئەم ماددەیە لە (٩) بڕگە پێکهاتووە و پەیوەستە بە ڕێکخستن و یەکخستنی بواری خانەنشینی سەرجەم مووچەخۆران لە هەرێمی کوردستان و بە ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٣) بە نووسراوی ژمارە (٤٢٣٠) لە ٢٠٢٠/٦/٢٩ ڕێکخراوە.

- **ماددەی (٨):**

**هەیکەڵبەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی و دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی و ڕەشنووسی پەیڕەوی سندوقی خانەنشینی.**

١- وەزارەتی دارایی و ئابووری بە نووسراوی ژمارە ٢٧٣ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٣ هەیکەڵبەندی تازەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی وە ڕەشنوسی پەیڕەوی ناوخۆیی سندوقی خانەنشینی ئاڕاستەی سکرتێری لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی کرد.

٢- ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە ٣٤ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١٥ ڕەشنووسی پەیڕەوی سندوقی خانەنشیینی پەسەند کرد.

٣- بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی لە وەزارەتی دارایی و ئابووری پاش پێداچوونەوە و دڵنیابوون لە شایستەی یاسایی بە هەماهەنگی فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری بەپێی سیستەمی بایۆمەتری تۆمار دەکەن بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ فەرمانگەی ناوبراو لە هەماهەنگیدان.

٤- وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە ڕێنمایی دەردەکەن کە بۆ مەبەستەکانی هاتوو لەم ماددەیە (هەڵوەشاندنەوەی یەکە کارگێڕییەکان کە مووچەی خانەنشینی لێ خەرج دەکرێت، گواستنەوەی دۆسیەی خانەنشینان، دڵنیابوون لە شایستەی یاسایی خانەنشینان و هەبوونی ناویان لە تۆماری بایۆمەتری) و بۆ ئەم مەبەستە لە کۆبوونەوە بەردەوامن.

ئەم ماددەیە بە ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٣)ی بەنووسراوی ژمارە (٤٢٣٠) لە ٢٠٢٠/٦/٢٩ ریکخراوە.

- **ماددەی (٩):**

**هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی پلەکانی (وەزیر، بریکاری وەزارەت، ڕاوێژکار، بەڕێوەبەری گشتی) و هەر پلەیەکی تری تایبەت بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە ڕیزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بوون**

**وەك ڕێزلێنانێك ئەو پلانەیان پێ دراوە. هەروەها وردبینی كردن و پاككردنەوەی ئەو لیستە بە مەبەستی جیاكردنەوەی خانەنشینانی شایستە و ناشایستە.**

ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ جێبەجێ كردنی حوكمی ئەم ماددەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی (ناوخۆ و كاروباری پێشمەرگە) میكانیزم و ڕێنمایی پێویست دەردەكەن، تا ئێستا كاری لەسەر نەكراوە.

ئەم ماددەیە بە ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٣)ی بەنووسراوی ژمارە (٤٢٣٠) لە ٢٠٢٠/٦/٢٩ ڕێكخراوە.

- **ماددەی (١٠):**

**هەڵوەشاندنەوەی مووچەی خانەنشینی سەرجەم ئەو كەسانەی كە بەشێوەیەكی نایاسایی خانەنشین كراون.**

وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ جێبەجێ كردنی ئەم ماددەیە و ماددەكانی (٧،٨،٩)ی یاسای چاكسازی ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٣)ی بە نووسراوی ژمارە (٤٢٣٠) لە ٢٠٢٠/٦/٢٩ دەركرد، كە لە ٢٠٢٠/٧/١ دەكەوێتە بواری جێبەجێ كردنەوە.

- **ماددەی (١١):**

**ڕۆڵی دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی دەسپاكی و سەرۆكایەتی داواكاری گشتی لە جێبەجێ كردنی یاسای چاكسازی.**

١- دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی كوردستان بە مەبەستی چاودێری جێبەجێ كردنی ئەم یاسایە بەپێی فەرمانی دیوانی ژمارە (١٢٦/١/١) لە ڕێكەوتی ٢٠٢٠/٥/١٣ چەند لیژنەیەكی پێكهێناوە.

٢- هەر سێ لایەنی دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی كوردستان و دەستەی دەسپاكی لە هەرێمی كوردستان و سەرۆكایەتی داواكاری گشتی ئامادەكاریان كردوە بۆ ئەو ئەركانەی كە لە یاساكە پێیان سپێراوە.

٣- دەستەی دەسپاكی لە هەرێمی كوردستان بە فەرمانیان ژمارە (١٥/٢) لە ٢٠٢٠/٦/١٤ تیمەكانی كاركردنیان پێكهێناوە.

- **ماددەی (١٢):**

**دامەزراندن و خانەنشین کردنی فەرمانبەران بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی و سەرووتر و پلە معەوەمەکان.**

١- ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان بە نووسراویان ژمارە (٣٢٦٢) لە ٢٠٢٠/٦/٣ گشتاندنێکیان ئاڕاستەی گشت وەزارەتەکان دام و دەزگاکانی نەبەستراو بە وەزارەت کردووە کە داواکراوە ناوی فەرمانبەرانی پلە تایبەتی معوم بەپێی فۆڕمێکی تایبەت بەو بابەتە بۆیان بەرزبکرێتەوە لە ماوەیەك کە لە (٣٠) ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی یاسای چاکسازی لە (٢٠٢٠/٧/١)، بۆ ئەوەی لە دوای ئامادەبوونی لیستەکان ئەنجومەنی وەزیران کاری پێویست ئەنجام بدات.

٢- ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە ٣٤ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/١٥ ڕەشنووسی پەیڕەوی مەرجەکانی دامەزراندن بە پلەی (بەڕێوەبەری گشتی و بەرەو ژوور) پەسەند کرد.

- **ماددەی (١٣):**

**بە ئەلیکترۆنی کردنی خزمەتگوزارییە بانکییەکان و کردنەوەی ئەژمێری بانکی بۆ مووچەخۆران و سوودمەندان لە بوودجەی گشتی.**

١- وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ کردنەوەی ئەژمێرەی تایبەت بۆ مووچەخۆر و سودمەندان لە بودجەی گشتی بە نوسراویان ژمارە (٢٦٨) لە ٢٠٢٠/٦/١٧ گشاندنیان ئاڕاستەی سەرجەم وەزارەت و فەرمانگە نەبەستراوەکانی سەربە وەزارەتەکان کردووە بۆ ئەوانەی کە تاکو ئێستا ئەژمێری بانکییان نیە و لە ڕێگەی بەڕێوبەرایەتی گشتی ژمێرکاری/ جووڵەی دراو لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەستیان بە ڕێکارەکان کردوە.

٢- چونیەتی کردنەوەی ئەم ئەژمێرەیە و شێوازی سود وەگرتنی مووچەخۆر لەم ئەژمێرەیە بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێت لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری کە ئەم ڕێنماییە دەرنەچووە.

٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان هەنگاوی ناوە بۆ وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانیەکان و دەستی کردوە بە جێبەجێ کردنی قۆناغەکانی وەرگرتنەوەی قەرزەکان و بە نووسراوی ژمارە (٩٦٧) لە ٢٠٢٠/٦/٢٥ ڕاپۆرتێك لەسەر لیستی قەرزە بازرگانییەکان ئامادە کردووە

کە تیایدا ئاماژەی بە وەرگرتنەوەی ئەو بڕانەی خوارەوەی کردووە کە تا ئێستا لەلایەن قەرزدارەکان گەڕێندراوەتەوە:

- بڕی (٣٩٠،٠٠٠،٠٠٠) سێ سەد و نەوەد ملیۆن دینار، لە بانکی زاگرۆس.
- بڕی (١٥٣،٠٠٠،٠٠) سەد و پەنجا و سێ ملیۆن دینار، لە بانکی عەنکاوە.

- **ماددەی (١٤):**

حوکمەکانی ئەم ماددەیە تایبەتە بە روونکردنەوەی یاسایی لەسەر ئاسەواری دارایی و دادوەری بۆ ئەو حاڵەتانە کە دەکەوێتە پێش کەوتنەبواری جێبەجی کردنی ئەم یاسایە و هەروەها مافی تانەلێدان لە بڕیارەکان.

- **ماددەی (١٥):**

حوکمی ئەم ماددەیە تایبەتە بە دەستنیشان کردنی مەرجەکانی تۆماربوون لە داتابەیسی سیستەمی بایۆمەتری و هەبوونی بەرایی بۆ ئەو کەسانەی لە هەرێمی کوردستان خانەنشین دەکرێن (میراتگری یاساییان پێویستە تۆمار بکرێت) و یاخود ئیمتیازاتی دارایی وەردەگرن.

- **ماددەی (١٦):**

حوکمی ئەم ماددەیە تایبەتە بە روونکردنەوەی یاسایی لەسەر حاڵەتەکانی پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە.

- **ماددەی (١٧):**

**پەیڕەوی ئاسانکاری جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی.**

ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٢٤) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/١ پەیڕەوەکەی دەرکرد و لە ژمارەی (٢٤٩) لە ٢٠٢٠/٤/٧ لە وەقایعی کوردستان بڵاوکرایەوە.

- **ماددەی (١٨) و (١٩):**

ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ دەکەن، لە ٢٠٢٠/٧/١ کە دەکاتە ڕێکەوتی بەرکاربوونی یاسای چاکسازی.

# کار و چالاکییەکانی

# وەزارەتی داد

| | | | |
|---|---|---|---|
| | لە ئاستی چاکسازیدا | خشتەی پڕۆژەی بەردەوام | • دروستکردنی کۆمەڵگەی فەرمانگە دادییەکان- هەولێر.<br>• دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان.<br>• دروستکردنی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی و تێبینەرایەتی دادییەکانی ئاکرێ.<br>• دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگەی خانووبەرەی سیمێل.<br>• دروستکردنی باڵەخانەی تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی ئاکرێ.<br>• دروستکردنی باڵەخانەی تۆمارگەی خانووبەرەی ڕانیە |
| | | خشتەی چالاکی بەردەوام | • کۆکردنەوەی ئامارو کردنی بە پەرتووکێك و شیکردنەوەی قورسایی کار.<br>• چاپکردنی پەرتووك تایبەت بە راسپاردەکانی دەستەی راوێژکاری و ڕێنماییەکانی تاپۆ.<br>• سکان کردنی دۆسیەی فەرمانبەران و تۆمارە هەمیشەییەکانی تاپۆ.<br>• دەرچواندنی رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).<br>• هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی دەوڵەت بۆ دروستکردنی بنچینەی یاساییەکان (قاعدة التشريعات القانونية).<br>• ئامادەکردن و شیاندنی دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتی. |
| | | خشتەی ڕێکاری بەردەوام | • ئامادەکردنی پڕۆژە یاسای جێبەجێ کردن لە هەرێمی کوردستان. |
| | لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا | خشتەی پڕۆژەی بەردەوام | • دروستکردنی ماڵپەری ئەلکترۆنی www.shura.gov.krd<br>• دروستکردنی بەرنامەی بەئەلیکترۆنی کردنی بەڕێوەبردنی داواکان بە ناونیشانی CMS.<br>• پڕۆژەی بە سیستەم کردنی ئەلیکترۆنی فەرمانگە دادنووسیەکان لە هەرێمی کوردستان.<br>• پڕۆژەی بەئەلیکترۆنی کردنی وێنەی تۆمارو زانیاری کەسی و گلدانەوەو سکانی تۆمارە هەمیشەییەکان لە فەرمانگەی تۆمارکردنی خانووبەرە. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | لە سەر ئاستی پەیوەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ | خشتەی ڕێکاری بەردەوام | • تۆمارکردنی تانەیەکی یاسـایی لە دادگای فیدراڵی عێراقی لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٤) لە دژی سـەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی، لەسـەر هەموارکردنی چەند ماددەیەك لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠١٨.<br>• ئامادەکردنی گەڵاڵەی تانەدان لە یاسـای دەروازە سـنووریەکان (المنافذ الحدودیة). |

تێبینی: لەبەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی و جیهان بە گشتی، لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسـی کۆرۆنا، هەموو ئەو پرۆژەو چالاکی و ڕێکارانەی پێویسـتیان بە بوودجە هەبووە وەکو خۆیان ماونەتەوەو ڕاگیراون.

## پوختەی چالاکییەکان لەسەر ئاستی وەزارەت

### ١- دەرکردنی ڕێنمایی:

بە مەبەستی جێبەجێ کردن و ڕێکخستنی کاروباری وەزارەتەکەمان و زیاتر خزمەتکردن و ئاسانکردنی کاری هاووڵاتیان، لەژێر ڕۆشنایی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٥، بڕیاردرا بە:

- دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ســـاڵی ٢٠١٩ کە جەخت لەســـەر پابەندبوونی فەرمانبەران بە دەوام و تەرخانکردنی کاتەکانی بۆ خزمەتی هاوڵاتیان و پاراســـتنی نهێنیکاری و کەمکردنەوەی ڕۆتین کراوەتەوە.
- دەرکردنی ڕێنمایی بە نووســـراوی ژمارە (١٠٢)ی لە ٢٠١٩/١٢/١٦ تایبەت بە چۆنیەتی تەملیك کردنی زەوییەکانی میری.

### ٢- دانان و پەیڕەوکردنی سیستەمێکی نوێی پشکنین:

وردبینی و پشکنینی کاری فەرمانگەکانمان لەلایەن سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی، تاکو ئێستا بە شێوەیەکی تەقلیدی و کۆن، بە شێوەی نووسینی ڕاپۆرتی درێژ و دارشتنی زیاد بەرێوە دەچوو، بەڵام ئێمە بڕیارماندا کە بە شێوەی لیستی وردبینی فۆرمێك ئامادەبکرێت تاکو سەرپەرشتیاران لە سەرتاسەری هەرێم بە یەکگرتوویی پەیڕەوی بکەن. دواتر گشتاندنی بۆ کرا دوای تاقیکردنەوەی و ئێستا چۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

### ٣- داشکاندنی نرخی خزمەتگوزارییەکانی دادنووس:

دوای پرۆسەی بە ئەلیکترۆنی کردنی فەرمانگەکانی دادنووس، نرخی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان بڕی (٢٥) هەزار دینار بوو. گرانی نرخەکەی زۆر لە هاوڵاتیانی نیگەران کردبوو. دواتر لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بڕیاردرا کە ئەم نرخە بارگرانیە لەسەر هاوڵاتیان و پێویستە کەم بکرێتەوە. لە ئەنجامدا کەم کرایەوە بۆ (١٥) هەزار دینار. ئەمەش بوو بە هۆی ڕەزامەندی هاووڵاتیان و نەمانی گلەییان.

### ٤- لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی وەزیران:

سەرەڕای ئەرکی تایبەتی لە وەزارەتی داد، بەڕێز وەزیری داد وەکو سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی وەزیران بە بەشداری ئەندامانی لیژنەکە، دیراسەتکردن و هەموارکردنی (٢٢) پڕۆژەیان کردووە کە پێکهاتوون لە پڕۆژەی یاساو پەیرەو و پێشنیازی یاسایی.

## ٥- چەند چالاكییەكی تری یاسایی:

**یەكەم**: پرۆژەی هەمواركردنی یاسای ئەنجومەنی شورا بە هاوكاری سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی شورا.

**دووەم**: دیراسەت كردنی هەمواری یاسای وەزارەتی داد لە هەرێم.

# پرۆژە و چالاكی و رێكاری پێكهاتەكانی وەزارەتی داد

## ١- ئەنجومەنی شورای هەرێم:

**ئەنجومەنی شورای هەرێم لەو ماوەیەدا ئەم پرۆژانەی لە بەردەست بووە كاری لەسەر كردوون:**

١. **پرۆژە یاسا**: (٢٢) پرۆژە یاسا كاری لەسەر كراوە. (١٠) پرۆژە ئەنجامدراوە (١٢) پرۆژە بەردەستە.

٢. **رادەربڕین**: (١٦) بابەت بۆ رادەربرین هاتووە. (١٣) ئەنجامدراوە (٣) بەردەستە.

٣. **داواكانی دەستەی گشتی**: (١٣٩) هاتووە (١٢٩) بڕیاری بۆ دراوە (١٠) ماوەتەوە بۆ دادبینی.

٤. **داوای دادگەی كارگێری هەولێر**: (٧٥) هاتووە (٦) بڕیاری بۆ دراوە (٦٩) ماوەتەوە بۆ دادبینی.

٥. **داوای دادگەی كارگێری سلێمانی**: (٣٠) هاتووە (٨) بڕیاری بۆ دراوە (٢٢) ماوەتەوە بۆ دادبینی.

٦. **داوای دەستەی بەرزەفتكردن**: (٢٦٠) هاتووە (٣٩) بڕیاری بۆ دراوە (٢٢١) ماوەتەوە بۆ دادبینی.

## ٢- سەرۆكایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی:

**لە ماوەی یەك ساڵی كابینەی نۆیەمدا (٣٤٢) سەردان و پشكنینیان كردووە، بەم شێوەیە:**

| چاودێری و سەرپەرشتی و پشكنین | |
|---|---|
| فەرمانگەكانی وەزارەتمان لە شاری هەولێر | **١٣٥ سەردان** |
| فەرمانگەكانی وەزارەتمان لە شاری دهۆك | **١٠٥ سەردان** |
| فەرمانگەكانی وەزارەتمان لە شاری سلێمانی | **١٠٢ سەردان** |

## ٣- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی:

أ- تانەدان بۆ بەرژەوەندی یاسا:

| ژمارەی تانە | یەکلایی بۆوە | یەکلایی نەبۆوە | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| ٢٢ | ٢٢ | ٠٠ | زیاتر لە (١٦) شازدە ملیار دینار بۆ خەزێنەی گشتی گەڕاوەتەوە |

ب- جوڵاندنی سکاڵای داوای مافی گشتی: سەرۆکایەتی داواکاری گشتی لەو ماوەیەدا (١٣٢٥) سکاڵای لە سەرتاسەری هەرێم جوڵاندووە.

ج- بەدواداچوونی بۆ (١٥٤٥) کێشە کردووە.

## ٤- بەڕێوەبەرایەتی گشتی داد:

- **بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان:** لەماوەی یەك ساڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم (١٤) ژمارەی دەرچووە.
- **بەڕێوەبەرایەتی پەرەپێدان (٧) خولی کردۆتەوە بەم ناونیشانە:**

أ. ناسینەوەی بەڵگەنامەی ساختە، بۆ دادنووسانی شاری هەولێر (٢١) دادنووس بەشدار بووە. لە ٢٠١٩/٧/١٥.

ب. خولی بەرنامەی وۆرد "کۆمپیوتەر" (١١) فەرمانبەر بەشدار بووە. لە ٢٠١٩/٧/٢٨.

ج. ناساندنی وەزارەت و چەمکی فەرمانبەریەتی و دروستکردنی ئایندەیەکی گەش، (٢١) فەرمانبەر بەشدار بووە. لە ٢٠١٩/٨/٦.

د. بنەماکانی جیندەری، (٢١) فەرمانبەر بەشدار بووە. لە ٢٠١٩/٨/٧.

ە. هونەری ئەتەکێت لە دیوانی وەزارەت، (٢٠) فەرمانبەر بەشدار بووە لە ٢٠١٩/١٠/٢٣.

و. هونەری ئەتەکێت لە پارێزگای دهوك، (٢٠) فەرمانبەر بەشدار بووە. لە ٢٠١٩/١٢/٢.

**ز.** سمینارێك لەسەر بڕیاری ١٣٢٥ نەتەوە یەکگرتووەکان. (٤٠) فەرمانبەری دیوان بەشدار بووە.

## ٥- پەیمانگەی دادوەری:

ئامانجی پەیمانگەی دادوەری شیاندنی دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و پارێزەران و کادیری یاسایی جۆربەجۆرە لە فەرمانبەرانی ئەنجومەنی دادوەری و وەزارەتی دادو وەزارەت و دەزگاکانی تری حکومەت. لەو ماوەیەدا ئەم خولانە کراونەتەوە:

| کۆ | بەشداربووی ئافرەت | بەشداربووی پیاو | خول |
|---|---|---|---|
| ٥٩ | ٢٨ | ٣١ | خوێندنی خولی چوارەم |
| ٦١ | ٢٤ | ٣٧ | خوێندنی خولی پێنجەم |
| ١٢٠ | | | کۆی گشتی: |

## ٦- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە:

١. کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و ئامادەکردنی دۆسیەیەکی دیکۆمێنتاری کە پێکهاتووە لە (٦) لاپەرە و هاوپێچەکانی پەیوەست بە کێشەی ئەو زەوی و زارانەی کە دەکەوێتە سنووری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و هەروەها کێشەی تۆمارە هەمیشەییەکانی فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە کە لە راپەرینە مەزنەکەی بەهاری سالی ١٩٩١ سووتاون کە بە نووسراومان ژمارە (٤٩٨٥) لە ٢٠١٩/٩/١٦ بەرزکراوەتەوە.

٢. (٤٣٥) تۆماری هەمیشەیی بە ئەلیکترۆنی کراوە.

٣. دانان و ئامادەکردنی بەرنامەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ چەند فەرمانگەیەکی تۆمارکردنی خانووبەرە بەمەبەستی دەرکردنی وێنەی تۆمار بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی.

٤. دروست کردنی فۆرمێك و دانانی میکانیزمێکی نوێ بە مەبەستی نەجولاندنی دۆسیەی خانووبەرە لە پێناو پاراستنی بەڵگەنامەکانی ناو دۆسیە.

٥. بەکارهێنانی ئامێری خوێندنەوەی کارتی نیشتیمانی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە بە مەبەستی رێگریکردن لە کاری تەزویر و ساختەکاری.

٦. دەرکردنی (٣١) راسپاردە لەلایەن دەستەی راوێژکاری هەمیشەیی پەیوەست بە دەرکردنی رێنمایی و ئامۆژکاری چارەسەرکردنی کێشەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە.

٧. یەکلاکردنەوەی (٣٠) داوا لە دادگاکان کە هەندێکیان لە بەرژەوەندی گشتی و گەڕانەوەی سامانی دەوڵەت بووە.

٨. رەزامەندیدان لەسەر کردنەوەی (١٤٤) نووسینگەی دەلالی.

٩. دەرکردنی (٦) بڕیار لەلایەن وردبینی تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە.

١٠. ئامادەکردنی (٣٢) رێبەری رێنوێنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پیشکەش بە هاوولاتیان و خزمەتخوازان دەکرێت لە فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لە رووی پێناسە و پێداویستییەکان و هەنگاوەکان و ناونیشانی شوێنی فەرمانگەکان و روونکردنەوەی ماددە یاساییەکان و رێنماییەکانی وەرگرتنی بڕی رەسمەکان بە مەبەستی بەرچاو روونی و شارەزایی هاوولاتیان لەسەر چۆنیەتی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان.

## ئاماری مامەڵەکان و کارە خزمەتگوزارییەکان

| ژمارە | جۆری مامەلە | ز |
|---|---|---|
| ١٨٤٧٤٣ | مامەڵە رەفتارکارییەکان وەکو (فرۆشتن و بە مولك کردن و راستکردنەوەی رەگەز. هتد) | ١ |
| ٩٠٧٠٩ | مامەڵە هونەرییەکان وەکو (چەسپاندنی سنوور و نەخشەی رووپێوان....هتد) | ٢ |
| ٥٤٧٥٠١ | مامەڵە ژمێرکاری وەکو (پسوولەی براو و یاداشتی رێگە پێدان...هتد) | ٣ |
| ١٦١٣٠٥٦ | مامەڵە پەرتەوازەکان وەکو (وێنەی تۆمار و پشتگیری کردن و مامەلەی دەست گرتنی بانك ...هتد) | ٤ |
| ٧٠٦٠٠ | مامەڵە وردبینی کراوەکان | ٥ |

### ٧- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان:

**أ.** بەشداری کردنی وۆرك شۆپێك لە ٢٠١٩/١٠/١٦ تایبەت بە منداڵانی ناکام و منداڵانی سەرشەقام و بێ سەرپەرشتیار لە چوارچێوەی یاسای چاودێری ناکامەکانی سالی ١٩٨٠ی ژمارە ٧٨.

**ب.** لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٦ بەشداری کردن لە وۆرك شۆپی دارشتنی یاسای مافی منداڵ (حق الطفل) کە لەلایەن وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و رێکخراوی (UNICEF) تایبەت بە مافەکانی منداڵ رێکخرابوو .

**ج.** پرۆسەی بە ئەلیکترۆنی کردنی فەرمانگەکانی دادنووس بەم شێوەی خوارەوە بەرێوەچووە:

هەولێر (٨) فەرمانگە، سلێمانی (٥) فەرمانگە، دهۆك (٥) فەرمانگە، راپەرین (٤) فەرمانگە. کۆی گشتی (٢٢) فەرمانگە.

**د.** سەردانی کردنی بەرێز بەرێوەبەری گشتی فەرمانگەکانی داد بۆ وەزارەتی دادی عێراق لە شاری بەغدا لەگەڵ شاندی یاوەری لە بەرێوەبەرانی هەر سێ بەرێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکانی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی گەڕاندنەوەی بڕی پارەی ونبووان (مفقودین) لە شەڕی نێوان عێراق و ئێران و ئەوانەی تایبەتن بە هەرێمی کوردستان.

# کار و چالاکییەکانی

# وەزارەتی ناوخۆ

## لەسەر ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

**یەکەم: کێشەی تۆماری لاوەکی (تعداد فرعی)**

بەهەوڵی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ناوخۆی عێراق بڕیاریدا دان بە گشت ئەو تۆمارە لاوەکیانەی کە لەساڵی ١٩٩٢ تا بەرکاربوونی دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥ بنێت بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە (٥٠١) لە ٢٠١٩/٨/٢٩.

**دووەم: ڤیزەی هەرێم**

بەهەوڵی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی عێراقی رازیبوو بە پێدانی دەسەڵاتی ڤیزە بە وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان وە ئەو ڤیزانەی لەمەودوا لە هەرێمی کوردستان دەردەچن بۆ بیانیەکان پەسەندکراون لە هەموو عێراق و گەشتیاری بیانی دەتوانێت بە ڤیزەی هەرێمی کوردستان سەردانی هەموو پارێزگاکانی عێراق بکات وە داوای نشینگە بکات لە هەر پارێزگایەکی عێراق بەپێی فەرمانی وەزاری ژمارە (٥٠٢) لە ٢٠١٩/٨/٢٩.

**سێیەم: گرفتەکانی کارتی نیشتمانی**

رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی عێراق وەرگیرا بە کردنەوەی گشت ئەو نوسینگانەی کارتی نیشتمانی کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان نەکراون بە هۆی کێشەی تۆماری لاوەکی و نەبوونی پێداویستی و ئامێر و وەزارەتی ناوخۆ بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٦١٤٦) لە ٢٠١٩/٩/٢٥ لیژنەیەکی پێکهێنا بە مەبەستی دیراسەت کردنی پێداویستیەکانی کارتی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان و دابین کردنی گشت ئەو پێداویستیانە لە بوودجەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم خەرج دەکرێت بە مەبەستی دەست بەکاربوونیان.

**چوارەم: کێشەی دەرهێنانی پاسپۆرت لە هەرێمی کوردستان**

- بڕیاری کردنەوەی چوار نووسینگەی پاسپورت لە قەزاکانی (سۆران، ئاکرێ، زاخۆ و کۆیە) کە لە ئێستا کارەکانی کردنەوەی ئەو نووسینگانە بە باشی بەڕێوە دەچن و وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم بوودجە و میلاك و باڵەخانەی پێویستی بۆی دابین کردووە و کارەکانی کردنەوەی ئەو چوار نووسینگەیە لە قۆناغی کۆتایی دایە.
- وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕەزامەندی دەربڕی بە ناردنی بڕێکی زیاتر لە پاسپۆرتی خام وەك قۆناغی یەکەم بڕی (٤٠.٠٠٠) پاسپۆرتی خام رەوانەی هەرێمی کوردستان کراو ئێستا قەڵەباڵغی لە نووسینگەکانی پاسپۆرت چارەسەر کراوە و پاسپۆرت لە ماوەی (٣-٧) رۆژ وەردەگیرێتەوە.

**بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرونا:**

- دانانی سیستەمی ئەلیکترۆنی تایبەت بە هاتوچۆ کردنی هاووڵاتیان لە نێوان پارێزگاکان ئیدارەسەربەخۆکان (ڕێگەپێدانی ئەلیکترۆنی) و هەروەها هاتووچۆ کردن لەنێوان پارێزگاکانی هەرێم.
- ڕۆژانە بەتێکڕای (معدل)ی (٢،٦٢٥) ئەفسەر لە ئەرکدابوون لە ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ.
- ڕۆژانە بەتێکڕای (معدل)ی (٣١،٠٤٩) کارمەندی هیزەکانی ناوخۆ لە ئەرکدابوون لەماوەی قەدەغەی هاتووچۆ.
- ڕۆژانە بەتێکڕای (معدل)ی (١،٠٥٠) خاڵی پشکنین دانراوە لەم ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ.
- ڕۆژانە بەتێکڕای (معدل)ی (٩٠٦) مەفرەزەی گەڕۆك ئەرکیان بینیوە لەم ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ.

## لەسەر ئاستی چاکسازیدا

**یەکەم: کەم کردنەوەی ڕوتین و دیاردەی بەرتیل وەرگرتن**

وەزارەتی ناوخۆ بە نوسراوی ژمارە (١٤٢١٠) لە ٢٠١٩/٨/٢٦ ئاگاداری گشت فەرمانگەکانی خۆی کردووە کە پێویستە زیاتر گرنگی بدەن بە ڕایی کردنەوەی مامەڵەی هاولاتیان بە یەکسانی و دوور لە هەر کەم و کورییەك و بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی بەرتیل وەرگرتن بە مەبەستی ڕایی کردنەوەی مامەلەکانیان.

**دووەم: ڕێزگرتن لە هاولاتیان**

وەزارەتی ناوخۆ بە نوسراوی ژمارە (١٦٨٧٦) لە ٢٠١٩/١٠/٦ ئاگاداری گشت فەرمانگەکانی خۆی کردووە کە پێویستە ڕێز لە هاولاتیان بگیرێت و هیچ کەمتەرخەمیەك لەم بوارەدا قبوڵ ناکرێت.

**سێیەم: ڕێزگرتن لە پلە سەربازییەکان**

وەزارەتی ناوخۆ بە نوسراوی ژمارە (١٨٠) لە ٢٠١٩/٩/٢ ئاگاداری گشت دام و دەزگاکانی خۆی گرتووە کە پێویستە ڕێز لە پلەداری سەربازیدا بگیرێت و هیچ کەمتەرخەمیەك لەم بوارەدا قبوڵ ناکرێت.

## چوارەم: بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی

وەزارەتی ناوخۆ لە چوارچێوەی بەنگاربوونەوەی گەندەڵی چەندین ئەنجومەن و لیژنەی لێکولینەوە پێك هێنراوە:

| ژ | ژ.فەرمان | ڕێکەوت | بابەت | شوێن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٩٠١/د | ٢٠١٩/١٠/٢٢ | گەندەڵی لەسەر وەرگرتنی پارە بە ناوی جەنابی س. وەزیران | ب. توندوتیژی دەربەندیخان |
| ٢ | ٢٨٨٣/د | ٢٠١٩/١٠/٢٢ | سکالآ لەسەر ب.دەستەی پشکنینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ | دەستەی پشکنینی هـ.ئاسایشی ناوخۆ |
| ٣ | ٢٧٢٩/د | ٢٠١٩/١٠/٦ | گەندەڵی لە بەکرێ گرتنی ئۆتۆمبێل | ب.پولیسی دارستان |
| ٤ | ٢٧٢٨/د | ٢٠١٩/١٠/٦ | گەندەڵی لە جیاوازی جەردی کەل و پەلی کۆگا | ن. کۆچ و کۆچبەرانی دهوك |
| ٥ | ٢٦٢١/د | ٢٠١٩/٩/٢٤ | گەندەڵی لە پێدانی موڵەتی نوسینگەی شوفێری | ب.هاتووچۆی ڕاپەرین |
| ٦ | ٢٥٥٢/د | ٢٠١٩/٩/١٦ | دزەپێکردنی نووسراو | پارێزگای دهۆك |
| ٧ | ٢٤٧٢/د | ٢٠١٩/٩/١٠ | سکالآ لەسەر بەرپرسی بەشی فرۆکەوانی هاتووچۆ | بەشی فرۆکەوانی هاتووچۆ |
| ٨ | ٢٣٦٥/د | ٢٠١٩/٨/٢٨ | ساختەکردنی مۆری بنکەی نشینگە و پاسپۆرت | فرۆکەخانەی هەولێر |

## پێنجەم: داڕشتن و بەرکارکردنی یاسا ئیتیحادیەکان و هەموارکردنی یاسا پەیوەندیدارەکان بە وەزارەتی ناوخۆ

وەزارەتی ناوخۆ بە نوسراوی ژمارە (١٣٤٩٨) لە ٢٠١٩/٨/٧ لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا بە مەبەستی پێداچوونەوە بە یاسا پەیوەندیدارەکان و هەموارکردنی یاساکان و بەرکارکردنی یاسا ئیتیحادییەکان و داڕشتنی یاسای نوێ و تا ئێستا ئەم یاسانەی خوارەوە ئامادەکراون:

- دوو پرۆژە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.
- دوو پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم.
- پرۆژە یاسای نوێی وەزارەتی ناوخۆ.
- پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای چەکەکانی عێراق ژمارە (٥١)ی ساڵی ٢٠١٧.
- پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١٣ی هەموارکراوی یەکەمی یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١.
- پرۆژە یاسای کۆلیژی پولیس.
- پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٤.
- پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١١.
- پرۆژە یاسای پاسەوانی شەوان.

- پڕۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای مادە هوشبەرەکان و کاریگەرە عەقلییەکان ژمارە (٥٠)ی ساڵی ٢٠١٧ کە بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (١٣٢٧٤) لە ٢٠١٩/٨/٤ لیژنەیەك تایبەتی بۆ پێکهێنرا لە نوێنەرانی وەزارەتی تەندروستی و ئەنجومەنی ئاسایش و دەزگای ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش و ئاژانسی پاراستن و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پولیس.

**شەشەم: پێداچوونەوە بە میلاك**

- سەردانی لە ناکاوی لیژنە بە مەبەستی پشکنینی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی دارستانی هەولێر، بەشی مەشق و شیاندنی پۆلیسی هەولێر، کۆلیژی پولیسی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی پولیسی کارەبای هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی پولیسی کارەبای هەولێر پاڵپشت بە زانیاری پشت ڕاست کراو و لە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە و پشکنین توانرا زیاتر لە (٢٠٠) کارمەندی بن دیوار و زیاد لە میلاك دەستنیشان بکرێت و کاری گواستنەوەیان بۆ ئەنجامدرا بۆ ئەو فەرمانگانەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە کێشەی کەمی میلاکیان هەیە.

**حەوتەم: کاراکردنی سیستەمی سکاڵای ئۆنلاین**

وەزارەتی ناوخۆ بە نوسراوی ژمارە (١٤٢١٠) لە ٢٠١٩/٨/٢٦ لینکی تایبەت بە سکاڵای ئۆنلاین لە ڕێگەی ئەلیکترونی وەزارەت کارا کرد بۆ ئەوەی گشت هاووڵاتیان و ئەفسەر و کارمەند و فەرمانبەران بتوانن لە ڕێگای ئەم لینکە سکاڵایان بنێرین بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردنی جۆری لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ کە تا ئێستا زیاتر لە (٣٠٠) سکاڵا ڕەوانە کراون و بەدواداچوونی ووردی بۆ کراوە.

**هەشتەم: کاراکردنی هێڵی گەرم**

وەزارەتی ناوخۆ بە نوسراوی ژمارە (١٤٢١٠) لە ٢٠١٩/٨/٢٦ بڕیارپێدا بە دانانی هێڵی گەرم و ڕەزامەندی دەستەی پەیوەندییەکانی عێراق (cmc) وەرگیرا بە تەرخانکردنی هێڵی گەرم ژمارە (٤١٤) کە دەتوانرێت لە گشت هێڵی پەیوەندییەکان کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن پەیوەندی بەم هێڵە بکرێت بە مەبەستی گەیاندنی سکاڵا و پێشنیاری هاووڵاتیان و ئێستا لە وەزارەتی ناوخۆ کارەکانی دانانی سەنتەری پەیوەندییەکانی ئەم هێڵە گەرمە بەڕێوە دەچێت و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەکەوێتە کار.

**نۆیەم: پێداچوونەوە بە دیزاینی کوالێتی تابلوکانی ئۆتۆمبێل:**

وەزارەتی ناوخۆ بە نوسراوی ژمارە (١٤٨٣٦) لە ٢٠١٩/٩/٥ لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا بە مەبەستی پێداچوونەوە بە دیزاین و کوالێتی تابلۆکانی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان بە هەموو جۆرەکانی و گونجاندنی لەگەڵ

سیستەمی تابلۆی نێودەوڵەتی و کارەکانی ئەم لیژنەیە تا ئێستا بە باشی بەڕێوە دەچێت و لە ئایندەیەکی نزیکدا نموونەی تابلۆی نوێ هەرێمی کوردستان پەسەند دەکرێت.

**دەیەم: قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی حکومی دوای دەوامی فەرمی:**

وەزارەتی ناوخۆ بە نوسراوی ژمارە (٨٢٧) لە ٢٠١٩/٨/١٨ نوسراو بۆ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەتی کردووە لە ٢٠١٩/١٠/١ بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی حکومی دوای دەوامی فەرمی بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ قەدەغەیە و دەستی بەسەردا دەگیرێت و ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی یاسایی دەبێت.

**یازدەیەم: خولی پێگەیاندنی ئەفسەران:**

وەزارەتی ناوخۆ بە نوسراوی ژمارە (١٣٥٩٦) لە ٢٠١٩/٨/٨ لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا بە مەبەستی دیراسەت کردنی کردنەوەی خولی پێگەیاندنی ئەفسەران بۆ کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ئەوانەی خاوەن بڕوانامەن بۆ زیاتر سوود وەرگرتن لە ڕاژەکانیان ئەم لیژنەیە دەستبەکار بووە و داوای زانیاری کارمەندانی خاوەن بڕوانامە لە دام و دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆی کردووە بە مەبەستی داڕشتنی ڕێنمایی پێویست بەپێی ئەو داتایانەی کە ڕەوانە دەکرێن و پێویستی وەزارەتی ناوخۆ.

## لەسەر ئاستی کارگێڕی

- وەزارەتی ناوخۆ بۆ چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداری پارێزگاکان کە گونجاو بێت لەگەل سیستەمی یاسایی و کارگێڕی هەرێمی کوردستان و شۆرکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرك و بەرپرسیاریەتی بەپێی یاسا ، لە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی حکومەت بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٣٤٩٧) لە ٢٠١٩/٨/٧ لیژنەیەکی پێکهێنا بە مەبەستی پێداچوونەوەی دەسەڵاتەکانی پارێزگاکان و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان و ئێستا ئەم لیژنەیە کار دەکەن بۆ زیاتر شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە پێناو چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداری.
- بە ئاکادیمی کردنی پلە بەرزکردنەوەی ئەو ئەفسەرانەی شایستەی پلە بەرزکردنەوەن لە پلەی (مقدم) بەرەوە سەرەوە و ناردنی توێژینەوەیان بۆ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ستانداردەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- بە ئەلیکترۆنی کردنی تاقیکردنەوەی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران لە پلەی (رائد) بەرەو خوارەوە.

**دوازدەیەم: لەسەر ئاستی پرۆژەکانی تایبەت بە ژێرخانی دام ودەزگاکانی وەزارەت**

ئەو پرۆژانەی کە لەکاتی دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەت رەزامەندی لەســـەر وەرگیراوە بۆ هەموو پارێزگاکانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، هەڵەبجە) و ئیدارەکانی (گەرمیان و راپەڕین).

| ژ | ناوی پرۆژە | شوێنی پرۆژە | گوژمەی پرۆژە (دینار) | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دروست کردنی بەشی ئالیات و نۆژەنکردنەوەی بەشی کرێ و بارهەلگر لە ب. هاتووچۆی هەولێر | پارێزگای هەولێر | ٥٧٢.٠٠٠.٠٠٠ | پرۆژەکە لە ژێر جێبەجێ کردن دایە |
| ٢ | بینای هاتووچۆی شەقلاوە | پارێزگای هەولێر | ٣٨٣.٣٠٠.٠٠٠ | پرۆژەکە لە ژێر جێبەجێ کردن دایە |
| ٣ | دروســـتکردن و کردنـەوەی دەروازەی ســـنوری مێرگەسـور- رووبارۆك (کۆمەلگای زێت) لە قەزای مێرگەسور | پارێزگای هەولێر | ٢٩٩.٦٥٣.٠٠٠ | پرۆژەکە لە ژێر جێبەجێ کردن دایە |
| ٤ | بینایەی هاتووچۆی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەڵەبجە | پارێزگای هەڵەبجە | ٥.٤٨٥.٣٨٨.٨٤٩ | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| ٥ | بنکەی هاتووچۆی قوشتەپە | پارێزگای هەولێر | ٤٥٩.٨٨٩.٠٠٠ | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| ٦ | پرۆژەی ٦٩ کامیرا بۆ ترافیك لایتی گۆڕە پانەکانی ناوشاری سلێمانی | پارێزگای سلێمانی | ٢.٥٤٥.٩٤٢.٣٠٠ | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| ٧ | فراوان کردنی گەراجی وەستانی ئۆتۆمبێلی هاولاتیان و زیاد کردنی نهۆمی هۆلی کۆنگرە (ناو وەزارەت) | پارێزگای هەولێر | ٣٧٤.٨٣٣.٧٥٠ | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| ٨ | دانـان و دابینکردنی گـاردرێـل بۆ رێگـای نێوان تاسلوجە و دۆکان | پارێزگای سلێمانی | ٥.٨٧٠.٧٠٠.٠٠٠ | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی سپاردن دایە |
| ٩ | دابینکردن و هێنانی دانانی پێداویســتیەکانی بینایەی نوێ ب . نشینگەی هەولێر | پارێزگای هەولێر | ٥٦٩.٤١٢.٠٠٠ | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی سپاردن دایە |
| ١٠ | دانان و دابین کردنی پیداویســتیەکانی ب.هاتووچۆی سۆران | پارێزگای هەولێر/ سۆران | ٣٢٩.٥٥٠.٠٠٠ | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| ١١ | دانان و دابین کردنی هێمای رێ نیشــاندەر هاتووچۆی جۆراوجۆر بۆ رێگاکانی (عەربەت، ســەیدســادق، هەڵەبجە، بیتوین، گەرمەك) | پارێزگای هەڵەبجە | ٢.٣٦٦.٢٢٥.٠٠٠ | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| ١٢ | کۆی دەرخســـتـەکـانی تـایبـەت بـەدابین کردنی پێداویستیەکان ب . هاتووچۆی ئیدارەی گەرمیان | ئیدارەی گەرمیان | ٣٦١.٧٨٠.٣٢٦ | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| ١٣ | کۆی دەرخســـتـەکـانی تـایبـەت بـەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆ لەگەل دانانی | پارێزگای سلێمانی | ٤.٣٣٣.٣٥٣.٧٥٠ | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردن نوژەن کردنەوەی ب . هاتووچۆی سنوری شاری سلێمانی | | | |
| ١٤ | کۆی دەرخستەکانی تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردنی ب . هاتووچۆی سنوری سۆران | پارێزگای هەولێر | ٤٣٤.١٣١.٤٣١ | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| ١٥ | کۆی دەرخستەکانی تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆ لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردنی ب . هاتووچۆی ئیدارەی راپەرین | ئیدارەی راپەرین | ١.٤٤٦٣٥٧.٥٠٠ | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| ١٦ | کۆی دەرخستەکانی تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردنی ب . هاتووچۆی (کۆیە) و سنوری شاری هەولێر | پارێزگای هەولێر | ٦٤٨.٨٥٣.٥٠٠ | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی تەندەرین دایە |
| ١٧ | کۆی دەرخستەکانی تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردنی ب . هاتووچۆی (کۆیە) رێگای نێوان هەولێر - کۆیە | پارێزگای هەولێر | ٨٥٠.٠٠٠.٠٠٠ | پرۆژەکە لەژێر پرۆسەی سپاردن دایە |

| پرۆژە بەردەوامەکان کە ئێستا کاریان لەسەر دەکرێت یان تەواوبوونە | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | ناوی پرۆژە<br>Project Name | تێچووی گشتی و سەرچاوەکەی | |
| | | تێچووی گشتی<br>Total Cost | سەرچاوەکەی<br>Source |
| ١ | دروست کردنی بارەگای لیوای یەکی پاراستنی دەزگاکانی نەوت و گاز. | ١٧،٩٥٥،٨٩٨،١٤٤ | و.سامانە سروشتییەکان |
| ٢ | دروست کردنی بینای مەلەوانگەی کۆلیژی پۆلیسی هەولێر | ٨١٩،٠١٨،٥٠٠ | کۆلیژی پۆلیس |
| ٣ | بینای ب. نشینگەی هەولێر | ٨،٩٨٧،٨٠٧،٥٢٢ | داهاتی نشینگە |
| ٤ | دروستکردنی مۆڵەتی شۆفێری ئەلیکترۆنی هەولێر | ٨،٦٤٨،٥٧٥،٩٠٠ | پەرەپێدانی هاتووچۆ |
| ٥ | بینای کۆنفرانسی نهۆمی دووەم لە دیوانی وەزارەت | ٦٩٥،٢٣٥،٤٧٠ | داهاتی هاتووچو |
| ٦ | بینای ب. هاتووچۆی سۆران | ٥،٤٨٢،٥٠٠،٠٠٠ | داهاتی هاتووچو |
| ٧ | بنکەی هاتووچۆی شەقلاوە | ٣٨٣،٠٠٠،٠٠٠ | داهاتی هاتووچو |
| ٨ | فراوانکردنی گەراجی وەستانی ئۆتۆمبێل لەگەل نهۆمی دووەمی هۆڵی کۆنفرانس | ٢٤٦،٦٥٢،٠٠٠ | داهاتی هاتووچو |
| ٩ | نووسینگەی پاسپۆرتی کۆیە | ٢٣٦،٦٧١،٠٠٠ | داهاتی نشینگە |
| ١٠ | نووسینگەی پاسپۆرتی سۆران – نۆژەنکردنەوە | ٣٦،٠٠٠،٠٠٠ | داهاتی نشینگە |
| ١١ | نووسینگەی پاسپۆرتی سۆران – کەل و پەل | ٩٦،٧٠٠،٠٠٠ | داهاتی نشینگە |
| ١٢ | نووسینگەی پاسپۆرتی زاخۆ – کەل و پەل | ٥٨،٩١٧،٠٠٠ | داهاتی نشینگە |
| ١٣ | کۆمەڵگەی عەریزە نووسی کۆیە | ١٤٠،٠٠٠،٠٠٠ | داهاتی نشینگە |
| ١٤ | نووسینگەی پاسپۆرتی کۆیە – کەل و پەل | ٤٢،٥٤٧،٥٠٠ | داهاتی هاتووچو |
| ١٥ | دروست کردنی بەشی ئالیات و نۆژەن کردنەوەی بەشی کرێ و بارهەڵگر بۆ ب. هاتووچۆی هەولێر. | ٥٤٠،٠٠٠،٠٠٠ | داهاتی هاتووچو |
| ١٦ | دروستکردنی نووسینگەی نەهێشتنی تاوان لە شەقلاوە | ٥١٥،٠٠٠،٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ١٧ | دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی هەولێر + بنکەی بەرگری شارستانی خانقاە | ٤٩٠،٠٠٠،٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ١٨ | دروست کردنی ئۆڤەرپاس و ژێر پردی (تقاطع)ی بەحرکەی نوێ | ٤٢،٤٢٢،٠٠٠،٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ١٩ | دروست کردنی بینای بەگری و فریاکەوتن لە چەمچەماڵ | ١،١٢٣،٠٠٠،٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ٢٠ | دروست کردنی بینای بەرگری شارستانی و بنکەی ئاگر کوژێنەوەی قەرەداغ | ٤٦٤،٠٠٠،٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ٢١ | پرۆژەی بینای کۆمەڵەی پێشمەرگە کەم ئەندامبووەکانی سەنگەسەر لە سلێمانی | ٢،٩٨٢،٠٠٠،٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ٢٢ | دروستکردنی سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ | ٢،٧١٥،٠٠٠،٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ٢٣ | دروستکردنی بەشێك لە ڕێگای بازنەیی (١٠٠) مەتری بە دەوری شاری سلێمانیدا | ٤٦٩،٩٠٠،٠٠٠،٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ٢٤ | کۆرنیشی چەمی قلیسان لە سلێمانی | ٣٠،٩٩٣،٠٠٠،٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ٢٥ | دروست کردنی بینای دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ | ١،٠٣٠،٠٠٠،٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |

## وەزارەتی ناوخۆ

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٦ | دروستكردنی مەلەوانگەی ئۆلۆمپی داخراو لە بەختیاری | ٣,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ٢٧ | ئاڤاكرنا كومەڵگەها كارگێڕی ل ناحیا بامرنێ | ١,١٠٣,٠٠٠,٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ٢٨ | ئاڤاكرنا قاتێ دووێ ل سەر ئاڤاهیێ رێڤەبەریا ناحیا سەرسنگ | ١٩٠,٠٠٠,٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ٢٩ | ئاڤاكرنا قاتێ دووێ ل سەر ئاڤاهیێ رێڤەبەریا ناحیا دینارتە | ٥١٥,٠٠٠,٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ٣٠ | ئاڤاكرنا قاتێ دووێ ل سەر ئاڤاهیێ رێڤەبەریا ناحیا بجیل | ٥١٥,٠٠٠,٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ٣١ | ئاڤاكرنا قاتێ دووێ لسەر ئاڤاهیێ رێڤەبەریا ناحیا گردەسین | ٥١٥,٠٠٠,٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ٣٢ | نویژەنكرنا بنگەهێ پولیسێن گولان / ئاكرێ | ١٥٥,٠٠٠,٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ٣٣ | ئاڤاكرنا قاتێ دووێ لسەر ئاڤاهیێ رێڤەبەریا ناحیا باتیفا | ٥١٥,٠٠٠,٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ٣٤ | ئاڤاهیا فەرمانگەها ناسناما ل سێمێلێ | ٣٦١,٠٠٠,٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |
| ٣٥ | دروستكردنی پرۆژەی ئاوەڕۆی رووباری هەشكەرۆ | ١٢٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | و. دارایی و ئابووری |

# کارو چالاکییەکانی

# وەزارەتی پێشمەرگە

## ئاستی چاكسازی:

- لە ڕێكەوتی (٢٠١٩/١١/١١) بە سەرپەرشتی ڕێزدار سەرۆكی هەرێمی كوردستان و ئامادەبوونی هەردوو بەڕێزان جێگرانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان كۆبوونەوەیەك لەگەڵ لیژنەی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە و فەرماندەی هێزەكانی ( ٧٠ و ٨٠ ) ئەنجامدرا بۆ پرۆگرامی ڕێكخستنەوە و چاكسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە.
- بە هەماهەنگی لە نێوان لیژنەی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە و بۆردی چاكسازی و بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی و ڕاوێژكارانی هاوپەیمانان بە دەیان كۆبوونەوە ئەنجامدراوە بۆ بەرەوپێشبردن و جێبەجێ كردنی پرۆگرامی چاكسازی (**پێشمەرگە لە ئایندەدا**) كە لە (٣٩) پرۆژەی چاكسازی پێكدێت، و ئەم پرۆژانەی خوارەوە كاریان لەسەر كراوە و هەندێكیان لەبواری جێبەجێكردندان .

  - بە ئەلیكترۆنی كردنی مووچەی پێشمەرگە.
  - ڕاپۆرتی ئامادەباشی پێشمەرگە.
  - یەكسانی مافەكانی جێندەر لەناو هێزەكانی پێشمەرگە.
  - سەنتەری زمانی (ئینگلیزی و ئەلمانی).
  - هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری عیراقی.
  - سیستەمی گەیاندنی هێزەكانی پێشمەرگە.
  - پۆشینی یەك شێواز جل و بەرگ و لۆگۆی پێشمەرگە.
  - ستراتیژیەتی پزیشكی لە وەزارەتی پێشمەرگە.
  - ڕێكخستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە.

- بۆ جێبەجێ كردنی یاسای چاكسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ و بە مەبەستی جێبەجێ كردن و ئامادە كردنی میكانیزمی تایبەت بۆ جێبەجێ كردنی یاساكە وەزارەتی پێشمەرگە لیژنەیەكی باڵای دامەزراند بە سەرۆكایەتی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە و پێنج لیژنەی لاوەكی كە پێكدێن لەم لیژنانەی خوارەوە:

  - لیژنەی پێداچوونەوە بە میلاكاتی هێزەكانی پێشمەرگە.
  - لیژنەی خانەنشین و كەمئەندامانی پێشمەرگە.
  - لیژنەی پێداچوونەوە بە دۆسیەی ئەفسەر و كارمەندانی پێشمەرگە.
  - لیژنەی ڕێكخستن و یەكخستنی گشت یەكەی ژمێریاری وەزارەتی پێشمەرگەو هێزەكانی ٧٠ و ٨٠.

- لیژنەی گواستنەوەی پاسەوانانی دام و دەزگا حکومی و حیزبی و کەسایەتی و لێپرسراوان لەناو میلاکی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ.

## ئاستی خزمەتگوزاری:

أ . بەپێی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار بە نوسراویان ژمارە (٦ لە ٢٠٢٠/١/٢٠) دوو پارچە زەوی دابین کرا بۆ وەزارەتی پێشمەرگە لە سنووری پارێزگای هەولێر (بەحرکە و جەژنیکان) بە ڕووبەری (٦٠) شەست دۆنم وە (٦٥) شەست و پێنج دۆنم بە مەبەستی دامەزراندنی باڵەخانەی وەزارەتی پێشمەرگە و گشت پێکهاتەکانی، بە تەواو کردنی ئەم باڵەخانانە ئەوا ساڵانە بڕی (٨٠٠،٠٠٠،٠٠٠) هەشت سەد ملیۆن دینار لە پارەی کرێی خانووی زۆربەی بەڕێوەبەرایەتیەکان دەگەڕێتەوە بۆ خەزینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ب. بە بڕی (٩٣٨،٥٢١،٨٥٠) نۆسەد و سی و هەشت ملیۆن و پێنج سەد و بیست و یەك هەزار و هەشت سەدو پەنجا دینار جێبەجێ کردنی (٤٧) چل و حەوت پڕۆژەی دروست کردنی (بینا، کۆگا، ڕێگا، جبەخانە، هۆل، چێشتخانە و تەحسینات) بۆ فەوج و لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە.

ج. بە هەماهەنگی لەگەل فەرمانگەی تەندروستی پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) بەڕێوەبەرایەتی پزیشکی گشتی و بەشی کیمیاوی وەزارەتمان هەڵسان بە ئەنجامدانی پاککردنەوەی دژە ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ هەموو یەکە سەربازیەکان، و دابین کردنی بەشێك لە کەرستەی پاککەرەوە و خۆپارێزی دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە.

د. تەرخان کردنی نەخۆشخانەی پێشمەرگە بۆ کەرەنتین کردن و چارەسەر کردنی تووشبوانی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە سەرپەرشتی فەرمانگەی تەندروستی هەولێر وە بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ.

ە. چاککردنەوەی (١٧٨) سەدو حەفتا و هەشت ئالیاتی و جۆراو جۆری گەورە و (٤١٤) چوار سەد و چواردە ئۆتۆمبێل و (٢) دوو چەکی گەورەی هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن وەرشەی چاککردنەوەی میرەی گشتی وەزارەتی پێشمەرگە.

ز. دروستکردنی کۆگایەکی تایبەت بە تەقەمەنی.

## ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراقی فیدراڵ:

أ . بۆ بەدواداچوون و چارەسەر کردنی کێشەکانی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری عێراقی فیدراڵ، بەتایبەت کێشەی بودجە وشایستە داراییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/١٣) و (٢٠٢٠/٢/٢٥) بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە شاندی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە سەردانی وەزارەتی بەرگری حکومەتی عێراقی فیدراڵیان کرد.

ب. لە ڕێکەوتی ( ٢٠٢٠/٧/٢ ) بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆکی دەستەی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە لیژنەی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە سەردانی بەغدایان کرد و کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا لەگەڵ لیژنەی باڵای فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی عیراقی سەبارەت بە دووبارە کاراکردنەوەی بنکەکانی هەماهەنگی هاوبەش و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە دژی تیرۆرستانی داعش لە ناوچەی کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

ج. بۆ بەرەوپێش بردنی هەماهەنگی و پەیوەندی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی عێراقی (٣) ئەفسەری پلە باڵا وەك ئەفسەری پەیوەندی وەزارەتی پێشمەرگە لە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی عیراقی دەست بەکاربوون.

## ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:

أ . لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٨/٢١) وەزیری بەرگری ئەلمانیا (ئانگریت کرامپ کارین باوەر) و شاندی یاوەری سەردانی وەزارەتی پێشمەرگەیان کردو لە هۆڵی شەهید (سعد عبدالله) کۆبوونەوەکەیەك ئەنجامدرا بە مەبەستی بەرەوپێش بردنی پەیوەندییەکان و زیاتر لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە چۆنیەتی مەشقدانی هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن ڕاوێژکارانی ئەلمانیا لە هەرێمی کوردستان.

ب. ستافی وەزارەتی پێشمەرگە بە شێوەی دەوری دوو هەفتە جارێك یان زیاتر کۆبوونەوە لەگەڵ فەرماندە و نوێنەری هێزەکانی هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدات بۆ هەماهەنگی کردن لە ڕووی (مەشق و ڕاوێژ و ئۆپەراسیۆن و هەواڵگری و پاڵپشتی لۆجستی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە ) و لە ماوەی (٢٠١٩/٧/١٠ تاکو ٢٠٢٠/٧/٦)، (١١) کۆبوونەوە ئەنجامدراوە، و لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا کۆبوونەوەکان ڕاوەستاوە.

ج. بە مەبەستی هەماهەنگی و بەرەوپێش بردنی پەیوەندی کاروچالاکییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان و داواکردنی پێداویستیەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لە ماوەی (٢٠١٩/٧/١٠ تاکو ٢٠٢٠/٧/٦) (١٨٦) سەردان و کۆبوونەوە ئەنجامدراوە لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ شەڕی دژی داعش.

د. بە هەماهەنگی لەگەل وولاتانی (ئەمریکا، ئەلمانیا، بەریتانیا، هۆڵەندا) لە ماوەی ئەم ساڵەدا توانیمان (٦٥) شەست و پێنج کۆرس و سمینار و کۆنفرانس دابین بکەین بۆ ئەفسەر و کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەندێك لە کۆرسەکان هەڵوەشایەوە.

ه. بە هاوکاری تیمی سەربازی وڵاتانی هاوپەیمانان (ئەمریکا، ئەلمانیا، بەریتانیا) سەنتەری زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی لە وەزارەتی پێشمەرگە کرایەوە و تا ئێستا سێ خول بە سەرکەوتوویی ئەنجامدراوە.

و. نەخۆشخانەی پێشمەرگە لە ساڵی ٢٠١٧ بەردی بناغەی بۆ دانرا لەلایەن وڵاتی ئەلمانیا، لە ساڵی ٢٠١٩ و بە ئاهەنگێکی سەربازی تیمی سەربازی وولاتی ئەلمانیا نەخۆشخانەکەی رادەستی وەزارەتی پێشمەرگە کرد.

ز. بەردەوامی پرۆسەی وەرگرتنی چەك و ئالیات و ئۆتۆمبێلی سەربازی لەلایەن وولاتی ئەمریکا بۆ پرچەك کردنی (٢) دوو لیوای وەزارەتی پێشمەرگە.

ح. بریارە لە ساڵی داهاتوو (١٢) لیوای تری وەزارەتی پێشمەرگە پرچەك بکرێن لەلایەن هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە شەڕی دژی داعش بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

## ئاستی ئابووری و دارایی:

أ . بەردەوام بوونی هاوکاری دارایی و ئازوقە و سوتەمەنی لەلایەن هێزی هاوپەیمانان بۆ وەزارەتی پێشمەرگە.

ب. سەرف کردنی هاوکاری شەهیدانی شەری تیرۆرستانی داعش بە بری ( ٣،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ ) سێ ملیار دینار وەك قۆناغی یەکەم بە کردار جێبەجێ کراوە و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان هاوکاریەکانیان وەرگرتوە.

ج. هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی مانگانە ئازوقە و سوتەمەنی و خەرجی بەردەستی لیواکان و بارەگای وەزارەتی پێشمەرگە دابین بکرێت.

د. بۆ جێبەجێ کردنی دادپەروەری لیژنەیەکی هاوبەش لە وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی و ئابووری پێکهاتووە بۆ یەکخستنی مووچە و دەرماڵەکان لە هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ.

## ئاستی کارگێری:

أ. دروستکردنی پەیکەری رێکخستنی نوێ بۆ لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە و رێکخستنەوەیان لە (چوار بەتالیۆن) بۆ (سێ بەتالیۆن).

ب. ئەنجامدان و کردنەوەی ئەم خولانەی مەشق بۆ هێزەکانی پێشمەرگە.

- مەشقدان بە (١٧) بەتالیۆنی وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی زێرەڤانی و بەرگری و فریاکەوتن.
- کردنەوەی (١٤) چواردە خولی مامۆستایانی مەشق.
- کردنەوەی (٥) پێنج خولی ئەندازەی سەربازی.
- کردنەوەی (٣) سێ خولی کیمیاوی بۆ لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە.
- کردنەوەی (٥) پێنج خولی مافی مرۆڤ بۆ لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە.
- کردنەوەی (٢) دوو خولی ئەفسەران بۆ دەرچوانی کۆلیژ و پەیمانگاکان و ئامادەیی لە هەردوو کۆلیژی سەربازی/٢ زاخۆ و کۆلیژی سەربازی/٣ قەڵاچۆلان کە ژمارەیان (٧٠٠) حەوت سەد خوێندکار بوون.

ج. ئەنجامدانی دەیان کۆبوونەوە و کۆنفرانس و سەردان بۆ لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ دڵنیابوون لە ئەنجامدانی ئەرك و کارەکانی هێزەکانی پێشمەرگە بە شێوەیەکی باش و دەرخستنی فەرمان و ڕێنمایی پێویست بۆ ڕێکخستن و ڕاپەڕاندنی کارەکانیان.

# کار و چالاکییەکانی

# وەزارەتی دارایی و ئابووری

## سەردان و کۆبوونەوەکان:

١- به مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان و هاندانی وەبەرهێنانی بیانی و فراوان کردنی جوڵەی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری پێشوازی لە کونسوڵی گشتی ئەمەریکا، کونسوڵی گشتی ئیتالیا، شاندێکی وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا، کونسوڵی گشتی یۆنان، باڵوێزی بەریتانیا کونسوڵی گشتی بەریتانیا لە عێراق و هەرێمی کوردستان، کونسوڵی گشتی ئەلمانیا، یاریدەدەری وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا، سەرۆکی پەیمانگای حوکمڕانی کەنەدی، شانێکی بازرگانی ئەمەریکا، کونسوڵی ئەڵمانیا بەوەکالەت و شاندی وەزارەتی ئابووری فەرەنسا، سەرۆکی کونسوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران، کونسوڵی گشتی کۆماری تورکیا.

٢- **سەردانی کردنی مەرزەکانی:** مەرزی باشماخ، مەرزی پەروێزخان، مەرزی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران، بۆ مەبەستی لە نزیکەوە ئاشنابوون بە کاروچالاکییە بازرگانییەکان و ڕێکارەکانی خۆپاریزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و پەرەپێدانی جولەی بازرگانی و چاککردنی گرفتە کارگێڕییەکان.

٣- **سەرۆکایەتی کردنی شاندی هەرێم بۆ دانوستان لەگەڵ بەغدا:** سەردانی هەریەك لە (د. بەرهەم سالح) و (د.عادل عبدالمهدی) و (د. فوئاد حسێن) کرد، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە داراییەکانی نێوان هەرێم و بەغداو دۆسیەی نەوت.

٤- چەندین بڕیاری گرنگ دراون لەوانە:

أ- کاراکردنی سندوقی خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان و کردنەوەی هەژمێری بانکی بۆ ئەو سندووقە.

ب- کردنەوەی هەژماری بانکی بۆ فەرمانبەران.

ج- بە هەمیشەیی کردنی مامۆستایانی گرێبەست.

د- ئامادەکردنی ڕێکارە یاسایی و کارگێڕییەکان، بۆ وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانییەکان.

ر- هەموو خەرجییەکانی بەکاربردن لەم مانگەوە بە دیجیتاڵ دەکرێت.

ز- لەسەر پێشنیاری وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەنگاوەکانی گواستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردن و هەماهەنگی قەرزی گشتی بۆ سەر وەزارەتی دارایی و ئابووری دەستپێکرد.

ح- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری راسپارد بۆ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پیشمەرگە، بۆ ئەوەی هەنگاوی پێویست بگرنەبەر بە مەبەستی یەکخستن و ڕێکخستنی یەکەکانی ژمێریاری هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان.

خ- بڕیاردرا لەسەر پەیڕەوکردنی میکانیزمێکی گونجاو بۆ لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم کردنەوەی ئەژمێرەیەکی کەسی بۆ سەرجەم مووچەخۆران.

ج- بڕیاردرا لەسەر هەماهەنگی تەواو لە نێوان لیژنەی باڵای وەزارەتی دارایی و ئابووری تایبەت بە جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی لەگەڵ سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە پێناو جێبەجێ کردنی خێرای یاساکەدا.

ع- بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی راسپێردرا لەسەر ئامادەکردنی پەیکەری نوێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین، کە دەبێتە تاکە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینان لە هەرێمدا، بەشێوەیەك گشت خانەنشینانی (شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ، یەکە رێکنەخراوەکانی هێزەکانی پێشمەرگە) لەخۆدەگرێت.

غ- بڕیاردرا لەسەر بەکارهێنانی پێوەری تواناو لێوەشاوەیی و خزمەت و بڕوانامە لەکاتی چۆڵ بوونی پۆستی بەڕێوەبەر و جێگری فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتمان بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستانە.

٦- تاکو ئێستا ٦ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەت بەڕێوە چووە.

## کاروچالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری:

**١- لە بواری کۆمپانیاکان:**

أ- هەمواری پەیڕەوی تیانوس گرتنی بازرگانی بە مەبەستی باجی دەرامەتی ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٨٥ کە دواتر هەموارەکە بە پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ دەرچوو.

ب- هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم لێخۆشبوونە نایاساییەکان پاڵپشت بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (١٣) لە (٢٠١٩/٨/٧).

ت- بەپێی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەمان ژمارە (٧٩٤٢ لە ٢٠١٩/١١/٢٤) خشتەی خەملاندن ساڵی (٢٠٢٠) دەرکراو گۆڕانکاری زۆر کرا ئەویش بە زیاد کردنی ڕێژەی قازانجی کارە بازرگانییەکان و بەڵێندەرایەتییەکان.

پ- گۆڕانکاری رێکاری وەرگرتنی باجی هاوردە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە گومرگەکان کە ئەمەش بووە هۆی بەرزکردنەوەی داهات و کەمکردنەوەی ڕۆتین.

ج- زیاد کردنی ژمارەی کۆمپانیاکانی گەورە باجدەران بەم شێوەیە:

- هەولێر (٢٤٠) کۆمپانیا.
- دهۆك (٢٧) کۆمپانیا.
- سلێمانی (٣٦) کۆمپانیا.

**٢- لە بواری پیشە:**

أ- ئامادەکردنی بەرنامەی کاری سیستەمی باجی دەرامەت.

ب- ئەنجامدانی ماڵە مەیدانی بە مەبەســـتی تۆمارکردنی ئەو شـــوێنە بازرگانیانەی کە تۆمار نەکراون و داواش لە دەزگای ئاسایشی هەرێم کرا بە دانانی نوێنەرێکیان لە لیژنەکانی ماڵە مەیدانی.

ت- پێشنیار کرا بە وەرگرتنی باجی پارێزەران بە شێوەی پول.

پ- ئامادەکردنی ڕێنمایی دارایی هەواڵدەری نهێنی (مخبر ســری) بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی (٥٤) لە یاســای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی (١٩٨٢)ی هەموارکراو.

ح- بەشداری لە دانانی ڕێکارو میکانیزمی پەیڕەوی (مجلس مهنة التدقيق والحسابات).

**٣- لە بواری باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆ:**

أ- گۆڕینی ڕێکاری باجدان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی دەرامەتی (کەســـی) لە بری ئەوەی باجدەر ســـێ مانگ جارێك سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی باج بکات، ئێستا تەنها یەك جار لە سەرەتای ساڵ سەردان دەکات ئەوەش بۆتە هۆی (کەم بوونەوەی ڕۆتین و زیادکردنی داهات) بەشێوەیەکی بەرچاو.

ب- پێشکەش کردنی پڕۆژەی هەمواری پەیڕەوی باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆی کارمەندانی کەرتی تایبەت ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ کە ئێستا لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە گفتوگۆدان لەسەر ئەو بابەتەو دوا نوسراویشمان بە ژمارە ( ١٦٠ لە ٢٠٢٠/١/١٣)ە.

ت- پێشکەش کردنی پڕۆژەیەك و یاداشتێك بە مەبەستی هەمواری ڕێنمایی ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە نوسراومان ژمارە (٨٢٠٠ لە ٢٠١٩/١٢/٤) کە بریتیە لە وەرگرتنی باج لەسەر کۆی مووچە نەوەك تەنها مووچەی بنەڕەتی، کە ئەوەش دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی داهاتێکی زۆر کە نزیکەی بە (١٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیار دیناری مانگانە خەملێندراوە.

پ- پێشــکەش کردنی پڕۆژەیەك بە مەبەستی وەرگرتنی باجی فرۆشـتن لەســەر کارتی مۆبایل و ئینتەرنێت کە داهاتەکەی خەملێندراوە بە بڕی (١٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) پازدە ملیاری مانگانە بە نوســـراومان ژمارە ٧٢ لە ٢٠٢٠/١/٢٩.

**٤- لە بواری باجی خانووبەرە:**

أ- بەهۆی فراوانبوونی شـــارەکان هەڵســـاین بە کردنەوەی (تێبینەرایەتی باجی خانووبەرەی قەزای دەشـــتی هەولێر، قەزای شەقڵاوە، قەزای پشدەر، قەزای سیمێل).

ب- وەرگرتنی باجی گرێبەستەکانی بانەوانی (المساطحە) وەك پێویست باج لە گرێبەستەکانی بانەوانی (المساطحە) کە پێشتر وەرنەدەگیرا.

ت- هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی ژمارە (٤٣٨) لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١١/١١ کە تایبەتە بە لێخۆشبوون لە باجی زەوی پرۆژەکانی وەبەرهێنان چونکە ئەو لێخۆشبوونە بەدەر لە یاساو ڕێنماییەکانە، زەرەر بە خەزێنەی هەرێم دەدات نووسراوێکمان تایبەت بەو بابەتە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بە ژمارە (٧٠٨٨) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٦.

پ- لەبەر فراوانی شار و نەگونجانی هەندێك ماددە لە یاسای باجی خانووبەرە لەکاتی ئێستادا پێشنیاری هەموارکردنی (یاسای باجی خانووبەرە و زەوی)مان کردووە لە پرۆژەیەکدا بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .

ج- لە پێناو کارئاسانی هاوولاتیان و ڕایی کردنی مامەڵەکان بەشێوەیەکی یەکسان، پێشنیاری کردنەوەی دیوانی باجی خانووبەرەمان کردووە.

ح- نووسراوێکمان ئاراستەی گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی باجی خانووبەرە کردووە بە ژمارە (٧٠٨٧) لە ڕێکەوتی ١٠/١٦/ ٢٠١٩ لە ڕێگەی خۆیانەوە سەرجەم قەرزدارانی باج ناچار بکەن بۆ دانی باجەکانیان بەپێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر یان بگرنەبەر.

**٥- لە بواری یاسایی:**

أ- بۆ پاڵپشتی بڕیاری ژمارە (١٣)ی ئەنجومەنی وەزیران کە لە (٢٠١٩/٨/٧) دەرچووە بە مەبەستی ڕێگری کردن لە خۆدزینەوە لە باج هەڵساین بە ئاراستەکردنی (٤٩٣٦) چوار هەزار و نۆسەد و سی و شەش نووسراوی ئاگادار کردنەوە (گەف) بۆ ئەو باجدەرانەی کە قەرزاری بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجن وەك بەڕێوەبەرایەتی باجی (خانووبەرە و دەرامەت و کۆمپانیاکان و خانووبەرەی میری) و پاش ئەم ئاگادارکردنەوانە بەشێك لەو باجدەرانە هەڵسان بەدانی باجی کەوتوو لەسەریان و سەبارەت بەو باجدەرانەی کە بەدەم ئاگادارکردنەوەکە نەهاتن، دوای تەواوبوونی ماوەی یاسایی هەڵساین بە گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان وەك (نیشانەی گلدانەوە، داخستنی شوێنەکانیان، قەدەغەی گەشتکردن (منع السفر).

ب- هەڵساوین بە بەرزکردنەوەی چەند داوایەکی تایبەت بە ساختە (تزویر) کردنی بەڵگەنامەی مامەڵەکان لە گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی باج بە مەبەستی گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان.

**٦- پلانی جێبەجێ کراو و داهاتوو :**

أ- دەرچوواندنی ڕێنمایی تایبەت بە خەملاندنی ساڵی (٢٠٢٠).

ب- داڕشتنەوەی پەیکەری کارگێڕی (هیکل اداری)و ڕەوانەی وەزارەتمان کرد بۆ پەسەندکردن.

ت- بەدواداچوونمان بۆ داهاتەکان لەسەر ئاستی هەر بەڕێوەبەرایەتیەك و بەراوردکردنیان لەگەڵ مانگ و ساڵانی پێشوو و دانی پێشنیاری پێویست بۆ جێبەجێ کردنی یاساو ڕێنمایەکان بۆ بەدەست هێنانی داهاتی یاسایی و ڕێکوپێك و نەهێشتنی خۆدزینەوە لە باج لەلایەن باجدەران.

پ- هەڵساین بە دانانی بەرنامە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر پۆلێن کردنی دۆسیەکانی باج لەسەر پیشەکان و لە هەنگاوی یەکەم کۆتایی هاتووە و دەستمان بە هەنگاوی دووەم کردووە.

**٧- لە بواری خانووبەرەی میری:**

**أ- زێدەرۆیی:**

بە مەبەستی سەرژمێری کردنی زێدەرۆیی لەسەر مولکەکانی میری (وەزارەتی دارایی) سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانووبەرەی میری پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە ماوەی چەند مانگ هەڵسان بەسەرژمێری کردنی سەرجەم زێدەرۆییەکان بە مەبەستی ڕێگری کردن و چارەسەرکردنیان و بە نووسراوی ژمارە (٣٢٦) لە٢٠٢٠/١/٢٠ ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە بۆ دەربڕینی فەرمانیان چونکە پڕۆژەیەکی یەکجار زۆر لەسەر زەوی میری دروست کراوە کە چارەسەرکردنیان دەبێتە هۆی زیادبوونی داهات بۆ گەنجینەی دەوڵەت.

- پارێزگای هەولێر (٢٢٢٧) زێدەرۆیی.
- پارێزگای دهۆك (٣١٨) زێدەرۆیی.
- ئیدارەی ڕاپەڕین (١٠٥) زێدەرۆیی.
- پارێزگای سلێمانی (کەتا ئێستا تەواو نەکراوە) زێدەرۆیی.
- ئیدارەی گەرمیان (١٢٠) زێدەرۆیی.
- قەزای سۆران (٣٢٠٠) زێدەرۆیی.

**ب- بەکرێدان و فرۆشتن:**

لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوو بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانووبەرەی میری هەڵساون بە بەکرێدان و فرۆشتنی موڵکەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە ژێر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ کە بۆتە هۆی

زیادبوونی داهات بۆ گەنجینە، هەرچەندە ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆناو قەدەغەی هاتووچۆ لە ماوەی ئەم شەش مانگەی دواییدا بۆتە هۆی کەمبوونی چالاکییەکانی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانمان، ژمارەی گرێبەستەکانمان لە ماوەی یەك سالی رابردوو (٣٥٠) گرێبەست بووە.

**ت- داهات:**

لە ماوەی یەك ساڵی رابردوو داهاتی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانووبەرەی میری بە ڕێژەیەکی باش زیادی کردووە کە نزیکەی (١٠) ملیار دینار بووە.

**پ- ڕێکاری یاسایی:**

لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانووبەرەی میری بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی پەیوەندیدار و دادگا و داواکاری گشتی پەیوەندار کاری پێویست ئەنجام دراوە بۆ گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر قەرزارەکان بەپێی یاسای ژمارە (٥٦)ی سالی ١٩٧٧ (یاسای وەرگرتنەوەی قەرزی حکومی) و گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی بەرامبەر زێدەرۆیی.

**٨- لە بواری ئای تی (IT) :**

أ- بە مەبەستی ڕێگری کردن لە ساختەکاری و خۆدزینەوە لە باجدان و دوای هەست کردنمان بە بوونی ئەم حاڵەتانە ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتی تەکنەلۆجیای زانیاری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری و بە هەماهەنگی لە کۆمپانیایەکی ئەم بوارە و بە تێچوویەکی کەم هەڵساین بە دروست کردن و کارپێکردنی سیستمێکی تایبەت بە پاکانەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی باجی دەرامەت و کۆمپانیاکان بەشێوەی (پاکانەی ئەلیکترۆنی) و بەستنەوەی لەگەل بەشێك لە دام و دەزگاکانی تری حکومەت بە شێوەی ئەلیکترۆنی و لە هەنگاوی یەکەمدا.

ب- سەبارەت بە بەسیستەم کردنی کۆی پرۆسەی کاروباری بەڕێوەبەرایەتییە جیاجیاکانی باج، چەندین دیدار و کۆبوونەوە کراوە لەگەل کۆمپانیا و لایەنی پەیوەندیداری تایبەتمەند بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی تەکنەلۆجیای زانیاری سەر بە ئەنجومەنی وەزیران و ئێستا پرۆپۆزەلی پرۆژەکە لەبەر دەستی فەرمانگەی ناوبراودایە بە مەبەستی دیراسەکردنی.

## راپۆرتی کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری:

١- لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠١٩/١٠/١٦ ڕەزامەندی لەسەر (٢٢٤) پرۆژە بۆ پارێزگاکانی حکومەتی هەرێم دراوە بە دوو قوناغ بۆیان تمویل بکرێت:

أ- ئەو پرۆژانەی کە ڕێژەی جێبەجێ کردنی داراییان لە ٨٥٪ بەرەو سەرەوەیە کە ژمارەیان (١٤٨) پرۆژەیە.

ب- ئەو پرۆژانەی کە ڕێژەی جێ بەجێ کردنی داراییان لە ٧٥٪ بەرەو سەرەوەیە ژمارەیان (٧٦) پرۆژەیە.

٢- ووردبین کردن و خەرج کردن و تەمویل کردنی (١١) مووچەی مانگەکانی (٤-٥-٦-٧-٨-٩-١٠-١١-١٢) ساڵی ٢٠١٩ و مانگی (١-٢) ساڵی ٢٠٢٠ گشت چین و توێژەکانی حکومەتی هەرێم.

٣- لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠١٩/١٠/٢٤ ڕەزامەندی درا لەسەر (٦٧) پڕۆژە بۆ ئەو پڕۆژە خزمەتگوزاری و کتوپڕانەی کە لەسەر بودجەی پترۆ دۆلارە تایبەت بە پارێزگای سلێمانی.

٤- لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٦ ڕەزامەندی دراوە لەسەر گوژمەی (١٥،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠) پانزدە ملیار دینار بۆ پڕۆژەکانی پارێزگاکان و یەکە ئیدارییەکان.

٥- لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٦ ڕەزامەندی درا لەسەر (٣،٨٨٨،٠٠٠،٠٠٠) ملیار دینار بۆ پڕۆژەکانی پارێزگای هەولێر کە لەلایەن پارێزگای ناوبراو بە شێوەی ڕاستەوخۆ جێبەجێ دەکرێت.

٦- تەمویل کردنی بڕی (٧٥ ٠٠٠ ٠٠٠) ملیون دۆلار بە مەبەستی دابینکردنی کرێی کارەبا بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٧- تەمویل کردنی بڕی (٨٨ ٣٥٠ ٥٣٩ ٠٠٠) ملیار دینار بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان کە لەلایەن وەزارەتەکان جێبەجێ دەکرێت بەپێی لیستی هاوپێچ کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر دراوە.

٨- لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تەمویل کردنی بڕی (٥١ ٨٤٢ ٠٠٠ ٠٠٠) ملیار دینار بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان کە لەلایەن وەزارەتەکان جێبەجێ دەکرێت لە سنووری پارێزگای سلێمانی ئیدارەی گەرمیان.

٩- لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تەمویل کردنی بڕی (٩ ١٥٠ ٠٠٠ ٠٠٠) ملیار دینار بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان کە لەلایەن وەزارەتەکان جێبەجێ دەکرێت لە سنووری پارێزگای دهۆك.

١٠- خەرج کردنی بڕی (٣ ٨٣٧ ٨٧٧ ١٠٠) ملیار دینار بۆ دابینکردنی دەرمانی برانـدی شێرپەنجە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر و سلێمانی بە چوار قوناغ لەسەر ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

١١- تەرخانکردنی بڕی (٣ ٩٦٠ ٠٠٠ ٠٠٠) ملیار دینار بە مەبەستی سازدانەوەی ئامێرەکانی پزیشکی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بۆ ماوەی دوو ساڵ لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

١٢- رای وەزارەتمان درا بە تەرخانکردنی بڕی (٢ ٦٤٢ ٧٤٠ ٠٠٠) ملیار دینار بە کڕینی و چاککردنەوەی رەحلە بۆ گشت قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بۆ هەریەك لە پاریزگاکانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، هەڵەبجە) و ئیدارەی گەرمیان، بەپێی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی پلاندانان تایبەت بە جێبەجێ کردنی گرێبەستە گشتیەکانی حکومەت.

١٣- تەرخانکردنی بڕی (٠٠٠ ٥٥٠ ٥٠٨ ١) ملیار دینار بە مەبەستی دابینکردنی کەل و پەل و پێداویستیەکانی گشت قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩ - ٢٠٢٠) بۆ هەریەك لە پاریزگاکانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، هەڵەبجە) ئیدارەی گەرمیان، بهپێی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی پلاندانان تایبەت بە جێبەجێ کردنی گرێبەستە گشتییەکانی حکومەت.

١٤- تەرخانکردنی بڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ٢٨٠) ملیون دینار بە مەبەستی دابینکردنی کەل و پەل بۆ سەنتەری ژیانەوەی چارەسەری شێرپەنجە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی.

١٥- تەرخانکردنی بڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ٤٦٠) ملیون دینار بە مەبەستی سازدانەوە و دابین کردنی کەل و پەل بۆ سەنتەری تیشکی شەهید مجید لە کۆیە سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

١٦- تەرخانکردنی بڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ٣ ) ملیار دینار بە مەبەستی سازدانەوەی ئامێری پزیشکی نەخۆشخانەی شار سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی بۆ ماوەی دوو ساڵ لەسەر ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

١٧- تەرخانکردنی بڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ٢) ملیار دینار بە مەبەستی سازدانەوەی ئامێرەکانی تیشك و بەردی گورجیلە بۆ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی دهۆك.

١٨- جگە لەم بڕە پارانەی سەرەوە ڕەزامەندی دراوە لەسەر خەرج کردنی ئەو نوسراوانەی کە پێویست بوونە بۆ فەرمانگەکانی تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان.

١٩- خەرج کردنی شایستەکانی کۆمپانیاکانی پاککردنەوەی شار و شارۆچکەکانی کە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتەکەمان دەکرێت.

٢٠- خەرج کردنی نزیکەی (٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ٨) ملیار دینار تایبەت بە شایستەکانی کۆمپانیاکانی جیبەجێ کردنی پرۆژەی گواستنەوو و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بە تانکەر و ئاودانی پارك و باخچەکان و دوورگە ناوەندییەکان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و قەزای سۆران.

٢١- تەرخانکردن و خەرج کردنی پارەی پێویست بۆ ڕامالینی بەفر و پاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان.

٢٢- خەرج کردنی پارەی خواردنی بەندی و نەخۆشخانەکان و سوتەمەنی بۆ مزگەوتەکان و فەرمانگەکان.

٢٣- تەرخان کردنی بڕی (٠٠٠ ٦٥٧ ١٣٦ ٥) ملیار دینار بە مەبەستی مەوداکانی پاککردنەوەی ئاوی خواردنەوە لە جۆری (شەب و کلۆر و پۆلیمەر) بۆ ماوەی ساڵێك بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان و دابین کردنی ئاوێکی پاك بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

٢٤- تەرخانکردن و خەرج کردنی بڕی (٢١.٣٩٦.٠٠٠.٠٠٠) ملیار دینار تایبەت بە ڕووبەڕوو بوونەوەی پەتای کۆرۆنا بەم شێوەی لای خوارەوە:

| ناوەڕۆك | هەولێر | دهۆك | سلێمانی | هەڵەبجە | ڕاپەڕین | گەرمیان | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پاریزگا و ئیدارەكان | ٢.١٧٥ | ٢.١٤٥ | ١.٤٠٠ | ١٣٠ | ٤٠ | ١٦٥ | ٦.٠٥٥ملیارد.ع |
| ب.گ.تەندروستیەكان | ٤.٩٢٠ | ٣.٥٠٤ | ٥.١٣٣ | ٤٤٩ | ٧١٢ | ٦٢٣ | ١٥.٣٤١ملیارد.ع |

٢٥- خەرج كردنی كرێی وانە بێژی بۆ وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا.

٢٦- ئامادەكردن و ووردبین كردنی تەرازووی پێداچوونەوەی گشت یەكە ژمێریارییەكانی حكومەتی هەرێم تایبەت بە بوودجەی بەكارخستن و بودجەی وەبەرهێنان بۆ مانگەكانی (١٢،١١،١٠،٩،٨،٧،٦،٥،٤) ساڵی ٢٠١٩ و مانگی (١) ساڵی ٢٠٢٠ كە زیاتر لە (١١٠٠) هەزار و سەد یەكەی ژمێریاری لەخۆ دەگرێت بە مەبەستی یەكخستنی ژمێركاری حكومەتی هەرێم و گەڕانەوەی گشت داهاتەكان و كەمكردنەوەی خەرجی و كۆنترۆڵ كردنی سیولەی نەختینەو هەروەها روونكردنەوەی ژمێریارەتی بۆ یەكەكانی كەرتی حكومی كە بە شێوەی مەڵبەندی و نامەڵبەندی تمویل دەكرێن و چاودێری ناوخۆ لەسەر دەستكاری كردنی ئەموالی گشتی پەرەپێدەدات و پێداویستیەكانی سەركەوتنیان بۆ فەراهەم دەكات و سەرپەرشتی دەكات، چاودێری خەرجی رابردوو خەرجی دواتریش دەكات، لە سەرپێچییە داراییانەش دەكۆڵێتەوە كە جێبەجێ كردنیان بە وەزارەتەكە دەسپێرێت.

٢٧- ئامادەبوونی ئەندامی وەزارتی دارایی ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێركاری لە رۆژی كردنەوە و شیكردنەوەی تەندەری گشت پرۆژەكانی وەزارەت و فەرمانگە نەبەستراوەكانی حكومەتی هەریم.

٢٨- كەمكردنەوەی خەرجی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان تایبەت بە خەرجی بەكارخستن كە لەلایەن لیژنەی ووردبینی كردن كەمكراوەتەوە كە ژمارەی نوسراوەكان (١٤٦٩) نووسراوەو بڕی داواكراو بە بڕی (٤٥.٦٨١.٥٩٥.٢١٣) ملیار دینارەو بڕی خەرج كراو (٣٨.٣٢٣.٦٩٨.٧٦١) ملیار دینار و بڕی كەمكراو (٧.٣٥٨.٠٦٠.٤٥٢) ملیار دینارە.

٢٩- دەركردنی چەند رێنمایەك لەوانە رێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە گواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەرانی گرێبەست و ڕێنمای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەتە بە خواردنی بەندییەكان.

٣٠- جەخت كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان مەبەستی ئاسانكاری لە جێبەجێ كردنی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩) لە ٢٠١٩/٧/٣٠ تایبەت رێكخستنەوە و گەڕانەوەی سەرجەم داهاتەكان بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری لە رێگەی لیژنەیەكی تایبەت سەردانی وەزارەتەكان كرا بۆ دارشتنی میكانیزمی چۆنیەتی جێبەجێ كردنی ئەم بڕیارەو دەركردنی رێنمایی ژمارە (١)ی تایبەت بە چۆنیەتی جێبەجێ كردنی ئەم بڕیارە لەلایەن وەزارەتمان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمیركاری.

٣١- ئامادەبوونی ئەندامانی لیژنە بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان لە ئامادەكردنی و خەملاندنی بوودجەی حكومەتی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢٠ لە بەڕێوەبەرایەتی بوودجە بە مەبەستی گفتوگۆكردن لەگەل گشت وەزارەتەكان و فەرمانگە نەبەستراوەكان بە وەزارەت.

٣٢- ئامادە بوونمان لە چەندین لیژنەی هەمیشەیی و کاتییەکان لەسەر ئاستی وەزارەتمان گشت وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣٣- کردنەوەی (١٨٦) حیسابی بانکی بۆ گشت فەرمانگە حکومییەکان.

٣٤- داخستنی (٥٦) حیساب لە بانکەکان تایبەت بە فەرمانگە حکومییەکان.

٣٥- دەرکردنی رێنمایی پێویست کە ژمارەیان (١٧) بۆ راپەراندنی ئیش و کاری رۆژانەوی وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم.

٣٦- دەرکردنی رێنمایی دارایی ژمارە (١٢و١٣)ی سالی ٢٠٢٠ تایبەت بە یاسای چاکسازی.

٣٧- دەرکردنی زنجیرەیەك لە گشتاندن کە ژمارەیان (١٦) گشتاندنە بۆ وەزارەت و فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم.

٣٨- وەڵامدانەوەی سەرجەم ئەو پرسیار راوبۆچوونانەی کە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەزارەتەکان و فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارت کە ئاراستەمان کراوە.

### بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان:

کارکردن لەسەر یەکخستنەوەی میکانزمی کارکردن لە دەروازە سنوورییەکان لە رووی وەرگرتنی باج و رسومات لە رووی پەیکەری رێکخستنی دەروازە سنووریەکان.

- کارکردن لەسەر رێکخستنەوەی کۆمپانیاکان بە یەك شێوە کار بکرێت لە دەروازەکان.

### بەرێوەبەرایەتی گشتی دڵنیایی:

- پرۆژە یاسای دڵنیایی ئۆتۆمبێل: ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەك بە ناوی (التأمین ألإلزامی للسیارات في حکومة اقلیم کوردستان).
- پرۆژە یاسای دڵنیایی تەندروستی.
- رسمی پول بە (رێکخستنی کاروباری دڵنیایی).
- پرۆژەی سیستەمی داتابەیس (Database).

### پوختەیەك لە کارو چالاکییەکانی بەرێوەبەرایەتی بوودجە:

جیاکردنەوە و لێکدانی بووجە لە یەکە ژمێریارییەکانی وەزارەتەکان بە تایبەتی جیاکردنەوەی بوودجەی فەرمانگەکانی پارێزگای هەڵەبجە کە لە پارێزگای سلێمانی جیا کراوەتەوە.

## پوختەیەك لە كار و چالاكی بەڕێوەبەرایەتی میلاكات:

١- پەسەندن كردنی دامەزراندنی هەمیشەیی مامۆستایانی گرێبەستی سەر بە میلاكی وەزارەتی پەروەردە كە ژمارەیان (٥٠٨٣) مامۆستای گرێبەست بوو.

٢- دامەزراندنی هەمیشەیی بۆ (٣٨٤) پزیشكی گشتی لەسەر میلاكی وەزارەتی تەندروستی.

٣- پەسەند كردنی دامەزراندنی هەمیشەیی بۆ (١٣٢٠) قوتابی دەرچووی یەكەم و دووەم و سێیەمی زانكۆ و پەیمانگاكان بۆسالی (٢٠١٥-٢٠١٦).

٤- لە جێگادانانی (١٥٠) پێشمەرگە و گەڕانەوەی (١١١) كەس لەسەر میلاكی وەزارەتی پێشمەرگە.

٥- گەڕانەوەی (١٦٧) كەس لەسەر میلاكی وەزارەتی ناوخۆ.

٦- گەڕانەوەی (٣٣) كەس لەسەر میلاكی دەزگای ئاسایش.

٧- ڕاستكردنەوە و پەسەند كردنی مووچە و ناونیشانی پلەی فەرمانبەران بەپێی یاساو ڕێنماییەكان.

٨- یەكخستن و ڕێكخستنی میلاك و كۆكردنەوەی داتاو زانیاری سەرجەم مووچەخۆران و پەسەندكردنی.

٩- پەسەند كردنی دامەزراندنی هەمیشەیی و گرێبەست و نوێ كردنەوەی گرێبەستی فەرمانبەرانی حكومەتی هەرێم لەسەر بوودجەی ئاسایی.

١٠- ڕایی كردنی مامەڵەی خاوەن پێداویستی تایبەت.

١١- پەسەندن كردنی (هيكل تنضيمی) پەیكەری ڕیكخستن سەرجەم وەزارەتەكان دوای پەسەند كردنی لیژنەی تایبەتی وەزارەتمان.

## كار و چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كاروباری یاسایی:

١- لە ئێستادا نزیكەی (٥٧٤) داوا و نوێنەرایەتی یاسایی كە فەرمانبەرانی یاساییمان لە سەرجەم دادگاكان و بنكەكانی پۆلیس لە هەرێمی كوردستان ئامادە بووە بۆ داكۆكی كردن لەمافی گشتی.

٢- دوو دۆسیەی لێكۆلینەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەكەمان ئاڕاستەی دەستەی دەسپاكی هەرێمی كوردستان كراوە بە مەبەستی پاراستنی ماڤی وەزارەتمان:

- لیژنەی لێكۆڵینەوە لە چۆنیەتی دروست كردنی گرێبەستی باڵەخانەی بانكی دومیز.
- لیژنەی بەدواداچوون و لێكۆڵینەوە بە چاپی پسوولەی كارەبای بەڕێوەبەرایەتی كارەباری هەولێر.

## کار و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ:

١- پێداچوونەوە بە رسوماتی گومرگی بۆ هەندێ کاڵا لەلایەن لیژنەی هاوبەشی گومرگی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ.

٢- هەموو ئەو یاسا و بڕیارانەی کە پەیوەندیان بە پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ جێبەجێ کراوە کە بڕیاری لەسەر دراوە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی عێراق و هەرێم.

٣- لەلایەن لیژنەیەکەوە هەڵساوین بە پێداچوونەوە بە سەرجەم ڕێنمایی گومرگی ژمارە (٦) و لیژنەکە کاری خۆی تەواو کردووە و نێردراوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ پەسەندکردن و بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان.

٤- پێداچوونەوە بە لێخۆشبوونی گومرگی کراوە بە تایبەت ئەوانەی کە بەدەر بوون لە یاسا و بڕیارەکانی لێخۆشبوون.

٥- هەموو ئەو بڕیارانە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵ دەرچوون کە تایبەتن بە ڕۆژنامەی زراعی بۆ پاراستنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی هەرێم و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەمان جێبەجێ کراون.

٦- دوای بە سیستەم کردنی هەر سێ دەروازەی نێودەوڵەتی (باشماخ، حاجی ئۆمەران، پەروێزخان) لە ئێستادا بەڕێوەبەرایەتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل لە قۆناغی جێبەجێ کردندایە.

٧- بە ئەلکترۆنی کردنی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گومرگی فڕۆکەخانەی (سلێمانی، هەولێر) کە لە قۆناغی جێبەجێ کردندایە و لە ئایندەی نزیکدا کۆتایی بە کارەکانی دێت.

٨- کردنەوەی خولی ڕاهێنان لەسەر بابەتی هونەری و کاروباری گومرگی لە کۆماری ئیسلامی ئێران کە (٢٧) فەرمانبەر بەشداریان کرد بۆ ماوەی (١٤) ڕۆژ.

٩- رایی کردنی سەرجەم مامەڵە و نووسراوەکانی تایبەت بە کاروباری بازرگانی و گومرگی و کارگێڕی و ژمێریاری کە لە سەرەتای دەستبەکار بوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم ژمارەی دەرچوو لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەمان زیاتر بووە لە (١٨٠٠٠) هەژدە هەزار نووسراو.

١٠- دارشتنەوەی پەیکەری رێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و بەڕێوەبەرایەتییە گومرگییەکان و دادگاکانی گومرگی بە هەماهەنگی لەگەڵ دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابووری.

١١- سیستەمی ترانزێت بۆ سەرجەم بازرگانان جێبەجێ کراوەو بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٣٢١) لە (٢٠١٩/٨/١) دەرچووە.

## کار و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین:

کار و چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی لە مانگی ٧ی ساڵی ٢٠١٩ تاوەکو مانگی ٧ی ساڵی ٢٠٢٠:

١- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی ئاکرێ لە مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠١٩ کە بۆتە هۆی سوودمەند بوونی (٤٠٠٠) چوار هەزار خانەنشین لەو دەڤەرە.

٢- بەردەوام بوونی کارکردن لەسەر بەڕێوەبردنی سیستەمی زانیاری خانەنشینی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و کۆمپانیای پەیوەندیدار کە نزیکەی ٩٠٪ تەواو بووە.

٣- بەردەوام راگرتنی مووچەی ئەو خانەنشینانەی کە زیاتر لە یەك مووچەیان هەیە.

٤- خانەنشین کردنی نزیکەی (٦٠٠٠) فەرمانبەر.

٥- پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی بە مەبەستی جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی و پێداچوونەوە لە دۆسیەی خانەنشینانی نایاسایی.

٦- ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیەك لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی پێشمەرگە و هەردوو یەکەی ٧٠ و٨٠ بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ٨ لە یاسای چاکسازی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٢٠ بۆ هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی پێشمەرگە و بەریوەبەرایەتییەکانی.

٧- دەرکردنی گشتاندنێك بۆ گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی سەربە بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان بۆ کاراکردنی کاری لیژنە پێکهێنراوەکان بۆ جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی و پەیڕەوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

٨- ڕەوانە کردنی لیستی ناوی خانەنشینانی نایاسایی پلە تایبەتەکان کە (٤٦١) خانەنشینە بۆ لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی.

٩- ئامادەکردنی رەشنووسی پەیڕەوی ناوخۆی سندوقی خانەنشینی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.

## کار و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە پسپۆڕییەکان:

هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی ئەو قەرزانەی وەك قەرزی (خانووبەرە، کشتوکاڵ، پیشەسازی، نیشتەجێبوون، گەشت و گوزار) کە لای هاووڵاتیان ماوە، بە هۆی نەخۆشـی کۆرۆناو بوونی پشـوی زۆر بەپێی پێویست گەڕانەوە نەبووە، ئەمەی خوارەوە ئەو رێژەیە کە لە ماوەی (٢٠١٩/٧/١ تاکو ٢٠٢٠/٧/١) گەڕاوەتەوە:

بڕی گوژمەی گەڕاوە لە پێشینەی خانووبەرە (٦١،٢٥٩،٨٤١،٢٠٠) نیشتەجێبوون (٧٨،٩٨٢،٢٥٩،١٠٠) کشتوکاڵ (٥،٠٦١،٩٢١،٩٥٠) پیشەسازی (١،٢٤٧،٩٩٨،٢٥٠).

کۆی گشتی پێشینەکان کە گەڕاوەتەوە (٧٨،٩٨٢،٢٥٩،١٠٠) (تەنها حەفتاو هەشت ملیار و نۆسەدو هەشتاو دوو ملیۆن و دووسەد و پەنجاو نۆ هەزار و سەد دینار و هیچی تر).

# کار و چالاکییەکانی

# وەزارەتی تەندروستی

### له ئاستی چاکسازیدا:

- کەمکردنەوەی کرێی نەخۆش بەرێژەی ٢٥٪ لە نەخۆشخانە تایبەتەکان بۆ هاوکاری هاوولاتی لەم بارودۆخەدا (هێلی گشتی ١-٦)
- دەرچواندنی پرۆژە یاسای مافی نەخۆش بۆ خزمەتکردنی زیاتری نەخۆش و پاراستنی ماف و تایبەتیەکانی نەخۆش (هێلی گشتی ١-٧).
- هەموارکردنی یاسای وەزارەتی تەندروستی بەجۆرێك كە لەگەڵ بارودۆخی ئێستا و ئەو خزمەتگوزاری هاوچەرخ بگونجێت (هێلی گشتی ١-٧).
- هەموارکردنی ڕێنماییەکانی پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردنی خۆراك به ڕێگای زانستی و ڕێنمایی (هێلی گشتی ١-٧)
- هەموارکردنی ڕێنمایی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کۆمپانیاکانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و تاقیگەیی و ئامێری پزیشکی، و ڕاگرتنی چالاکی گشت ئەو کۆپانیایانەی کە پابەند نەبوونە بەو ڕێنماییە کە ژمارەیان (٣٣) کۆمپانیا بوون. (هێلی گشتی ١-٧)
- دەرچواندنی پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان (هێلی گشتی ١-١٣).
- هەموارکردنی ڕێنماییەکانی پێدان و نوێکردنەوەی نەخۆشخانە و سەنتەرەکانی کارتی تایبەت (هێڵی گشتی ١-١٣).

### له ئاستی خزمەتگوزاریدا:

**ئەم پرۆژە و چالاکیانەی خوارەوە پاڵپشتن بە برگەی (٢-١)ی هێلی گشتی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە تایبەتە بە باشترکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هاوولاتیان.**

- ئەنجامدانی چەند گرێبەستێکی سازدانەوەی ئامێری پزیشکی بۆ دامودەزگاکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بە بڕی (١٥،٠٢٦،٠٠٠،٠٠٠) دینار کە گرنگترینیان ئامێرەکانی (MRI, Ct Scan، Cath lab.) و ئامێرەکانی چاودێری چڕ و هۆڵەکانی نەشتەرگەری بەمەبەستی خزمەتکردنی زیاتری هاوولاتیان.
- دابینکردنی چەند ئامێرێکی پزیشکی گرنگ بە بڕی (٥،٠٣٦،٣٥٢،٠٠٠) دینار کە گرنگترینیان ئامێری شکانی بەردی گورچیلە و (CT.Scan) بۆ گەرمیان کە لە ئێستادا لە پرۆسەی دابینکردنە.
- گەیشتنی دوو ئامێری **لیناك** بۆ شاری هەولێر بۆ چارەسەری تیشکی بۆ تووشبووانی شێرپەنجە و ئەمجامدانی گرێبەستی دابینکردنی ئامێری لیناکی نوێ بۆ سلێمانی.
- تەواوکردنی نەخۆشخانەی چارەسەری کیمیایی لە پارێزگای هەڵەبجە.

- نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەکانی ڕزگاری لە هەولێر و ئازادی لە دهۆك و بانکی خوێن لە هەولێر بە گوژمەی (١،٣٩٣،٦٦١،٠٠٠) دینار.
- دروستکردنی بنکەی تەندروستی میر لە قەزای شەقلاوە بە بڕی (١٢٤،٦٨٩،٠٠٠) دینار.
- پڕۆژەی فاستکەیر (Fast Care) بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای فاستلینك لەمانگی ٢٠٢٠/٣/٢٨ ڕاگەیەندرا ئەویش بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ ماڵەوەی هاولاتیانی هەرێمی کوردستان لە هەموو شارەکان بەتایبەتی لەکاتی قەدەغەی هاتووچۆ بۆ نەخۆشانی درێژخایەن کەوا پێویستیان بە چارەسەر هەیە.
- چارەسەرکردنی نەخۆشانی شێرپەنجە بە بڕی (٦،١٤٩،٠٦٥،٠٠٠) دینار بۆ مەمەستی نەشتەرگەری و چارەسەری جگە لە دەرمان.
- دابینکردنی دەرمان بۆ تووشبووانی شێرپەنجە بە بڕی (٢٩،٦٦٢،١٥٧.٠٠٠) دینار.
- دابینکردنی پێداوسیتی تاقیگەیی بۆ تووشبووانی شێرپەنجە بە بڕی (٦١٧،٥٩٥،٠٠٠) دینار.
- خەرجکردنی بڕی (١٣،٥٤٠،١٦٢،١٠٠) دینار بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بوارەکانی خۆپارێزی و بەرەنگابوونەوە و زوودەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ.
- ئەنجامدانی ڕێکارەکانی تایبەت بە کۆرۆنا کە بریتین لە:
  - **ئاستی خۆپارێزی:**
  - بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و زانیاری لەنێو خەلکی بە بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی میدیا و گواستنەوەی هەواڵ وەکو سۆشیال میدیا، کەناڵەکانی ناوخۆ و دەرەوە، سایتی فەرمی وەزارەتی تەندروستی، برۆشور و پۆستەر. بە هەمانگەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هەڵساین بە چاپکردنی زیاتر لە ٢٠٠،٠٠٠ چاپەمەنی و بلاوکراوەکان. هەروەها بەیارمەتی و هەماهەنگی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن و کۆمپانیاکانی تۆڕی مۆبایل نامەی ئاگادارکردنەوە و ڕێنمایی بۆ هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان ناردووە بە مەبەستی بلاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی پەتای کۆڤید-١٩. ئەنجامدانی ٩١٥ سمینار وە ٥٨٥٢ سەردانی مالان.
  - لە نزیکەوە چاودێری دۆزینەوەی هەر حاڵەتێکی نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-١٩) دەکرد بە شێوەیەکی گەڕانی چالاکانە (Active Surveillance) وە لە ڕێگەی پشکنین و گەڕانی بەردەوام بۆ حاڵەتەکان (رصد الوبائي) و ناسینەوەی پێشوەخت بۆ حاڵەتەکان لە سەرچاوەکانی هاتنە ژوورەوەی هاوولاتیان لە دەرەوەی ولات (وشکانی و ئاسمانی) و سەلماندنی تاقیگەیی.
  - چالاککردنی سیستەمی هێلی گەرمی (١٢٢) و کردنەوەی بەشێکی تایبەت بە هێلی گەرمی کۆرۆنا ئەوەش بۆ وەلامدانەوەی پرسیاری هاوولاتیان و ڕێ نیشاندانیان لەکاتی پێویستیان بە ڕێنوێنی بۆ ئەنجامدانی پشکنینی تایبەت بە کۆڤید-١٩، و ٥٠٠٠ حالەتی گومانلێکراویش تۆمارکراوە لەسیستەمەکەدا

بەردەوام رۆژانە لەڕێگای تەلەفۆن بەدواداچوونیان بۆ کراوە و لە حاڵەتی گومانی کۆڤید نێردراون بۆ سەنتەرە تایبەتەکان بۆ پشکنینی زیاتر و بینین لەلایەن پزیشکی تایبەتەوە.

- دروستکردنی پۆرتالی وەزارەتی تەندروستی لەسەر مۆبایل (ئایفۆن و ئەندروید) بەهاوکاری خۆبەخشانەی کۆمپانیای توێکل. ئەو ئەپە بە سیستەمێکی زۆر پێشکەوتوو هاووڵاتیان ئاگاداردەکاتەوە لە دوایین پێشهاتەکان و ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ڕێکارەکانی خۆپاراستن. هەروەها ئەو ئەپە لەتوانایدا هەیە کەوا ئەو کەسانە ئاگادار بکاتەوە کە وا لە نزیك ئەو شوێنانە بوونە کەوا هەڵگری ڤارۆسی کۆرۆنای نوێی تێدا تۆمار کراوە.
- داشبۆردی زانیاری لەسەر پەتای کۆڤید-١٩ لەهەرێمی کوردستان دانرا لەلایەن فەرمانگەی میدیا و زانیاری بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی تەندروستی.
- دانانی (Online Network) بەناوی (Emergency Response Cell) لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) و ستافی پەیوەندیدار بۆ بڵاوکردنەوەی داتا و زانیاری و هەواڵی نوێ لەگەڵ ڕێنمایی و پێشنیاری (WHO) کە ڕۆژانە دەگۆڕیت بەپێی باری بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکە و لێکەوتەکانی.
- **ئاستی چارەسەری**
- ئامێرەکانی (RT-PCR) دابین کران و لە کاتی ئێستادا ١١ تاقیگە پشکینین بۆ هاووڵاتیانی گومان لێکراو ئەنجام دەدەن. هەتا ئێستا (١٤٤،٦١٦) پشکنین ئەنجام دراوە کە لە ٥.١٪ پۆزێتف دەرچووە.
- (١٥٩) ئامێرێ هەناسەی دەستکرد تایبەت بە پێشکەش کردنی خزمەتی پزیشکی بۆ نەخۆشییەکانی کوڤێد-١٩ لە ئێستا لەکارن و (٧٢) پلان کراون بو ئەم مەبەستە وە زیاتر لە (٨٥) ڤینتەلەیتەری نوێ و مۆدێرن کراون.
- دابین کردنی ئامرازەکانی خۆپارێزی (PPE) بۆ ستافی نەخۆشخانەکان بەتایبەتی ئەو نەخۆشخانانەی کەوا بەرکەوتەی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ نەخۆشی گومان لێکراو و ڕاهێنانی تەواو لەسەر خۆپارێزی لە پەتای کۆڤید-١٩.
- دابینکردنی ئامێری پشکنینی سەرەتایی بۆ فڕۆکەخانە و تەواوی خاڵە سنوورییەکان لە قۆناغی یەکەم و تەواوی بازگەکان دووای بوونی تووشبوو لە عێراق و شارەکانی هەرێم.
- دابینکردنی بڕێکی باش لە ئامێری پزیشکی لەسەر بودجەی تەرخان کراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان گرنگترینیان:
  - ٨٥ ئامێری هەناسەدانی دەستکرد Ventilator
  - ١٥٨ ئامێری مۆنیتەری چاودێری نەخۆش Patient Monitor

### لە ئاستی ئابووری و دارایی:

- کەمکردنەوەی بەشـــێك لە خەرجیەکانی چاککردنەوەی ئامێرە پزیشـــکیەکان، ئامانج لەم ڕێکارە کەمکردنەوەی ئەرکی دارایی سەر ئەستۆی حکومەت و کەم کردنەوەی زێدەڕۆیی (هێلی گشتی ١-٥).

### لە ئاستی کارگێڕی:

- دابەزاندنی دەســەڵاتەکانی کارگێڕی و دارایی بۆ بەڕێوەبەرە گشـتیەکانی ناو دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتیەکانی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان. (هێلی گشتی ٧-٢).
- کارکردن لەسەر پەسەندکردنی هەیکەلیەتی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بەردەوامە. ئامانج لەم ڕێکارە ڕێکخستنەوەی هەیکەلیەتێکی گونجاو بۆ وەزارەت لە خوارەوە بۆ سەرەوە کە هاوتەریبە لەگەڵ (هێلی گشتی ٧-٢)ی کابینەی نۆیەم.

# کار و چالاکییەکانی

# وەزارەتی پەروەردە

لە سەرەتای دەستپێکی کابینەی نوێیەمەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین تەوەری دەستنیشان کردووە کە پێویستە لە کەرتی پەروەردە کاری جددی لەسەر بکرێت، گشت ئەو کێشە و ئاستەنگە کارگێڕی و پەروەردەییانە کە کاریگەری لەسەر کەرتی پەروەردە و کوالێتی پەروەردە هەبووە چارەسەر بکرێت و هەوڵ بدرێت کە پەروەردە بەرەو ئاراستەیەکی باشتر ببردرێت، بۆیە لەم ڕاپۆرتە پوختەدا هەوڵ دەدەین کەمێك لەم پلان و چالاکییانە هاوتەریب لەگەڵ کارنامەی حکومەت بخەینە ڕوو کە لەسەرەتای کابینەی نوێیەمەوە تاوەکو ئێستا کارمان لەسەر کردووە.

## بەشی یەکەم: لە ئاستی چاکسازیدا

- **بایەخدانی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی (گفتوگۆ و گوێگرتن و نووسینی زیاتر) بە بەکارهێنانی داتاشۆ و** هۆکارەکانی دیکەی فێربوون وەك سپیکەری دەنگ.
- **لە بواری خوێندنی ناحکومی (باخچە و قوتابخانە و پەیمانگەکان):**

- **دانانی سێ لیژنەی بالآ** بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ چۆنێتی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە:

| هەولێر | ١٨ سەردان | ٦٩ سەرپێچی |
|---|---|---|
| سلێمانی | ٣٧ سەردان | ٢٥٦ سەرپێچی |
| دهۆك | ٤ سەردان | ٢٩ سەرپێچی |
| **کۆی گشتی** | **٥٩ سەردان** | **٣٥٤ سەرپێچی** |

- **قەدەغەکردنی زیادکردنی نرخی کرێی خوێندن لەلایەن کەرتی تایبەتەوە.**
- **هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکانی خوێندنی ناحکومی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٦) و ئامادەکردنی ڕێنمایی ژمارە (٢٠) ی ساڵی (٢٠٢٠).**

**سزادانی سەرپێچیکارانی لەبواری خوێندنی ناحکومیدا:**

| جۆری دامەزراوە | ژمارە | بڕی سزا |
|---|---|---|
| باخچەی منداڵان | ٩ | ٩٠ ملیۆن دینار |
| قوتابخانەی بنەڕەتی | ١٨ | ٢٧٠ ملیۆن دینار |
| قوتابخانەی ئامادەیی و کۆمەڵگە | ٣ | ٤٠ ملیۆن دینار |
| پەیمانگە | ٧ | ١٠٠ ملیۆن دینار |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ٥٠٠ ملیۆن دینار |

- **ئامادەکردن و واژووکردنی بەڵگەنامەیەك لە ژێر ناونیشانی (چوارچێوەی سیاسەتەکانی تایبەت بە فێرکردنی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت)** بەهاوکاری ڕێکخراوی (بریتش کاونسڵ) ئەنجومەنی ڕۆشنبیری بەریتانی جێبەجێکرا.
- **دانانی ڕێبەرێك بۆ ڕێنماییکارانی پەروەردەیی:** کە لەناو باخچە و قوتابخانە و پەیمانگەکاندا کار دەکەن، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕێنماییکارانی پەروەردەییەوە ئامادەکراوە، بەهاوکاری ڕێکخراوی (یونیسێف) چاپ دەکرێت.
- **ئامادەکردنی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای پەروەردە و فێربوون:** ڕەوانەی ئەنجومەنی شورای هەرێم کراوە.
- **کارکردن لەسەر ڕێکخستنەوەی میلاکی وەزارەت:** دابەشکردنەوەی میلاك بەشێوەیەکی گونجاو و دروست بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠ – ٢٠٢١) و دروستکردنی داتابەیسێك بۆ ئەم مەبەستە.
- **دامەزراندنی ژووری ئەلکترۆنی سکاڵا و بەدواداچوون:** بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەخنە و بۆچوون و پێشنیار و ڕاکانی مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان و دایکان و باوکان و بەدواداچوون و کارکردن لەسەریان:

| | |
|---|---|
| سکاڵا | ٥٠٨ |
| پێشنیار | ٣٠٧ |
| کۆی گشتی | ٨١٥ |

- **دابینکردنی خوێندن بۆ پەنابەرانی سووری:** زیاتر لە (٣٣) هەزار قوتابی سووری لە (٥٦) قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان دەخوێنن. حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری بۆ (١١٦٦) مامۆستا و (١٣٧) فەرمانبەر دابین بکات.
- **بواری فێرکردنی پەروەردەیی پیشەیی:** ژمارەی پەیمانگە پیشەییە ناحکومییەکان (٣٦٠) پەیمانگەی پیشەییە. لەم کابینەیەدا (٩٨) مۆڵەتی نوێمان داوە، بڕی (٢٥) ملیۆن دینار سزای سەرپێچی کارانمان داوە، کۆی پارەی دەستکەوتوو لە رسوماتی نوێکردنەوە و پێدانی مۆڵەتی نوێ (١٤٧٤٠٠) دینار بووە.

- **ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی:**

زۆر بەوردی کار لەسەر بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دارایی دەکەین، بۆ ئەم مەبەستە چەندین فەرمانبەر کە لە ئاستی بەرپرسیارێتیدان دۆسیەکانیان ڕەوانەی دادگا و دەستەی نەزاهە کراون.

## بەشی دووەم: لە ئاستی خزمەتگوزارییەکاندا

- دانانی بەرنامەی هەورە فێرگە:

پرۆژەیەکی فێرکاری ئۆنلاینە کە خۆبەخشانە ئامادەکراوەو ڕادەستی وەزارەتی پەروەردە کراوە، ئەم ئەپڵیکەیشنە بۆ هەر سێ سیستەمی (IOS و Android و Windows) فەراهەمکراوە. هەورەفێرگە، پرۆژەیەکی فێرکاری ئۆنلاینە کە لەلایەن چەند کەسێکی خۆبەخشی هەرێمی کوردستان دیزاین کراوە و دواتر بێ هیچ تێچوویەك ڕادەستی وەزارەتی پەروەردە کراوە. ئەم پرۆژەیەی هەورە فێرگە زیاتر لە ٨٤٣ هەزار بەکارهێنەری لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان هەیە، وێڕای ئەمە ئەم خزمەتگوزارییە فێرکاری پەروەردەیی ئەلکترۆنیە، بەبێ بوونی هێڵی ئینتەرنێتیش کاردەکات، واتە بەشێوەی ئۆفلاین دەکرێت سوودی لێ وەربگیرێت .

- تەلەفزیۆنی پەروەردەیی:

- قۆناغی یەکەم بە (HD) کردنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی.
- قۆناغی دووەم: بە ئاسمانی کردنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بە هاوکاری ڕێکخراوی (یونیسێف).
- ئامادەکاریمان کردووە بۆ کردنەوەی کەناڵی دهۆکی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی.

- نۆژەنکردنەوە و درووستکردنی قوتابخانە:

| پارێزگا | نۆژەنکردنەوە | دروستکردنیان تەواوبووە | کاریان تێدا دەکرێت |
|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢٦ | ٦ بینا + کابینە | ٢ |
| دهۆك | ٩٣ | ٢ | ٥ |
| سلێمانی | ٩ | ١٠ | ٧ |
| هەڵەبجە | - | - | ٢ |
| گەرمیان | ٦ | ٢ | ٣ |
| کۆی گشتی | ١٣٤ | ٢٠ | ١٩ |

- خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان:

ئەنجامدانی (٩٦) خولی مەشق و ڕاهێنانی جیاواز بۆ (١٦٧٥٨) مامۆستا و بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیار و فەرمانبەر لە بواری ڕێگاکانی وانە وتنەوە ناوەڕۆکی بابەتەکان بە مەبەستی باشتر کردنی توانای مامۆستایان.

- **ڕەخساندنی دەرفەتی کار:**

| پەروەردەی گشتی | دکتۆرا | ماستەر | بەکالۆریۆس | ڕێنماییکاری پەروەردەیی | دبلۆم | بڕوانامەی دیکە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٦ | ٥٨ | ٨٠١ | ٢٢١ | ٤٤ | ١٩٤ | ١٣٢٤ |
| سلێمانی | ٢ | ٣٣ | ٨٨٣ | ٨٥ | ١٦٣ | ١٥٧ | ١٣٢٣ |
| دهۆك | ٢ | ١٧ | ٣٢٨ | ١٥ | ٥٥ | ٤٩ | ٤٦٦ |
| هەڵەبجە | - | ١ | ١٨ | ٣ | ٦ | ٣ | ٣١ |
| گەرمیان | - | ٨ | ١٠٩ | ١٢ | ١٤ | ١٢ | ١٥٥ |
| کۆی گشتی | ١٠ | ١١٧ | ٢١٣٩ | ٣٣٦ | ٢٨٢ | ٤١٥ | ٣٢٩٩ |

- **بڵاوکردنەوەی لاپەڕەی سۆما بە شێوەی ئۆنلاین:**

بۆ یەکەم جار لە مێژووی پەروەردەی کوردستان و عێراقیشدا لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی ئەزموونە گشتیەکانی پۆلی (١٢)دا ئەم هەنگاوەمان نا بەجۆرێك پرۆسەکەمان ڕێکخست کە قوتابیان توانیان لە ڕێگەی (کۆد و سیریەڵ نەمبەر)ی خۆیانەوە تەواوی پەڕەی تاقیکردنەوەی (سۆما)ی خۆیان ببینن.

- **بەستنەوەی قوتابخانەکان بە سیستمی E- Parwarda:**

تائێستا (٤٠٠٠) قوتابخانە بەستراونەتەوە بەم سیستمە و (٧٤٥) قوتابخانەش کارکردن تیایدا بەردەوامە. لەم بوارەدا (١٣١٥٦٥) مامۆستا و فەرمانبەر لەم سستمە ئەلکترۆنیەدا تۆمار کراون، هەروەها (١٣٧٠٠٠٠ یەك ملیۆن و سێسەد و حەفتا هەزار) قوتابی لەم سستمەدا تۆمار کراون بەتەواوی زانیاریەکانیانەوە، پرۆژەکە لە (٢٠١٩/٨/٢٥) وە چۆتە بواری جێبەجێکردن.

- **دروستکردنی قوتابخانەی ئەلکترۆنی E – wane:**

ئەم پلاتفۆرمە سەرجەم بابەتی وانەکانی قوتابیانی تێدایە لە پۆلی (١)ی بنەڕەتی هەتا (١٢)ی ئامادەیی بە زمانەکانی (کوردی بەهەردوو شێوەزاری سۆرانی و بادینی، عەرەبی، ئینگلیزی، سریانی، تورکمانی) و پەیمانگەکان و خوێندنی پیشەیی.

- **دابینکردنی سووتەمەنی بۆ قوتابخانەکان:**

دابینکردنی (٥٨٧٤٩٩٩ ) لیتر نەوتی سپی بۆ قوتابخانەکان کە ئەم نەوتەش بە چەند قۆناغێك لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاکان بەسەر قوتابخانەکان دابەش کرا.

- **دابینکردنی ڕەحلە بۆ قوتابخانەکان:**

بڕیاردرا بە دابینکردنی (٦٥٠٠٠) ڕەحلە بۆ قوتابخانەکان، هەروەها لەلایەن کۆمپانیای کارەوە (٩٠٠٠) ڕەحلە دابینکراوە.

- **پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن:**

دەستمان کردووە بە پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکانی خوێندن و لیژنەی تایبەتمەندمان بۆ ئەم مەبەستە پێکهێناوە.

- **دەرفەتی خوێندنی بالا:**

لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٨، ڕێنمایی نوێمان بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی وەزارەتمان دەرکرد کە مەرجەکانی خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایان تێدابوو، توانیمان (٢٤٩) مۆڵەت بدەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ژمارە | جۆری مۆڵەت |
|---|---|
| ١٢٩ | زانکۆکانی هەرێم و عێراق |
| ٧٠ | زەمالە |
| ٥٠ | نفقە خاصە |

- **هاندانی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەران لە کەرتی پەروەردەدا:**

لە چوارچێوەی هەمووارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٦) و ئامادەکردنی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) ڕەچاوی هاندانی وەبەرهێنەرانمان کردووە کە بتوانن لە چوارچێوەی ڕێنماییەکاندا سەرمایەکانیان لە کەرتی پەروەردەدا بخەنە گەڕ.

## بەشی سێیەم: لە ئاستی کارگێریدا

- **پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەت:**

پێکهێنانی لیژنەی پێداچوونەوە بە پەیکەری وەزارەتی پەروەردە، بەجۆرێك کە پەیکەرێکی (زانستی و کرداری) دروست بکەین و خەرجییەکان کەم بکەینەوەو ئەرك و بەرپرسیاریەتیەکانیان ڕوونتر بکرێن.

- **دابەزاندنی دەسەڵاتەکان و نەهێشتنی ڕۆتین:**

لە ڕوانگەی بڕوابوون بە لامەرکەزیەت و کەمکردنەوەی ڕۆتین، وەزارەتمان لیژنەیەکی باڵای پێکهێناوە، ئەم لیژنەیە دیراسەتی دابەزاندنی دەسەڵاتەکان دەکات تا ئاستی قوتابخانە، لەهەمان کاتدا میکانیزمەکانی چاودێری و بەدواداچوون بەهێزتر دەکات، وێڕای ئەوەی کە لە پرۆژەی یاسای پەروەردە و فێربووندا پشتمان بە لامەرکەزیەتی ئیداری بەستووە.

# کارو چالاکییەکانی

# وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن

**پوختەی کارو چالاکیە ئەنجامدراوەکان:**

١- ئامادەکردنی کارنامە و پلانی وەزارەت بۆ ٤ ساڵی داهاتوو بە پشت بەستن بە بنەمای زانستی و تەکنیکی و پێداویستی ڕاستەقینەی پارێزگاو ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان.

٢- ئامادەکردنی ٦٣ دەرختەی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان و پرۆسەی تەندەر کردن و سپاردنیان بەپێی سیستەمێکی تایبەت بە مەبەستی چاککردنەوەی خێراو بەپەلەی ڕێگاوبانەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا.

٣- تەواو کردنی (٢٢) پرۆژەی ڕێگاوبان بە بودجەی (١١٠،٧٩١) ملیۆن د.ع، ناو و وردەکاری پرۆژەکان لە لیستی هاوپێچدایە.

٤- سەرپەرشتی کردنی (٦٩) پرۆژەی ڕیگاوبان بە بودجەی (٢،٤٧٥،٨٦٨) ملیۆن د.ع کە بەردەوامن و لەژێر ئەنجامداندان، ناو و وردەکاری پرۆژەکان لە لیستی هاوپێچدایە.

٥- سەرپەرشتی کردنی (٤٢) پرۆژەی نیشتەجێ کردن و بیناسازی بە بودجەی (٣٩٦،٠٤٩) ملیۆن د.ع کە بەردەوامن و لەژێر ئەنجامداندان، ناو و وردەکاری پرۆژەکان لە لیستی هاوپێچدایە.

٦- وەرگرتنی بڕوانامە (ISO-١٧٠٢٥) و (ISO-٩٠٠١) بۆ تاقیگەکەکانی بیناسازی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك و گەرمیان.

٧- ئەنجامدانی (٢،٤٣٧،٠٧٢) پرۆسەی کێش کردن لە وێستگەکانی کێش لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك.

٨- ئەنجامدانی (٤٦٤،٧٨٣) پرۆسەی پشکنین بۆ کەرستەی بیناسازی و ئامادەکردنی نزیکەی (٦٥،٠٠٠) ڕاپۆرتی تەکنیکی پشکنین لە تاقیگەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، گەرمیان، کۆیە.

٩- ئامادەکردن و دەرکردنی مانوێڵی سوپەرپەیف بۆ جێبەجێ کردنی لە هەرێمی کوردستاندا کە تازەترین تەکنەلۆجیای ئەنجامدانی چینی قیرتاوکردنە لە دنیادا.

١٠- دەرکردن و گشتاندنی ڕێنمایی جێبەجێ کردنی سیستەمی دابڕانی گەرمی بۆ بیناکان لە هەرێمی کوردستاندا، کە لە داهاتوودا ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە کەمکردنەوەی بەکاربردنی ووزە.

١١- کارکردن لەسەر هەموارکردنەوەی هەردوو یاسای ژمارە (٣)ی ٢٠١٢ ڕێگاوبانە گشتیەکان و یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٠٨ی نیشتەجێ کردن کە لە ئێستادا لە قۆناغی کۆتاییدایە.

| پرۆژە تەواوبووەکان | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | ناوی پرۆژە | پارێزگا | گۆژمەی گشتی (ملیۆن دینار) |
| ١ | پرۆژەکانی زۆنی (A١) دەوروبەری ناوەندی هەولێر | هەولێر | ٣،٠٨٦ |
| ٢ | پرۆژەکانی زۆنی (B١) قەزای سۆران و شەقلاوە | هەولێر | ٢،٠٨٣ |
| ٣ | پرۆژەکانی زۆنی (B٢) قەزای سۆران و شەقلاوە | هەولێر | ٢،١٣٧ |
| ٤ | پرۆژەکانی زۆنی (C) قەزای مێرگەسۆر | هەولێر | ٥٩٠ |
| ٥ | چاککردنەوەی رێگای سپیلك – خەلان – بارزان بە درێژی ١٧ کم | هەولێر | ٢٣١ |
| ٦ | رێگای (بەستۆرە - شێخ توراب - قەندیل) بە درێژی ٣٠ کم | هەولێر | ٣٩٠ |
| ٧ | رێگای (حوجران- سەرکەند خەیلانی - رەزگە دیوین) بە درێژی ١٥ کم | هەولێر | ٣٨٠ |
| ٨ | قیرتاوکردنی ڕێگاکانی بناری سورکێو وێستگەی (٠+٠٠٠) بۆ (٢٥+٠٠٠)کم. | سلێمانی | ٥،٠٦٩ |
| ٩ | چاککردنەوەی قیری رێگای دەربەندیخان - باوەنور - کەلار | سلێمانی | ١٠٧٦ |
| ١٠ | چاککردنەوەو دروست کردنەوەی بەشێك لە پردی کانی سارد بە درێژی (٥٠)م | سلێمانی | ٢٢٢ |
| ١١ | نۆژەنکردنەوەی ریگای قیری تاسلوجە – تەکیە - چەمچەماڵ | سلێمانی | ٣٩٨١ |
| ١٢ | نۆژەنکردنەوەی ریگای قیری دوکان – چوار قوڕنە | سلێمانی | ١٣٢٩ |
| ١٣ | چاککردنەوەی قیری رێگای وارماوا - دەربەندیخان | سلێمانی | ٦٧٠ |
| ١٤ | چاککردنەوەی قیری رێگای دوکان - سلێمانی | سلێمانی | ٥٧٣٤ |
| ١٥ | نۆژەنکردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگای دووسایدی ڕانیە – دەربەندی رانیە | سلێمانی | ٥٧٤ |
| ١٦ | قیرتاوکردنی ڕێگای (سیتەك – گورگەیەر) | سلێمانی | ٦٨٧ |
| ١٧ | دروستکردن و چاککردنەوەی رێگای باتیل - گەڵی زاخۆ بە درێژی ١٣.٥ کم | دهوك | ٦٩،٥٠٠ |
| ١٨ | دروستکردنی و چاککردنی رێگای (بەردەرەش - کەلەك) بە درێژی ٤٠ کم | دهوك | ٩٤٠ |
| ١٩ | پرۆژەکانی دەڤەرەی ئامێدی | دهوك | ٢،٩١٦ |
| ٢٠ | پرۆژەکانی دەڤەرەی ئاکرێ و بەردەرەش | دهوك | ٣،٠٦٦ |
| ٢١ | پرۆژەکانی دەڤەرەی دهۆك و سمێل | دهوك | ٣،١١٨ |
| ٢٢ | پرۆژەکانی دەڤەرەی شێخان | دهوك | ٢،٩٢٢ |
| | **کۆی گشتی** | | **١١٠،٧٩١** |

| پرۆژە بەردەوامەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | ناوی پرۆژە | پارێزگا | گۆژمەی گشتی (ملیۆن دینار) | ڕێژەی بەرەو پێشچوونی پرۆژە ٪ |
| ١ | ڤیرتاوکردنی کۆڵانەکانی ناوەوەی گەڕەکی شـــەهیدان لە گوندی قەرەبەگ. | هەرێمی کوردستان | ١،٣٢٩ | ٧٥ |
| ٢ | ڕێگای کۆرێ - شەقڵاوە - مامە جەلکە - قەندیل + دوو تونیل ٤٩کم (درێژی ڕێگا ٤٧.٦٩٠)، (تونێل ١.٣١٥کم ٥١کم) | هەولێر | ٢٨٠،٩٠٣ | ٨٦ |
| ٣ | دروست کردنی ڕێگای دووسایدی هەولێر - کۆیە به درێژی (٢٠.٦)کم (قۆناغی یەکەم) | هەولێر | ٩١،٧٢٦ | ٤٨ |
| ٤ | دروست کردنی ڕێگای دووسایدی هەولێر - کۆیە به درێژی (١٦.٥)کم (قۆناغی دووەم) | هەولێر | ٧٧،٥٧٠ | ١٦ |
| ٥ | دروسـت کردنی ڕێگاو تونێلی سـەلاحەدین به درێژی (٨.٨٢٢)کم درێژی تونێل ٢.٤٥٠ و ڕێگاکە ٦.٣٧٢ | هەولێر | ١٩٠،٤٧٩ | ٩٥ |
| ٦ | دروستکردنی ڕێگای دووسایدی چۆمان - حاجی ئۆمەران (١٦،٦٦٥)کم. | هەولێر | ٥٢،٣٣٢ | ٤٠ |
| ٧ | دروســـت کردنی خانووی مامۆســـتایان لە گوندی (کاولە باز، کەنگرینە، بەنۆك، هەڵوەند، بابکێ) | هەولێر | ٣٢٨ | ٧ |
| ٨ | دروســـتکردنی ڕێگالی گوندی (کاولان - کۆلەکا - گرگال ) به درێژی (٦.٥)کم | هەولێر | ٢،٩٠٤ | ٤٦ |
| ٩ | دروسـت کردنی پردی کۆنکریتی به درێژی (٩٢٨)م دووسـاید لەسـەرزێ گەورە لە نزیك گوندی گۆپال | هەولێر | ٤٧،١٦٩ | ٦٥ |
| ١٠ | خزمەتگوزاری بۆ پرۆژەی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاولاتی کەمدەرامەت | هەولێر | ١٧،٠٠٠ | ٢ |
| ١١ | دروســـتکردنی تونێلی چیای بەنی هەریرو نزیك کەرەوەکان به درێژی ٤،٤١٥ کم درێژی تونێل ٣،٥٦٥کم نزیك کەرەوەکان ٠،٨٥٠) کم | هەولێر | ١٥٠،٠٠٠ | ٥٠ |
| ١٢ | ڕاوێژکاری ڕێگا و تونێلی گشت پرۆژەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن | هەولێر | ٣،٥٠١ | ٧٠ |
| ١٣ | دروســت کردنی ٣٢٠ شـوقەی نیشـتەجێ کردن لە هەولێر بۆ هاوولاتی کەم دەرامەت | هەولێر | ١٦،٥٥٦ | ١٢ |
| ١٤ | دروست کردنی ( ١٠٨) شووقە لە کۆیە بۆ هاوولاتی کەم دەرامەت | هەولێر | ٤،٨٢٦ | ٦٦ |
| ١٥ | دروســـت کردنی (١٢٠) شـــووقەی نیشـــتەجێ کردن لە شـــەقڵاوە بۆ هاوولاتی کەم دەرامەت | هەولێر | ٦،٢٨١ | ٧٦ |
| ١٦ | دروســـت کردنی ٢٨٠شــوقەی نیشـتەجێ کردن لە هەولێر بۆ هاوولاتی کەم دەرامەت | هەولێر | ١٧،٠٥٤ | ١٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٧ | دروستکردنی ڕێگاو تونێلی (هەیبەت سولتان) بە درێژی (٤.٦)کم (درێژی تونێل (٢،٥٧٠) کم و ڕێگاکە (٢،٠٣)کم | هەولێر | ١٧٨،١٧٩ | ٦ |
| ١٨ | دروســــتکردنی ڕێگای گوندی خەردەنە بە درێژی ٥.٢ کم لە ناحیەی گۆڕەتوو / قەزای مێرگەسوور | هەولێر | ١٠،٣٣ | ٣٥ |
| ١٩ | چاککردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگای ســــەرەکی (هەولێر – خەبات) (سایدی چوون) بە درێژی ٢٠کم | هەولێر | ١٠،٦٩٢ | ٢٢ |
| ٢٠ | دروستکردنی ڕێگای جووت سایدی هەولێر - کۆیە بە درێژی ( ١١،٥٨٦) کم لە وێستگەی ( ٠٠٠ + ٤٥ - ٨٦٠ + ٣٦ ) و دوو سایدی دەروازەی شاری کۆیە ( ٤٤٨ + ٣ - ٠٠٠ + ٠ ) قۆناغی سێیەم. | هەولێر | ٥٠،٠٠٠ | ١٧ |
| ٢١ | دروستکردنی ڕێگای جووت سایدی هەولێر - کۆیە بە درێژی ( ١٣،٢٥) کم لە وێستگەی ( ٢٥٠ + ٥٨ - ٠٠٠ + ٤٥ ) قۆناغی چوارەم. | هەولێر | ٦٣،٩٦٥ | ١٤ |
| ٢٢ | دروست کردنی ڕێگای نێوان (هەولێر - گۆپال) | هەولێر | ٢٠٣،٣٣٨ | ١١ |
| ٢٣ | بەستنەوەی ڕێگای تونێلی سەلاحەدین - کۆڕێ لەگەڵ ڕێگای کۆڕێ - قەندیل | هەولێر | ١،٥٤٤ | ٨٠ |
| ٢٤ | دانانی بۆڕی ئاســنی ئارامکۆ لە شــوێنی جیاواز بۆ ڕێگاکانی ناحیە و قەزاکانی سۆران، چۆمان، ڕەواندوز، دەوروبەری پارێزگای هەولێر | هەولێر | ٨٥٠ | |
| ٢٥ | چاککردنەوەی ڕێگای ســــکتان لە نێوان گوندی هیزۆپ و ناحیەی هیران بە درێژی ٢٠ کم | هەولێر | ١،٩٢٧ | |
| ٢٦ | چاککردنەوە و قیرتاوکردنی ڕێگای کۆیە - کلکە سماقە | هەولێر | ٦،٣٧٠ | |
| ٢٧ | چاککردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگای ســــەرەکی (چۆمان - حاجی ئۆمەران) بە چینێك بایندەر لە وێستگەی (٠٠٠+٩) تاکو (٠٠٠+١٥) | هەولێر | ٤٦٥ | |
| ٢٨ | فراوان کردن و قیرتاوکردنی ڕێگای (هەولێر - کۆیە) قۆناغی یەکەم لە دێگەڵە تاکو کۆیە بە درێژایی (٢٥) کم | هەولێر | ٤،٣١٢ | |
| ٢٩ | ڕێگای (هەولێر - پیرمام) بە درێژی (٣٠) کم | هەولێر | ٥٣٢ | |
| ٣٠ | ڕێگای (هەولێر - پردێ) بە درێژی (٣٨) کم | هەولێر | ٣١٦ | |
| ٣١ | ڕێگای (گۆمەسپان - سماقولی) بە درێژی (١٧) کم | هەولێر | ٥١٥ | |
| ٣٢ | ڕێگای (کۆڕێ - شەقلاوە - میراوە) بە درێژی ١٥ کم | هەولێر | ٢٠١ | |
| ٣٣ | ریگای (جەژنیکان - زرارەتی) بە درێژی ٣٩ کم | هەولێر | ٣١١ | |
| ٣٤ | دروستکردنی ٥٠٠ خانوو لە تابین | سلێمانی | ١٥،٤٠٦ | ٤٣ |
| ٣٥ | پرۆژەی ڕووناکی و ئاگرکوژێنەوەو هەوا گۆڕکێی تونێلی پێشــڕەو لە چیای ئەزمەڕ | سلێمانی | ١١،٢١٥ | ٩٩ |
| ٣٦ | دیزاینی دوو ســایدی ڕێگای (وارماوا - دەربەندیخان) بە درێژی (٢٥)کم لەگەڵ تونێلی نوێ + ووردبینی کردن وپەسندکردنی دیزاینەکە | سلێمانی | ٣٨٠ | ٥٨ |
| ٣٧ | دروســت کردنی ڕێگای دوو ســایدی (دووکان - چوارقورنە) لە گەڵا پردەکان و نۆژەنکردنەوەی ڕێگا کۆنەکە لە وێســتگەی (٠٠٠+٣٥) کم بۆ (٥٨٠+٥٣)کم بە درێژی (٤٠)کم (قۆناغی یەکەم) | سلێمانی | ٥٠،٣٨١ | ٤٦ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٨ | دروست کردنی ڕێگای سایدی دووەمی (وارماوا- زەرایان - دەربەندیخان) نۆژەنکردنەوەی سایدە کۆنەکە بە درێژی٢٦ کم/ قۆناغی یەکەم لە ویستگەی (٠٠٠+٠) بۆ (٦٠٠+١٧) کم | سلێمانی | ٤٧،٥٦٦ | ٧٣ |
| ٣٩ | پرۆژەی چاکردن و دروستکردن بەشێك لە ڕێگای قیری (گۆیتەپە - قەرەناو) قۆناغی یەکەم لە وێستگەی (١٢+٧٠٠) بۆ (١٨+٠٠٠)کم | سلێمانی | ٢،٧٨٧ | ٦٩ |
| ٤٠ | پرۆژەی دروست کردنی خزمەتگوزاری بۆ پرۆژەی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاولاتیانی کەم دەرامەت لە سلێمانی و گەرمیان | سلێمانی | ١٦،٥٧٣ | ٣ |
| ٤١ | دورستکردنی ٤٤٠ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاولاتیانی کەم دەرامەت لە ناوەندی سلێمانی (قوناغی یەکەم) | سلێمانی | ٢٤،٨٣٥ | ٦٦ |
| ٤٢ | دورستکردنی ٤٨ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاولاتیانی کەم دەرامەت لە پیرمەگروون | سلێمانی | ٢،٥٥٤ | ٩٠ |
| ٤٣ | دورستکردنی ٤٨ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاولاتیانی کەم دەرامەت لە پێنجوێن | سلێمانی | ٢،٣٠٦ | ٩٦ |
| ٤٤ | دورستکردنی ٤٨ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاولاتیانی کەم دەرامەت لە چوارتا | سلێمانی | ٢،٩٥٦ | ٢٢ |
| ٤٥ | دروست کردنی ڕێگای سایدی دووەمی (دووکان - چوارقورنە) لە گەڵا پردەکان و نۆژەنکردنەوەی سایدە کۆنەکە / قۆناغی دووەم / ١٩کم | سلێمانی | ٥٦،٦٥٨ | ٤١ |
| ٤٦ | دروستکردنی کارە خزمەتگوزارییەکان بۆ ٤٠٠ یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە ناوەندی سلێمانی | سلێمانی | ٢،٠٠٠ | ٠ |
| ٤٧ | دروستکردنی پردی شانەدەری ڕێگای سەید صادق - پێنجوین لە وێستگەی پێنجوین ( ٠٠٠ + ٠ ) بۆ ( ٦٠٠ + ١٨ ). | سلێمانی | ٦،٠٠٠ | ١٠ |
| ٤٨ | ڕووپێوی ئەندازیاری و جیۆلۆجی و دیزاین بۆ پرۆژەکان (ڕێگا- پرد- تونێل- ئاوبارە- بای پاس بۆ شارۆچکەکان. هتد) بۆ ناوچە جیاجیاکان دیزاینی ڕێگای دوو سایدی (تەپەتۆڵکە–مەرزی شوشمێ)، دیزاینی ڕێگای دوو سایدی (سیتەك - زەلان - خەزێنە - تالیر) | سلێمانی | ٣،٤٨٦ | ٧٣ |
| ٤٩ | کارە خزمەتگوزارییەکانی (١٥٠٠ ) خانوو لە سیتەك و زڕگویز | سلێمانی | ٤٨،٠٥٦ | ١٧ |
| ٥٠ | چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی ڕێگا کۆنەکەی (عەربەت - سیدصادق) ٢٥کم | سلێمانی | ٩،٠٧٠ | ٦٨ |
| ٥١ | چاککردنەوەی ڕێگای قیری (سلێمانی - عەربەت) سایدی ڕۆیشتن لە سلێمانییەوە بۆ عەربەت/ قۆناغی یەکەم بە درێژی ١١.٥کم | سلێمانی | ٦،٠٠٠ | ٩٠ |
| ٥٢ | ئامادەکردنی دەرخستەو دیزاین کردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروست کردنی (٧٢٠) یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە سلێمانی | سلێمانی | ٥١،٦١٨ | ١٦ |
| ٥٣ | ئامادەکردنی دەرخستەو دیزاین کردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروست کردنی (٦٠) یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە سەیدسادق | سلێمانی | ٣،٨٦٤ | ٨٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٥٤ | ئامادەکردنی دەرخستەو دیزاین کردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروست کردنی (٣٦) یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاتیانی کەم دەرامەت لە چوارتا | سلێمانی | ٢،٤٧٢ | ١٠ |
| ٥٥ | ئامادەکردنی دەرخستەو دیزاین کردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروست کردنی (٣٦) یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاتیانی کەم دەرامەت لە دەربەندیخان | سلێمانی | ٢،٣٨٢ | ٤١ |
| ٥٦ | ئامادەکردنی دەرخستەو دیزاین کردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروست کردنی (١٢٠) یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاتیانی کەم دەرامەت لە چەمچەماڵ | سلێمانی | ٨،١٦٨ | ٤٣ |
| ٥٧ | ئامادەکردنی دەرخستەو دیزاین کردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروست کردنی (٤٨) یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاتیانی کەم دەرامەت لە قەرەداغ | سلێمانی | ٣،٠٣٢ | ٣٤ |
| ٥٨ | ئامادەکردنی دەرخستەو دیزاین کردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروست کردنی (٣٦) یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاتیانی کەم دەرامەت لە هەڵەبجەی تازە | سلێمانی | ٢،٢٤٠ | ٢٣ |
| ٥٩ | کارەبای بەردەوام بۆ تونێلی پێشڕەو لە سلێمانی لە چیای ئەزمەڕ بۆ هەردوو دیوی سیتەك و سلێمانی | سلێمانی | ٥٧٩ | |
| ٦٠ | ڕێگای قیر بۆ گوندەکانی سوێرە - کانی ماران - مامەنداوە | سلێمانی | ٤٣٧ | |
| ٦١ | قیرتاوکردنی ڕێگای گوندی (شارستێن بۆ دۆڵەبی) | سلێمانی | ٥٧٥ | |
| ٦٢ | دروستکردنی دوو ئاوبارەی سێ چاوەیی لەسەر ڕووباری قەشان لە ئاستی گوندی دۆڵەپڵنگ لە سنووری ناحیەی بێتواتە | سلێمانی | ٦٧ | |
| ٦٣ | دروستکردنی سایدی دووەمی ڕێگای (کەلار - کفری) لە وێستگەی (٨+١٠٠) بۆ (٣٣+٧٠٠) کم | گەرمیان | ٥٣،٩٨٠ | ٣٤ |
| ٦٤ | ئامادەکردنی دەرخستەو دیزاین کردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروست کردنی (١٤٤) یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاتیانی کەم دەرامەت لە کەلار | گەرمیان | ٩،٨٠٢ | ٧٦ |
| ٦٥ | ئامادەکردنی دەرخستەو دیزاین کردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروست کردنی (٣٦) یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاتیانی کەم دەرامەت لە کفری | گەرمیان | ٢،٤٩٢ | ٧٨ |
| ٦٦ | ئامادەکردنی دەرخستەو دیزاین کردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروست کردنی (٣٦) یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاتیانی کەم دەرامەت لە خانەقین | گەرمیان | ٢،٥٠٠ | ٨٠ |
| ٦٧ | دروستکردنی دیواری ڕاگرو گۆڕینی بەشێك لە ڕێڕەوی ئاو بۆ پاراستنی ڕێگاو پردی مەزاری ئەنفالکراوەکان لە گەرمیان بە درێژی ٢٣٠ م | گەرمیان | ٣٠٧ | |
| ٦٨ | چاککردنی ڕێگای ناو دەربەندی سەرتەك بە درێژی ٧٥٠ م | گەرمیان | ٤٣٣ | |
| ٦٩ | دروستکردنی ڕێگای کەلار - سلێمانی ٤ Lot&٥ | گەرمیان | ١٣٧،٧٦٢ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧٠ | قیرتاوکردنی رێگای (پلَنگان- وەرتێ- هەواری مەکێ)/ قۆناغی دووەم بە درێژی ١٢.٤کم | راپەرین | ٤،٨٠٥ | ٦٧ |
| ٧١ | ئامادەکردنی دەرخستە و دیزاین کردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروستکردنی (٤٨) یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت لە قەڵادزە. | راپەرین | ٣،٠٢٧ | ٧٠ |
| ٧٢ | ئامادەکردنی دەرخستەو دیزاین کردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروست کردنی (٤٨) یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە چوارقورنە | راپەرین | ٢،٧٤٨ | ٢٨ |
| ٧٣ | ئامادەکردنی دەرخستە و دیزاین کردن و ئەنجامدانی کارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروستکردنی ( ٤٨ ) یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کەمدەرامەت لە سەنگەسەر. | راپەرین | ٣،٣٥٧ | ٥١ |
| ٧٤ | دروستکردنی سایدی دووەمی رێگای حاجیاوا - سەروچاوە قۆناغی یەکەم/ ٤کم | راپەرین | ١٠،٣٠٠ | ٥٣ |
| ٧٥ | چاککردنی پردی (دەربەندی رانیە-بنگرد) ٢٠٠م | راپەرین | ١٠،٣٠٠ | ٠ |
| ٧٦ | دروستکردنی سایدی دوهەمی رێگای دەربەندی رانیە - ژاراوە (قۆناغی یەکەم) ٥کم | راپەرین | ١٤،٣٠٦ | ٥ |
| ٧٧ | چاککردنەوەی ریگاکان و پردەکانی (سەرکەپکان - سەنگەسەر) | راپەرین | ٣٧٣ | |
| ٧٨ | قیرتاوکردنی رێگای سوڵتانە دێی کۆن لە سنوری ناحیەی ژاراوە لە قەزای پشدەر | راپەرین | ٢٨١ | |
| ٧٩ | دروست کردنی سایدی دووەم بو رێگای- ئاکرێ- قەندیل و سەخبێر کردنی سایدی مەوجود بە درێژی ٩کم قوناغی یەکەم | دهۆک | ١٤،١٠٠ | ٩٠ |
| ٨٠ | دروست کردنی رێگای دهۆك- هەولێر بەشی چرە- روفیا- بەردەرەش بە درێژی ٢٩.٥ کم | دهۆک | ٣٨،٦١٣ | ٨٥ |
| ٨١ | دروست کردنی سایدی دووەم بو رێگای- ئاکرێ- قەندیل و سەخبێر کردنی سایدی مەوجود بە درێژی ١٠کم قوناغی دووەم | دهۆک | ١١،٧٠١ | ٩٥ |
| ٨٢ | دروست کردنی رێگای ابراهیم خلیل- دێرەبین- مفرق سحێلە بە درێژی (١٤)کم | دهۆک | ٣٦،١٤٧ | ٩١ |
| ٨٣ | کرینی ئامێر (کریدر کوماتسو-٦-) (ئۆتۆمبیلی قلاب سکس ویل-٤-) (ناقلە قیر سکس ویل ١٦تەن-٢-) (ئۆتۆمبیلی رشاش القیر-٢-) (حادلە مرکبە-١٠-) (حادلە چلف-٤-) (چاغگە هواو-٣-) (ئۆتۆمبیلی تانکر ماو -٤-) (قوناغی٢) | دهۆک | ٦،٥٥٧ | ٦٥ |
| ٨٤ | چاککردنەوە و داپۆشینی رێگای دۆڵی سمیل- گەلی زاخۆ بە درێژی ١٥کم پارچەیا (سمێل - باتێل)/ قوناغی یەکەم | دهۆک | ٣٦،٥٧٠ | ٩٤ |
| ٨٥ | چاککردنەوەی رێگای ئاکرێ- قەندیل پارچەی زالگەی باشقال - مفرق شەرەفونا بە درێژی ٢٧.٥ کم | دهۆک | ١،٠٦٠ | ٨٦ |
| ٨٦ | دروستکردنی ٢٨٠ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کەم دەرامەت لە دومیز/ قۆناغی یەکەم | دهۆک | ١١،٩٠٠ | ٢٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨٧ | داپۆشـــینی رێگای دهۆك- هەولێر (ئەفریکی- مفرق باعەدرێ- شـــیف شیرین) بە ئەسفەلت (٤٠)کم و پارچەی شیف شیرین- باعەدری- بە چینی باینەدەر. | دهۆك | ٦،٥٣٦ | ٠ |
| ٨٨ | دروســتکردنی ٨٨ یەکەی نیشــتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە دومیز/ قۆناغی سێیەم | دهۆك | ٥،٤٤٠ | ٤٦ |
| ٨٩ | پرۆژەی ٧٢ یەکەی نیشـــتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە بەردەرەش/ قۆناغی یەکەم | دهۆك | ٥،٤٠٢ | ٨١ |
| ٩٠ | پرۆژەی ٩٦ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە ئامێدی قۆناغی یەکەم | دهۆك | ٥،٨١٤ | ٢١ |
| ٩١ | دروســـت کردنی رێگای گوندی باخرنیف - زێوا شـــەفیق بە درێژی ٩.٥ کم | دهۆك | ٥،٣٣٥ | ٢٩ |
| ٩٢ | دروستکردنی ١٩٢ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کەم دەرامەت لە دومیز/ قۆناغی دووەم. | دهۆك | ٨،٤١٠ | ٥١ |
| ٩٣ | پرۆژەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت زاخو ١٨٠ شوقە | دهۆك | ٨،٤٥٧ | ٣٧ |
| ٩٤ | پرۆژەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت دهوك و ئاکرێ ١٤٤ شوقە | دهۆك | ٧،١٧٩ | ١٣ |
| ٩٥ | دروستکردنی ٧٢ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کەم دەرامەت بە شێوازی باڵەخانەی ٦ نهۆمی ل بەردەرەش / قۆناغا دووێ. | دهۆك | ٣،٨٤٧ | ١٣ |
| ٩٦ | دروستکردنی ٩٦ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کەم دەرامەت بە شێوازی باڵەخانەی ٨ نهۆمی ل کۆمەڵگەها تەناهی - قۆناغا ئێکێ. | دهۆك | ٥،١٣٥ | ٤١ |
| ٩٧ | دروستکردنی ٢٤٠ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کەم دەرامەت بە شێوازی باڵەخانەی ٦ + ٨ نهۆمی ل سێمێل قوناغی پێنجەم. | دهۆك | ١٢،٧٩٩ | ١٢ |
| ٩٨ | دروستکردنی ١٤٤ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کەم دەرامەت بە شـــێوازی باڵـەخـانـەی ٦ نهۆمی ل زاخۆ/ قۆنـاغـا دووێ لـەگـەل خزمەتگوزارییەکان | دهۆك | ٩،٦٨٧ | ٢٧ |
| ٩٩ | دروستکردنی ٩٦ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کەم دەرامەت بە شێوازی باڵەخانەی ٦ نهۆمی ل ئامێدی/ قۆناغا دووێ. | دهۆك | ٥،٢٧٣ | ٦ |
| ١٠٠ | دروستکردنی ٢٦٤ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کەم دەرامەت بە شێوازی باڵەخانەی ٦ نهۆمی ل ئاکرێ/ قۆناغا دووێ. | دهۆك | ١٣،٨٣٧ | ٦ |
| ١٠١ | دروست کردنی موقتەرەباتی پردی گوندی کوسە بەدرێژی ٣.٥کم | دهۆك | ٨،٦٠٩ | ٢٣ |
| ١٠٢ | دروست کردنی موقتەرەباتی پردی زورەگفان بە درێژی ٢ کم | دهۆك | ٣،٧٤١ | ٨٦ |
| ١٠٣ | دروستکردنی (٢٦٠) یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیانی کەمدەرامەت لە تەناهی/ قەزای سێمێل. | دهۆك | ١٣،٤٢٨ | ١٨ |
| ١٠٤ | دروستکردنی رێگای رۆڤیا - گۆپاڵ بە درێژی ٢٢ کم | دهۆك | ١٠٧،٦٢٠ | ٦٢ |
| ١٠٥ | دروســت کردنی رێگای سـەرەکی جووت سـایدی ٦٠ مەتری بە درێژی ١.٩٦ کم لە رۆڤیا | دهۆك | ١٣،١٠١ | ٢٣ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠٦ | دروســـتکردنی تونێلی چیای مەتین بە درێژی (٤.٧) کم لەگەڵ مقتربات بە درێژی (١٥.٥) کم | دهۆك | ٢٣٠،٩٩٤ | |
| ١٠٧ | ڕاوێژکاری و ئامادەکردنی تەندەر و سـەرپەرشـتی کردنی تونێلی مەتین لەگەڵ موقتەرەبـات بە درێژی (١٥.٥) کم و پرۆژەی ووردبینی کردنی دیزاینی تونێلی مەتین لەگەڵ موقتەرەبات بە درێژی (١٥.٥)کم | دهۆك | ٦،٢٨٦ | |
| ١٠٨ | دروستکردنی دوو (U-Turn over pass) لەسەر ڕێگای (دهۆك- زاخۆ) لە سێمێل | دهۆك | ٥،٥٣٠ | |
| ١٠٩ | دروستکردنی ڕێگاکانی (١١) گوندی سەر بە ناحیەی ئەلقوش | دهۆك | ١،٧٩٩ | |
| ١١٠ | دروسـتکردنی ڕێڕەوی دووەمی ڕێگای (هەڵەبجە- سـیدصـادق) بە درێژی ٢٨.٨کم | هەڵەبجە | ٩١،٠٥٠ | ٨٥ |
| ١١١ | ئـامـادەکردنی دەرخســـتـەو دیزاین کردن و ئـەنجـامـدانی کـارە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ دروســت کردنی (٧٢) یەکەی نیشــتەجێ بوون بۆ هاوولاتیانی کەم دەرامەت لە هەڵەبجەی شەهید | هەڵەبجە | ٥،٠٢٦ | ٧٧ |
| | **کۆی گشتی** | | ٢،٨٧١،٩٠٩ | |

# کار و چالاکییەکانی
# وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار

بە لەبەرچاوگرتنی دۆخە جیاوازە دژوارەکانی لەگەڵ دەستپێکی کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاتنە پێشەوە و کەڵەکەبوونی قەرزی ڕابردوو و دابەزینی بودجەی وەزارەت و پاشتریش دۆخی نەخوازراوی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید ١٩) کە بەشێکی زۆری پڕۆژەکان و دەوامی فەرمانبەرانیشی ڕاگرت، وێڕای ئەمانە، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی، وەك دابینکردنی ئاوی خاوێن، خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆ، کۆکردنەوەی خاشاك کە پڕۆسەیەکی ڕۆژانەی بەردەوامە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر تەندروستیی هاوولاتییان و ژینگەوە هەیە، هەروەها بەردەوامبوون لە گەشەپێدانی پارکەکان و سەوزکردنی شار و شارۆچکەکان، هەروەها بەپێی توانا و داهاتی شارەوانییەکانیش، شەقامەکان نۆژەن کراونەتەوە.

لەخوارەوەدا چالاکییە سەرەکییەکانی وەزارەتمان بەسەر چوار بەشدا دابەش کردووە، لەسەر بنەمای فۆرمی بەڕێزتان و لە هەر بەشێکیش چالاکییەکان بەسەر ئاستەکانی کارنامەی کابینەی نوێەمدا پۆلێن کراون، بەو شێوەیەی خوارەوە:

## یەکەم/ پڕۆژە بەردەوامەکان کە تەواوبوونە یان کاریان تێدا دەکرێت (ئاستی خزمەتگوزاری)

### ١-١/ پڕۆژە تەواوبووەکان:

١- ئەنجامدانی (٨) پڕۆژە لە سێکتەرەکانی شارەوانی و ئاو بە گوژمەی ١٩،٤٣٢،٠٠٠،٠٠٠ (نۆزدە ملیار و چوارسەد و سی ودوو ملیۆن) دینار.

٢- تەواوکردن و جێبەجێ کردنی بەشـی دووهەمی پڕۆژەکانی سـلێمانی و هەڵەبجە بە دانان و گۆڕینی تۆڕی ئـاو، هەروەهـا جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئـاوی خواردنەوەی هەڵەبجە بە گوژمەی ١٧٦،٠١٤،٥٠٦ (سـەد و حەفتا و شـەش ملیۆن و چواردە هەزار و پێنج سـەد و شـەش) دۆلار لەلایەن ئاژانسـی جایکای یابانی بەشێوەی قەرزی درێژخایەن.

### ١-٢/ پڕۆژە بەردەوامەکان کە لە ئێستادا کاریان تێدا دەکرێت:

أ- ئەو پڕۆژانەی کە کارکردن تێیاندا بەردەوامە:

١- پڕۆژەی دروستکردنی شەقامی ١٢٠م خێرای نێوان ڕێگای سەرەکی هەولێر و مووسڵ تا ڕێگای سەرەکی هەولێر- کەرکوك بە گوژمەی ٨٨،٣٨٦،٢٧٥ (هەشتا و هەشت ملیۆن و سێ سەد و هەشتا و شەش هەزار و دووسەد و حەفتا و پێنج) دۆلار.

٢- پڕۆژەی دروستکردنی شەقامی ١٥٠م خێرای نێوان ڕێگای سەرەکی هەولێر- بەحرکە تا ڕێگای سەرەکی هەولێر- کۆیە بە گوژمەی ١٤٠،٤٥١،٣٢٥ (سەد و چل ملیۆن و چوارسەد و پەنجا و یەك هەزار و سێ سەد و بیست و پێنج) دۆلار.

٣- دروسـتکردنی ئەندەرباسـی فەرماندە و مزگەوتی ئیمام حمزە و قوتابخانەی سـەفین لەسـەر شـەقامی بارزان و تەواوکردنی شـــەقامی کەمەربەند و پڕۆژەی شـــەقامی خزمەتگوزاری بارزان بە گوژمەی ٦٨،٩٠١،٠٠٠،٠٠٠ (شەست و هەشت ملیار و نۆسەد و یەك ملیۆن) دینار.

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار

٤- جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئاوی بارزان و ٥١ گوندی دەوروبەری بە گوژمەی ١٣٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ (سەد و سی ملیار) دینار و بەرێژەی ٣١٪.

٥- پرۆژەی جێبەجێ کردن و چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی لە کەسنەزان و دەوروبەری بە گوژمەی ١٠،٠٠٠،٠٠٠ (دە ملیۆن) دۆلار بە رێژەی ٦٠٪.

٦- جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئاوی هەولێر (٤) و چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی قورسی سلێمانی بە گوژمەی ١،٢٠٠،٠٠٠،٠٠٠ (ملیارێك و دووسەت ملیۆن) دۆلار بە رێژەی ٧٪ بەشێوەی قەرز.

٧- جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئاوی دەربەندیخان بە گوژمەی ٢٠،٠٠٠،٠٠٠ (بیست ملیۆن) دۆلار بە رێژەی ٦٠٪.

٨- جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئاوی ئاکرێ بە گوژمەی ٩٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ (نەوەت ملیار) دینار بە ڕیژەی ٥٩٪.

٩- (٢٨) گرێبەستی تایبەت بە کۆکردنەوە و گواستنەوە و خاوێنکردن لە شار و شارۆچکە و گوندەکان لە سنووری شارەوانییەکان بە گوژمەی مانگانە ١١،٩٥٦،٥٣٧،٠٠٠ (یازدە ملیار و نۆسەد و پەنجا و شەش ملیۆن و پێنج سەد و سی و حەوت هەزار) دینار.

١٠- دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاری لە دەروازەی کەلار – سلێمانی بە گوژمەی ١،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠ (ملیارێك و پێنج سەد ملیۆن) دینار.

ب- ئەو پرۆژانەی کە تەرخانکردنیان بۆ کراوە بەڵام دەستبەکار نەبوون:

١- تەرخانکردنی بڕی ٤٠٠،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ (چوارسەد ملیار) دینار بۆ جێبەجێ کردنی بەشێك لە شەقامی ١٠٠ مەتری سلێمانی وەکو قۆناغی یەکەم.

٢- تەرخانکردنی بڕی ١١،٥٦٦،٣٧٩،٧١٦ (یازدە ملیار و پێنج سەد و شەست و شەش ملیۆن و سێ سەد و حەفتا و نۆ هەزار و حەوت سەد و شازدە) دینار بۆ جێبەجێ کردنی ١٥٥ پرۆژە و پێداویستی لە بواری ئاو و ئاوەڕۆ.

٣- تەرخانکردنی بڕی ٩،٤٣٥،٨١٣،٣٢٣ (نۆ ملیار و چوارسەد و سی و پێنج ملیۆن و هەشت سەد و سیازدە هەزار و سێ سەد و بیست و سێ) دینار بۆ جێبەجێ کردنی ١٠٤ پرۆژەی بچووك و مامناوەند لە سێکتەری شارەوانی.

٤- دابینکردنی بڕی ١٠،٠٦٩،٦٠٠،٣٠٤ (دە ملیار و شەست و نۆ ملیۆن و شەش سەت هەزار و سێسەت و چوار) دینار بۆ کڕینی مەوادی پاککەرەوە بۆ پرۆژەکانی ئاو و هەروەها دابەشکردنی ئاو بە پرۆسەی تەنکەرین.

٥- تەرخانکردنی بڕی ١،٠٥٦،٢١٥،٩٧٢ (یەك ملیار و پەنجا و شەش ملیۆن و دووسەد و پازدە هەزار و نۆسەد و حەفتا و دوو) دینار بۆ بەکرێ گرتنی تەنکەر بۆ ئاودانی پارك و باخچە و بلوارەکان لە هەولێر و سلێمانی.

٦- تەواوکردنی قۆناغەکانی دیزاین بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی قورس لە شاری هەولێر (قۆناغی یەکەم) بە بڕی ٣٠٠،٠٠٠،٠٠٠ (سێ سەد ملیۆن) دۆلار لەگەڵ دەستپێکردنی کردنی کۆمپانیای راوێژکار و هەروەها پرۆژەی دابینکردنی کەرەستەی یەدەگ بۆ پرۆژەکانی ئاو لە پارێزگای هەولێر و راکێشانی هێلی سەرەکی و ئاوەڕۆی لوولەیی و دابینکردنی کەرەستەی یەدەگ بۆ پرۆژەکانی ئاوی سلێمانی و هەڵەبجە بە گوژمەی ٩،٠٠٠،٠٠٠ (نۆ ملیۆن) دۆلار.

## دووەم: پرۆژە پێشنیارکراوەکان کە چوونەتە بواری جێبەجێ کردن یان تەواوبوونە (ئاستی خزمەتگوزاری)

### ٢-١/ پرۆژە پێشنیارکراوەکان کە تەواوبوون:

- جێبەجێ کردن و تەواوکردنی ٢٥٢ پرۆژە بە گوژمەی ٢٠،٤٠٠،١٥١،٧٨٠ (بیست ملیار و چوار سەد ملیۆن و سەد و پەنجاو یەك هەزار و حەوت سەد و هەشتا) دینار لە سێکتەری شارەوانییەکان و لەسەر داهاتی فەرمانگەکان.

### ٢-٢/ پرۆژە پێشنیارکراوەکان کە لە ئێستادا کاریان تێدا دەکرێت:

- جێبەجێ کردنی ٥ پرۆژەی ئاو بە گوژمەی ٧٠٠،٠٠٠،٠٠٠ (حەوت سەت ملیۆن) دینار کە بە رێژەی ٪٧ جێبەجێ کراوە.

| دەرەنجامی تێچووی پرۆژەکان | | | |
|---|---|---|---|
| پرۆژە بەردەوامەکان | گوژمەی گشتی | پرۆژە پێشنیارکراوەکان | گوژمەی گشتی |
| تەواوبووەکان | ٢٣٠،٦٤٩،٤٠٧،٢٠٠ | تەواوبووەکان | ٢٠،٤٠٠،١٥١،٧٨٠ |
| کاریان تێدا دەکرێت | ١،٩٦٣،٩٥٣،٦٥٧،٠٠٠ | کاریان تێدا دەکرێت | ٧٠٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| دەست بەکارنەبوون | ٨٠٢،٩٢٨،٠٠٩،٣١٥ | | |
| کۆی گشتی بە دینار | ٢،٩٩٧،٥٣١،٠٧٣،٥١٥ | کۆی گشتی بە دینار | ٢١،١٠٠،١٥١،٧٨٠ |
| کۆی گشتی بە دۆلار | ٢،٤٩٧،٩٤٢،٥٦١ | کۆی گشتی بە دۆلار | ١٧،٥٨٣،٤٦٠ |

| ناونیشان | گوژمە بە دینار | گوژمە بە دۆلار |
|---|---|---|
| پرۆژە تەواوبووەکان | ٢٥١،٠٤٩،٥٥٨،٩٨٠ | ٢٠٩،٢٠٧،٩٦٦ |
| پرۆژە بەردەوامەکان | ١،٩٦٤،٦٥٣،٦٥٧،٠٠٠ | ١،٦٣٧،٢١١،٣٨١ |
| ئەو پرۆژانەی کە گوژمەیان بۆ تەرخانکراوە، بەڵام دەست بەجێبەجێ کردنیان نەکراوە. | ٨٠٢،٩٢٨،٠٠٩،٣١٥ | ٦٦٩،١٠٦،٦٧٤ |

## سێیەم: ڕێکار و چالاکییە بەردەوامەکان کە تەواوبوون یان کاریان تێدادەکرێت:

### ٣-١/ ڕێکارو چالاکی بەردەوام کە تەواوبوونە:

**ئاستی چاکسازی:**

- دەرکردنی یاسای ڕێگری کردن لە زێدەرۆیی و لابردنی لەسەر زەوی و زار و موڵکی دەوڵەت ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٨.

**ئاستی کارگێڕی:**

- بەشداریکردنی نوێنەری وەزارەتمان لەم وۆرك شۆپانەی خوارەوە:

ا- بەڵگەنامە ستانداردەکانی کەمکردنەوە بۆ جێبەجێ کردنی گرێبەستەکانی پڕۆژەی بچووك.

ب- بەڵگەنامە ستانداردەکانی کەمکردنەوە بۆ جێبەجێ کردنی گرێبەستەکانی خزمەتگوزاری ناڕاوێژکاری.

ج- چوارچێوەی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

**ئاستی خزمەتگوزاری:**

- ئەنجامدانی کاری پشکنین و هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ ٢٣ ناوچە و گردی شوێنەواری بە هاوبەشی لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و ٢٦ تیمی ئەوروپی و ئەمریکی و وولاتانی تر.

**پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:**

١- گرێدانی کۆنفرانسی هاوبەش لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و ڕێکخراوی ( IFP ) فەرەنسی لە هەولێر بە بەشداری (٢٥) شوێنەواری بیانی و شوێنەوارناسە ناوخۆییەکان.

٢- بەشدای کردنی نوێنەرایەتی شوێنەوار لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی پاریس تایبەت بە شوێنەوارو پێشکەش کردنی دوو پریزنتەیشن لەسەر شوێنەوارەکانی کوردستان.

٣- گرێبەستی مۆڵەتی بینا بۆ کونسوڵخانەی کۆماری میللی چین.

### ٣-٢/ ڕێکارو چالاکی بەردەوام کە لە ئێستادا کاریان لەسەر دەکرێت:

**ئاستی چاکسازی:**

١- ڕێکخستنەوەی داهاتی گرێبەستەکانی بانەوانی (مساطحة).

٢- کارکردن بۆ پەسند کردنی پڕۆژە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی دامەزراوەکانی ئاو و ئاوەڕۆ.

٣- كاركردن لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ئەدا بۆ هەموو فەرمانبەران.

٤- زیادكردنی ڕێژەی ڕازیبوونی كڕیاران لەسەر كارەكانی گەشتوگوزار.

٥- زیادكردنی ئاستی ڕازیبوونی ئەو گەشتیارانەی كە ڕوو دەكەنە ناوچە و بنكە و كۆمپانیا گەشتیارییەكان دەربارەی ئەو خزمەتگوزارییانەی كە پێشكەشیان دەكرێت.

٦- پڕۆژە یاسای تەملیككردنی خانوە زێدەڕۆكان.

**ئاستی ئابووری و دارایی:**

١- سیستەمی بە ئەلیكترۆنی كردنی داهات و خەرجی.

٢- ئەنجامدانی پڕۆژەی بەكرێدانی شەقامەكان بۆ وەستانی ئۆتۆمبێل.

٣- تەواوكردنی پڕۆسەی كۆكردنەوەی ڕسوماتی شارەوانیەكانی لە ڕێگای كۆمپانیا و هەروەها بە سیستەمكردنی كۆكردنەوەی كرێی ئاو لە هەرێمی كوردستان.

٤- چاككردنی سیستەمی كۆكردنەوەی رسومات و كرێیە جۆراوجۆرەكانی پڕۆژە گەشتیارەكان.

٥- دەستنیشان كردنی براندی گەشتیاری و پەرەپێدانی بەردەوام لە هەردوو كەرتی گشتی و تایبەت.

٦- بەبازاڕكردن بۆ گەشت و گوزاری هەرێمی كوردستان لە ڕێگای (ڕێكلام، پێگە ئەلیكترۆنیەكان، چاپەمەنی، لێكۆلینەوە، ...هتد).

**ئاستی كارگێڕی:**

١- پەیڕەوی پێكهێنانی ئەنجوومەنی شارەوانییەكان.

**ئاستی خزمەتگوزاری:**

١- دانانی نەخشەرێگای پەرەپێدان و چاكسازی لە كەرتی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی كوردستان.

٢- پڕۆژەی یاسایی تایبەت بە پاراستنی تۆڕەكانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی كوردستان.

٣- جێبەجێ كردنی مەرجەكانی ژینگەی كاركردن و سەلامەتی پیشەیی لە پڕۆژە گەشتیارییەكان.

٤- ئەنجامدانی چالاكییەكانی كشتوكاڵی و چاندنی گوڵ و دار و نەمام و كاری جوانكاری شارو شارۆچكەكان لە سنووری شارەوانییەكان.

٥- ئەنجامدانی ڕووپێوی شوێنەواری لە ٩ ناوچەی جیا لە سەرتاسەری هەرێمی كوردستان بە هاوكاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و تیمی زانكۆی پسپۆڕییەكانی بیانی كە ٢٩ تیم بوون و بە بەكارهێنانی ئامێری پێشكەوتووی زانستی.

٦- ئامادەكردنی ماستەر پلانی شوێنەواری لە پارێزگای دهۆك تایبەت بە شوێنەوارەكانی خنس و جەروانە لە لایەن زانكۆی ئۆدینەی ئیتاڵی.

٧- پیدانی مۆڵەتی هەڵکۆڵینی شوێنەواری بە هەریەك لە زانکۆکانی ( ئۆدینە ی ئیتالی ، کامبریجی بەریتانی، لایدنی هۆڵەندی ، کۆلیج دی فەرەنسی).

٨- ئامادەکردنی پلانی ستراتیجی شوێنەواری بۆ ماوەی (١٠) ساڵ.

**پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:**

١- بەردەوامی پەیوەندییەکان لەگەڵ زانکۆکانی (ئۆدینە ی ئیتالی، کامبریجی بەریتانی، لایدنی هۆڵەندی، کۆلیج دی فەرەنسی).

٢- بەردەوامی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئاژانسی جایکای ژاپۆنی.

٣- بەردەوامی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئاژانسی (USAID/IGPA) ئەمەریکی.

## چوارەم: رێکار و چالاکییە پێشنیارکراوەکان کە تەواوبوون یان کاریان تێدادەکرێت:

### ٤-١/ رێکارو چالاکی پێشنیارکراو کە تەواوبوونە:

**ئاستی چاکسازی**

١- یەکلایی کردنەوەی چەندین لیژنەی لێکۆڵینەوە و سزادانی کەسانی کەمتەرخەم.

٢- گۆڕانکاری لە بەشێك لە بەرپرسان و دانانی کەسانی شیاو لە جێگایان.

٣- یەکلاکردنەوەی چەندین سکاڵای تۆمارکراو لە دادگاکان لەسەر فەرمانگەکانی وەزارەتمان و بەکۆتایی هاتنی لە بەرژەوەندی وەزارەت.

**ئاستی خزمەتگوزاری:**

١- رووپێوکاری ئاسمانی بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان (درون) بۆ چەند گوندێکی ناو ماستەرپلانی شاری هەولێر لەگەڵ شەقامی کۆڕنیش.

٢- ئەنجامدانی ٣٠ خول لە بووارەکانی (فێرکاری بەرنامەکانی مایکرۆسۆفت اوفیس و رێنمایی گرێبەستەکان و GIS و راهێنانی زانستی شوێنەوار و توانا مرۆییەکان و رێنمایی ژمێریاری و کارگێڕی و بەهێزکردنی توانای تەکنیکی و یاسایی و ئەندازیاری و ئۆتۆکاد و سیڤڵ ٣D و Project management) بۆ گشت سێکتەرەکانی وەزارەت.

**پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:**

١- بەشداری کردنی تیمێك بە سەرپەرشتی بەڕێز وەزیری شارەوانی لە کۆنفرانسی تایبە ت بە شوێنەوارییەکانی پارێزگای دهۆك لە رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا.

٣- بەردەوامی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئاژانسی (USAID/IGPA) ئەمەریکی.

## ٤-٢/ ڕێکارو چالاکی پێشنیار کە لە ئێستادا کاریان لەسەر دەکرێت:

ئاستی چاکسازی:

١- هەموارکردنەوەی یاسـای داهاتی شـارەوانیەکان ژمارە (١٣٠) سـاڵی ١٩٦٣ کاری لەسـەرکراوە و ئامادە کراوە.

٢- دانانی لیژنەکان و دەستبەکار بوونیان بە ووردبینی کردنی دۆسیەی فەرمانبەران بە مەبەستی جێبەجێ کردنی یاسای چاکسازی.

٣- پێداچوونەوە بە گرێبەستی موڵکەکانی شارەوانی و هەڵوەشاندنەوەی ئەوانەی کە پابەندی ناوەڕۆکی گرێبەستەکان نەبوون.

٤- پێداچوونەوە بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان و هەڵوەشاندنەوەی ئەوانەی کە پابەندی یاسا و ڕێنماییەکان نەبوون.

٥- تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆکان.

٦- تاپۆکردنی گوندەکانی ناو سنووری شارەوانییەکان.

٧- چارەسەرکردنی کێشەی قەرەبوو و زێدەڕۆکانی تارین.

٨- پێکهێنانی چەندین لیژنەی لێکۆڵینەوە کە لە ئێستادا کار لەسەر بابەتە نایاساییەکان دەکەن.

٩- گۆڕانکاری لە پلە و پۆستی فەرمانگەکان بەردەوامی هەیە.

ئاستی خزمەتگوزاری:

- تاپۆکردنی زەوییە کارتەکان.
- تاپۆکردنی شارەکانی وەبەرهێنان.
- پلانی پەرەپێدان بۆ شارەوانیەکانی قوشتەپە- کەورگۆسك- باسرمە بە هەماهەنگی لەگەڵ (ڕێکخراوی شـارەوانییەکانی هۆڵەندا VNG) بە مەبەسـتی پێشـکەش کردنی خزمەتگوزاری باشـتر بە کەمپی ئاوارەکان.
- پلانی چارەسەری ناوچە پیشەسازییەکانی ناو چەقی شارەکان.
- پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی.
- پەرەپێدان و بەردەوامی پەیوەندییەکان لەگەڵ (ڕێکخراوی شارەوانییەکانی هۆڵەندا VNG).

**ئاستی ئابووری و دارایی:**

١- پلانی کۆکردنەوەی کرێی ئاو بە شـــێوەیەکی کاریگەرتر لە ڕێگەی فراوان کردنی تیمەکان و ناوەندەکانی کۆکردنەوەی کرێی ئاو.

٢- پلانی وەرگرتنی کرێی ئاو لە پرۆژە نیشتەجێ بووەکانی وەبەرهێنان.

٣- پلانی پاکتاوکردنی کرێ و قەرزی موڵکە بەکرێدراوەکانی شارەوانی و گەشتوگوزار.

٤- پلانی کۆکردنەوەی کرێی خاشاکی ماڵان لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان.

٥- پلانی چالاککردن و فراوانکردنی وەرگرتنی رســـومات و داهاتی شــــارەوانی لە ســــەرجەم شـــــار و شارۆچکەکانی کوردستان.

٦- پلانی ڕێکخستنی خاوەن و کۆشك و دەستگێڕ و عەرەبانەکان ئەوانەی شۆستە و شەقامەکانی شارەوانی بەکاردەهێنن.

**ئاستی کارگێڕی:**

١- کارکردن لەسەر کۆدی بیناسازی و دروستکردنی سیستەمێك بۆ کۆنترۆڵی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان.

٢- هەموارکردنەوەی یاسای شارەوانی و گەشت و گوزار ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١٠ کاری لەسەر کراوە.

٣- هەموارکردنەوەی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦)ی هەموار کراو ١٩٩٣ لەکاتی ئێستادا کاری لەسەر دەکرێ بۆ ئامادەکردن و هەموارکردنەوەی.

٤- دانانی وەسفی وەزیفی و دابەش کردنی ئەرکەکان بەسەر فەرمانبەران.

٥- بەشداری کردنی نوێنەری وەزارەتمان لە جێبەجێ کردنی ٢ دوو بابەتی گرنگ و هەستیار کە بریتین لە:

أ- سستمی یەك پەنجەرەیی بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان.

ب- دانانی نەخشەی وەبەرهێنان بۆ هەرێمی کوردستان.

٦- هەموارکردنەوەی هەیکەلی وەزارەت و فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەت کە بە تەواوی لە گەڵ ڕێ و شوێن و پێداویستییەکانی وەزارەت یەك بگرێتەوە و ڕەچاوی نوێترین بنەمای بەڕێوەبردن بکات.

٧- کردنەوەی سەنتەری GIS بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و کارکردن لەسەر بنەمای ئەو پرۆگرامە.

# کار و چالاکییەکانی

# وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

## یەکەم: بواری دارایی، کەمکردنەوەی کرێی خوێندن:

دوای دارشـتنی نەخشـە رێگاو پلانی کارکردنی وەزارەت، بەئامانجی رەخسـاندنی دەرفەتی زیاتر بۆ قوتابیان/ خوێندکاران، بەرەچاوکردنی دۆخی دارایی هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردسـتان بۆ بەرژەوەندی گشـتی، لە چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزارەت لەگەڵ سـەرۆك زانکۆ حکومییەکان لەچوارچێوەی کارنامەی کابینەی نۆیەم، بریاردرا بە کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی پاراڵێل و ئێواران بەرێژەی (٤٥%) لە سـەرجەم زانکۆ حکومییەکان بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندنی (دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماسـتەر و دکتۆرا)، بەهەمان شـێوەش، بریاردرا بە کەمکردنەوەی کرێی خوێندن بەرێژەی (٢٥%) لە زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی کوردسـتان بەرەچاوکردنی کوالێتی خوێندن، ئەم دو هەنگاوە لە بواری داراییەوە پشتیوانییەکی تەواو بوو لە خوێندکاران/ قوتابیان و کەسـوکاریان، هەروەها دەرفەتی خوێندنی زیاتریشـی بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە رەخسـاند، بۆ ئەمەش لە پرۆسـەی وەرگرتنی دەرچووانی پۆلی دوانزە لە زانکۆ و پەیمانگەکان رەنگدانەوەی باشی هەبوو و لەلایەن خوێندکاران/ قوتابیان و کەسوکاریان پێشوازی باشی لێکرا.

## دووەم: خوێـندنی بـەرایی، وەرگرتنی زۆرترین رێژەی دەرچووانی پۆلی ١٢ی ئـامـادەیی لە زانکۆ حکومییەکان

کارئاسـانی کردن بۆ وەرگرتنی زۆرترین رێژەی دەرچووانی پۆلی دوانزە لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان یەکێکی دیکە بوو لە کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بۆ ئەمەش لەپێناو رەخسـاندنی هەلی زیاتر بۆ دەرچووان، رێژەی (٣٠%) کورسـی پلانی خوێندنی گشـتی زیاد کرا، بەو هۆیـەوە بۆ سـاڵی خوێـدنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) لە زانکۆ و پەیمـانگە حکومییەکـان (٤١٨٣٣) خوێـدکـار/ قوتابی وەرگیران، ئەوەش بە شـێوەیەك بوو ئەمسـاڵ دەرچووانی خولی یەکەم و دووەمی قۆناغی (١٢)ی ئامادەیی لە یەك کاتدا بە سیستەمەکانی (زانکۆلاین، پاراڵێل و ئێواران) داوایان پێشـکەش کرد، کە (٣٨٢٨٤) دەرچووی پۆلی دوانزەی ئەمسـاڵ فۆرمی وەرگرتنیان لە زانکۆ و پەیمانگەکان پێشـکەش کرد، لە ئەنجامدا (٢٨١٨٥) خوێـدکـار کە دەکـاتە رێژەی (٧٤%) لەپلانی گشـتی واتە خوێـدنی بەخۆرایی لە زانکۆ و پەیمـانگە حکومییەکان بۆ سـاڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) وەرگیران، (٣١٣٦) دەرچووی دیکەش کە دەکاتە (٨%) لە خوێندنی پاراڵێل وەرگیراون، لەهەمان کاتدا (٥٥٤٤) دەرچووی دیکەش کە دەکاتە رێژەی (١٤%) لە خوێندنی ئێواران وەرگیران، بـەوەش رێژەی وەرگرتن گـەیشـتـە لـە (٩٦%)، هەروەهـا (١٤٨١) دەرچووی دیکـەش کە دەیکردە رێژەی (٤%) بەهۆی هەڵە پرکردنەوەی فۆرم لە هەڵبژاردنی بەشـەکان ناویان نەگەرابووەوە، دواتر لە پرۆسەیەکی دیکەدا ناوی ئەوانەش گەرایەوە، بەو شێوەیە دوای ساڵانێکی زۆر بۆ یەکەمین جار رێژەی (١٠٠٪) دەرچووانی پۆلی دوانزە لە زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکان وەرگیران، ئەم هەنگاوە ئەوە دەگەیەنێت کە وەزارەت توانی تەواوی دەچووانی ئـامـادەیی لە کۆلیژ و پەیمـانگـە حکومییەکـان جێگـە بکـاتەوەو هیچ دەرچوویەکی ئامادەیی لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن نەمێنێت.

## سێیەم: خوێندنی باڵا، ڕاگەیاندنی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا و دبلۆمی باڵا:

دوای چەندین ساڵ لە چاوەڕوانی کردنەوەی خوێندنی ماستەرو دکتۆرا، لە کۆبوونەوەیەکی خۆیدا ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ڕێنماییەکانی ژمارە (٥) و (٦) ی ساڵی ٢٠١٩ی خوێندنی ماستەر و دکتۆرای هەموار کردەوەو ڕێنمایی ژمارە (٧)ی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی ئەکادیمی دەرکرد، لە ڕێنماییەکاندا گۆڕانکاری بنەڕەتی لە مەرجەکانی پێشکەشکردن، توانستی زمان، تەمەن، پلان و کۆرسی خوێندن کرا، بەشێوەیەك هەوڵدرا دەرفەتی زیاتری خوێندنی باڵا بۆ خوازیاران و دەرچوانی زانکۆکان لە ناوخۆی وڵات برەخسێنرێت، بۆ ئەوەی خوازیاران کاتەکانیان بەکار بهێنن بۆ گەشەپێدانی توانای زانستی و ئەکادیمییان، هەروەك مەبەست بوو پلانەکانی ئەمساڵی خوێندنی باڵا ڕێگر بێت لە چوونە دەرەوەی سامانی نیشتیمانی وڵاتەکەمان، بۆیە زۆرترین دەرفەت بۆ خوازیاران دەستەبەر کرا.

بۆ ئەمەش دوای پەسەندکردنی پلانی خوێندنی باڵا/ دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) ماوەی پێشکەشکردن بۆ خوێندنی باڵا/ دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا لە (٢٠٢٠/١/٥) دەستی پێکرد، لە ئەنجامدا لە کۆی (٤٩٣٨) کورسی خوێندنی ماستەرو دکتۆرا، (٣٦٨٥) پێشکەشکار لەخوێندنی ماستەرو دکتۆرا وەرگیراون، هەروەها جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو و لە دەرەوەی پلانی پەسەندکراوی زانکۆکان، بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، ئەنجومەنی وەزارەت بڕیاریدا کورسی زیاد لە پلانی زانکۆکان بۆ کەسوکاری پلە یەکی شەهیدان و ئەنفالکراوان و نابینایان تەرخان بکات، بۆ ئەمەش (٢٠٤) وەرگیراو کە بریتیین لە کەسوکاری سەربەرزی پلە یەکی شەهیدان و ئەنفالکراوان و، (٧) وەرگیراوی نابینا بە ڕێژەی (١٠٠%) سودمەندبوون.

بەم پێیەش کۆی گشتی وەرگیراوانی ماستەرو دکتۆرا بریتییە لە ڕێژەی (٧٥%) کورسیە تەرخانکراوەکان، کە ئەم ڕێژەی وەرگیرانەش یەکانگیرە لەگەڵ توانای مرۆیی و زانستی و ماددی زانکۆکانی کوردستان و تەواوکەری پێداویستی بازاڕی کاری کوردستانە بە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتەوە.

بۆ ئەو کورسیە بەتاڵانەشی کە مابوونەوە بە لەبەرچاو گرتنی توانای زانکۆکان و پاراستنی کوالێتی پرۆسەی خوێندن، ئەنجومەنی وەزارەت ئەم بڕیارانەی خوارەوەی پەسەندکرد:

١- پڕکردنەوەی سەرجەم کورسیە بەتاڵەکانی خوێندنی دبلۆمی باڵا.

٢- چارەسەرکردنی داواکاری ئەو پێشکەشکارانەی کە لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەرچوون و بەهۆی کەمی یان نەبوونی کورسییەوە وەرنەگیرابوون.

٣- لە چوارچێوەی داواکاری ئەو پێشکەشکارانەی کە لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی سەرکەوتو نەبون، بڕیاردرا بە پڕکردنەوەی هەموو کورسییە بەتاڵەکانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە ڕێگای میکانیزمی زانستی گونجاو و ڕەچاوکردنی ڕەخساندنی زۆرترین دەرفەت بۆ پیشکەشکاران.

## چوارەم: کردنەوەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی ئەکادیمی:

لەپێناو ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ خوزایارانی خوێندنی باڵا بەتایبەت ئەو خوازیارانەی کۆنمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠%) کەمترە، ئەنجومەنی وەزارەت بڕیاری کردنەوەی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) پەسەندکرد.

بۆ ئەو مەبەستە، ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٩) تایبەت بەم بابەتە ئاڕاستەی سەرجەم زانکۆکان کرا، بەپێی ئەو ڕێنماییە هەر کەسێك لە کۆنمرەی (٦٠) قۆناغی بەکالۆریۆس کەمتری هەبوو، لەسەرەتادا دەبێت دبلۆمی یەك ساڵە بخوێنی بۆ بەرزکردنەوەی نمرەکەی، پاشان دەتوانێ دەست بەخوێندنی ماستەر لە بوارەکەی خۆیدا بکات بەپێی ڕێنماییەکانی ماستەر لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

## پێنجەم: خوێندنی باڵا، چارەسەرکردنی گرفتی کاندیدانی ماستەرو دکتۆرا:

هەر لە بواری خوێندنی باڵا لە ماوەی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی چارەسەری گرفتی هەموو کاندیدانی ماستەر و دکتۆرا کرا، کە بە هۆکاری جیاجیا لە ساڵی (٢٠١٦) وە نەیانتوانی بو دەست بەخوێندنی ئەکادیمی بکەن، بەهۆی ئەوەی مەرجی توانستی زمانیان بەدەست نەهێنابوو، بۆ ئەمەش ڕێگەیان پێدرا دەست بکەن بە خوێندنی کۆرسی ئەکادیمی، لە هەمان کاتدا بەردەوام دەبن لە کۆرسەکانی زمان لە سەرجەم سەنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی هەرێم بەهەمان ستانداردەکانی پێشوو، کە لە ڕێنماییەکاندا هاتووە، بەمەرجێك تاقیکردنەوەی کۆتایی بە شێوەیەکی مەرکەزی و بە سەرپەرشتی وەزارەت ئەنجام بدرێت. بەو شێوەیە هەموو کاندیدەکان گرفتەکانیان چارەسەر کراو، دەستیان بە خوێندنی ماستەر و دکتۆرا کرد. سەبارەت بە داواکاری خوێندکاران/ قوتابیانی دکتۆرا ئەوانەی کە سەرجەم مەرجەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەیان تێدابوو، تەنها مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزییان نەبوو، ڕێگەدرا ئەوانیش گفتوگۆی تێزی دکتۆراکەیان بکەن، بەڵام بڕوانامەیان پێ نابەخشرێت، تا مەرجی زمان بەدەست دەهێنن.

## شەشەم: چارەسەرکردنی کێشەی ئەوانەی نمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠) کەمتریان هەیە:

یەکێکی دیکە لەو کارانەی کە لە ماوەی کارکردنی وەزارەت جێبەجێ کرا، بریتی بوو لە چارەسەرکردنی کێشەی ئەو قوتابی/ خوێندکارانەی کۆنمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠) کەمتر بوو، بەشێك لەوانە کە لە زانکۆکانی دەرەوەی وڵات خوێندنی باڵایان تەواو کردبوو، ڕێگەیان پێ نەدەدرا نازناوی زانستی بەدەست بهێنن، لەهەمانکاتدا لەناوخۆی وڵاتیش ناتوانن ماستەرو دکتۆرا بخوێنن بۆ پێدانی نازناوی زانستی بۆ ئەوانەی کۆنمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠%) کەمتر بوو، ئەنجومەنی وەزارەت بڕیاریدا دوای بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و بەدەستهێنانی سەرجەم مەرجەکانی نازناوی زانستی و بڵاوکردنەوەی دوو توێژینەوە، نازناویان پێدەدرێت بە مەرجێك پێنج ساڵ لە زانکۆکانی دەرەوەی شارە گەورەکان خزمەت بکەن، جگە لە زانکۆکانی (سەلاحەدین، سلێمانی، دهۆك).

## حەوتەم: ڕەخساندنی دەرفەتی خزمەتکردن، دامەزراندنی یەکەمەکان:

دوای ســـالانێك لە چاوەڕوانی بە هاوکاری بەڕێزان ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و جێگری ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و، هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، توانرا یەکەم تا ســـێیەم دەرچوانی ســـاڵی (٢٠١٥-٢٠١٦)، دابمەزرێنین. بۆ ئەو مەبەســـتەش پاڵپشـــت بە بڕیاری ســـکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســـتی لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٣٠) بە نوســـراوی ژمارە (١٨١٢٠) فەرمانی دامەزراندنی ســـێ یەکەمەکانی بەشـــێوەی هەمیشـــەیی لەســـەر میلاکی وەزارەت دەکرد کە ژمارەیان نزیکەی (١٣٠٠) کەس بون.

## هەشتەم: ڕێکخستنەوەی سێنتەرەکانی پێداگۆجی (ڕێگەکانی وانەوتنەوە):

پێداگۆجی (ڕێگەکانی وانەوتنەوە) پرۆژەیەکی گرنگی وەزارەتەکەمانە بۆ گۆڕینی شـــێوازی گەیاندنی زانستی و دروستکردنی کارامەیی مامۆستایان لە وڵاتەکەمان، سەنتەرەکانی پێداگۆجی چەند کێشەیەکیان هەبوو، دوای ئەوەی چەند کۆبوونەوەیەك لەگەڵ بەڕێوەبەری ســـەنتەرەکان ئەنجامدرا، بە چەند بڕیارێك و ســـەرجەم کێشـــەکانیان چارەســـەرکرا، دوای ئەو بڕیارانەش فەرمانێکی وەزاری تایبەت بە ڕێکخســـتنەوەی کاروبارەکانی سەنتەری ڕاهێنانی پێداگۆجی و پەرەپێدانی ئەکادیمی دەرکران.

## نۆیەم: کاراکردنی سەنتەرەکانی توانستی زمان لە زانکۆکان:

بە ئامانجی بایەخدانی زیاتر بەزمانی ئینگلیزی و کاراکردنی سەنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی کوردستان، لە میانەی چەند کۆبوونەوەیەك لەگەڵ بەڕێوەبەری سەنتەرەکانی زمان، جەختکرایەوە لەسەر پاڵپشتی تەواو بۆ ســـەنتەرەکانی زمان بە مەبەســـتی وەرگرتنی متمانەی نێودەوڵەتی، لەهەمان کاتدا بڕیاری پێویســـت درا بەوەی لە سەنتەرەکان گرنگی زیاتر بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی بە کوالێتیەکی بەرزتر بدرێت.

## دەیەم: ڕیفۆرمی خوێندنی تەکنیکی لە کوردستان:

بە مەبەســـتی بەســـتنەوەو دروســـتکردنی پەیوەندی زیاتری زانکۆکان لەگەڵ بازاڕی کار و کەرتی گشـــتی و پیشـــەســـازی، وەزارەتی خوێـــندنی بـــاڵا و توێژینەوەی زانســـتی ڕیفۆرمی خوێـــدنی تەکنیکی لە زانکۆ پۆلیتەکنیکیەکانی (هەولێر، ســـلێمانی، دهۆك) دەســـتپێکرد، بەو پێیەی خوێندنی تەکنیکی یەکێکە لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی سیستەمی خوێندن و، ڕێگەیەکی گرنگە بۆ ئامادەکردنی دەستی کاری خۆماڵی و، دروســـتکرنی کارامەیی لە نێو گەنجان، هەر بۆیە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانســـتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان تەرکیزی تەواوی لەســـەر ئەم بوارە دەبێت و، گرنگی تەواو بە بواری گەشەکردنی خوێندنی تەکنیکی و ڤۆکەیشنەڵ دەدات.

هەوڵدراوە زانکۆکان پەیوەندی زیاتر و توند و تۆڵتریان لەگەڵ بازاڕی کار و، کەرتی گشتی و پیشەسازی لە هەرێمەکەمان هەبێت، بۆ ئەوەش پێویستمان بە هەڵسەنگاندن و توێژینەوەی زیاترە لە بارەی پێداویستییەکانی ئێستای بازاڕی کار و توانا و پۆتێنشیاڵی گەشەکردنی ئابوری هەرێمەکەمان.

## یانزەیەم: ئەنجامدانی ڕیزبەندی نیشتمانی زانکۆکانی کوردستان:

ڕیزبەندی نیشتیمانی یەکێکە لە پرۆژە گرنگ و پڕ بایەخەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بریتیە لە ڕێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان زانکۆکانی کوردستان لەسەر بنەمای پێوەری زانستی و ئەکادیمی، بە تایبەت ئەو پێوەر و مێتریکسە نێودەوڵەتیانەی کە کاراییان لەسەر پێگەی نێودەوڵەتی زانکۆکانمان دەبێت، لەو چوارچێوەیەدا و بۆ (جاری چوارەم) لە مەراسیمێکدا ئەنجامی ڕیزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٩) بە دروشمی (ڕیزبەندی نیشتیمانی، شاڕێی کرانەوە و متمانە و دڵنیایی) ڕاگەیەنرا.

## دوانزەیەم: پرۆژەی تایگرس: بەرەو بەنێودەوڵەتی کردنی زانکۆکان وخوێندنی باڵا لە کوردستان:

لە ڕێگەی پرۆگرامی تایگرس (١٠) زانکۆ و دامەزراوەی هەرێمی کوردستان و (٥) دامەزراوەی ئەوروپی هەماهەنگی دەکەن بۆ فراوانکردنی ڕەهەندی نێودەوڵەتی زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان، ئەم بەرنامەیەش بە پشتیوانی دارایی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان و پرۆگرامی ئیراسمەس پڵەسی ئەوروپی لەقۆناغی جێبەجێ کردندایە.

بەهێزکردنی ڕەهەندی نێودەوڵەتی زانکۆکانی کوردستان یەکێکە لە ستراتیژە گرنگەکانی کارنامەی چوار ساڵی کارکردنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، چونکە یەکێك لە خەسڵەتە هەرە دیارەکانی ئەکادیمیا لە سەدەی بیست و یەکدا بریتییە لە کرانەوە بە نێودەوڵەتی بوونی پرۆسەی خوێندن و بەرهەمهێنانی مەعریفە.

بۆ ئەمەش دووەمین کۆنفرانسی تایگرس (بەرەو بنیادنانی ستراتیجی بۆ خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان - عێراق)، لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٦) بە بەشداری ژمارەیەك لە سەرۆك زانکۆکان و ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرانی گشتی و نوێنەری دامەزراوە ئەوروپییەکان، لەشاری سلێمانی بەڕێوەچوو.

بەپێی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس، بەهۆی پرۆژەی تایگرس ئاڵوگۆڕی مامۆستایان و قوتابیان و خوێندکاران و هاوبەشکردنی بەرهەمی توێژینەوە زانستییەکان چیتر لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا قەتیس نابێت و جولەی بەردەوامی خوێندکاران و مامۆستایان لە نێوان زانکۆ جیاجیاکان و فراوانبونی تۆڕی پەیوەندی نێوان گروپە فرە کلتورییەکانی توێژینەوەی زانستی دەرفەتی بەرهەمهێنانی مەعریفەی زیاتر کردووە.

## سیانزەیەم: پەیوەندی نێودەوڵەتی، ئیمزاکردنی یاداشتنامە لەگەڵ زانکۆ و دامەزراوە زانستییەکانی دەرەوە:

یاداشـتێکی لێك تێگەیشـتن لەگەڵ وەزارەتی توانسـتە مرۆییەکانی حکومەتی هەنگاریا لەلایەك و، وڵاتی فەرەنسـا لەلایەکی دیکە ئیمزا کرا، بەپێی ئەو یاداشـتی لێك گەیشـتنانەش دەرفەتی خوێندن بۆ خوازیارانی خوێندنی باڵا لە کوردستان لەو وڵاتانە دەڕەخسێت، کە بەهۆیەوە ئەو دو وڵاتە سـاڵانە ژمارەیەك سـکۆلەرشیپ (ماسـتەر و دکتۆرا) پیشـکەش بە وەزارەت دەکەن. ئەمە جگە لە سـکۆلەرشـیپی ژمارەیەك وڵات و زانکۆی دیکەی دەرەوە بۆ زانکۆ و دامەزراوە زانسـتیەکان و ئەنجامدانی یاداشـتی لێك گەیشـتن لەنێوان زانکۆکانی هەرێمی کوردسـتان و زانکۆکانی دەرەوە، هەروەها پەیوەنـدی بەردەوام و ئـاڵوگۆڕ لەگەڵ ڕێکخراوی ئایرێکس و دادی ئەڵمانی و زانکۆکانی وڵاتی فنلاند بۆ پێگەیاندنی مامۆسـتایانی کوردسـتان بە مەبەسـتی وانە وتنەوە. هەروەها ئاڵوگۆڕی مامۆستایان و خوێندکاران و توێژەران لەگەڵ زانکۆکانی وڵاتان درێژەی هەیە. بەتایبەتیش بەشـداری وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانسـتی و سـتافی وەزارەت لە کۆنگرەی ( Education World Forum) لە وڵاتی بەریتانیاو ئاڵوگۆڕی زانستی لەگەڵ وەزیرانی خوێندنی باڵای وڵاتان.

## چواردەیەم: کۆنفرانسی زانستی وەزارەت و زانکۆکان:

لەماوەی یەك سـاڵی کارکردنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانسـتی دەیان کۆنفرانس و دیبەیت و سـیمپۆنیزم و دیداری زانسـتی و ئەکادیمی جیاجیا لە گشـت بوارە جیاجیاکان لە وەزارەت و دامەزراوە زانستیەکان ئەنجامدراون و بەشداریش کراوە لە دەیان کۆنفرانسی زانستی:

- زانکۆی سـەلاحەدین شـەش کۆنفرانسـی زانسـتی لە بوارەکانی زانسـتە ئیسـلامییەکان، زمان و ئەدەبی کوردی و زمانەکانی دیکە، زانسـتە کشـتوکاڵییەکان، نانۆ تەکنەلۆجی، زانسـتە پەروەردەیی و دەروونییەکان، پەروەردەی بنەڕەتی) ئەنجامداوە.
- زانکۆی سـلێمانی شـانزە کۆنفرانسـی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لە بوارەکانی (پەروەردە، وەرزش، شـوێنەوار، کاری کۆمەڵایەتی، ئاو، ڤێتەرنەری، تایگرس، جیۆکوردسـتان، شـوناسـی نەتەوەی کورد، پەرەپێدانی پرۆگرامەکان، نەهێشـتنی گەندەڵی، سـەنتەرەکانی جێندەر، ژن، بە جی ئای ئێس کردن و پشـکنینی خاك، کاری بەکۆمەڵ، ڤایرۆسی کۆرۆنا) ئەنجامداوە.
- زانکۆیا دهۆك چوار کۆنفرانسی زانستی لە بوارەکانی (رۆلێ ڤەکۆلینێن زانستی و چاندنا بەردەوام ژ بۆ ب دەسـتڤەئینانا ئێمناهیا خۆراکی، دەسـتەبەرکرنا ژیانەکا ژ هەژی و گرنگی پێدانەکا تایبەت ب کاروبارێن خودان پێتڤیێن تایبەت، زانسـتێن کۆمپیوتەری و ئەندازیاریا پرۆگرامسـازی، رۆلێ ڤەکۆلینا زانستی دبیاڤێ وەرزشی دا) ئەنجامداوە.
- زانکۆی کۆیە سـێ کۆنفرانسـی نێودەوڵەتی و یەك کۆنفرانسـی ناوخۆیی لە بوارەکانی (زمان و کلتوری ئینگلیزی، خوێندنی کوردی، بەرەو دەستوورێکی هاوچەرخ بۆ هەرێمی کوردستان، پەروەردە بەردی بناغەی پێشکەوتنە) ئەنجامداوە.

- زانکۆی گەرمیان یەك کۆنفرانسی زانستی تایبەت بە گرفتەکانی خێزان لە کۆمەڵگەی کوردستان ئەنجامداوە.
- زانکۆی راپەڕین یەك کۆنفرانسی نێودەوڵەتی تایبەت بە (دەرهاویشتە هزری و فەلسەفی و گۆڕانکاریە بەدەستهاتووەکان لە جیهاندا) ئەنجامداوە.
- زانکۆیی پۆلیتەکنیکی دهۆك دوو کۆنفرانسی زانستی لە بوارەکانی (ئەندازیاری، بورای مادەی هوشبەر) ئەنجامداوە.
- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی سێ کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لەبوارەکانی (گەشتوگوزار، تەندروستی و زانستە پزیشکییەکان، رۆڵی ژنانی عێراقی لە دروستکردنی بریاردا) ئەنجامداوە.
- زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر سێ کۆنفرانسی زانستی لە بوارەکانی (ریفۆرمی خوێندنی تەکنیکی لە کوردستان، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و گەشەی هەرێمایەتی، Sustainable Technology and Development) ئەنجامداوە.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی هەشت کۆنفرانسی زانستی لە بوارەکانی (بە نێودەوڵەتی کردنی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، پاراستنی زمان، زانستە سروشتییەکان، زانستە پراکتیکییەکان، جیۆپۆلەتیکی ئاو، پەرەپێدان و گۆڕانی خوێندنی باڵا، سیستەمی بۆلۆنیا) ئەنجامداوە.
- زانکۆی هەڵەبجە سێ کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە بوارەکانی (Third TIGRIS Project Symposium، ئاشتی و پێکەوە ژیان لە ڕوانگەی ئاینە جیاوازەکان، بەیاسایکردنی ئاشتی، چەند هەنگاوێك بەرەو ئاشتییەکی کارای بەردەوام لە عێراق) ئەنجامداوە.

هەریەك لە فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەتیش بەپێی تایبەتمەندیەتیان بەشدار بوونە لە کۆنفرانسی جیا جیا، ڕاوێژکاری وەزیر بەشداریکردوە لە کۆنفرانسەکانی (Education world forum / London، Going global / online conference، International conference on clinical research and medical science Salahaddin university)، سەرۆکی دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری بەشداری کردوە لە کۆنفرانسەکانی (پرۆژەی تایکرس لە وڵاتی هۆڵەندا، پرۆگرامی (OUTTING EDGE) لە کۆلیژی (WIC) لە شاری لەندەن، کۆنفرانسی ساڵانەی ڕێکخراوی سپارکی هۆڵەندی، وۆرکشۆپی وەزارەتی بەرگری/ دەزگای کەمکردنەوەی مەترسییەکان بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی مەترسی تاقیگەکان لە وڵاتی تورکیا، کۆبوونەوە لەگەڵ پسپۆڕانی بواری دڵنیایی جۆری و ڕیفۆرمی پەروەردەیی لە وڵاتی بەریتانیا)، فەرمانگەی توێژینەوەو پەرەپێدان بەشدارییان کردوە لە خولی ڕاهێنانی (پەرەپێدانی زمانی ئینگلیزی لە وڵاتی بەرتانیا)، فەرمانگەی ئەندازەو پرۆژەکان بەشدارییان کردوە لە کۆنفرانسی (Education World Forum) ، فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچون بەشدارییان کردووە لە کۆنفرانسی (Education World Forum)، فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان بەشداریان کردووە لە کۆنفرانسەکانی (منتدى الابتكار التقني في التعليم في منطقة الشرق الاوسط و شمال افريقيا-عمان، Global scholarship summit، Going Global London).

**پانزەیەم: بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، ژووری عەمەلیاتی وەزارەت ڕاگەیەنرا:**

١- پێکهێنانی ژووری عەمەلیاتی سەرەکی لەسەر ئاستی وەزارەت، بە سەرۆکایەتی وەزیری خوێندنی باڵا و ڕاوێژکاری وەزیر.

٢- دام و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەموو شارەکان لیژنەی هاوبەشیان پێکهێنا لە کۆلیژەکانی کۆمەڵەی پزیشکی و زانستە تەندروستییەکان و زانستە بنچینەییە پەیوەندارەکان و خرانە خزمەت کەرتی تەندروستی.

٣- کردنەوەی تاقیگەی زانستی تایبەت بە (ڤایرۆسی کۆرۆنا)، لە دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی و زانکۆکانی سۆران و گەرمیان، کە بەشێکی تاقیگەکان تایبەتە بە پشکنین و دەستنیشانکردنی نەخۆشی کۆرۆناو هەموو ئامێر و تەکنەلۆجیاو پێداویستییەکانی دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکەی بۆ دەستەبەر کراوە بە تایبەت ئامێری (ڕیەڵ تایم) و یارمەتیدەری دامودەزگاکانی وەزارەتی تەندروستی دەبێت لە دەستنیشان کردنی نەخۆشیەکە، لە ئێستاشدا ڕۆژانەو بە بەردەوامی لە خزمەتی تەندروستی هەرێمەکەماندایە. هەروەها بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی کیتی پێویست بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکە دابینکراوە.

٤- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەکارهێنانی سیستمی (GIS)ی بۆ نەخۆشی کۆرۆنا ڕاگەیاند، پرۆژەکە بریتییە لە داخڵکردنی زانیاری و داتای ئەو نەخۆشانەی کە دووچاری پەتای کۆرۆنا دەبن لە سەرتاسەری کوردستان، دواتر لە ڕێگەی ئەم سیستمەوە داتاکان بە شێوەیەکی زانستی بەردەست دەبن بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و یارمەتیدەری وەزارەتی تەندروستی و دەزگا بەرپرسەکان دەبن بۆ ئەوەی بتوانن لەسەر بنەمای زانستی بڕیاری دروست بدەن بۆ کۆنترۆڵ کردنی نەخۆشییەکەو ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەو پاراستنی گیانی هاوڵاتیان.

٥- ئەو تیمانەی لە ئاستی شارەکان پێکهاتن هاوکارن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی و ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکەو پلانی چارەسەرو ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و ڕاوێژ و ڕاپۆرتی بەردەوام بۆ پشتیوانیکردنی هەوڵەکانی وەزارەتی تەندروستی.

٦- ئامادەکردنی مادەی (vtm) کە بەکاردەهێرنێت بۆ پرۆسێس کردنی نمونەکان و دەستیشان کردنی نەخۆشی کۆرۆنا، لە هەریەك لە زانکۆکانی سلێمانی و پۆلیتەکنیکی سلێمانی و چەرمۆ و گەرمیان.

**شانزەیەم: خوێندنی ئەلیکترۆنی (پاڵپشتیکار) لە زانکۆکانی کوردستان دەستپێکرد:**

لەگەڵ داخستنی دەرگای زانکۆ و پەیمانگەکان بەهۆی تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ناو کۆمەڵگەو ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دڵنیایی دایە هەموو قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان و کەسوکاریان کە ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بەفیرۆ ناچێت و بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخەکە ڕێکاری زانستی پێویست دەگیرێتە بەر بڕیاردرا: لە (٢٠٢٠/٥/٢) خوێندنی

ئەلیکترۆنی بەشێوازی (پاڵپشتکاری) بە مەبەستی تەواوکردنی ئەو بەشە کەمەی پرۆگرامی خوێندنی ئەمساڵ کە نەخوێنرابوو لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و تایبەتەکان دەستپێکرد.

## حەڤدەیەم: پەیوەندی نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم و ناوەند:

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندو وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی عێراقی لەپەیوەندی بەردەوام دان، بەتایبەت بۆ چارەسەرکردنی پرسی متمانە پێدان بە زانکۆ و دامەزراوە زانستیەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەمەش لیژنەی هاوبەش لە نێوان هەردوولا پێکهێنران و هەنگاوەکان لە رێگەی لیژنەی جیاجیای تایبەتمەندەوە دەستپێکردوە، لەو چوارچێوەیەشدا وەفدی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێم بەردەوام لە کۆبوونەوەو پەیوەندیدان. لەلایەکی دیکەشەوە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵای هەرێم پەیوەندی راستەوخۆ و بەردەوامی لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵای عێراق هەیە، بەتایبەت بۆ پرۆسەی خوێندنی ئەمساڵ و پەیوەندی لەگەڵ رێکخراوی یونسکۆ.

لەو چوارچێوەیەشدا لە ئەنجامی پەیوەندییەکان و کاری لیژنەکان هەریەك لە زانکۆکانی (راپەڕین، هەڵەبجە، گەرمیان، سۆران، زاخۆ) لەلایەن لیژنەی تایبەتمەندی حکومەتی عێراق متمانەیان پێبەخشرا.

## هەژدەیەم: سەردان و بەسەرکردنەوەی زانکۆ و دامەزراوە زانستییەکان:

وێستگەیەکی دیکەی کارکردنی وەزارەت لەماوەی ڕابردوو، بریتی بووە لە نزیکەوە ئاگاداربوون لەکێشەو گرفتی زانکۆکان و، وەرگرتنی ڕاو و پێشنیازەکانیان بۆ کارنامەی چوار ساڵی کارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری خوێندنی باڵا، بۆ ئەوەش لەو ماوەیەدا وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەردانی سەرجەم زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستانی کردو بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی زانکۆکان کرد، بۆ باشترکردنی دۆخی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان لە نزیکەوە گوێ لە ڕاو سەرنج و پێشنیازەکانیان گیرا.

## نۆزدەیەم: ڕایی کردنی کاروباری هاووڵاتیان و گوێگرتن لە داواکارییەکانیان:

یەکێکی دیکە لە هەنگاوەکانی کارکردن لە وەزارەت بریتی بوو لە تواندنەوەی بەستەڵەکی نێوان هاووڵاتیان و وەزارەت، بۆ ئەوەش هەر لە یەکەمین ڕۆژی دەستبەکاربوونی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و بە یارمەتی هاوکاران لە وەزارەت، دەرگای وەزارەت بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران و خوێندکاران/ قوتابیان والاکرا، لەهەمانکاتدا دەرگای وەزارەت بەڕووی هاووڵاتیان و چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەش کرایەوە کە سەردانی وەزارەت دەکەن، بە شانازییەوە لەماوەی سێ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ دا زیاتر

(١٨٠٠) هاووڵاتی گوێیان لێ گیراوە کە ســـــەردانی وەزارەتیان کردووە، بە پێی تواناو لە چوارچێوەی یاســـــاو ڕێنماییە کارپێکراوەکان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیان دراوە.

# کار و چالاکییەکانی

# وەزارەتی پلاندانان

## کار و چالاکییە ئەنجامدراوەکان:

لەماوەی یەك ساڵی تەمەنی کارکردنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین کاری گرنگ ئەنجامدراون، هەرچەندە بەربەستی کۆرۆنا تەگەرەی بەردەوامی بۆ ئەنجامدانیان دروست کردووە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند چالاکییەکی گرنگ دەدەین بە شێوەیەکی پوخت و کورت کراو بەپێی ئاستەکانی هێڵە گشتیەکانی کارنامەی حکومەتی هەرێم کە بریتین لە:

### یەکەم: لە ئاستی چاکسازی

- **ئامادەکردنی سیستەمی ئەلەکترۆنی بەڕێوەبردنی خانەنشینی گشتی**

وەزارەتی پلاندانان یارمەتی تەکنیکی پێشکەشی وەزارەتی دارایی و ئابووری – بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی کردووە بۆ ئامادەکردنی سیستەمی ئەلەکترۆنی بەڕێوەبردنی خانەنشینی گشتی. ئەم سیستەمە ماوەیەکە کاری لەسەر دەکرێت و ئێستا لە قۆناغی کۆتاییدایە. ئەم سیستەمە هەموو زانیاریەکانی خانەنشینانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە خۆ دەگرێت، هەموو رێکارەکان لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی خانەنشینی یەکدەخات و مووچەی خانەنشینی دیاری دەکات بە پێی یاساکان.

- **ئامادەکردنی سیاسەت و ڕێنمایی تۆڕی پاراستنی خێزان لەسەر بنەمای هەژاری**

وەزارەتی پلاندانان یارمەتی تەکنیکی پێشکەشی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کردووە بۆ ئامادەکردنی سیاسەت و ڕێنمایی تۆڕی پاراستنی خێزان لەسەر بنەمای هەژاری. ئەم ڕێنماییە، رێسا و رێکاری تەکنیکی پێویست دابین دەکات بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و لایەنە هاوبەشەکانی بواری پاراستنی خێزان، بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆگرامی تۆڕی پاراستنی خێزان لە سەر بنەمای هەژاری.

### دووەم: لە ئاستی خزمەتگوزاری

- لە سەرەتای کابینەی نۆیەم ئەم کێشانەمان هەبوو لە پرۆژە وەستاوەکان.

- پرۆژەی وەزارەتەکان ١٢٩٧ پرۆژە بوو کە پێویستیان بە ٥ تریلۆن دینار هەیە.

- پرۆژەی گەشەپێدانی پارێزگاکان ١٣٨٨ پرۆژەیە کە پێویستیان بە ٤٠٠ ملیار دینار هەیە بۆ تەواو کردنیان.

- پێداچوونەوەمان کرد بە پرۆژەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە گرنگی ستراتیژیان هەبوو و ڕەزامەندی سەرۆکی حکومەتمان وەرگرت کە دووبارە دەست پێ بکاتەوە کە بریتی بوون لە ٦٠ پرۆژەی وەزارەتەکان لە سێکتەرەکانی (ریگاو بان، سایلوکان، بەنداو، کارەبا)، لەگەڵ ١٥٠ پرۆژەی پارێزگاکان، کە گرنگی درا بە تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی کە رێژەکانیان لە سەرەوەی ٨٥٪ و ٧٥٪ بوو، وە توانیمان بڕی ٢٠٤ ملیار دینار سەرف بکەین بۆ ئەم پرۆژانە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- هەولێر ٦٤ ملیار دینار ٪ ٣١.٤
- دهۆك ٥٢ ملیار دینار ٪ ٢٥.٥
- سلێمانی ٨٠ ملیار دینار ٪ ٣٩.٢
- هەڵەبجە ٨ ملیار دینار ٪ ٣.٩

**پرۆژە ستراتیژەکان بریتین بوون لە:**

- رێگای کەلار – دەربەندیخان
- رێگای کەلار – کفری
- رێگای هەولێر- رۆڤیا
- رێگای رۆڤیا – گوپال
- رێگای دوکان چوارقورنە
- ٣ سایلۆ لە ( کەلار، قوشتەپە ، بەردەرەش). ئەم ساڵ سایلۆی کەلار و قوشتەپە تەواو دەبن.
- بەنداوەکان ١٣ دانە (خۆرنەوازان، دێوانە، ئاقوبان، نازەنین، بانوی ئاقوبان، خەنس، چەمرگە، جەلی)

- **چالاکییەکان لە بواری گرێبەستە گشتییەکان:**

جگە لە ئەنجامدانی چەندین چالاکی وەك دەرچواندی بەڵگەنامە ستانداردەکانی کەمکردنەوە، هەروەها ئامادەکردنی پاشکۆی (- و - پێداچوونەوەی سکالا). وەزارەت هەر لەم بوارەدا هەڵساوە بە ئەنجامدانی (١٢) خولی جیاواز بۆ فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، ئیدارەی ڕاپەڕین) کە کۆی گشتی سوودمەندان بریتی بوون لە (٣١١) فەرمانبەری بەشداربوو.

- **چالاکییەکانی لە بواری پەرەپێدانی مرۆیی:**

خولەکانی ڕاهێنانی کیپا - KIPA لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە مانگی ٧ی ساڵی ٢٠١٩ تاوەکو ئێستا ئەنجامدراون، بریتی بوون لە (٥٦) خول کە (١٣٥٣) فەرمانبەری دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم تیایاندا بەشداربوون. جگە لەم خولانەی سەرەوە (٢٥) فەرمانبەر بە زەمالات بۆ خوێندن نێردراون بۆ وولاتانی مالیزیا و چین و هیندستان.

- **ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەك لەسەر کەرتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان:**

وەزارەتی پلاندانان یارمەتی تەکنیکی پێشکەشی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کردووە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەك لە سەر کەرتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان. ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لە هەڵسەنگاندنی دۆخی گوزەرانی جووتیارانی بوارە جیاوازەکانی کشتوکاڵ بە تایبەتی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، ئاژەڵداری، ماسی و بەرهەمە ئاوییەکان و سەرچاوەکانی دارستانی ناوچە گوندییەکان، هەروەها نیشاندانی زنجیرەی بەهای پێویست بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، ئاستەنگەکان، پێداویستییەکان و پێشنیارکردنی چارەسەرەکان.

- **ئامادەکردنی ڕەشنوسی یاسای کەرتی کارەبا هەرێمی کوردستان:**

وەزارەتی پلاندانان یارمەتی تەکنیکی پێشکەشی وەزارەتی کارەبا کردووە بۆ ئامادەکردنی ڕەشنوسی یاسای کەرتی کارەبا هەرێمی کوردستان. ئەم یاسایە یارمەتی دەردەبێت بۆ ڕێکخستنەوەی کەرتی کارەبا و ڕێگە خۆشکردن بۆبەشدارپێکردنی کەرتی تایبەت لە بوارە جیاوازەکاندا.

- ئەنجامدانی چەندین ڕووپێوو وۆرکشۆپ وەك: ڕووپێوی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان، وۆرکشۆپی ئامادەکرن و هەژمارکردنی نیشاندەری نیشتمانی هەژاری فرەنیشاندەر، وورکشۆپی ئەژمارکردنی نیشاندەری نرخەکانی خۆراك و دەیان ڕووپێوی دیکە. ئەمەی خوارەوەش دوو ڕوپێوی گرنگن ئەنجامدراون لە ماوەی دەستنیشانکراوی ئەم ڕاپۆرتە.

- **ڕووپێوی گەنجان:**

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە بارودۆخی گەنجان، ڕووپێوی هەرزەکاران ولاوان وئەنجامەکەی دەیان نیشاندەری گرنگی لێ دەرکەوت کە حکومەت بەگشتی دەتوانێ بەرچاوڕوونی هەبێت لە کێشەکانی گەنجان وپێویستیەکانیان.

- **ڕووپێوی پیشەسازی:**

بەردەوام بووین لە کۆکردنەوەی نیشاندەری ئابووری بەتایبەتی لەم بارودۆخەدا. لەم چوارچێوەیە ڕووپێوی دامەزراوە پیشەسازیە گەورە ومام ناوەندەکان جێبەجێ کرا و ڕاپۆرتەکە خرایە بەردەستی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی بۆ سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکەی و تێگەیشتن لە ئاستی چالاکی پیشەسازی لە هەرێم.

## سێیەم: لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدرال

ئەنجامدانی سەرژمێری لە عیراق: وەزارەتی پلاندانان لە ڕێگەی دەستەی ئاماری هەرێم چالاکانە بەشداری کردووە لە کۆبوونەوەکانی دەستەی باڵای سەرژمێری بۆ ئەوەی سەرژمێری ئەگەر کرا بە شێوازی زانستیانەو بە هەماهەنگیکردن بێت لە نێوان هەردوو لادا، چونکە سەرژمێری گەورەترین پرۆژەی حکومەتەو پەیوەندی بە هەموو سێکتەرەکانی ژیانەوە هەیە.

## چوارەم: لە سەر ئاستی ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان

لەم بوارەشدا وەزارەت بەپێی توانا لە گەڵ چەندین ڕێکخراو هانی ئەم بوارەی داوە بۆ ڕێز گرتن لە مافی ئازادی و دیموکراسی و هاوسەنگکردنی ژیان بە گشتی.

## پێنجەم: پەیوەندیەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

وەزارەتمان بەردەوام بووە لە کاری هەماهەنگی و هاوکاری لە گەڵ ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان بۆ هاوکاری کردنی تەکنیکی و راوێژکاری بۆ دامەزراوەکانی حکومەت، وە بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەت هەڵساوە بە هەماهەنگی کردنی ژمارەیەك لە ئاژانس و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان لەوانە: رێکخراوەکانی UNDP، GIZ، BMZ، IOM، GMAC، ETTC، UNFPA، UNESCO، AICS، JICA، KOICA، UNAMI، بە مەبەستی ئەنجامدانی پرۆگرامی پێویست بۆ پەرەپێدانی خزمەتگوزاریەکان و خزمەتکردنی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

## شەشەم: لە ئاستی ئابووری و داراییدا

**ئامادەکردنی چوارچێوەی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت:** چوارچێوەی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دەبێتە رێبەرێك بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان تا بتوانێت دەستنیشانی پرۆژەکانی هاوبەشی کەرتی گشتی- کەرتی تایبەت بکات و هەڵیان بسەنگێنێت و دایان بڕیژێت و دانوستانیان لەبارەوە بکات و هەروەها جێبەجێیان بکات و لە ئێستاشدا کاردەکرێت لەسەر ئامادەکرنی لیستی ئەو پرۆژە گرنگانەی کە دەتوانرێت بە شێوازی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت جێبەجێ بکرێن.

# کار و چالاکییەکانی

# وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

## یەکەم: ئاستی چاکسازی

- ئامادەکردنی پێناسەی کار (الوصف الوظيفي) و کارنامەی کار (لائحة العمل) لە ڕووی کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە دیوانی وەزارەت بە مەبەستی شێوازی بەڕێوەبردنی و باشترکردنی خزمەتگوزاری و ڕێکخستنی ئیش و کارەکان.
- گەڕاندنەوەی داهات بۆ خەزینە، ئەویش بە گەڕانەوەی زیاتر (١) ملیار دینار لە مووچە کەم ئەندامان.
- گێڕانەوەی زیاتر لە دوو ملیار دیناری عێراقی کەم ئەندامانی هەڵەبجە بۆ خەزێنەی دەوڵەت.
- کاراکردنەوە و دانانی سندوقی سکاڵا لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەت بەمەبەستی چاکسازی لە کاری وەزیفی و باشترکردنی خزمەتگوزاری.
- لیژنەی بەدواداچوون بۆ هەواڵ و زانیارییەکانی ڕاگەیاندن بۆ سەرجەم فەرمانگەکانی وەزارەت بە مەبەستی باشتر بەڕێوەبردن و چاککردنی خزمەتگوزارییەکان.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بە شێوازێکی نوێ جیا لە شێوازی پێشوو کە تەنها چەند ڕێنمایییەکی وەزارەتی دارایی هەبوو بۆ دیارکردنی سوودمەندان و، کارکردن لەگەڵ وەزارەتی پلان و هەردوو ڕێکخراوی بانکی نێو دەوڵەتی و UNDP و شارازی نێودەوڵەتی بۆ گەیشتنە قۆناغی کۆتایی ئەم ڕەشنووسە.
- پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری شایستە و کاراکردنی پرۆسەی چاکسازی بۆ بەندییەکان، لە میانەی شەش چاکسازی لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك، کە زیاتر لە (٥٣٠٠) پێنج هەزارو سێ سەد بەندی لە خۆ دەگرن.

## دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

- گەڕانەوەی مووچەی کەمئەندامان لە گشت شارەکانی هەرێمی کوردستان، تیایدا (١٢٦٨٩) کەمئەندام سوودمەندبوون، کە (١،٧٠٤،٣٠٠،٠٠٠) یەك ملیار و حەوت سەد و چوار ملیۆن و سێ سەد هەزار دینار بۆی تەرخانکراوە.
- سیاسەتی پارستنی منداڵ، لەبواری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەگشت شارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سوودمەندبوونی گشت منداڵان.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای کار و سیاسەتی بەکارخستن بۆ بەکارخستن و دەستەبەری کرێکاران بە مەبەستی خزمەتکردنی زیاتری کرێکاران و پاراستنی مافی کرێکار و خاوەن کار و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری.
- کاراکردنەوەی صندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە مەبەستی کۆکردنەوەی داهاتی دەستەبەری لە یەك صندوق وەبەرهێنان و یەکخستنی داهات.

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

- هەنگاونان بەرەو دەستپێکردنەوەی پرۆژەی قەرزە بچووکەکانی لاوان بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و دامەزراندی پرۆژی بچووك و رەخساندنی هەلی کار بۆ (٩٥٠٠) گەنج و رەخساندنی هەلی کار بە (ناڕاستەوخۆ) بۆ زیاتر لە (٢٥٠٠٠) کەس یاریدەدەر لە پرۆژە.

- پێدانی (٥١٥٠) ڤیزەی کارکردن بە کرێکاری بیانی، بەو کەسانەی مەرجەکانی کارکردن لە هەرێمی کوردستان دەیان گرێتەوەو، رەتکردنەوەی هەر داواکارییەکی ڤیزاش کە مەرجەکانی کارکردنی تێدا نەبێت.

- هەموارکردنەوەی یاسای ژماری (٢) ی ساڵی ٢٠١١ ی تایبەت بە سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان، بە شێوازێك کە گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی ئێستای هەرێم.

- هەموارکردنەوەی رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بە سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچوکەکانی لاوان بە مەبەستی سوودمەند بوونی ژمارەیەکی زیاتر لە گەنجان لەسەر بنەمای هەموارکردنەوەی مەرجەکانی پێدانی پێشینە لە یاساکەدا (دابینکردنی هەلی کاری زیاتر).

- هەموار کردنەوەی رێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ی تایبەت بە کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بە مەبەستی دەستەبەر کردنی ژیانی شایستە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت.

- دەرکردنی رێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠١٩ ی تایبەت بە هێزی جێبەجێ کردن لە چاکسازییەکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆك بەمەبەستی پاراستنی سزادراوان.

- هەموارکردنەوەی رێنمایی ژمارە (٢) سالی ٢٠١٩ تایبەت بە مۆڵەتی سزادراوان بۆ سوودمەند بوونی خێزانی سزادراوان.

- ڕاهێنان و بەکارخستنی هێز و توانای سزادراوان لە چاکسازی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی ئامادەکردنی سزادراوان بۆ دەستپێشخەری لە دامەزراندنی پرۆژە لە دوای ئازاد بوونیان.

- هەموارکردنەوەی رێنمایی ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٨ تایبەت بە سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم بۆ چاودێری کەمئەندامان بە مەبەستی گرنگیدان بە کەرتی تایبەت لەم بوارە.

- بەخشینی مۆڵەتی بەخێوکەر وەکو مافێکی کەمئەندامان بە مەبەستی کەم کردنەوەی ئەرکی خاوەن پێداویستی تایبەت.

- ئامادەکردنی سیستەمی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە بواری چاودێری خێزان و کەمئەندامان بە مەبەستی کەم کردنەوەی رۆتین و لادانی ناوی دوبارە.

- تۆمارکردنی ناوی بێکاران بۆ دۆزینەوەی هەلی کار کە تاکو ئێستا ٤٠٠ کەس تۆمار کراون (٧٥) کاریان بۆ دۆزراوەتەوە.

- گشتاندنی کارئاسانی بۆ مافی کەمئەندامان بە مەبەستی بارسوکی بە بەخشین لە رسوماتی خوێندن و کارئاسانی لە باڵەخانەکان.

- ئامادەسازی بۆ دووبارە ناونووسینی کەمئەندام بە مەبەستی سوودمەندبوونی کەسانی شایستە.

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

- تەواوکردنی کارەکانی باڵەخانەی ٩ وەزارەت بە مەبەستی کارئاسانی بۆ هاووڵاتیان و کەمئەندامان و باشتر کردنی ڕێکخستنی کارگێڕی.
- گێڕانەوەی مووچەی (١٣٠٠٥) کەمئەندامان کە دوای پشـــکنینەوەی پزیشـــکی شـــایســـتە بوون یارمەتی دارایی وەربگرن، (٨٩٣٩) کەمئەندام بە هـاریکـاری مـانگـانەی (١٥٠٠٠٠) ســـەدو پەنجـا هەزار دینـار چونکە هیچ داهـاتێکیـان نییە، هەروەهـا (٤٠٦٦) کەمئەنـدام بە هـاریکـاری مـانگـانەی (١٠٠٠٠٠) ســـەد هەزار دینـار کە سەرچاوەی تری داهاتیان هەیە.
- خۆئامادەکردن بۆ تۆمارکردنی ناوی نوێی کەمئەندامان کە مەرجەکانی شایستەبوونی هاوکاریان تێدایەو، پێشتر ناونووس نەکراون.
- بەکارخستنی سیستمی داتابیس بۆ زانیاری کەمئەندامانی سوودمەند لە حکومەت، کە بەشێوازێك لەسەر ئاستی کوردستان یەك فۆرمی هاوشێوە پیادە بکرێت بۆ زانیارییەکان و وەرگرتن و ڕەتکردنەوەی سوودمەندبوونی کەمئەندامان لە ڕێگای ئەلکترۆنیەوە بێت.
- ڕاگرتنی دەوامی ئاسایی لە دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و پەیمانگاکانی فێرکردن و سەنتەری ئۆتیزم لەگەڵ فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران، لە میانەی ڕووبەڕوو بوونەوەی گرفتی ڤایرۆسی کۆرۆناو بەردەوام بوون لە خزمەتگوزارییەکانی چاکسازییەکان و خانەکانی چاودێر و ماڵەکانی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو.
- بەخشینی (الغرامة التاخيرية) بۆ سەرجەم سوودمەندانی قەرزی بچووك لە ٢٠٢٠/١/١ تاکو ٢٠٢٠/٦/١، وەك پاڵپشتەیەك و کار ئاسانیەك بۆ سوودمەندانی قەرزی بچووك، بە هۆی ئەم بارە ناهەموارەی لە کوردستان هەیە.
- چارەسەرکردن هاوکاری کردنی خێزانێکی کەم دەرامەت بۆ ڕێگەگرتن لە بەخشینی منداڵەکانی لەبەر نەبوونی، کە بە هیمەتی وەزارەت لە ڕێگای خێرخوازان خانووەکی بۆ دابینکرا لە پیرەمەگروون.
- گۆڕینی سیستمی کاری هێلی گەرمی فریاکەوتنی منداڵان (١١٦) لە سیستمی (٨) کاتژمێری خزمەت بۆ (٢٤) کاتژمێر، تاکو بتواندرێت بە شێوازێکی بەردەوام بە هانای منداڵانەوە بێت و خزمەتگوزاری پێویستیان پێشکەش بکات.
- کـارکردنی جـدی لەســـەر پڕۆژەی خزمەت کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ئەنجـام دەدرێت و ســـەرجەم دامودەزگاکانی وەزارەتی کار کە خزمەتگوزاری پێشـــکەش هاووڵاتیان دەکەن لەم ســـایتە زانیاری تەواویان لەســـەر بڵاو دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی ســـەرجەم هاووڵاتیان لە خزمەتگوزارییەکان و پێداویســـتی مامەڵەو..هتد ئاگاداربن.

## سێیەم: ئازادی و دیموكراسی و پێكەوەژیان

- سیستەمی خێزانی جێگرەوە لە بواری پارێزگاری منداڵ لە شارەكانی هەرێم بە مەبەستی پارێزگاری كردنی منداڵ لە ڕووی دەرونی و تەندروستی و پەروەردەییەوە و دابینكردنی ئارامگەیەكی گەرمی خێزانی بۆ منداڵ.
- ڕێكەوتنامەی لێك تێگەیشتن لەگەڵ ڕێكخراوی (ستێپس)ی بەریتانی لە بواری خێزانی جێگرەوە بە مەبەستی دابینكردنی سەرجەم پێداویستییەكانی منداڵ لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە.
- چاككردنی ڕەوشیماڵەكانی دالدەدانی ئافرەتان لە ڕووی خزمەتگوزاری شەڵتەر، بە مەبەستی بەسیستەم كردنی كاروباری خزمەتگوزارییەكانی شەڵتەری دالدەدانی ژنانی هەڕەشە لێكراو.
- دانانی سیستمی داتابیس بۆماڵەكانی دالدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێكراو، بە شێوازێك كە زانیاری سەرجەم كەیسەكان لە دیوانی وەزارەت دەبێت و، لەسەر ئاستی كوردستان بە یەك سیستەم كاردەكرێت.
- ئامادەكردنی ڕەشنوسی یاسایی مافی منداڵ بە مەبەستی پارێزگاری كردنی منداڵ لە ڕووی دەرونی و تەندروستی و پەروەردەییەوە.
- بەدواداچوونی سیاسەتی پاراستنی منداڵ لە ئەنجوومەنی وەزیران، كە بە بناغەی كاری بواری منداڵان دادەندرێت لەسەر ئاستی هەرێم و بە شێوازێك ئامادەكراوە كە گونجاو بێت لەگەڵ بنەما نێودەوڵەتیەكانی بواری منداڵان.
- چالاك كردنی یەكەی جێندەر لە گشت شارەكانی هەرێم بە مەبەستی كەم كردنەوەی جیاكاری ڕەگەزی.

## چوارەم: پەیوەندیی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێراقی فیدراڵ

دروستكردنی پردی پەیوەندی لەگەڵ وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی لە حكومەتی فیدراڵ بە مەبەستی گۆڕینەوەی بیر و ڕاو و دروست كردنی هەماهەنگی.

## پێنجەم: ئاستی پەیوەندییەكانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

- پتەوتركردنی پەیوەندی نێوان وەزارەت و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان و ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و ڕێكخراوە نێوخۆییەكان و بەستانەوەیان بە دیوانی وەزارەت و پێشكەش كردنی كار ئاسانی بۆ چالاكی هاوبەش و سوود بینین لە توانستەكانیان بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی توانستی كارمەندان و ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەشی بە سوود بۆ هاوولاتیان، كە تەنیا لەلایەن ڕێكخراوەكانەوە (٧٥) سەردانی فەرمی وەزارەت كراوە.
- كاركردن لەگەڵ ڕێكخراوەكان بە گشتی و یونسێف بە تایبەتی، بە مەبەستی پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری باشتر بە ئاوارەكان، لە بواری هۆشیاركردنەوەو چارەسەركردنی كێشەكانیان و هاریكاری كردنیان لە ڕووی ماددی بە مەبەستی بەردەوام بوونی منداڵەكانیان لە پرۆسەی خوێندن، لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێر و گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی لە پارێزگاكان.

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

- ئەنجامدانی چەندین کاری هاوبەش لە نێوان وەزارەت و زانکۆی ستانفۆرد لە هەولێر، وەك هاریکاری خانەکان و هۆشیارکردنەوەی نابیستان لە ڕێگای سیمینارو....هتد.
- پێشوازی کردن و کارئاسانی لە بواری کاری وەزارەت بۆ کونسوڵخانەکان و نوێنەرە جیاجیاکان لەسەر ئاستی کوردستان و، بەشداربوون لە بۆنەو مەراسیمەکانیان و پێشوازی کردن لە (٩) باڵیۆز و کونسوڵخانە لە دیوانی وەزارەت.
- بەشداری کردن لە سەرجەم پرس و بابەتەکانی تایبەت بە ژنان و منداڵان و توێژە جیاکانی کۆمەڵگا، لە کۆنفرانس و سیمیناو وۆرکشۆپی جیاجیاو، بینینی ڕۆڵی بەرچاو لە هەماهەنگی لە ئامادەکردنی و بەڕێوەبردنیان.
- هاوکارو پەیوەندی پتەوبوون لەگەڵ ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان بۆ سەرجەم بابەتەکانی جێندەری و ئەو لیژنانەی بە هاوبەشی کارەکان ئەنجام دەدەن و ڕۆڵ بینین لە سەرخستنی کارەکان.

## شەشەم: ئاستی کارگێڕی

- ئامادەکردنی پلانی ستراتیژی چوار ساڵە بە مەبەستی باشترکردنی گشت خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتمان.
- بەسەرکردنەوەی دام و دەزگاکانی وەزارەت بۆ ٦٠ فەرمانگە لە هەیکەلی وەزارەت بە مەبەستی هاندان و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان.
- ئامادەکردنی پلانی ڕاهێنانی فەرمانبەران بۆ ماوەی ٣ ساڵ بە مەبەستی باشتر کردنی ئاستی فەرمانبەران لە ڕووی کارگێڕی و هونەرییەوە.
- سەر لە نوێ دارشتنەوەی بەڕێوبەرایەتی و بەشەکانی وەزارت کە گونجاو بێت لەگەڵ ڕەوشی خزمەتگوزاری بە هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی ڕۆتین لە کاتی ئەنجامدانی مامەڵەکانیان.
- ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە بەڕێوەبەر و بەرپرسی بەشەکان لە چاکسازییەکان و بەڕێوبەرایەتییەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، بە لەبەرچاو گرتنی لێهاتوویی کارمەندان و دانانی کەسی شیاو.

# کار و چالاکییەکانی

# وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

## یەکەم: ئاستی چاکسازی

- ڕێکخستنەوەی کاروبارەکانی وەزارەت و دانانی پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەت و دەرکردنی چەند ڕێنماییەك بۆ ڕێکخستنەوەی فیستیڤاڵەکان و یارمەتیدانی سەنتەر و گروپە هونەرییەکان.
- هەموارکردنی ڕێنمایی مۆڵەت پێدانی یانە وەرزشیەکان.

## دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

- خزمەتگوزاری کتێبخانە گشتییەکان.
- خزمەتگوزاری هونەری و ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان.

## سێیەم: ئاستی پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا

وەزارەتمان پەیوەندی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی ڕۆشنبیری و شوێنەوار و وەزارەتی وەرزش و لاوانی بەغدا هەبووە.

وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە وەزیری وەرزش و لاوانی بەغدا کرد و بەشداری کردنەوەی پاڵەوانیەتی ڕۆژئاوای ئاسیایان کرد کە هەڵبژاردەکانی (سعودیە، کویت، بەحرێن، ئوردن) لە یاریگای شەهید فەرەنسۆ هەریری لە شاری هەولێر ئەنجامدرا.

## چوارەم: ئاستی ئازادی و دیموکراسی و پێکەوەژیان

لە زۆربەی کارو چالاکییەکانی وەزارەتماندا بایەخ بە بنەماکانی ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان دراوە، چالاکییەکانی گوزارشتی لە خواستی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان کردووە. هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سریانی و تورکمانی چەند چالاکییەکیان ئەنجامداوە کە کلتوری جیاوازی ئەوانەی تێداخراوەتە ڕوو.

## پێنجەم: پەیوەندی هەرێم و نێودەوڵەتی

بەڕێز وەزیری رۆشنبیری و لاوان لەگەڵ قونسڵی زۆربەی وڵاتاندا کۆبووەتەوە بۆ کاری هاوبەشی ڕۆشنبیری و هونەری و یاداشتی لێك تێگەیشتن لەگەڵ هەردوو ڕێکخراوی (دانیال میتەران - لیولا گرانك) فەرەنسی ئیمزا کرا بۆ کاری هاوبەش.

- وەزارەتمان بەشداری پێشانگای کتێبی نێودەوڵەتی لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا و شاری سنەی ڕۆژهەڵات کردووە. لە خشتەی هاوپێچدا وورده کاری کارو چالاکیەکان بە زمانی ژمارە خراوەتە ڕوو.

| ز | جۆری چالاکی | دیوان | ب.گ. هەولێر | ب.گ. سلێمانی | ب.گ. دهۆک | ب.گ. هەڵەبجە | ب.گ. گەرمیان | ب.گ. وەرزش | ب.گ. لاوان | ب.گ. تورکمان | ب.گ. سریان | ب.گ. کتێبخانە گشتییەکان | ب.گ. چاپ و بڵاوکردنەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | موزیک | ٤ | ١٤ | ٧ | ٤ | ٤ | ١٨ | | ٤ | | ٣ | | |
| ٢ | شانۆ | ٣ | ٤ | ٦ | ٧ | ٣ | ١٧ | | | | ١ | | |
| ٣ | پێشانگەی شێوەکاری و فۆتۆگراف | ٨ | ١٨ | ١٢ | ١١ | ٣ | ٧ | | ٥ | | | | ٣ |
| ٤ | سینەما | ٣ | ١ | ١٨ | | | ١ | | | | | | |
| ٥ | کردنەوەی هۆڵ | ٢ | | | ٢ | ١ | | ٢ | ١ | | | | |
| ٦ | کلتوور | | | ٤ | | | ٢ | | ١ | | ٢ | | |
| ٧ | وەرزش | ٣ | | | ١ | | | ٣ | ٢٧ | ١ | | | |
| ٨ | خول و وۆرک شۆپ | | | ٢ | ١٠ | ٢ | ٤ | | ٥٧ | ٣ | ٢ | ٢ | ١١ |
| ٩ | کۆنفرانس و سیمینار | ١٠ | ١٢ | ٥ | ٣١ | ٥ | ٧ | | ١٧ | ١ | ٦ | ٢١ | ٥ |
| ١٠ | ڕێزلێنان | ٤ | ٦ | ٤ | ٥ | ٣ | ٧٦ | | ٥ | | | | ٢ |
| ١١ | دیدار و پەیوەندی | ١٤٩ | ٥١ | ٣٠ | ٢ | ١ | ٢ | ٩ | ٢ | | ١ | | |
| ١٢ | یاد و پەیام | ٧١ | ١٣ | ٢ | | ٤ | | | ١ | | | | ٧ |
| ١٣ | کتێب | ٣ | | ٣٠ | ٨ | ٨ | ٢ | | ٣ | | ٤ | ١ | ٧ |
| ١٤ | هەڵمەتی وشیارکردنەوە | ٢١ | ١ | | ١ | | ٢ | | | | | | |
| ١٥ | چاکسازی | ٤ | | | | | | | | | | | |
| ١٦ | پڕۆژەکان | ١٥ | | | | | | | | | | | |
| ١٧ | چالاکی جۆراوجۆر | ٢١ | ١٤ | ١٠ | ٢ | ٧ | | ٥ | ١٥ | ٢ | ٦ | ٦ | ١٣ |
| | کۆی گشتی | ٣٢١ | ١٣٤ | ١٣٠ | ٨٤ | ٤١ | ١٣٨ | ١٩ | ١٣٩ | ٧ | ٢٥ | ٣٠ | ٤١ |

# کار و چالاکییەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

## یەکەم: ئاستی چاکسازی

- جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی پەیڕەوی ژمارە (٤)ی ســـالّی ٢٠٢٠ کە تایبەتە بە جێبەجێ کردنی یاســـای چاکســـازی و پێکهێنانی لیژنەی چاکســـازی وەزارەت بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٧٣٤) لە ٢٠٢٠/٢/٢٤ و، پێکهێنانی لیژنە تایبەتمەندەکانی تری وەزارەت.
- پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ مەبەستی پێداچوونەوە و هەمووارکردنی گشت یاسا و ڕێنمایی و لیژنەکانی وەزارەت.

## دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

- پێدانی کرێی خوێندنی کوڕ و کچی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانی سیاسی لە زانکۆ و پەیمانگاکان و قوتابخانەکان لەلایەن لیژنە تایبەتەکانی سەربە وەزارەتمان بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٧ - ٢٠١٨.
- پێدانی منحەی کەســوکاری شــەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی ســیاســی و بەخێوکەر و پێدانی پارەی نەخۆش، هتد... بەشێوەی مانگانە.
- پێدانی نوســراوی پشــتگیری بە کەســوکاری شــەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی ســیاســی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ کارئاسانی لە کاری ڕۆژانەیان.
- لەسەر داوای وەزارەتمان وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە (٧٧٠٨ ) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٥ بۆ تاپۆ کردنی ئەو خانوو و زەویانەی کە دابەش کراون بەســەر کەس و کاری شــەهیدان و زیندانیانی ســیاســی، ســەبارەت بەم خاڵە کۆبوونەوەیەکی ســێ قۆڵی لەگەڵ هەردوو بەڕێزان وەزیری داد و وەزیری شـــارەوانی و گەشـــتوگوزار ئەنجامدراوە و کۆنووســـێکی هاوبەش واژوو کراوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٩.
- کۆبوونەوەی تایبەت بە دابەشــکردنی زەوی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار و بەڕێز پارێزگاری هەڵەبجە لە شــاری هەڵەبجە.
- ڕۆژانە دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی.
- کۆبوونەوە لەگەل لیژنەی پێشـمەرگە و ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردسـتان بە مەبەسـتی هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتمان و لیژنەی ناوبراو لە دیوانی وەزارەت.
- سەردانی مەیدانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدانی پارێزگای هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدانی پارێزگای دهۆك و دەســـتەی لێکۆڵینەوەو بە بەڵگەکردن لە دهۆك و پارێزگای هەڵەبجە و پارێزگاری ســـلێمانی. هەروەها ســـەردانی مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ بە مەبەســـتی دیاریکردنی کێشـــە و گرفتەکانی مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ .

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

- کۆبوونەوە و واژوو کردنی کـــــــــۆنووس لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بە مەبەستی گواستنەوەی دۆسیەی شەهیدانی شەری تیرۆری داعش لە وەزارەتی پێشمەرگە بۆ وەزارەتمان.

## سێیەم: ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

- دەســــتیشــــان کردنی کێشـــە هەڵواســــراوەکانی وەزارەتمان کە تایبەت بوون بە حکومەتی فیدڕاڵی و بەرزکردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەکو گواستنەوەی مووچەی زیندانیانی سیاسی.
- هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی بیابانی بادیەی پارێزگای ســـــەماوە کە نزیکەی (١٧١) ڕوفاتی ژن و منداڵی تێدا دەرهێندراوە کە ئێســــتا لە پزیشـــــکی دادوەری بەغدا پارێزراون و ئامادەکاری کردن بۆ هەڵدانەوەی گۆڕی دووەم و ســــێیەم و، هێنانەوەی ڕووفاتەکانیان بە هەماهەنگی لەگەڵ ســــەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی شــــەنگال بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی نیشــــتیمانی عێراقی گۆڕە بەکۆمەڵەکان.

## چوارەم: ئاستی ئازادیی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان

- مەراسیمی یادکردنەوەی جینۆسایدی بارزان لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٣١.
- مەراسیمی یادکردنەوەی  جینۆسایدی ئیزدییەکان لە ٢٠١٩/٨/٣ لە شاری دهۆك.
- بەشداری کردنمان لە مەراسیمی یادکردنەوەی پەنجا ساڵەی تاوانی کۆمەڵکوژی گوندی صۆڕیا لە قەزای زاخۆ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٧.
- مەراسیمی یادکردنەوەی شەهیدانی خێلی حەمە لە ٢٠١٩/٩/٢٣ لە شاری سلێمانی.
- یادکردنەوەی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی بەهاوکاری قائیمقامیەتی قەزای دۆکان.
- بەهۆی ئەنجام نەدانی یادی کیمیابارانی هەڵەبجە، دانانی تاجە گوڵینە لەســــەر مەزاری قوربانیان لە ٢٠٢٠/٣/١٦.
- مەراسیمی تاجە گوڵینە لە مۆنۆمێنتی چەمچەماڵ بۆ یادی ئەنفال لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/١٤.
- مەراسیمی تاجە گوڵینە لە قەلادزێ بۆ یادی شەهیدانی قەلادزێ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٢٤.
- ئەنجامدانی مەراسیمی یادی شەهیدانی (١)ی شوبات لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/١ بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکان و نوێنەری وولاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان.

- کوبۆنەوەمان لەگەل لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە دیاری کردنی رۆژێك بۆ جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی و بەژداریمان لە دانیشـتنی نا ئاسـایی پەرلەمانی کوردسـتان ژمارە (٣) سـەبارەت بە دیاری کردنی رۆژی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٣.

## پێنجەم: ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

- دیدار و کۆبوونەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاری و هەماهەنگی لەگەل ژمارەیەك ڕێکخراوی نێودەوڵەتی سـەبارەت بە کەیسی ونبووان و شەهیدان و ئەنفالکراوان و کیمیاباران و زیندانیانی سیاسی.
- دیدارو چاوپێکەوتن و وەرگرتنی داواکاری و پێشـنیاری ژمارەیەك لە ڕێکخراوی تایبەت بە شـەهیدان و ئەنفالکراوان و کیمیاباران و زیندانیانی سیاسی تایبەت بە مافەکانی کەسوکاریان.

## شەشەم: ئاستی کارگێری

- جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (٣٣)ی ئەنجوومەنی وەزیران تایبەت بە داڕشتنەوەی پەیکەری وەزارەت.

# کار و چالاکییەکانی
# وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

## یەکەم: پرۆژە ستراتیژیەکان

١- پرۆژەی بەبازاڕ کردنی گەنم لە هەرێمی کوردستان بە دروستکردنی سێ کارگەی گەورە لە هەولێر، سلێمانی و دهۆك بە بڕی (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار تۆن گەنم لە ساڵێکدا وەردەگرنەوە بۆ دروستکردنی ئاردی سپی و هەموو ئەو خۆراکانەی لە گەنم بەرهەم دەهێنرێت.

٢- پرۆژەی بەرهەمهێنانی شەکر لە چەوەندەر لە سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین، مامەڵە سەرەتاییەکانی تەواو بووە و لە داهاتوویەکی نزیکدا دروستکردنی پرۆژەکە دەست پێ دەکات و کارگەکە گرێبەست لەگەڵ (٨٠٠٠) هەشت هەزار جوتیار ئەنجام دەدات.

٣- بەکرێدانی کۆمەڵگەی گەنجینەکانی گردەبۆر بە کەرتی تایبەت بە ٤٠٦ ملیۆن دیناری ساڵانە کە لە ساڵی ٢٠١٠ەوە تەواو بووە و نەخرابوونە گەڕ، بە مەبەستی هەڵگرتنی (خزن) بەرهەمی زیادەی جوتیاران و پاراستنیان لە ڕزین و خەساربوون و خستنەوە بازاڕ لەکاتی پێویستدا لەگەل دامەزراندنی چەندین کارگەی جۆراوجۆر، هەروەها لەم پرۆژیە (٤٠٠) چوار سەد هەلی کار بۆ دەرچووانی کۆلیژەکانی کشتوکاڵی ڕەخسێنرا.

٤- پرۆژەی متکاملی بەرهەمهێنانی هێلکەی خواردن لە پارێزگای سلێمانی بە ووزەی بەرهەمهێنانی یەك ملیۆن و نیو هێلکە لە ڕۆژێکدا، کە پێداویستی پارێزگاکە دابین دەکات، مامەڵە سەرەتاییەکانی تەواو بووە و لە داهاتوی نزیکدا دەست بە دروست کردنی دەکرێت.

٥- پێدانی مۆڵەت بە پرۆژەیەکی هێلکەی خواردن لە خەلەکانی پارێزگای سلێمانی بە توانای بەرهەمهێنانی ٣٧ ملیۆن هێلکە لە ساڵێکدا.

٦- پێدانی مۆڵەتی دروست کردنی پرۆژەیەکی ستراتیجی متکامل گاوداری بۆ بەرهەم هێنانی شیر و گۆشت لە یاران بەگ.

٧- پرۆژەیەکی ستراتیژی لە هەولێر بۆ بەرهەمهێنانی مریشکی فرێش بە سیستەمی ڤاکیوم.

٨- پرۆژەی هێلکەی خواردن بە وزەی ٥٠٠ هەزار هێلکە لە یەك رۆژدا لە پارێزگای هەڵەبجە.

٩- پرۆژەی بەرهەمهێنانی ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار پەنجە ماسی لە پارێزگای دهۆك.

١٠- ئامادەکردن و ناردنی پلانی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ بۆ ساڵانی ٢٠٢٠-٢٠٣٠ بۆ دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنان لەبواری کشتوکاڵیداو برەودان بە پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان.

١١- ئامادەکردنی نەخشەی بەرهەمی کشتوکاڵی لەسەر ئاستی پارێزگاکانی کوردستان.

**دووەم: کۆی ئەو پرۆژانەی لە بواری پەلەوەری و کشـــتوکاڵیدا لە ماوەی یەک ســـاڵدا مۆڵەتیان پێدراوە (١٧٨) پرۆژەیە بەم شێوەی لە خشتەکە روونکراوەتەوە**

| ژ | جۆری پرۆژە | هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەڵەبجە | گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پەلەوەر | ١٤ | ٩٠ | ١١ | ١ | ١٢ | ١٢٨ |
| ٢ | ماسی | ٢ | ٥ | ٢ | -- | ٦ | ١٥ |
| ٣ | قارچ | -- | ١ | -- | -- | ١ | ٢ |
| ٤ | هەڵێنەری جوچك | ٤ | ٢ | ١ | -- | -- | ٧ |
| ٥ | قەڵەوکردنی گۆلك | ١ | ٢ | ٤ | -- | -- | ٧ |
| ٦ | كارگەی شیر | -- | -- | -- | -- | ١ | ١ |
| ٧ | بناری چیاکان | -- | ١٤ | -- | -- | -- | ١٤ |
| ٨ | مریشـــكی دایکانە بۆ هێلکەی تروکاندن | -- | -- | -- | -- | ١ | ١ |
| ٩ | مانگای شیر | ١ | ١ | -- | -- | ١ | ٣ |
| ١٠ | كارگەی ئالیك | ١ | -- | -- | -- | | ١ |
| ١١ | كارگەی شیرەمەنی | ١ | -- | -- | -- | ١ | ٢ |
| ١٢ | باخی زەیتوون | ١ | -- | -- | -- | -- | ١ |
| ١٣ | قەڵەوکردنی مەڕ | -- | -- | ١ | -- | -- | ١ |
| ١٤ | سەربڕخانەی پەلەوەر | --- | --- | --- | -- | ١ | ١ |
| ١٥ | **کۆی گشتی** | ٢٥ | ١١٥ | ١٩ | ١ | ٢٤ | ١٧٨ |

## سێیەم: گرێبەستی کشتوکاڵی

| ئەنجامدانی گرێبەستی کشتوکاڵ | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەڵەبجە | گەرمیان | کۆی گشتی |
| ١١٠ | ٢٩ | ---- | ١٠ | ٤٨ | ١٩٧ |
| گۆڕینی گرێبەستی کشتوکاڵی بۆ میراتگرانی جوتیارانی کۆچکردوو | | | | | |
| هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەڵەبجە | گەرمیان | کۆی گشتی |
| ١٧ | ١٢ | ---- | ٣ | ٧ | ٣٩ |
| گۆڕینی بڕیاری دابەشکردن لەسەر ناوی جوتیارانی کۆچکردوو | | | | | |
| هەولێر | سلێمانی | دهۆک | هەڵەبجە | گەرمیان | کۆی گشتی |
| ٢٥ | ١٠ | ---- | ١ | ١٥ | ٥١ |

| هەڵوشانەوەی گرێبەستی کشتوکاڵی و دابەشکردنی زەوییەکە بەسەر جوتیارانی پێویست | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | سلێمانی | دهۆك | هەڵەبجە | گەرمیان | کۆی گشتی |
| ١ | ١ | ---- | ---- | ---- | ٢ |

## چوارەم: دابەشکردنی قڕکەر و پەینی کیمیاوی

| ژ | جۆر | هەولێر | سلێمانی | دهۆك | هەڵەبجە | گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەڵمەتی سن و کولە | ٩٩،٥٠٠،٠٠٠ ملیۆن دینار | ٩٩،٥٠٠،٠٠٠ ملیۆن دینار | ٩٩،٥٠٠،٠٠٠ ملیۆن دینار | ٣٥،٥٠٠،٠٠٠ ملیۆن دینار | ٨٢،٥٠٠،٠٠٠ ملیۆن دینار | ٤٠٧،٠٠٠٠،٠٠٠ ملیۆن دینار |
| ٢ | ١٧ ملیار دینار تەرخانکرا بۆ پاڵپشتی کشتوکاڵی بۆ پرۆژەکان و کڕین و دابەشکردنی پەین، پێداویستی پەرەپێدانی پرۆژەکانی هەنگ و هەروەها ئالیکی ئاژەڵی. | | | | | | |

## پێنجەم: توێژینەوە و ڕێنمایی و دابەشکردنی بنەتۆ

١- دابەشکردنی ٥٥٠٠ تۆن لە بنەتۆی گەنم بەسەر نزیکەی ٤٥٠٠ جوتیار.

٢- خاوێن کردنەوەی ٢١١٩ تۆن گەنمی بنەتۆ بەنرخی پاڵشتی کراو بۆ جوتیاران.

٣- ئەنجامدانی ١٦٣ توێژینەوە.

٤- ئەنجامدانی ١٤٤٣ خول، ڕاهێنان، ڕونکردنەوەی کێڵگەی، سەردانی کێڵگەیی، پێشەنگا، ڕۆژی کێڵگەیی، سیمینار و پرۆژە بۆ فەرمانبەران و جوتیاران ئەنجامدراوە.

## شەشەم: لە کار و چالاکییەکانی وەزارەت بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی کەرتی باخداری و ڕووەکی ئەم چالاکییانەی خوارەوە ئەنجام دراون:

١- بەرهەمهێنان و دابەشکردنی نزیکەی (٤٠٠٠٠٠) چوارسەد هەزار نەمامی باخداری بۆ جوتیاران بە پاڵپشتی دارایی.

٢- بەرهەمهێنان و دابەشکردنی نزیکەی (٦٠٠٠٠٠) شەش سەد هەزار نەمامی دارستان بەسەر هاووڵاتیان و فەرمانگە و دەزگا حکومییەکان.

٣- خزمەتکردن و بەردەوامیدانی نزیکەی ( ٣٠٠٠٠) سی هەزار دۆنم دارستانی دەستکرد.

٤- دابەشکردنی پەین و نایلۆن و قڕکەر بۆ (٤٠٠) جوتیاری خاوەن خانووی پلاستیکی و دابەشکردنی (٤٨٥٠) تۆپ نایلۆن بەسەریاندا.

٥- پاڵپشتی کردنی (٥٦٠) جوتیاری خاوەن باخی زەیتون، سێو، هەنار بە دابەشکردنی پەین، قڕکەر، مقەست، پەیژە و سۆندەی ئاودێری.

٦- دابینکردنی (١٨) ئامێری پەتاتە چاندن و هەڵکەندن لەلایەن ڕێکخراوی GIZ و پاڵپشتی کردنی جوتیاران بەو ئامێرانە.

٧- کردنەوەی بازاڕی میللی لە دهۆك، هەڵەبجە و گەرمیان بۆ جوتیاران بە مەبەستی بەبازاڕ کردنی بەرهەمەکانیان.

٨- چاندنی پەتاتە لە (٢٠٠) خانووی پلاستیکی کە بۆ یەکەم جارە ئەم چالاکییە ئەنجام بدرێت کە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە و بەرهەمەکەی بریتیی بوو لە (٢٤٠) تەن پەتاتە.

## حەوتەم: پرۆژە یاسا و ڕێنمایی ئامادەکراو:

١- پرۆژە یاسای ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی عەلوەکان.

٢- پرۆژە یاسای سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکانی کشتوکاڵی.

٣- پرۆژە یاسای پاراستنی زەوی کشتوکاڵی.

٤- پرۆژە یاسای تەرخانکردنی زەوی بۆ دامەزراندنی پرۆژەی کشتوکاڵی.

٥- پرۆژەی ڕێنمایی دروستکردنی خانوو لەناو باخ و زەوییە کشتوکاڵییەکان.

٦- پرۆژەی دابینکردنی زەوی لەناو سنوری شارەوانی و دەرەوەی شارەوانی بۆ وەبەرهێنانی کشتوکاڵی.

٧- پێداچوونەوەی بە سەرجەم ڕێنماییەکانی وەزارەت.

٨- پەسندکردنی پەیکەری نوێی وەزارەت لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٩- پێکهێنانی لیژنە بۆ ئامادەکردنی پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەت کە کارەکانی لە قۆناغی کۆتاییدایە.

١٠- شەش کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری وەزارەت کە ٢٠ بڕیاری تێدا دەرچووە.

## هەشتەم: چەند کارو چالاکی تری وەزارەت بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ

١- پەسندکردنی پلانی زستانەی وەزارەت بۆ چاندنی ڕووبەری ( ٣٥٤٧٧٥٣) سێ ملیۆن و پێنج سەدو چل و حەوت هەزار و حەوت سەد و پەنجا و سێ دۆنم لەلایەن لیژنەی باڵای پلانی ساڵانەی کەرتی کشتوکاڵی لە عێراق.

٢- وەرگرتنەوەی بڕی (٣٩٠٠٠٠) گەنم لە جوتیارانی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراق کە نزیکەی (٥٤٧٧٢) جوتیار بەشداری دەکەن لە پرۆسەی بەبازاڕ کردنی گەنم لەمساڵدا.

٣- پەسندکردنی پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەرگرتنەوەی قستی کشتوکاڵی لە جوتیاران بۆ ماوەی درێژخایەن.

٤- بە مەبەستی پاراستنی سامانی ئاژەڵ لە نەخۆشی و پەتاکان تەرخانکردنی ( ٤٣٠٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ ڕشاندنی هۆڵەکانی ئاژەڵ و دەرزی لێدانی ئاژەڵ.

٥- بەردەوامبوون لە هەڵمەتی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی LSD لە ئاژەڵ.

٦- قەدەغەکردنی هاوردەی چەندین بەرهەم لە دەرەوەی وڵات بە مەبەستی پاراستن و پاڵپشتی بەرهەمی ناوخۆ وەك هەنار، تەماتە، هەنگوین لەکاتی پێگەیشتنی ئەو بەرهەمانە.

٧- دانانی باجی گومرگی لەسەر بەروبوومی هاوردەی کشتوکاڵی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بەزرکردنەوەی ڕێژەی باجەکان وەك پاڵپشتی بەراورد بە ساڵانی رابردوو لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە پێناوی پاڵپشتی بەرهەمی ناوخۆیی.

٨- ئەنجامدانی زیاتر لە ٤٠٠ دیداری راستەوخۆ تەنها لە رۆژانی سێ شەممە لەگەڵ جووتیاران و خاوەن کار و پرۆژە کشتوکاڵییەکان لەلایەن بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

## نۆیەم: بەنداو و سەرچاوەکانی ئاو

١- دروستکردنی لیژنەیەکی تایبەت لە نێوان ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە مەبەستی ئامادەکردنی سیستەمی دیاریکراو بۆ هاوبەشی کردنی کەرتی گشتی و تایبەت بۆ دروستکردنی بەنداوی گەورە لە هەرێمی کوردستان.

٢- ئامادەکردن و ناردنی لیستی ئەو پرۆژانەی کە ڕێژەی ئەنجام دراوی کارەکانیان لە سەرووی ٨٥٪ بۆ وەزارەتی پلان دانان بە مەبەستی تمویل کردنی پرۆژەکان و دووبارە دەستبەکار کردنەوەی پرۆژەکان بۆ ئەم مەبەستەش لیستێك بۆ (٣٢) پرۆژە بە بڕی (٣١٧٣٦٠٠٠٠٠٠) سی و یەك ملیار و حەوت سەد و سی و شەش ملیۆن دینار ئاڕاستەی وەزارەتی پلان دانان کرا.

٣- تەرخانکردنی نزیکەی (٣٣٠٠٠٠٠٠٠٠٠) سی و سێ ملیار دینار لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران بۆ تەواوکردنی (١٢) پرۆژەی بەنداو لە هەرێم.

٤- پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی باوەنوور ڕێژەی جێبەجێکردنی ١٥٪.

٥- پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی گۆمەسپان ٢٢.٥٪ تەواو بووە.

٦- پرۆژەی دروستکردنی بەنداوی دێوانە ڕێژەی تەواو بوونی ٩٢٪.

## دەیەم: پەیوەندییەکان

- لەسەر ئاستی ناوخۆ:

زیاتر لە ١٣٠ سەردانی مەیدانی بۆ پرۆژە و کێڵگەکانی کشتوکاڵی و ئاودێری، دیداری خاوەنکارانی کەرتی کشتوکاڵی کە بڵاوکراوەنەتەوە، ئەمە سەرەڕای ژمارەیەك دیداری جوتیاران و سەردانی مەیدانی بڵاو نەکراوەنەتەوە.

- **لەسەر ئاستی دەرەوە:**

- سەردانی شاندی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ پۆڵۆنیا بە مەبەستی هەماهەنگی و سوود بینین لە بەرەو پێشچوونەکانی ئەو وڵاتە، ژمارەیەك دیدار لەگەڵ جێگری سەرۆکی هەرێمی پۆزنان، وەزیری کشتوکاڵ و وەزیری سەرچاوەکانی ئاو و خاوەنکاران.

- پێشوازیکردن لە کونسوڵ و نوێنەری وڵاتان کە خۆی دەبینێتەوە لە ٣٠ دیدار بە مەبەستی هەماهەنگی و هاوکاری.

# کار و چالاکییەکانی
# وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

## بەرنامەی کاری وەزارەت:

- ئامادەکردنی بەرنامەی کاری پێنج ساڵەی وەزارەت ٢٠٢٠-٢٠٢٤ (٩٩ لاپەڕە) (ڕێکار و چالاکی بەردەوامەکان).
- ئامادەکردنی ٢٤ پرۆژە بەگشتی، ٣٣ چالاکی، ٧٧ ڕێکاری پێشنیارکراو بۆ جێبەجێ کردن لە ساڵانی ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٤ بەپێی ڕێبەری کاری کابینەی نۆیەمی حکومەت (بەگشتی ١٣٣ پرۆژە لە ٤٥٥ لاپەرە).

## ڕێکار و چالاکی بەردەوامەکان:

- ئامادەکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی حکومی بۆ جێبەجێ کردن لە ساڵانی ٢٠٢٠-٢٠٢٣ (١٦ پرۆژەی پێشنیارکراو).
- سازدانی کۆنفرانسی (پەرپێدانی کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان) بە بەشداری مامۆستایانی زانکۆ و بەشێك لە خاوەن کارگە دیارەکانی کوردستان.
- سازدانی کۆنفرانسی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی پێشخستنی کەرتی بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی بە ئامادەبوونی پسپۆڕانی بواری بازرگانی و خاوەن سەرمایە و بازرگانەکان.
- هەوڵدان بۆ بەئەلیکترۆنی کردنی داوای دامەزراندنی کۆمپانیا بەشێوەیەك کە هاووڵاتی ڕاستەوخۆ بە شێوازی ئۆنلاین داواکاری پێشکەش بکات.
- دابینکردنی سەبەتەی خۆراك کە پێکهاتبوو (٥٠ کیلوئارد، ٥ کگم نیسك، ٢ قووتی دۆشاوی تەماتە، ١٠ لیتر ڕۆن) بووە دابەشکردنی بەسەر دوو سەد هەزار (٢٠٠،٠٠٠) خێزانی کەم دەرامەت لە پارێزگاکانی هەرێم لەو ماوەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا.
- پێداچوونەوە و دیراسەی کێشەکانی ناوچەی پیشەسازی تیمار - هەولێر. **(لە ئاستی ئابووری و دارایی، هێلی ١).**
- رادەستکردنی (٨) پرۆژە یاسای پەیوەندیدار بە وەزارەتمان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی ئاڕاستەکردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان، لەوانەش:

١- یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٠. **(لە ئاستی ئابووری ودارایی، هێلی١).**

٢- پرۆژە یاسای بریکارنامەی تۆمارکردن ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٩. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٩).**

٣- یاسای پارێزەرایەتی ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٩. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٩).**

٤- یاسای وەبەرهێنانی پیشەسازی بۆ کەرتی تایبەت و تێکەڵاو ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٩٨ هەموارکراو. **(لە ئاستی ئابووری و دارایی، هێلی ١).**

٥- یاسای گشتی کۆمپانیاکان ژمارە ٢٢ی ساڵی ١٩٩٧. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٢).**

٦- یاسای ناوچە پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری ئازاد. **(لە ئاستی ئابووری و دارایی، هێلی ١).**

٧- یاسای رێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی ژمارە ٧٩ی ساڵی ٢٠١٧ **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٩).**

٨- یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٠ بۆ هەموارکردن. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٩).**

- دارشتنی رەشنووسی پلانی ساڵانەی وەزارەت ئەولەویەتی پێدانی مۆڵەتی کارگەکان و دیراسەتی پێداویستییەکانی دانیشتوانی هەرێم لە بەرهەمە پیشەسازییەکان.
- هاندانی بەرهەم هێنانی خۆماڵی بۆ هەر بەرهەمێك، توانای هەبوونی کەرەستەی خاو و تەکنۆلۆجیای پێویست بۆ بەرهەمهێنانی هەرجۆرە بەرهەمێك، دابین کردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ رکابەری نێوان کارگەکان و بەرزکردنی ئاستی جۆریەتی بەرهەم. **(لە ئاستی ئابووری و دارایی، هێلی ١).**
- هەماهەنگی لەگەل ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی کێبرکێ و قەدەغە کردنی قۆرخ کاری. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٩).**
- ئامادە کردنی راپۆرتی ئاڵوگۆری بازرگانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان و وڵاتانی جیهان بۆ ساڵانی ٢٠١٦-٢٠١٨ (٨٢ لاپەرە). **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٨).**
- ئامادە کردنی دەقی کوردی (ستانداردی بۆ نێودەوڵەتی پۆلێنی چالاکییە پیشەسازییەکان) (ISIC – international standard for Industrial classification). **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٨).**
- پێدانی ١٣٩ مۆڵەتی دامەزراندنی کارگە. **(لە ئاستی ئابووری و دارایی، هێلی١).**
- تۆمارکردنی هێمای بازرگانی بۆ ٦٠٦ کۆمپانیا.
- تۆمارکردنی ١٠٣٨ کۆمپانیای خۆماڵی. **(لە ئاستی ئابووری و دارایی، هێلی ١).**
- تۆمارکردنی ٣٠ کۆمپانیای بیانی. **(لە ئاستی ئابووری و دارایی، هێلی ١).**
- سەردان و کۆنترۆڵی بەرهەمی ١٠٢٣ کارگە. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٧).**
- سەردان و کۆنترۆڵی تەکنیکی ٢٩٢ کارگە. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٨).**
- چاودێری کالا لە بازارەکانی هەرێم لەلایەن تیمەکانی پشکنین و یەکە ئیدارییەکان بە بەردوامی و چرکردنەوەی سەردانەکان بەتایبەتی لەکاتی کۆرۆنا. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٨).**
- سەردان و چاودێری ٣١٧٧١ شوێنی بازرگانی. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٨).**
- سزادانی ١٨٢٤ شوێنی بازرگانی بە هۆی سەرپێچی. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٧).**
- پشکنینی ٧٢٣٢ نموونەی بەرهەمی کارگەکان. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٧).**

- دیراسە و خەملاندنی ٨٤٥ جۆر ماددەی کیمیایی بەپێی ٨٦ نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٩).**
- دەستنیشان کردنی ٢٤٢ فەرمانبەر بۆ بەشداری کردن لە ٦٤ خولی راهێنان لە ناوەوەی هەرێم. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی٢).**
- هەناردنی (٤) فەرمانبەری وەزارەت بۆ وڵاتانی چین و ئیسپانیا بۆ راهێنان لە بواری تایبەت. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی٢).**
- ئەنجامدانی (٣) خوولی راهێنان بۆ خاوەن کارگەکانی کەرتی تایبەت و بەشداری کردنی ٤٧ کەس. **(لە ئاستی خزمەتگوزاری، هێلی٦).**
- پرۆژەی دروست کردنی سایلۆی (٤٠،٠٠٠) تەن لەگەڵ (٥) کۆگا لە قەزای کەلار، ئیدارەی گەرمیان بە گوژمەی (١٩،٥٩٤،٠٠٠،٠٠٠) دینار، بەرەو پێشچوونی٨٥٪. **(لە ئاستی ئابووری و دارایی، هێلی ١).**
- دروست کردنی سایلۆی (٤٠) هەزار تەن و (٤) کۆگا لە ناحیەی روڤیا - دهۆك بە گوژمەی (١٦،٧٧٦،٠٠٠،٠٠٠) دینار، بەرەو پێشچوونی ٦٥٪. **(لە ئاستی ئابووری و دارایی، هێلی ١).**
- پرۆژەی دروست کردنی سایلۆی (٤٠،٠٠٠) تەن لەگەڵ (١٠) کۆگا لە ناحیەی قوشتەپە - هەولێر بە گووژمەی (٢٠،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠) دینار، بەرەو پێشچوونی ٨٠٪ . **(لە ئاستی ئابووری و دارایی، هێلی ١).**
- خزمەتگوزارییەکانی ناوچەی پیشەسازی (٣) لای ڕاست بە گوژمەی (٧،٤٩٨،٠٠٠،٠٠٠) دینار. بەرەو پێشچوونی ٧٠٪. **(لە ئاستی ئابووری و دارایی، هێلی ١).**
- پێدانی چیمەنتۆ بە سایلۆکان بە نرخی گونجاو (بە هاووڵاتیان) لەجیاتی شایستە داراییەکان بە مەبەستی بەردەوامبوون لە کاردا. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی٢).**
- دانانی لیژنەی لێکۆڵینەوە (التحقیق) لەسەر کارەکانی سایلۆی هەولێر. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی١-٣).**
- ئاسانکاری بۆ بازرگانان تا بتوانن کەرەستە و شتومەك هاوردە بکەن و چاودێری بەردەوامی بازاڕ بە مەبەستی قۆرخکاری و گرانفرۆشی و دڵنیابوونەوە لەوەی کۆگاکانی هەرسێ پارێزگا خۆراکی پێویستی تێدایە لەکاتی کەرەنتینەدا. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی١-٩).**

**سەردانەکانی بەڕێز وەزیر بۆ بەسەرکردنەوەی کارگە و کێڵگە و دەروازەکان:**

- کارگەکانی سنووری پارێزگای هەولێر وەك (کارگەی بەرهێمهێنانی زەیتی صافیا، کێڵگە پەلەوەریەکانی کەوەکانی قەرەچووغ و ڕێباس) جەختیان لەسەر بەروبوومی خۆماڵی کردەوە، هەروەها سەردانی کردنی بازاڕە ڕێ پێدراوەکان بە مەبەستی دڵنیابوون لە بوونی دابین کردنی پێداویستی هاووڵاتیان.
- سەردانی بۆ دوو کارگەی بەرهەمهێنانی ئارد بە مەبەستی ئاگاداربوون لە بەرهەمهێنان و چاودێری کردنی جۆر و کوالێتی ئارد. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٢).**

- سەردانی چەند کارگەیەکی پیشەسازی. **(لە ئاستی ئابووری و دارایی، هێلی ١).**
- سەردانی کردنی دەروازەی سنووری ابراهیم خەلیل بۆ دڵنیابوون لە ڕەوشی جموجۆڵی بازرگانی. **(لە ئاستی چاکسازی، هێلی ٢).**

# کار و چالاکییەکانی

# وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن

کار و چالاکی وەزارەتمان بەپێی هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشـــتی لە ڕۆژی دەســـتبەکار بوونی حکومەت بۆ ماوەی یەك ساڵ وەك لە خوارەوە روون کراوەتەوە:

## ١- لەسەر ئاستی وەزارەت:

### یەکەم: ئاستی چاکسازی

١- گۆڕانکاری لە نوێنەرایەتی وەزارەتمان لە کۆمپانیای هاوبەش لە پێناو ڕێکخستنەوەی کارەکانی گەیاندن.

٢- ئەنجامدانی گرێبەستی گواستنەوەی پۆستە لە نێوان هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵات لە ڕێگای هێڵی ئاســـمانی عێراقی واتە ســـەرجەم هەناردەی پۆســـتەی هەرێم لە ڕێگای هێڵی ئاماژە بۆ کراو ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت و هەرزان کردنی نرخی یەك کیلۆ لە (٧٠٠٠) حەوت هەزار دینار بۆ (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار.

### دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری:

**١- پەیڕەوکردنی میکانیزمی (مێزی - طاولە) بەتاڵ:**

پەیڕەوکردنی میکانیزمی (مێزی - طاولە) بەتاڵ کەواتە تەواوکردنی گشــت کارەکانی هاووڵاتیان ڕۆژانە و بنبڕکردنی ڕۆتین، کەواتە هەر فەرمانبەرێك لە کۆتایی دەوام دەبێ ســـــەرجەم مامەڵەی هاووڵاتیان لەبەر دەستی دایە جێبەجێ بکات و ئاڕاستەی جێگای مەبەست بکات ئەو مامەڵانەی پێویستی بە رای یاسایی هەیە پێویستە بەرز بکرێتەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار.

**٢- ڕێزگرتن لە خاوەن پێداویستی تایبەت لە هێڵە گشتییەکانی گواستنەوە:**

دەبێت ئەوپەڕی ڕێز لە خاوەن پێداویســـــتی تایبەتەکان بگیرێت و یارمەتیان بدرێت لەکاتی بەکارهێنانی هۆیەکانی گواستنەوە بە تایبەت لەلایەن شوفێرەکان و، دەبێت هەمیشە یەکەم تا چوارەم کورسی لەلای دەرگای گشت کۆستەرەکان و پاسەکان تەرخان بکرێت بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت بە پلەی یەکەم لە

فەرمانگەکانی ئەسبەقیەتی جێبەجێ کردنی کارەکانیان پێ بدرێت.

**٣- پابەندبوون بە دەوامی فەرمی:**

ئاگاداری گشت فەرمانبەرانی وەزارەتەکەمان دەکەینەوە کەوا پابەندی دەوامی فەرمی بن کە لە کاتژمێر (٨)ی بەیانی دەســـــت پێ دەکات و لە کاتژمێر (٣)ی دوای نیوەڕۆ کۆتایی دێت و ســـــەرپێچیکەر ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێتەوە.

٤- ڕێکخستنەوەی ئاسایشی فەرمانگەکان.

٥- بنبڕکردنی دیاردەی بەرتیل و بەرتیلدان.

٦- ڕێزگرتن لە هاووڵاتیان لەکاتی سەردانی فەرمانگەکان.

٧- سەرپەرشتی کردنی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆستەو گەیاندن لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لە ڕووی ئیداری و ژمێریاری.

٨- ئامادەکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەکانی لیژنەی ڕاوێژکاری و دابەش کردنی بەسەر لایەنی پەیوەندیدار و بەدواداچوون و جێبەجێ کردنی خاڵەکانی کۆبوونەوە.

٩- سەرپەرشتی و بەدواداچوونی ئیش و کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری و ئیش و کاری کۆگا لە دیوانی وەزارەت.

١٠- جێبەجێ کردنی نووسراو و داواکارییەکانی بەریوەبەرایەتییە گشتییەکانی (فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەربیل، سلێمانی) و گواستنەوەی زەمینی و هێلی ئاسنی و ترامواى و کەشناسی و بوومەلەرزەزانی بە سەرپەرشتی بەڕێز وەزیر.

١١- پێك هێنانی سەرجەم لیژنەکانی جێبەجێکار و سەرپەرشتی پرۆژەکان کە ساڵانە نوێ دەکرێتەوە.

١٢- کارکردن بە سیستەمی ONLINE بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی کارگێڕی و ژمێریاری و گەیاندنی نووسراوەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەربە وەزارەتمان.

١٣- کۆمپانیای فاست لینك هەڵسا بە جێبەجێ کردنی سیستەمی (فاست کێر) بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و دابەزاندنی چەند ژمارەیەك بۆ پەیوەندی کردن و بەهاناچوونی نەخۆشان لەسەر پێشنیار و داوای وەزارەت کە لەکاتی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا و قەدەغەی هاتوچۆ هەنگاوێکی گرنگ بوو.

١٤- کارکردن بۆ ڕێگاپێدانی کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت بۆ رایی کردنی کارەکان و بەرە و پێش بردنی کاری خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لەکاتی قەدەغەی هاتووچۆ و قەیرانی دارایی و کۆرۆنا.

١٥- دوابەدوای نوسراوی وەزارەتمان ژمارە (٢٢) لە ٢٠٢٠/٣/٣ سەبارەت بە زیادکردنی خێرایی ئینتەرنێت و دابەزاندنی نرخ وەك نووسینگە هەڵساین بە ئاڕاستەکردنی چەند نوسراوێك بۆ کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن و لە ئەنجامدا کۆمپانیای:

أ- فاست لینك و نورتێل هەڵسان بە دابەزاندی نرخی ئینتەرنێت بۆ ٢٥٪ و خێرایی بەرزکرەوە بۆ١٠٠٪ .

ب- کۆمپانیای ئای کیو نێتۆرك و ئوپت ئای کیو هەڵسان بە پێدانی ئینتەرنێت بە خۆرایی بۆ هاووڵاتیان بۆ ماوەی (١٠) رۆژ.

١٦- دەستپێشخەری وەزارەت بۆ کۆمپانیاکانی بواری گەیاندن و ئینتەرنیت بۆ بەخۆرایی و خێراکردنی هێلی ئینتەرنیت بۆ قوتابیان و مامۆستایان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوی زانستی بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی جێبەجێ کردنی سیستمی خوێندنی (On Line) بۆخۆ ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی قوتابیان.

١٧- واژۆكردنی گرێبەستی پڕۆژەی دروست كردن و لێدانی شریت و ئارم و لۆگۆ بۆ تاكسییەكانی پارێزگاكانی هەرێم لە نێوان وەزارەت و كۆمپانیاكانی كەرتی تایبەت بۆ هەرسێ پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) و هەروەها دروست كردنی كارتی زانیاری شوفێر (لەرووی ئەمنییەوە).

١٨- دیراسەت كردنی پڕۆژەی ستی پاس (city bus) و ئامادەكردنی بۆ جێبەجێ كردن.

١٩- دیراسەت كردنی چۆنیەتی دامەرزاندنی كۆمپانیای گواستنەوەی گشتی بارهەڵگر.

٢٠- پێدانی رەزامەندی تێست كردنی تەكنەلۆژیای نۆی نەوی پێنجەم (Five G) لە هەرێمی كوردستان.

٢١- خێراكردن و هەرزان كردنی هێڵەكانی ئینتەرنێت كە لەلایەن چەند كۆمپانیایەك وەك (فاست لینك و نور تێل) لەسەر داواكاری وەزارەتمان جێبەجێ كراوە.

**سێیەم: ئاستی پەیوەندی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێراقی فیدراڵ:**

١- هەماهەنگی بەردەوام لەگەل دەسەڵاتی فرۆكەوانی مەدەنی لە بەغدا دەربارەی گەڕاندنەوەی قوتابیان و هاولاتیانی هەرێم كە لە دەرەوە بوون بۆ كوردستان لە رێگای نوێنەرایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە بەغدا.

٢- هەماهەنگی بەردەوام لەگەل (CMC) كۆمسیۆنی گەیاندن و راگەیاندنی عێراقی لە بەغدا بۆ جێبەجێ كردنی گشت داخوازییەكانی بەڕێزان لە فەرمانگەی میدیا و زانیاریی حكومەتی هەرێمی كوردستان.

٣- هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە و وەزارەتی گەیاندنی حكومەتی عێراقی فیدراڵ.

## ٢- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستە و گەیاندن:

**یەكەم: ئاستی خزمەتگوزاری**

١- دابین كردنی فریكۆێنسی لەسەر باندی (UHF) بۆ وەزارەتی پێشمەرگە.

٢- بەردەوام كاركردن لە پڕۆژەی FTTH:

**أ- لە شارۆچكەكانی سەربە پارێزگای سلێمانی:** شارۆچكەكانی (دەربەندیخان، پیرەمەگرون، سورداش) خزمەتگوزاری كارایە و هاوولاتیان لێی سودمەندن و شوێنەكانی تر كار بەردەوامە.

**ب- لە سنوری ئیدارەی گەرمیان:** شاری (كەلار) خزمەتگوزاری كارایە و هاوولاتیان لێ سودمەندن. سەبارەت بە شارۆچكەكانی (كفری و رزگاری) هێلی سەرەكی گەیشتوە و كاركردن تێیدا بەردەوامە.

**ج- لە سنوری ئیدارەی راپەڕین:** شارۆچكەكانی (رانیە، ئیسێوی، هێرۆ) خزمەتگوزاری كارایە و هاوولاتیان لێی سودمەندن.

- بواری پۆستە:

١- سەنتەری ئاڵوگۆڕی پۆستەی نێودەولەتی ئەربیل وەکو سەنتەرێکی نێودەولەتی ناسراوە لەلایەن سەرجەم وڵاتانی جیهان راستەوخۆ مامەڵەی لەگەل دەکرێت بە کۆدی (ترمیز) (IQ EBLA)، دووبارە کرایەوە دوای هەوڵێکی زۆر لەلایەن وەزارەتمان لەگەل بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆستەی عێراق کە زیاتر لە (٢) دوو ساڵ داخرا بەهۆی بارودۆخی سیاسی (١٦)ی ئۆکتۆبەر و داخستنی فرۆکەخانەکانی نێودەوڵەتی (هەولێر و سلێمانی).

٢- ئەنجامدانی گرێبەستی گواستنەوەی پۆستە لە نێوان هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵات لە رێگای هێلی ئاسمانی عێراقی واتە سەرجەم هەناردەی پۆستەی هەرێم لە رێگای هێلی ئاماژە بۆکراو رەوانەی دەرەوە دەکرێت و هەرزان کردنی نرخی یەك کیلۆ لە (٧٠٠٠) حەوت هەزار دینار بۆ (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار .

٣- هەماهەنگی لەگەڵ پۆستەی عێراق و دابین کردنی ئامێر و کەلوپەلی تەکنیکی پێویست و بەگەرخستنی سیستەمی (IPS) واتە بەدواداچوونی پۆستەیی کە ئێستا هەرێم و عێراق بە یەك سیستەمی یەکگرتوو کار دەکەن بە جۆرێك پۆستەی هەرێم هەموو (معایر)ە نێودەوڵەتییەکانی لەسەر جێبەجێ کراوە.

٤- ناردنی (٢٥) تەن کەل و پەلی پۆستەیی و نامە و حەوالە لە هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە بەهۆی داخستنی ئاسمانی عێراق بە رووی گەشتە ئاسمانییەکان بە هۆکاری بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا (covid-١٩) هەناردەکردنی پۆستەی هەرێم بۆ دەرەوە وەستاوە تا ئەم کاتە.

٥- هێنان و دابەشکردنی (٧٣) تەن کەل و پەلی پۆستەیی و نامە و حەوالە لە دەرەوەی هەرێم و سەرجەم وڵاتانی جیهان بۆ ناوەوەی هەرێمی کوردستان .

٦- بەگەڕخستنی سیستەمی (Post code) و دابەشکردن و دانانی ژمارە لەسەر خانوو باڵەخانەکان لە گەڕەکەکانی هەرسێ پارێزگاکانی هەرێم و کە ئەمەش کارئاسانی کردووە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری پۆستە بۆ هاولاتیان و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم.

## ٣- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی:

### یەکەم: ئاستی خزمەتگوزاری

١- دانانی وێستگەی بوومەلەرزەی باشماخ و بەستنەوەی بە تۆڕی بوومەلەرزەی هەرێمی کوردستان.

٢- کارکردن لە قۆناغی کۆتایی دامەزراندنی وێستگەیەکی تۆمار کردنی بوومەلەرزە لە قەزای چۆمان و بەستنەوەی بە تۆری بوومەلەرزەی هەرێم.

٣- کارکردن لە قۆناغە کۆتایی دامەزراندنی وێستگەیەکی تۆمارکردنی بوومەلەرزە لە قەزای کەلار و بەستنەوەی بە تۆڕی بوومەلەرزەی هەرێم.

٤- دانانی (٤) ئامێری پێوانی باران بارین لە ناوچەکانی (دیبگە، دارەشەکران، کۆیە، شەقلاوە، سەنگاو، قەرەداغ).

دووەم: پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

١- کارکردن بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری بوومەلەرزە لەگەڵ وڵاتی کوێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ.

٢- ئامادەکردنی نامەی هاوکاری نیوان وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن/ بەرێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی لەگەل ئاژانسی روپێوی جیۆلۆجی ئەمریکی لە بواری هەماهەنگی بوومەلەرزە.

## ٤- بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە:

یەکەم: ئاستی چاکسازی

١- کەم کردنەوەی ڕۆتین و بە خێراکردنی ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکان.

٢- ڕێکخستنی کاروباری گواستنەوە لە ڕێگای کۆمپانیاکان و نووسینگەکانی گواستنەوە.

دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

١- پێدانی مۆلەتی کارکردن بۆ کۆمپانیاکانی بواری گواستنەوەی کەلوپەل و بارکردن و داگرتن بۆ (١٢) کۆمپانیا لە سنووری پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، ئیدارەی ڕاپەرین).

٢- پێدانی مۆلەتی کارکردن بۆ (٦) کۆمپانیای بواری گواستنەوەی هاووڵاتیان لە سنووری پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، ئیدارەی ڕاپەرین).

٣- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ (٤) کۆمپانیای گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی لەسنووری پارێزگای (هەولێر، سلێمانی).

٤- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ (١) کۆمپانیای بەکرێدانی ئۆتۆمبێل لە سنووری پارێزگای هەولێر.

٥- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ (١) کۆمپانیای رێکلام لە ئامرازەکانی گواستنەوە ( پاس - تەکسی ) لە سنووری پارێزگای سلێمانی.

٦- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ (١) کۆمپانیای تەکسی تەلەفۆنی لە سنووری پاریزگای دهۆك.

٧- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ (١) کۆمپانیای بواری گواستنەوەی فەرمانبەران و قوتابیان و خوێندکاران لە سنووری ئیدارەی راپەرین.

٨- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ (١) نووسینگەی تەکسی تەلەفۆنی لە سنووری پارێزگای سلێمانی.

٩- پێدانی مۆڵەتی کارکردن بۆ (١) نووسینگەی گواستنەوەی هاووڵاتیان لە سنووری پارێزگای سلێمانی.

١٠- نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کارکردن بۆ (٨١) کۆمپانیاکانی گواستنەوە لە سنووری پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

١١- نوێ کردنەوەی مۆڵەتی کارکردن بۆ (٥٤) نووسینگەکانی گواستنەوە لە سنووری پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

**سێیەم: ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ.**

- بە مەبەستی هاوکاری و هەماهەنگی یەکتر پەیوەندییەکی باشمان هەبووە لەگەل بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەزارەتی گواستنەوەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ ئاسانکاری کاروباری گواستنەوە لە خاڵە سنوورییەکان و بازگەکانی نێوانماندا.

**چوارەم: ئاستی ئابووری و دارایی**

١- واژۆکردنی گرێبەستی پڕۆژەی دروست کردن و لێدانی شریت و ئارم و لۆگۆ بۆ تاکسییەکانی پارێزگاکانی هەرێم لە نێوان وەزارەت کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بۆ هەرسێ پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهوك).

٢- دیراسەت کردنی چۆنیەتی دامەرزاندنی کۆمپانیای گواستنەوەی گشتی بارهەڵگر.

٣- ئامادەکردنی بودجەی خەمڵێنراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی گواستنەوەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بۆ ساڵی (٢٠٢٠).

٤- دیراسەکردنی پڕۆژەی ستی پاس (city bus) و ئامادەکردنی بۆ جێبەجێ کردن.

## ٥- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەربیل:

**یەکەم: ئاستی خزمەتگوزاری**

١- پەرەپێدانی سیستەمی ئاو و فراوانکردن و چارەسەری سیستەمی ئاوی قورس.

٢- نوێ کردنەوەی وێستگە سەرەکییەکانی فرۆکەخانەی کۆن و دانانی سیستەمی چاودێری SCADA.

٣- نوێ کردنەوە و چاککردنەوەی دەست شۆرەکانی تێرمینال و گێتەکان.

٤- پرۆژەی دروست کردنی ٨ تاوەری ئاسایش.

٥- دروست کردنی گۆڕەپانی کارگۆی کۆن.

٦- دروست کردن و دامەزراندنی شاشەیەکی مۆدێرن لە دیوی ئێرسایدی فڕۆکەخانە.

٧- گۆڕین و نوێ کردنەوەی تەواوی سیستەمی چاودێری ناو تێرمینالی فڕۆکەخانە.

٨- نوێ کردنەوەی سیستەمی مۆتۆڕۆلا و سیستەمی چاودێری ئەکسس دۆری فڕۆکەخانە.

**دووەم: ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ**

کۆبوونەوە لەگەڵ شاندی دەسەڵاتی فڕۆکەوانی شارستانی عێراقی (بەشی سەلامەتی فڕۆکەوانی) سەبارەت بە دیزاین کردن و ڕێکخستنی ڕێڕەوی ئاسمانی تایبەت بە فڕۆکەخانەی ئەربیلی نێودەوڵەتی و بەستنەوەی بە ڕێڕەوە ئاسمانیە نێودەولەتییەکان.

**سێیەم: پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی**

١- کۆبوونەوە و گفتوگۆ لەگەڵ هێڵی ئاسمانی (طيران الخليج) کە بڕیار وایە گەشتەکانیان لە ساڵی ٢٠٢٠ وە دەست پێ بکەن لە نێوان بەحرەین و هەولێر بەڵام لەبەر ئەم بارودۆخەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دواکەوتووە.

٢- ئاسانکاری و هاوکاری کردن لە بەڕێکردنی نەخۆش و وەرگیراوانی خەڵکی شنگال بۆ وڵاتی فەرەنسا.

٣- کۆبوونەوە و گفتوگۆ لەگەڵ هێلی Tailwind Airlines کەوا چارتەرە و گەشتەکانی لە نێوان هەولێر و ئیستەنبول دەست پێ کردووە لە ڕێکەوتی ٢٢-١٢-٢٠١٩ و تاوەکو ئێستا بەردەوامە.

## ٦- بەڕێوەبەرایەتی گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی:

**یەکەم: ئاستی چاکسازی**

دەست پێکردنەوەی کارکردن لە پڕۆژەی ڕێگاکانی فڕۆکەخانە M٣ M٤ بە گوێرەی ماستەرپلان کە بەهۆی قەیرانی دارایی پڕۆژەکە ڕاگیرا بوو توانرا لە ماوەیەکی دیاری کراودا لە ٨٠٪ کارەکانی پڕۆژەکە تەواو بکرێت بەڵام بە هۆی خەرج نەکردنی شایستە داراییەکانی لەلایەن پارێزگاری سلێمانی کارەکە لە ئێستادا وەستاوە ئەو بڕە پارەیەی کە پێویستە خەرج بکرێت بۆ تەواو کردنی پڕۆژەکە (٢،٠٣٥،١٢٧،٠٠٠) دینارە.

دووەم: ئاستی خزمەتگوزاری

١- ئەو پرۆژانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە گەشتیاران هەرچەندە نەتوانراوە بەهۆی نەبوونی بودجە پرۆژەی گەورە جێبەجی بکرێت بەڵام بە گوێرەی ئەو بڕە پارەیەی لەبەردەستدا بوو توانراوە چاکسازی لە چەندین بەشی تێرمیناڵ و بەشەکانی تری کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گەشتیارانەوە هەبوە بە بڕی ٢٧٠،٥٤٠،٠٠٠ دۆلارکاری چاکسازی بکرێت.

٢- کردنەوەی ٤٧ خول و سیمیناری جۆراوجۆر لە بواری خزمەتگوزاری بە فڕۆکەخانە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کە (٧٩٠) فەرمانبەر بەشداری پێکراوە.

سێیەم: ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

- پەیوەندی باش لە نێوان فڕۆکەخانەی سلێمانی و دەستەی فڕۆکەوانی مدنی عیراقی هەیە و هەماهەنگی و پەیوەندیەکە گشت بوارەکانی گرتۆتەوە بە تایبەتی لە بواری گەشەی مرۆیی کە توانراوە چەندین کارمەندی فڕۆکەخانەکانی عێراق لە پەیمانگای فڕۆکەوانی شارستانی لقی سلێمانی بەشداری پێ دەکرێن لەو خولانەی کە لەلایەن پەیمانگاوە دەکرێتەوە هەروەها فڕۆکەخانە هەماهەنگی تەواوی هەیە لەگەڵ دەستەی کەشناسی عێراق کە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بە کردنەوەی سەنتەری ڕاهینانی کەشناسی کە توانراوە خولێکی پێشکەوتوو بۆ چەند کارمەندێکی فڕۆکەخانەکانی تری عێراق و فڕۆکەخانەی سلێمانی بکرێتەوە خولەکان ناوازەن لە عێراق و ناوچەکەدا.

# چالاکییەکانی

# وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

## یەکەم: لە بواری پێکەوەژیان و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان

یەکێك لە خاڵە زۆر ئەرێنییەکان بۆ هەرێمی کوردستان پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەییە، بۆ ئەم مەبەستە کارمان کردووە کە ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەی زیاتری لە ئاستی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان هەبێت.

- ئەنجامدانی ڕاوند تەیبڵ (Round Table) یێك لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کە (سام براون باك) سەفیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرپەرشتی دەکات کە لەگەڵ ڕێکخەرەکەی ڕێکەوتنی سەرەتایی کراوە کە ساڵانە سیمینارێك ئەنجام بدەین تایبەت بە کوردستان و عێراق، و کە پێشتر بە ووتارێك بەشداریمان تێیدا کرد کە زیاتر لە (٨٠) کەسایەتی ئایینی و کەلتوری جیهانی تێیدا بەشدار بوون بە ئامادەبوونی سام براون باك.
- ڕێکخراوی (Kaiciid) کە بارەگاکەی لە ڤیەننایە و بە هاوکاری چەند وڵاتێکی ئەوروپی و فاتیکان کارەکانی ئەنجام دەدات، وەزارەتەکەمان لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە هاوبەشی دروست کردووە، بۆ ئەوەی چەندین کاری هاوبەش ئەنجام بدەین.
- ڕێکخراوی جیهانی ئیسلامی کە وولاتی عەرەبستانی سعودی سەرپەرشتی دەکات و رابیتەی وڵاتانی ئەسکەندەنافی و ڕێکخراوی دیالۆگ و ئاشتی لە نەرویج کە هەرسێکیان کار و چالاکییەکانیان نێودەوڵەتین چەندین کاری هاوبەشمان هەیە، بۆ نمونە بەشداریمان کرد:
  - کۆنفرانسی ئۆسلۆ لە ژێر ناونیشانی (برایەتی مرۆڤایەتی کۆمان دەکاتەوە).
  - کۆنفرانسی دیالۆگ بۆ ئاشتی بە لە ژێر ناونیشانی (یەکگرتوویی بۆ بەگژداچوونەوەی جیاکاری و توندوتیژی لە نێو کۆمەڵگاکان). بە ئامادەبوونی سەرۆك وەزیرانی نەرویج بە شێوەی ڤیدیۆ کۆنفراس بە ووتاریك بەشداریمان کرد.
  - کۆنفرانسی نێودەوڵەتی گفتوگۆی ئاشتیانەی پەیڕەوانی ئایینەکان لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا.
  - ئەنجامدان و سەرپەرشتی کردنی (١٠) کۆنفرانس و سیمینار کە لەلایەن ڕێکخراوەکان تایبەت بە پێکەوەژیانی ئایینی و مافەکانی مرۆڤ ئەنجام دراوە لە هەرێمی کوردستان.
  - لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سەر بە یۆنامی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کە لە کوردستان بوونیان هەیە و هەماهەنگییەکی پتەومان دروست کردووە و لە ڕاوێژ و گفتوگۆی بەردەوامداین بۆ بابەتی ڕاهێنانی پیاوانی ئایینی لە بواری پێکەوەژیانی ئایینی.
  - سەردانی کردنی هەر یەك لە پاپای فاتیکان و سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە، کە تەوەری سەرەکی قسەکان ڕاڤەکردنی کەلتوری پێکەوەژیان و مێژووی ئایینەکان لە هەرێمی کوردستان بوو.
  - درووستکردنی پەیوەندی بۆ ڕاهێنان و سوود وەرگرتن لە تواناکانی مەشیەخەی ئەزهەر لە وڵاتی میسر.

## دووەم: لە بواری چاکسازی

- تەرشیق کردنی هەیکەلی وەزارەت و بەڕێوەبەراتییە گشتییەکان و بەڕێوەبەراتییەکان لە ژێر ڕۆشنایی بەرنامەی چاکسازی.
- ئامادەکردنی کردنی پڕۆژەیەك بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی لەسەر بەئەلیکترۆنی کردنی (سیستەمی کارگێڕی) و (موڵکەکانی ئەوقاف) و (بانگ لە هەرێمی کوردستان).
- کردنەوەی بەشێك لە دیوانی وەزارەت بۆ بەدواداچوونی ئەو سکاڵا و سکاڵای ئەلیکترۆنی و پێشنیار و ڕەخنانەی کە لەلایەن هاوڵاتییانەوە ئاڕاستەی وەزارەت دەکرێت.

## سێیەم: لە بواری حەج و عومرە

- سازکردنی یەکەمین دیداری گەشەپێدانی پرۆسەی حەج و عەمرە دەرکردنی (١٣) ڕاسپاردە بە مەبەستی زیاتر دادپەروەری و خزمەتکردنی حاجیان و عومرەکاران.

## چوارەم: لە بواری یاسایی

- ئامادەکرنی ڕەشنوسێك بە مەبەستی هەمواری یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- دەرکردنی ڕێنمایی نوێ بۆ سەرپەرشتی کردنەوەی حوجرەی فەقێیان لە هەرێمی کوردستان کە مەڵبەندێکی گرنگە بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان.
- هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکانی دروست کردنی مزگەوت لە هەرێمی کوردستان.
- ئامادەکردنی پرۆژەی تایبەت بە کردنەوەی پەیمانگایەکی پێگەیاندنی مامۆستایانی ئایینی (پێش نوێژ و وتارخوێن) بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
- ئامادەکردنی ڕەشنوسێك بە مەبەستی گرنگیدان بە شوێنە ئایینەکان و کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە شوێنەوارە ئاینییەکان لە دیوانی وەزارەت.
- هەموار کردنەوەی سیستمی متەوەلی و سەرپەرشتیاری وەقفە مولحەقەکان تایبەت لە خاڵی دارایی و گونجاندن لەگەل واقعی ئێستای کوردستان.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای سندوقی زەکات لە هەرێمی کوردستان.
- ڕێکخستنەوە و هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکانی تایبەت بە سەرپەرشتی و کردنەوەی بنکەی فێرکردن و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لە هەرێمی کوردستان و ئامادەکردنی ڕەشنووسێك بۆ ئەنجدامدانی سیمنارێك لە بارەی گرنگیدانی زیاتر بە بنکەکانی فێرکردن و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لەژێر ڕۆشنایی ڕێنمایی نوێ.

## پێنجەم: لە بواری موڵکە وەقفییەکان

- پێداچوونەوە بە کرێی مۆڵکەکانی ئەوقاف وگونجاندنی لەگەڵ بازار و جەخت کردنەوە لە کرێی ساڵانە لە کات و ساتی خۆی.
- ئێستا لە پرۆسەی گەڕان و بەدواداچوونین بۆ دۆزینەوە و ڕێکخستنەوەی تەواوی موڵکە وەقفییەکانی وەزارەت و بەئەلیکترۆنی کردنیان.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسێك بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی تایبەت بە موڵکە وەقفییەکانی وەزارەت لە ڕووی چاکسازی و زیادکردنی داهات و ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە موڵکەکانمان.

## شەشەم: لە بواری ڕێنمایی و هوشیاری

- بە مەبەستی یەکخستنەوە و ڕێکخستنی وتاری هەینی لەم فەوزایەی کە هەبووە بۆردێکی ووتاری هەینی پێکهێنرا بۆ جەخت کردنەوە لە پەیڕەوکردن و پابەندبوون بە بڕیارەکان بۆرد.
- شاندکردنی ژمارەیەك مامۆستای ئایینی بۆ وڵاتی میسر بە مەبەستی بەشداری کردن لە خولێکی پەرەپێدانی توانای مرۆی و زانستە شەرعییەکان.
- ئامادەکردن و دانانی ڕێنمایی نوێ بۆ ماموستایانی ئایینی خۆبەخش ئەوانەی گۆتاری هەینی دەخوێنن.
- لە ڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەفەرمی ئەو کەسانەمان ئاگادار کردوونەتەوە بۆ مەبەستی کەم کردنەوە و بنبڕکردنی ئەو دیاردە قێزەوەن و ناشەرعییانەی کە لە پەنای ئایین ئەنجام دەدرێن دەرهەق بە کۆمەڵگا.
- کردنەوەی خۆلێکی سێ مانگەی هاوینە بۆ فێرکردن و لە بەرکردنی قورئانی پیرۆز.
- کردنەوەی خولێکی پەرەپێدانی تواناسازی لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێم بۆ ماموستایانی ئایینی کە تایبەت بوو بە بەهێز کردنی توانای مرۆیی و زانستی سەردەم وەك کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت ئینگلیزی.
- سەرپەرشتی کردنی پابەندبوونی مامۆستایانی ئایینی بە ڕێنمایی و ڕێکارە تەندروستییەکان و داخستنی دەرگای مزگەوتەکان.
- ئاگادار کردنەوەی مامۆستایانی ئایینی کە لە ڕێگای بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە و هوشیاری هاووڵاتیان بکەن بە مەبەستی جێبەجێ کردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان.
- دەرچوونی خولی شەشەمی پەیمانگەی کوردستان بۆ پێش نوێژ و ووتارخوێنانی سەر بە وەزارەتمان، کە ئەم پەیمانگایە تایبەت بە بەهێزکردنی توانای مامۆستایانی ئایینی وتاربێژ و دژایەتی کردنی بیری توندڕەوی و بۆ هەر خولێك (٤٥) ڕۆژ دەخایەنێت.
- تۆمار کردنی (٣٠) بەرنامەی ئایینی بۆ مانگی ڕەمەزان لەلایەن مامۆستایانی ئایینی دیاری کوردستان.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

- دانانی لیژنەیەکی باڵا بە سەرۆکایەتی خۆمان تایبەت بە دەرکردنی بڕیار و ڕێنمایەکانی خۆپاریزی لە ڤایرۆسی کۆرونا.
- دروست کردن و تۆمارکردنی ژمارەیەك کورتە ڤیدیۆ لەلایەن مامۆستایانی ئاینی تایبەت بە تاك پاریزی و هوشیارکردنەوەی هاووڵاتیان لە کوشندەیی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ڕووی شەرعییەوە.

## حەوتەم: لە بواری ئەندازە و ئاوەدانکردنەوە

- ئامادەکردنی دیزانێکی نوێ بۆ مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوازێك کە لە ڕووی تەلارسازی مۆرکێکی کوردەواری نیشانبدات، پێشبرکێیەکمان ساز کرد و دەرئەنجام دیزاینێکمان دەستنیشان کردووە کە مۆرکی کوردایەتی پێوە دیارە.

## هەشتەم: لە بواری پلان دانان

- ئامادەکردن و نووسینەوەی ستراتیژیەتی کارکردنی چوار ساڵی ئایندەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە ژێر ڕۆشنایی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاڕاستەکردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- پێکهێنانی بۆردێکی باڵا بۆ پرسە ئاینییەکان لە هەریمی کوردستان، کە پێکهاتوون لە بیرمەندە ئایینیەکان و کەسانی شارەزا لەم بوارە.

## نۆیەم: لە بواری مزگەوتەکان

- مەراسیمی یادی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ): بەشێوەیەکی جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو ئەم یادە ڕێکخراوەتەوە لە هەرێمی کوردستان و سازکردنی ڤیستڤالی ساڵانەی ئەم مەراسیمە بە بەشداری بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- ڕێزگرتن لە (٥٠٠) مامۆستای ئایینی لە بەرامبەر هوشیاری ئایینی و هەست کردن بە بەرپرسیارەتی و ئەم پرۆسەیە بەردەوامی هەیە.
- ئەنجامدانی چەندین چالاکی بە هاوبەشی لەگەڵ دەستە و ڕێکخراوە نێوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی هۆشیاری ژینگەیی.

# كار و چالاكییەكانی

# وەزارەتی كارەبا

**لە ئاستی کارگێڕی:**

١- پێداچوونەوە بە ١٤،٤٥٢ دۆسیەی فەرمانبەران و پاش ووردبین کردنی گشت دۆسیەکان بۆمان دەرکەوت کە ٢٤٩ فەرمانبەر بە شێوەکی نایاسایی پلە، یان پایە، یان زیادکردنی مووچەی پێ دراوە.

| ب . گشتی | ژمارەی دۆسییەی پێداچوونەوی بۆی کراوە | ژمارەی ئەم فەرمانبەرانی بەدەر لە یاسا پلە و پایە و زیاد کردنی مووچەی بۆ کراوە |
|---|---|---|
| دیوان | ٤٤٦ | ٢٢ |
| هەولێر | ٤٢٦٨ | ٩٥ |
| سلێمانی | ٧٩٢٢ | ٨٩ |
| دهۆك | ١٨٧٥ | ٢٠ |
| گەرمیان | ٧٤٥ | ٢٠ |
| کۆنترۆلی ناوەندی | ٩٦ | ٣ |
| **کۆی گشتی** | **١٤٤٥٢** | **٢٤٩** |

٢- پێداچوونەوە بە یاسای وەزارەتی کارەبا.

٣- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی فرۆشتنی وزە لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان بە مەبەستی زیاد کردنی داهات.

٤- وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی دانانی پێوەری کارەبا بۆ ئەم جێگایانەی کە بەسەر پێچی بنیات ناوە.

٥- جێبەجێ کردنی فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە ڕاگرتنی سەرپێچی لەسەر تۆری کارەبای هەرێم کە ٦١٦٣ سەرپێچی لابراوە.

٦- وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر بابەتی بەرەو کەرتی تایبەت لە سێکتەری دابەشکردن ئەوەش لە پێناو کۆنترۆل کردنی کارەبای بەفیڕۆچوو وە کەمکردنی خەرجیەکان و زیادکردنی داهات و پێدانی کارەبای گونجاو بۆ هاووڵاتیان.

٧- پێداچوونەوە بە کێشە ڕاستەقینەکانی کارەبا و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان.

٨- دابین کردنی پارەی پێویست بۆ تەواوکردنی پرۆژەکان.

## لە بواری تەکنیکی:

- بەرهەمهێنان:

- چاککردنەوەی ئەم یەکانەی بەرهەمهێنان کە لەبەر کێشـــەی تەکنیکی پەککەوتبوون وەکو دوو وەحدەی دەربەندیخان.

- چاککردنەوەی یەکەکانی وێستگەی بەرهەمهێنانی بێخال لە رێگای کۆمپانیای ئیرانی FARAB بە بێ بەرامبەر.

- هەموو هەوڵمان داوە بۆ تەواوکردنی وێســـگەی خەبات کە لەلایەن کۆمپانیای POSCO ئەنجام دراوە و لە ٢٠٢٠/٢/٢٢ ئەم وێستگەیە تەواوبووە و لە ٢٠٢٠/٧/٣ یەکەم وحدە کەوتەوە کار.

- دابین کردنی بودجەی پێویست بۆ گرێبەستنی ویستگەی خەبات سالآنە.

- هەموو هەوڵمان داوە بۆ تەواو کردنی پرۆژەی وێســـتگەی بەرهەمهێنان دێرەلوك لە ئاو کە تاکو ئێســـتا ٪٧٢ تەواو بووە.

- گرێبەست بە مەبەستی دامەزراندنی چوار وێستگەی هایدرۆ پلەس لەگەڵ کۆپانیای ئاریان ئیندەستری ئوسترالی بۆ بەرهەمهێنان بە شێوەی BOT بۆ ماوەی ١٥ ساڵ بە نرخی ٥٠ دۆلار بۆ هەر مێگاواتێك، ١٠٠ مێگاوات بۆ سۆران، ١٠٠ مێگاوات لە زاخۆ، ٥٠ مێگاوات لە گەرمیان، ٥٠ مێگاوات لە ڕاپەڕین.

- گرێبەســـت بۆ بەرهەمهێنانی ٥٠٠ مێگاواتی هەڵمی لەگەڵ کۆمپانیای (کار) بە گوژمەی ٤٥ دۆلار لەجیاتی ٦٣ دۆلار بۆ ماوەی ١٥ ساڵ.

- گرێبەســـت بۆ بەرهەمهێنانی ٥٠٠ مێگاواتی هەڵمی لەگەڵ کۆمپانیای (قەیوان) بە گوژمەی ٤٥ دۆلار لەجیاتی ٦٣ دۆلار بۆ ماوەی ١٥ ساڵ.

- گرێبەســـت بۆ دامەزاندنی ١٦٥ مێگاوات وێســـتگەی بەرهەمهینانی کارەبا لە گەرمیان لە (غازات مصاحبة) لە ماوەی ١٠ مانگ.

- ئامادەکردنی تەندەری ٧٥ مێگاوات کارەبا لە وزەی خۆر لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك لە قوناغی ئەندازە دایە.

- گواستنەوە:

- دامەزراندنی ٣٢ کم هێلی ١٣٢کەی ڤی لە نێوان وێستگەی خەبات زەنگەنە بە گوژمەی ٧،٤٢٥،٠٠٠ دۆلار تەواوبووە بە ڕێژەی ١٠٠٪.
- دامەزراندنی ١٦ کم لەگەڵ گۆڕینی ٣٧ کم تێلی ١٣٢کەی ڤی شەقلاوە بۆ سۆران بە گوژمەی ٦،٧٠٠،٠٠٠ دولار.
- دامەزراندنی ٥٠ کم هێلی ١٣٢ لە نێوان قەزای سێمێل و وێستگەی تلکەبەر لە زاخۆ بە گوژمەی (٩،٦٢٠،٠٠٠) دولار.
- دامەزراندنی ٧کم هێلی ٣٣ کەی ڤی لە گەرمیان بە گوژمەی ٨٧٥،٠٠٠ دۆلار.
- تەواوکردنی وێستگەی ئازادی ٢، کەسنەزان ، مۆبایل شەمامك، مۆبایل دێری، وێستگەی ڕووناکی تاکو ٢٠٢٠/١٢/١٥ بە گوژمەی ٤،٠٠٠،٠٠٠ دۆلار.
- دامەزراندنی ٢،٧ کم هێلی ١٣٢ کەی ڤی بۆ بەستنی وێستگەی کەسنەزان بە گوژمەی ٤٦٠،٠٠٠،٠٠٠ دینار.
- گۆڕینی سویچ گێڕی وێستگەی صلاح الدین لایەنی ١١ کەی ڤی بە گوژمەی ٤٠٠،٠٠٠ دولار.
- تەواوکردنی وێستگەی گردجوتیار ١١/٣٣ کەی ڤی ٣١،٥ مێگاوات.
- تەواوکردنی وێستگەی مۆبایلی پارك بە گوژمەی (٣٤٧،١٩٣،٠٠٠) دینار.
- کڕینی ٣ وێستگەی مۆبایل بۆ سلێمانی (٦،١١٧،٠٧٥،٦٦٠) دینار.
- کڕینی وێستگەی مۆبایل بۆ گەرمیان بە گوژمەی ١،٢٠٠،٠٠٠،٠٠٠ دینار.
- تەواو کردنی هێلی ١٣٢کەی ڤی بۆ وێستگەی ئازادی ٢.
- تەواوکردنی هێلی ١٣٢ کەی ڤی لە نێوان بازیان و چەمچەماڵ لەسەر کۆمپانیای قەیوان.
- چاککردنەوەی ٤ گۆڕەری ١٣٢ کەی ڤی لە هەولێر بە گوژمەی ١،١٩٦،٠٠٠،٠٠٠ دینار.
- بەستنی گۆڕەری ١١/٣٣ بە قەبارەی ١٦مێگاوات بۆ ویستگەی نەسیج روشنا بە گوژمەی (٢٧٨،٥٥٠،٠٠٠) دینار.
- بەستنی گۆرەری ١١/٣٣ بە قەبارەی ١٦مێگاوات بۆ وێستگەی چۆمان سەرسنگ بە گوژمەی (٤٢٥،٠٠٠،٠٠٠) دینار.

## لە بواری پێدانی کارەبا:

| خشتەی باری کارەبا لە هەرێمی کوردستان لە مانگی ( ٧-٢٠١٩ ) تا ( ٦-٢٠٢٠ ) | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تێکڕای هەبوونی کارەبا لە هەرێم ساڵی ٢٠١٨-٢٠١٩ | تێکڕای هەبوونی کارەبا لە هەرێم ساڵی ٢٠١٩-٢٠٢٠ | بڕی کارەبا بۆ کەرکوک (MW) | بڕی کارەبا بۆ موسڵ (MW) | بڕی کارەبا بۆ کارگەکان (MW) | کۆی دابەش بوونی کارەبا بەسەر پارێزگاکان (MW) | کۆی بەرهەمهێنانی کارەبا (MW) | مانگەکانی ساڵ |
| ١١:٠١ | ١٦:٣٩ | ١٠٧ | ٣١٨ | ٢٦٩ | ٢٥٤٥ | ٢٣٣٩ | Jul |
| ١١:٣٧ | ١٦:١٥ | ١٠٧ | ٣٢٩ | ٢٢٩ | ٢٥٩٥ | ٣٢٥٩ | Aug |
| ١٣:٥٧ | ٢٠:٤٠ | ١١٠ | ٣٣٨ | ٢٤١ | ٢٥٢٧ | ٣٢١٦ | Sep |
| ١٧:٤٥ | ٢١:٠٣ | ١٠٢ | ٣٤١ | ٢٤٠ | ٢١٨٨ | ٢٧٧١ | Oct |
| ١٤:٤٣ | ١٦:٤٥ | ١٠٢ | ٢٦٢ | ٢٦٥ | ٢٣٤٠ | ٢٩٦٩ | Nov |
| ١١:١٩ | ١٣:٣١ | ١٠٩ | ٢٩٢ | ٢٦٣ | ٢٨٠١ | ٣٤٦٤ | Dec |
| ١٠:٣٠ | ١١:٣٦ | ١٠٨ | ٣١٨ | ٢٧٢ | ٢٨١٦ | ٣٥١٤ | Jan |
| ١١:١٣ | ١١:٠٣ | ١٠٥ | ٣٠٦ | ٢٤٠ | ٢٦٩١ | ٣٣٤٢ | Feb |
| ١٣:١٣ | ١٦:٢٧ | ١٠٢ | ٢٥٧ | ٢١٢ | ٢٥٦٨ | ٣١٣٩ | Mar |
| ١٩:٠٧ | ٢٠:٢٣ | ١٠٢ | ٢٥٨ | ٢١٢ | ٢٣٤٧ | ٢٩٢٠ | Apr |
| ٢١:٤٤ | ١٨:٢٦ | ٣٤ | ٢١٥ | ٢٣١ | ٢١٥٩ | ٢٦٣٨ | May |
| ١٧:١٣ | ١٦:١٧ | ٠ | ١٥٩ | ٢٣٢ | ٢٣٣٥ | ٢٧٢٦ | Jun |
| ٢١:٤٤ | ٢١:٠٣ | ١١٠ | ٣٣٨ | ٢٧٢ | ٢٨١٦ | ٣٥١٤ | Max |
| ١٠:٣٠ | ١١:٠٣ | ٠ | ١٥٩ | ٢١٢ | ٢١٥٩ | ٢٦٣٨ | Min |
| ١٤:٢٦ | ١٦:٣٥ | ٩١ | ٢٧٤ | ٢٤٢ | ٢٤٩٣ | ٣١٠٠ | Ave. |

## لە بواری گرێبەستی تازە:

- هەمواركردنی هەر سێ وێستگەكانی ٢٩ مێگاوات لە هەولێر، سلێمانی، دهۆك و قازانجەكان بەم شێوەی خوارەوە بوون:
  ١- نرخی یەكەكە لە ٣٠ دۆلار بۆ مێگاوات كردمان بە ٢٨ دۆلار.
  ٢- قەرەبوو لە٣٠ دۆلار بۆ مێگاوات كردمان بە ١٤ دۆلار.
  ٣- گۆڕینی جۆری سوتەمەنی لە دیزل كە هەر یەك مێگاوات لەسەر حوكمەت تێچووی ٢٢ سنتمان كرا HFO بۆ هەر مێگاوات لەسەر حكومەت دەبێتە ٧ سنت.
  ٤- لێخوشبوون لەم كۆمپانیایە قەرەبووەكانی (٢٩٬٨٢١٬٠٠٠+ ١٧٬٥٥٠٬٠٠٠) = ٤٧٬٣٧١٬٠٠٠ دۆلار.
  ٥- هەموو گۆڕانكارییەكان لە گشت سیستەمەكان لەگەڵ ژینگە دوستن.

- هەموارکردنی هەردوو گرێبەستی کۆمپانیای کار و قەیوان بەم شێوەیە:

١- زیاد کردنی ١٠٠٠ مێگاوات لە هەردوو وێستگەی کار و قەیوان بە سیستەمی هەڵمی بێ سووتەمەنی.

٢- گۆڕینی نرخی کڕینی مێگاوات لە ٦٣ دۆلار بۆ ٤٥ دۆلار.

٣- کەمکردنەوەی ڕێژەی ئیلتزام لەسەر حکومەت لە ٨٥٪ بۆ ٦٠٪.


٤- کەمکردنەوەی قەرەبووی وزەی بەردەست لە ٣٢ دۆلار بۆ مێگاوات بە ١٦ دۆلار بۆ یەك مێگاوات.

## لە بواری داهات و پڕۆژەی سەر داهات:

| خشتەی داهات و پڕۆژەکانی وەزارەتی کارەبا لە ١-٧-٢٠١٩ تاکو ١-٧-٢٠٢٠ بە دینار | | | |
|---|---|---|---|
| | مانگ | داهات | پڕۆژەکانی سەر داهات |
| ساڵی ٢٠١٩ | تەموز | ٢٨،٦٠٨،٢٣٤،٧٤٥ | ٣،٠١٩،٢١٩،٧٦٤ |
| | ئاب | ٢٤،٥٨٧،٩٠٧،٦١٠ | ٢٣٩،٦٠٨،٩١٤ |
| | ئەیلول | ٢٨،٩٥٣،٧٦٠،٣٦١ | ٩٥٦،٢٧٨،٨٦٤ |
| | تشرینی یەکەم | ٤٨،٠٧٢،٨٤٧،٥١٧ | ٦،٧٤٤،١٨٦،٩٩٧ |
| | تشرینی دووەم | ٣٧،٦٤٣،٦١٧،٢٣٠ | ٤،٣٠٠،٠٦٥،٩٠٩ |
| | کانونی یەکەم | ٦٢،٥٠٢،٧٥١،٤١٢ | ٦،٢٢٦،٦٣٦،٧٥٥ |
| ساڵی ٢٠٢٠ | کانونی دووەم | ٥٠،٧٢٨،٦٤٨،٧١٥ | ٨،٨٧٦،٦٨٩،٤١٨ |
| | شوبات | ٣٤،٩٣٩،٤٨٦،١٧٥ | ٣،٧٣٨،٨٢٠،٠٩٨ |
| | ئادار | ٨،٦٨٥،٦١٨،٠٠٠ | ٣٤٥،٥١٤،٦٧٨ |
| | نیسان | ٠ | ٠ |
| | ئایار | ١،٣٩١،٨٨٥،١٥٠ | ٠ |
| | حوزیران | ٠ | ٠ |
| کۆی گشتی | | ٣٢٦،١١٤،٧٥٦،٩١٥ | ٣٤،٤٤٧،٠٢١،٤٠٦ |

## لە بواری پرۆژەی ستراتیجی تۆڕی زیرەك:

| خشتەی بەرەو پێشچوونی پرۆژەی تۆڕی زیرەك | | | |
|---|---|---|---|
| ز | ڕێکەوت | ژمارەی پێوەری بەستراو | تێبینی |
| ١ | ٢٠١٩/٦/٣٠ | ١٩٤١ | لە سەرەتا تاوەکو ئەو ڕێکەوتە ٦/٣٠ |
| ٢ | ٢٠١٩/٧/٣١ | ٥٣٨٢ | |
| ٣ | ٢٠١٩/٨/٣١ | ٨٢٨٠ | |
| ٤ | ٢٠١٩/٩/٣٠ | ٨٨٨٧ | |
| ٥ | ٢٠١٩/١٠/٣١ | ٢١٢٥٢ | |
| ٦ | ٢٠١٩/١١/٣٠ | ٢٧٨١٣ | |
| ٧ | ٢٠١٩/١٢/٣١ | ٥٠٠٠٩ | |
| ٨ | ٢٠٢٠/١/٣١ | ٥٩٧٠٨ | |
| ٩ | ٢٠٢٠/٢/٢٩ | ٤٩٤٩٦ | کەمبوونی بۆکس |
| ١٠ | ٢٠٢٠/٣/٣١ | ٢٠٢٥٣ | ڕاوەستانی کار لە ناوەڕاستی مانگ |
| ١١ | ٢٠٢٠/٤/٣٠ | ٠ | ڕاوەستانی کاری بەستان |
| ١٢ | ٢٠٢٠/٥/٣١ | ٠ | ڕاوەستانی کاری بەستان |
| ١٣ | ٢٠٢٠/٦/٣٠ | ٠ | ڕاوەستانی کاری بەستان |
| کۆی گشتی | | ٢٥٣٠٢١ | |


ژمارەی پێوەری بەستراو
پێوەر
70000
60000
50000
40000
30000
20000
10000
0
1941
5382
8280
8887
21252
27813
50009
59708
49496
20253
0
0
0
30/6/2019
31/7/2019
31/8/2019
30/9/20219
31/10/2019
30/11/2019
31/12/2019
31/1/2020
29/2/2020
31/3/2020
30/4/2020
31/5/2020
30/6/2020
مانگ

# کار و چالاکییەکانی

# وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

### یەکەم: بەڕێوبەرایەتی پاڵاوتگەکان و جووڵەی سووتەمەنی

١- داخستنی هەموو ئەو پاڵاوتگە تایبەتیانەی کە دەکەونە سنووری پارێزگای هەولێر کە ژمارەیان (١٣١) پاڵاوتگەیە.

٢- داخستنی هەموو ئەو پاڵاوتگە تایبەتیانەی کە دەکەونە سنووری پارێزگای سلێمانی کە ژمارەیان (٢٩) پاڵاوتگەیە.

٣- داخستنی هەموو ئەو پاڵاوتگە تایبەتیانەی کە دەکەونە سنووری پارێزگای دهۆك کە ژمارەیان (٣٧) پاڵاوتگەیە.

٤- لیژنەی بەدواداچوونی زێدەڕۆیی سەر بۆڕی نەوتی خاو بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای کار و وەزارەتی ناوەخۆ (OPF) و ئاژانسی پاراستن، هەڵسابن بە چارەسەرکردنی ئەم زێدەڕۆیانە و دەستگیر کردنی ئەم باندانە. (١- چاڵەگردەڵە، ٢- پشت بەنزینخانەی دۆڵەبەکرە، ٣- نزیك گردی باشتەپە، ٤- دوو شوێن لە گوندی نۆغەران، ٥- گوندی شەمامر، ٦- بشیریان، ٧- شێخان، ٨- بەنزینخانەی لانە لەسەر ڕێگای دیبەگە).

### دووەم: بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی و ژینگە:

ئەنجامدانی ٨٧ سەردان و پشکنینی تیمەکانی (هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی EIA، تەندروستی و سەلامەتی، رادەستکردنەوەی زەوی، پشکنینی ژینگەیی ئاو و هەواو خاك، وەلامدانەوەی رووداوە لەناکاوەکان) بۆ بلۆکە نەوتییەکانی کۆمپانیاکان.

### سێیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی کانزایی

١- بەداواداچوون و هەڵسەنگاندنی بەردی لایمستون کە بەکاردێت بۆ پاراستنی ژینگە لە وێستگەی هەڵمی کارەبای خەبات لە لایەن کۆمپانیای (Mega) و فراوانکردنی کارەکانیان لە کانەبەردی ناوچەی سیناوە لە ناحیەی خەلیفان بە پێی خەسڵەتەکان و ستاندراتی کارکردن .

٢- خولێکی فێربوون لەسەر بەکارهێنانی ڕێگاکانی جیۆفیزیایی بۆ گەڕان بەدوای کانزاکان بۆ فەرمانبەرانی جیۆلۆجی سەر بە وەزارەتمان کە بە هاوکاری قونسڵیەی وولاتی چین و لە ڕێگەی کۆمپانیای جیۆفیزیایی (GGFZCO) موە ئەنجامدرا (تەواو بوو).

٣- دابین کردنی بەردی کلس لە کانەبەردی سیناوە بۆ وێستگەی کارەبای هەڵمی خەبات بۆ خاوێن کردنی ژینگە لە پاشماوە گۆگردییەکان وە ئەم پرۆژەیە بەردوامە و لەلایەن کۆمپانیای (Mega) بەڕێوەدەچێت .

٤- هەردوو پرۆژەی دەرهێنانی خەلووزی بەردین لە قەزای زاخۆ بەردەوامن لە کار کردنیان کە وەزارەتمان گرێبەستی هەیە لەگەڵ هەریەك لە DonauRiver و Karpet .

٥- تاقیگەی ناوەندی بەردوام بووە لە پشکنینەکانی وە داهاتی کۆتایی ساڵی (٢٠١٩) دیناری عێراقی بە بڕی (٤٣٨،٥٣٥،٠٠٠) دیناری عێراقی لەکاتێکدا داهاتی کۆتایی ساڵی (٢٠١٨) بریتی بوو لە (٣٠٩،٩١٠،٠٠٠) دیناری عێراقی ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا بڕی داهاتی (٢٠١٩) بە ڕێژەی (٤٢٪) بەرزبووەتەوە بە بەراوورد بە ساڵی ( ٢٠١٨) .

٦- هەر لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢٠ ) کارو چالاکییەکان بەردەوام بوو سەرەڕای کێشەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بە شێوەیەکی سنووردار و بڕی داهات گەیشتە (٥٠،٤١٠٠٠٠) دیناری عێراقی و هەروەها بەردوام بوون لە چاودێری کردنی کوالیتی بەنزینی بەنزینخانەکان.

٧- ٢٠٠ کۆمپانیای کانەبەرد مۆڵەتیان پێدراوە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان.

## چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پشکنین و سانسۆری ناوخۆ

### أ. لەسەر ئاستی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز (IOC):

١- جێبەجێ کردنی سەرجەم بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە وەرگرتنی باج لە کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری بواری نەوت و گازدا. بۆ دڵنیایی زیاتر سەرجەم کۆمپانیاکانی (IOC) ئاگادار کراونەتەوە کە دەبێت هیچ پرۆسەیەکی (تەندەرین) ئەنجام نەدرێت ئەگەر ووردەکاری (باج) لەگەڵ کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری پێشکەش نەکرابێت : بۆ نموونە هیچ کۆمپانیایەك لە هەڵسەنگاندنی هونەری سەرکەوتوو نابێت و بۆی نیە بەشداربێت ئەگەر بەرامبەرییەکانی باجی تەواو نەبوو.

٢- لە کاتی دۆزینەوەی هەر سەرپێچییەك یەکسەر پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج لە وەزارەتی دارایی کراوە. هەر بەم ڕێکارەش توانرا لەم ماوەیەدا نزیکەی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دۆلار وەك باج بۆ خەزێنەی دەوڵەت وەربگیردرێتەوە.

٣- هەر لە چوارچێوەی فەرمانی سەرۆکی حکومەت بۆ کەمکردنەوەی تێچووی کۆمپانیاکانی نەوت و گاز (IOC) ئەم کارانەی خوارەوە بە ئەنجام دراون:

- کەمکردنەوەی بودجەی تشغیلی کۆمپانیای (گازپرۆم) بە نزیکەی (٢) ملیۆن دۆلار بۆ هەر ساڵێك لە کێڵگەی نەوتی (گەرمیان) .
- کەمکردنەوەی بودجەی تشغیلی کۆمپانیای (TTOPCO) بە نزیکەی (٣) ملیۆن دۆلار بۆ هەر ساڵێك.
- کەمکردنەوەی بودجەی تشغیلی کۆمپانیای (دانا گاز) بە نزیکەی (١.٥) ملیۆن دۆلار بۆ هەر ساڵێك.

**بەرزکردنەوەی ڕێژەی کارمەندی خۆماڵی لە هەریەك لەم کۆمپانیایانەی سەرەوە بەم شێوەی خوارەوە:**

| کۆمپانیا | ڕێژەی ئێستا | ڕێژەی پێشوو |
|---|---|---|
| گازپرۆم | ٪٦٩ | ٪٦٥ |
| TTOPCO | ٪٨٣ | ٪٨٠ |
| دانا گاز | ٪٨٧ | ٪٨٠ |

**ب. لەسەر ئاستی چاودێری کارگێڕی:**

١- ئاماژە بە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٤٧٩٩) لە ٢٠١٩/٧/١٧ هەڵسابین بە سەردانی پارێزگای سلێمانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١ بەمەبەستی بەدواداچوون لەراپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی و کانزاکانی سلێمانی بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٧ / بڕگەکانی ٥/ج خەرجیەکان و بڕگە ٦/ع کارگێڕی و دۆسیەی کەسی ئەمەش وایکرد بگەینە ئەنجامەکانی پێویست کە لە چوارچێوەی بەرنامەکانی چاکسازیدا ئەنجام درابوون و هەروەها کۆتایی هێنان بە بابەتە هەڵپەسێراوەکان.

٢- بە فەرمانی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ژمارە (٨١٧٤) لەرێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٨ لیژنەیەك پێکهێنرا و سەردانی کۆگای سوتەمەنی عەربەتمان کرد بۆ لێکۆلینەوە سەبارەت بەو پاشماوە نەوتەی کە ماوەتەوە ماوەی (١٠) ساڵ لە ژێرەوەی خەزان کە برەکەی (٨٧،٣٨١) لیتر بوو و داوایان کردبوو لە ئەستۆیان دابەزێنرێت بەڵام لیژنەکەمان پێشنیارمان کرد بە چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە بە چەند خالێك بەبێ ئەوەی ئەم برەیە لە ئەستۆیان دابەزێت و بە هەدەر بروات.

**ج- لەسەر ئاستی چالاکی و چاودێری هونەری:**

١- پێدانی کەل و پەلی پێویست لە کێڵگەی نەوتی (بەردەرەش) بۆ کۆمپانیای نەوتی (Rosneft) کە پێوستیان بەو کەل و پەلانە بوو لە جیاتی کرینی لە دەرەوەی وولات.

٢- بەدوادچوون بۆ کرینی کەل و پەلی کۆمپانیا نەوتیەکان و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی تێچووی کرینی ئەو کەل و پەلانە بۆ کاری پێویست.

## پێنجەم: ڕاوێژکاری ئاسایش بۆ کاروباری کۆمپانیا نەوتیەکان OPF

١- دارشتنەوە و پێداچوونەوەی ئەمنیەتی گشت کۆمپانیاکانی بواری نەوت (IOC).

٢- دانانی میکانیزمێك بۆ پێدانی پارەی هێزی پۆلیسی نەوت لەلایەن کۆمپانیاکانەوە، کە بە هەماهەنگی لە نێوان کۆمپانیاکان و هێزی پۆلیسی نەوت ڕۆژانە لە ڕێگای پرکردنەوەی فۆرمێکەوە دەبێت و

(موجودات) دیاری دەکرێت لەلایەن نوێنەری هەردوولا واژوو دەکرێت و مانگانە ڕەوانەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکرێت و لەسەر ئەو بنەمایە ئینفۆیس بۆ کۆمپانیاکان دەکرێت.

٣- لابردنی ئەو کۆمپانیا سیکیۆریتیانەی کە لە جێگای هێزی پۆلیسی نەوت لە کێڵگەکانی نەوت ئەرکیان دەگرت و دانانی هێزی پۆلیسی نەوت لە کێڵگەکانی نەوت لە جێگایان، کە ئەمەش بووە هۆی گێڕانەوەی پارەیەکی زۆر بۆ حکومەتی هەرێم.

٤- دروست کردنی پردی هەماهەنگی لە نێوان کۆمپانیاکانی بواری نەوت و هێزی پۆلیسی نەوت سەبارەت بە شێوازی ئەرك و پاراستنی کێڵگەکان و ژمارەی هێزی پۆلیسی نەوت.

٥- گەڕانەوەی پارەی نەدراوی هێزی پۆلیسی نەوت لەلایەن کۆمپانیاکانی بواری نەوت لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٩-٢٠٢٠) لە ڕێگای ئینفۆیسەوە تەواوی پارەکە خرایە سەر ژمارە حسابی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان.

٦- سەردانی کردنی گشت بلۆکە نەوتییەکان و ئەنجامدانی کۆبوونەوەی فراوان سەبارەت بە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و باشتر بەڕێوەچوونی ئەرکەکان.

٧- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هەفتانە لەگەڵ گشت کۆمپانیاکانی بواری نەوت بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە بەرەوپێشچوونی ئیش و کارەکانیان.

٨- پێکهێنانی لیژنەیەك لە هەردوو هێزی لیوای (١ و ٢)ی پۆلیسی نەوت بە مەبەستی پشکنینی بەردەوامی بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئەمنییەوە بۆ ڕێگری کردن لە دروست بوونی ئەو سەرپێچیانەی کە لە ڕابردوودا هەبوون.

٩- کارئاسانی کردن بۆ گشت کۆمپانیاکانی بواری نەوت بە مەبەستی هاتووچۆکردن و ئاڵوگۆڕ پێ کردنی کارمەندەکانیان لەناو پارێزگاکانی هەرێم بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە و کارئاسانی بۆ نەوەستانی کارەکانیان.

١٠- چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمپانیاکانی بواری نەوت لە کاتی کارکردنی کۆمپانیا بە تایبەت ئەو کەسانەی کە دەبوونە ڕێگر لەبەردەم کۆمپانیاکان لە کاتی کارکردن یان کاری کۆمپانیاکانیان ڕادەگرت.

١١- هەماهەنگی و ئاسانکاری بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فڕۆکە بۆ هاتن و ڕۆشتنی کارمەندەکانی کۆمپانیا (IOC)یەکان لە ڕێگای وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن.

١٢- کۆکردنەوەی هاوکاری پزیشکی بۆ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگای وەرگرتنی (ماسك و دەستکێش) لە کۆمپانیاکانی بواری نەوت.

١٣- ئاگادارکردنەوەی گشت کۆمپانیاکانی بواری نەوت (IOC) کە دەتوانن ٢٤ کاتژمێر لە کاتی بوونی هەر کێشە و گیروگرفتێك پەیوەندی بکەن وەکو هێڵێکی گەرم.

**شەشەم: بەڕێوەبەراتی گشتی کاروباری کارگێڕی و دارایی/ بەشی راهێنان و پەرەپێدان:**

١- ئاسانکاری و رێگەپێدان بۆ دامەزراندنی (٤٩٥) کارمەندی ناوخۆ لە کۆمپانیا نەوتییەکان.

٢- راهێنانی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان، کۆی گشتی مەشق و راهێنان (٨٨٤) قوتابی لە کۆمپانیا نەوتییەکان.

٣- سەردانی زانستی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان (١٠٦٧) قوتابی لە کۆمپانیا نەوتییەکان.

# کار و چالاکییەکانی

# وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان

لەپێناو ناساندنی زیاتری پۆستە وەزیرییەکەمان و روونکردنەوەی زیاتری ئەرك و مافەکانی هاوولاتیانی پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێم لەسەر بنەمای یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و جارنامە گەردوونییەکان و هەروەها بۆ قوڵکردنەوەی زیاتری روحی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوان پێکهاتەکان لەگەڵ تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان زنجیرەیەك کۆبونەوەی گرنگ ئەنجامدراوە بەم شێوەیە: -

- لەماوەی ئەم ساڵەدا ، سەردانی مەیدانی شوێنە ئاینی و کلتورییەکانی تەواوی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان و بەشێك لەناوچە کێشە لەسەرەکان، بەشێکی زۆری سەردانەکان بۆ پتەوکردنی پەیوەندی پێکهاتەکان و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و گوێ گرتن لە داواکارییەکانی هاوولاتیانی پێکهاتە جیاوازەکان بووە.
- بەشداری کردنمان لە چەندین کۆڕبەندی ئابووری و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە وولاتی تورکیا کە ستراتیژی هەرێمی کوردستان بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانەی پێکهاتەکان و گرنگی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم روون کراوەتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەنجامدانی چەندین دیداری میدیای و کۆبوونەوە لە پەراوێزی ئەو کۆڕبەندانەدا لەگەڵ سەرمایەدار و وەبەرهێنەر و سیاسەتمەدار و پەرلەمانتاران بۆ هاندانی زیاتریان بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان.
- چەندین هەڵمەتی کۆکردنەوەی کۆمەك و هاوکاریمان ڕاگەیاند و پاشان بەسەر هاوولاتیان و خێزانە کەم دەرامەتەکانی پێکهاتەکان دابەشکراوە، کە پێکهاتبوون لەخۆراك و پێداویستی تەندروستی و خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا.
- بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت کارئاسانی و بەدواداچون بۆ دۆخی هاوولاتیان لە پێکهاتەکان کراوە کە لە دەرەوەی سنورەکانی هەرێمی کوردستانن و لە وولاتانی دەوروبەرن و کێشەیان هەبووە لە گەڕانەوەیان لە سەردەمی ڤایرۆسی کۆرۆنادا.
- بە هەماهەنگیمان لەگەل فراکسیۆنە تورکمانەکانی پەرلەمانی کوردستان بڕیاردرا لەسەر جێگیرکردنی رۆژی رۆژنامەگەری تورکمانی و ڕۆژی کەلتوری تورکمان کە ئەمە هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو.
- پەسەندکردن و جێگیرکردنی مێژووی پێکهاتەکان لە پرۆگرامی خوێندن لە هەرێمی کوردستان.
- پێشنیاری پرۆژەی باشترکردنی مافی کەمایەتییەکان.
- بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری بۆ مەڕاسیمی رێزلێنان لە هونەرمەند (باکوری).
- دامەزراندنی وانەبێژان بەشێوەی گرێبەست بۆ هەر یەك لە پێکهاتەکانی (تورکمان و کلدان سریان ئاشوری).
- داواکاریمان بۆ زیادکردنی بەشی زمانی ( تورکی و تورکمان)ی لە کۆلیژی ئەدەبیات زانکۆی گەرمیان.
- دانان و زیادکردنی زمانەکانی تورکمانی و سریانی لە تابلۆی پەرلەمانی کوردستان.

- نوێکردنەوەی لیژنەی کاروباری پێکهاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان.
- نوێکردنەوەی (ماڵی مەقام) بۆ پێکهاتەکان لە هەولێر.
- نوێکردنەوەی وەزیرێکی تایبەت بە کاروباری پێکهاتەکان پێشوازییەکی باشی لێکرا لەلایەن هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و پێکهاتەکان بەتایبەتی.
- بە شـــێوەیەکی پراکتیکی بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕەوشـــی پێکهاتەکان ســـەردانی مەیدانی پارێزگاکانی (سلێمانی و دهۆك)مان کردووە.
- کردنەوەی پرۆژەی ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسانی پێکهاتەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ کونسولگەری ئەمریکی و سەنتەری میترۆ.
- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان بەشداری کرد لە کۆڕبەندی بازرگانی تورکیا و هەرێمی کوردستان لە مێرسین لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٩.
- کۆبوونەوەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لەگەڵ نوێنەرانی پێکهاتە ئایینیەکان لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٤
- سەردانی کردنی پارێزگای سلێمانی و کۆبوونەوە لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٠.
- سازدانی مەراسیمی ١٠٩مین ساڵیادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری تورکمان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٥.
- بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی پێکهاتەکان لە پەرلەمان و حکومەتدا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/١٧.
- کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی پێکهاتەی تورکمان لە ماڵی تورکمان لە هەولێر ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٣ .
- کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی پێکهاتەی کلدانی و سریانی ئاشوری لە هەولێر لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٧.

# کار و چالاکییەکانی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمانی کوردستان

## یەکەم: پرسیاری سەرۆکایەتی پەرلەمان و وەڵامی لایەنی پەیوەندیدار

- ٣٦٦ پرسیار لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە ئاڕاستەمان کراوە ناردراوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار.
- ١٦٢ پرسیار لە لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە وەڵام دراوەتەوە و ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە.

## دووەم: پڕۆژە یاسا و پێشنیازی یاسا

## ئەو پڕۆژە یاساو پێشنیازانەی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان رەوانەکراون:

- پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان.
- پڕۆژە یاسای لە ئەستۆکردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان.
- پێشـــنیازی بەرکارکردنی یاســـای فیدراڵی واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلکترۆنیەکان لە هەرێمی کوردستان.
- پێشنیازی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوك لە هەرێمی کوردستان.
- پێشنیازی یاسای گەشەپێدانی یاسایی لە هەرێمی کوردستان.
- پڕۆژەی یاسای ڕۆژی کۆمەڵکوژی لە هەرێمی کوردستان.
- پڕۆژە یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشین لە هەرێمی کوردستان.
- پڕۆژە یاسای مادەی هۆشبەرەکان کارتێکارە عەقلیەکان لە هەرێمی کوردستان.

## ناردنی پڕۆژە یاساو پێشنیازی یاسا بۆ لاییەنی پەیوەندیدار بۆ وەرگرتنی ڕاو سەرنجیان.

- پێشنیازی یاسای مرۆڤ سازی لە هەرێمی کوردستان. (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان).
- پێشـــنیازی یاســـای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەســـەر کراوە لە ســـنوری شـــارەوانیەکان. (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان).
- پێشنیازی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوك لە هەرێمی کوردستان. (وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی).
- پێشنیازی یاسایی گەشەپێدانی خێزانی لە هەرێمی کوردستان. (وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی).

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمانی کوردستان

- پێشنیازی یاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان. (وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو).
- یاسای (المجلس الطبي لاقليم كوردستان). (وەزارەتی تەندروستی).
- پرۆژە یاسای ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان. (وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو).
- پێشنیازی یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان. (وەزارەتی تەندروستی).

## سێیەم: بەشداریکردن لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٢٦ ڕۆژی یەکشەممە لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو بە یاوەری وەزیری دارایی و ئابووری شاندی دانوستکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا بەشدار بووین لە کۆبوونەوەیەك لەگەڵ ستافی سەرۆکایەتی پەرلەمان سەبارەت بە سەردانی شاندی دانوستانکاری حکومەت بۆ بەغدا و کۆبوونەوەیان لەگەڵ حکومەتی عیراقی فیدراڵ لەسەر پرسی بودجەو نەوت و غازو کارەبا و وەرگرتنی شایستە داراییەکان و کێشەو ئاستەنگەکان.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١ ڕۆژی یەکشەممە بەشداریمان کرد لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان بریتی بوو لە چەند خاڵێك یەکێك لەوانە لە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە یاسای (بەرەنگاربەنەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان عێراق) پاش ئەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کرایە بنەمای گفتوگۆکان بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران، یەك بە یەکی ماددەکان گفتوگۆی لەبارەیەوە کرا و ڕاو بۆچوون و گفتوگۆی یاسایی خۆمان سەبارەت بە ماددەکانی پرۆژە یاساکە خستەڕوو بەووردی تیشکمان خستە سەر دارشتنەوەی پرۆژە یاساکە.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٤ ڕۆژی دووشـــەممە بەشـــداری کۆبوونەوەیەکی هاوبەشـــمان کرد لە پەرلەمانی کوردستان کە لەنێوان ستافی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، بە یاوەری بەڕێز (عبدالله محمود) وەزیری شـەهیدان و ئەنفالکراوان لەگەڵ لیژنەی کاروباری شـەهیدان و جینۆسـاید و زیندانیانی سـیاســی کۆبووینەوە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە تایبەت بە گفتوگۆکردن ســەبارەت بە پرســی شـــەهیدان و زیندانیان و ئەنفالکراوان، لە هەمانکاتدا تیشـــك خرایەســـەر بەڕێوەچوون و ڕێکارەکانی چاکسازی لە پاکردنەوەی لیستی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و هێنانەوەی ڕووفاتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و بە جینۆسـاید ناسـاندنی کارەسـاتی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئیمتیازاتی زیندانیە سـیاسـییەکان و کەس و کاری قوربانیان و، ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوون بۆ چارەسەری گرفتەکان کرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٢٤ ڕۆژی دووشەممە بەشداری کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان کرد لە هۆڵی پەناگیری لە پەرلەمانی کوردستان کە لە نێوان ستافی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو، بە یاوەری بەڕێز (د. سامان حسین بەرزنجی) وەزیری تەندروستی و ستافی یاوەری لەگەڵ لیژنەی تەندروستی و ژینگەو مافی بەکاربەر کۆبووینەوە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە تایبەت بە گفتوگۆکردن سەبارەت بە ئەگەری سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و چۆنیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم ڤایرۆسە و هەنگاوەکان و ئامادەکارییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی و ئەو کێشانەی دێنە بەردەم لە دوای سەرهەڵدانی

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمانی کوردستان
ئەم ڤایرۆسە. لە کۆبوونەوەکەدا جەخت کرایەوە لەسەر سەلامەتی و تەندروستی هاونیشتیمانیانی هەرێمی کوردستان لەهەمان کاتدا تیشك خرایە سەر ڕێکارەکانی و ئاڵوگۆڕی ڕا بۆ چارەسەری گرفتەکان کرا لە نێوان هەردوولا.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٦ ڕۆژی چوارشەممە بەشداریمان کرد لە دانیشتنی ژمارە (٣) خولی بەهارەی ساڵی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بە یاوەری بەڕێزان (د. ئالان حمە سەعید) وەزیرە پەروەردە و (د. ئارام محمد) وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی. هەر بە گوێرەی خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری پەرلەمان گفتوگۆکرا سەبارەت بە پلانی هەردوو وەزارەت و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ لێکەوتەکانی پەتای کۆرۆنا لەسەر پرۆسەی خوێندنی ساڵی (٢٠١٩- ٢٠٢٠). لە کۆبوونەوەکەدا ڕێکارەکانی وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا خرانە ڕوو بۆ ئەندامانی پەرلەمان ڕوونکردنەوەی پێویستیان لەبارەیەوە درا و ئاڵوگۆڕی بیرو ڕایەکان لەسەر تەواوی کێشەکان و لێکەوتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەسەر ناوەندەکانی خوێندن و مامۆستا و قوتابی یەوە کرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٦ ڕۆژی پێنجشەممە بەشداریمان کرد لە دانیشتنی ژمارە (١٥) ئاسایی خولی پایزەی ساڵی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، دانیشتنەکە تایبەت بوو بە دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی موچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر. لە کۆبوونەوکەدا دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی هاوبەشی شەش لیژنەی تایبەتمەند کە لە دوای سەرلەنوێ دارشتنەوەیان و ڕەچاوکردنی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ستافی حکومەت و ئەندامانی پەرلەمان کە لە دوو دانیشتنی پێشووتردا خرابوونە ڕوو ئامادەکرابوو، یەك بە یەکی ماددەکان و تەواوی ئەو پێشنیارانەی بۆیان کرا بوون خرانە دەنگ دانەوە بەم شێوەیە تەواوی پرۆژە یاساکە بە کۆی دەنگی ئەندامانی ئامادەبوو پەسەند کرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٥ ڕۆژی چوارشەممە بە یاوەری ستافی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێك هاتبوون لە بەڕێزان وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفاکراوان و د.ئامانج رەحیم سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بەشداربووین لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەکانی کاروباری یاسایی، دارایی و کاروباری ئابوری، ناوخۆ، شەهیدان، کاروباری پێشمەرگە. مەبەست لە کۆبوونەوەکە کە تەلاری پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو بۆ یەکخستن و سەرلەنوێ دارشتنەوەی ڕاپۆرتی هاوبەش و کۆتایی لیژنە تایبەتمەندەکان سەبارەت بە پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی موچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە بوو بە ڕەچاوو کردنی ئەو سەرنج و تیبینیانەی کە لە کاتی خوێندنەوەی پرۆژە یاساکە خرابوونە ڕوو. هەر لە کۆبوونەوەکەدا دوای نووسینی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە تایبەتمەندەکان ڕاپۆرتەکە پەسەند کرا بۆ دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان و دەنگدان لەسەری.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٤ ڕۆژی سێشەممە لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان بەشداربووین لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بە یاوەری بەڕێز د.ئامانج رەحیم سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ لیژنەکانی کاروباری یاسایی، دارایی و کاروباری ئابوری، ناوخۆ، کاروباری شەهیدان، پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان. کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە سەرلەنوێ دارشتنەوەی ڕاپۆرتی هاوبەش و کۆتایی لیژنە تایبەتمەندەکان و یەکخستنەوەیان سەبارەت بە پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی موچە و دەرماڵە و

بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە بە لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو پێشنیار و تێبینیانەی کە لە دانیشتنی ٢٠٢٠/١/١٣ لە کاتی خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاساکە بە ئامادەبوونی ستافی حکومەت خرابوونە ڕوو.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٣ ڕۆژی دووشەممە کاتژمێر ٤:٣٠ بەشداربووین لە بەشی دووەمی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١٤) ئاسایی خولی پایزەی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەم بە یاوەری بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران. بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەردەوامبوو لەسەر خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای (چاکسازی لە خانەنشینی موچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) بە هەمان شێوەی بەشی یەکەمی دانیشتنەکە بەشداریمان لە گفتوگۆکان کرد و ڕوونکردنەوەی یاسایی و پێوستمان لەبارەیەوە داو چەندین پرسیار لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئاڕاستەی ئێمە و بەڕێزانی یاوەرمان لە ستافی حکومەت کراو ڕاو بۆچوون و پێشنیاری خۆمان بۆ دەوڵەمەند کردنی پرۆژەکە خستەڕوو، گفتوگۆی ووردی ماددەو پێشنیارەکانمان لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی ئامادەبووی نێو پەرلەمان کرد.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٣ ڕۆژی دووشەممە کاتژمێر ١٠:٣٠ی بەیانی بەشداربووین لە دانیشتنی پەرلەمان ژمارە (١٤) ئاسایی خولی پایزەی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەم بە یاوەری بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای (چاکسازی لە خانەنشینی موچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) ماددەکانی پێنجەم و شەشەمی پرۆژەکە کە تایبەت بوو بە دەرماڵەکان و ڕێکخستنەوەی هەژمارکردنی خزمەت. بەشداریمان لە گفتووگۆکان کرد و ڕوونکردنەوەی یاسایی و پێوستمان لەبارەیەوەداو چەندین تێبینی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئاڕاستەی ئێمەو بەڕێزانی یاوەرمان لە ستافی حکومەت کرا ڕاو بۆچوون و پێشنیاری خۆمان بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە خستەڕوو، دوای ئاڕاستەکردنی پرسیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان ڕوونکردەوەی خۆمان شیکردنەوەی ماددەکانی پرۆژەکەمان ڕاگەیاندن.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٢ ڕۆژی یەکشەممە بەشداربووین لە دانیشتنی پەرلەمان ژمارە (١٣) ئاسایی خولی پایزەی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەم بە یاوەری هەریەك لە بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگەو وەزیری شەهیدان و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و ژمارەیەك لە بریکارو بەڕێوەبەری گشتی وەزارەتە تایبەتمەندەکان، دانیشتنەکە تایبەت بوو بە خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای (چاکسازی لە خانەنشینی موچەو دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی بنەرەتی پرۆژەکەو ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند و خستنە دەنگ دانیانەوە بۆ کردنە بنەمای گفتوگۆ، بە تێروتەسەلی بەشداریمان لە تاوتوێ کردنی ماددەکانی پرۆژە یاساکە کردو ڕوونکردنەوەی یاسایی و پێوستمان لەبارەیەوە دا، لەلایەنی ئێمەو بەڕێزانی یاوەرمان لە ستافی حکومەت، گفتوگۆمان لەسەر پێشنیارەکان کرد بۆ دەوڵەمەندکرنی پرۆژەکە، چەندین پرسیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاڕاستەی ئێمە کرا وەڵامی پێویست و ڕوونکردنەوەی پێویستمان لەبارەیەوە دا.
- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٢ ڕۆژی یەکشەممە لە بەشی یەکەمی دانیشتنی پەرلەمان ژمارە (١٣) ئاسایی خولی پایزەی ساڵی یەکەمی خولی پێنجەم بەشداریمان کرد. بە گوێرەی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە کە تایبەت بوو بە دەنگ دان لەسەر پرۆژە یاسای (ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵیەکان

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمانی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان- عێراق) دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی بنەرەتی پرۆژەکەو ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند خوێندرایەوە، ناونیشان و ماددە بە ماددەی پرۆژە یاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵیەکان لە هەرێم کە لە (١٠) ماددە پێك هاتبوو، خرانە دەنگ دانەوە و لەلایەن ئەندامانەوە پەسەندکرا.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٧ ڕۆژی سێشەممە لەگەڵ تیمێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دارایی ئابووری و وەزیری هەرێم بۆ بەڕێوەبردنی دۆسییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی عێراق و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم بەشداری کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان کرد لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری لە پەرلەمان. لە کۆبوونەوەکەدا دوایین گفتوگۆ و تاوتوێی تەواوی ماددەو برگەکانی پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی موچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان عێراق کرا، پێشنیاز بۆ دەوڵەمەندکردنی پرۆژە یاساکە خرایەڕوو.
- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٤ ڕۆژی سێشەممە هەر سەبارەت بە گفتوگۆ کردن لەسەر برگە و ماددەکانی پرۆژە (یاسای چاکسازی لە خانەنشینی موچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە) لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان کۆبووینەوە بەجیا بەیاوەری لەگەڵ هەریەك لە بەڕێز وەزیری ناوخۆی هەرێم و بەڕێز وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە هەرێمی کوردستان. لە کۆبوونەوەکەدا هەموو ئەو سەرنج و تێبینیانەی لەسەر پرۆژە یاساکە هەبوون گفتوگۆو تاوتوێی تەواوی لەبارەیەوە کراو سەرنجی تەواوی خرایەڕوو.
- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٣ ڕۆژی دووشەممە سەبارەت بە گفتوگۆکردن لەسەر برگە و ماددەکانی پرۆژە (یاسای چاکسازی لە خانەنشینی موچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە) بەیاوەری لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری هەرێم و بریکاری وەزیری دارایی و ئابووری بە وەکالەت و بەڕێوەبەری گشتی ژمێریاری و بەڕێوەبەری گشتی خانەنشینی هەرێم کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان ئەنجامدا لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابوری.
- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٦ ڕۆژی دووشەممە بەشداربووین لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی پەرلەمانی کوردستان دانیشتنەکەی پەرلەمان بەپێی بەرنامەی کار بریتی بوو لە سێ خاڵ یەکەمیان تایبەت بووبە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای (چاکسازی لە خانەنشینی مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرابوو وە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند کراو لەسەر داوای ئەندامان سیفەی بەپەلەی پێدرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٢ ڕۆژی پێنج شەممە تەواوی (پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گەیاندە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی ئەنجامدانی دانیشتنی پەرلەمان و تاوتوێ کردنی پرۆژەکەو دەرچواندنی وەکو یاسا.

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمانی کوردستان

- پێش نیوەڕۆی ٢٠١٩/١٢/١٢ لە پەرلەمانی کوردستان بەشداربووین لە کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان لیژنەکانی یاسایی، ناوخۆ، کاروباری کۆمەڵایەتی، کاروباری تەندروستی لە هۆڵی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەتاوتوێ کردنی پڕۆژە (یاسای مادده هۆشبەرەکان وکارتێکارە عەقڵیەکان لە هەرێمی کوردستان عێراق) خستنە رووی سەرنج و تێبینیەکانمان لەسەر بڕگە و ماددەکانی پڕۆژە یاساکەو بەر لە ئامادەکردنی راپۆرتی هاوبەشی لیژنە بۆ خوێندنەوەی دووەم.

- پێش نیوەڕۆی ٢٠١٩/١٢/١٠ بەشداری دانیشتنی پەرلەمانمان کرد بە یاوەری بەڕێزان وەزیری رۆشنبیری و وەزیری کارەبا وچەند نوێنەرێکی دیکەی وەزارەتەکانی تر. کە تایبەت بوو بە چەند خاڵێك بەپێی بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان یەکێك لەوان گفتوگۆکردن بوو سەبارەت بە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە یاسای (ریکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان عێراق) چەندین سەرنج و تێبینی خۆمان لە بارەیەوە دەربڕی گەنگەشەی ماددەو بڕگەکانیمان لە هۆڵی پەرلەمان کرد و لە بەشێکی تری کۆبوونەوەکە سەبارەت بە پرسی کارەباش روونکردنەوەو زانیاری لەو بارەیەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان و رای گشتی درا لەلایەن ستافی حکومەتەوە.

- لە ٢٠١٩/١٢/٢ لە تەلاری پەرلەمان بەشداری کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان کرد بە یاوەری بریکاری وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و بەڕێوەبەری گشتی ئاوو ئاوەڕۆی هەرێم و لەگەڵ لیژنەکانی دەسپاکی و شارەوانی لە پەرلەمانی کوردستان و راوێژکاران. لە کۆبوونەوەکەدا تیشك خرایەسەر گرنگی هۆشیاری هاووڵاتیان بۆ پاراستن و بەهەدەر نەدانی ئاو وەك یەکێك لە سەرچاوەکانی ژیان وەك سامانێکی نەتەوەیی و تیشك خرایە سەر بەستنی پێوەری ئاوی ماڵان و ئەو کۆمپانیایانەی بەم کارە هەڵدەستن کە ئامێرەکان هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکەن کێشەو گیروگرفتەکانی سکاڵای هاووڵاتیان خرانە بەرباس سەبارەت بە ئاو و ئاوەڕۆ و جەختیش لەسەر چارەسەرکردی کێشەکان کرایەوە.

- لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٣ بەشداربووین لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان کە بەرنامەی کاری دانیشتن بریتی بوو لە دوو خاڵ، خاڵی یەکەم تایبەت بوو بە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێنج پێشنیازە یاساو یەك پێشنیازی بڕیار و خاڵی دووەمیش بریتی بوو لە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی یاسای بەخاوەن کردنی ئەو زەوییانەی زێدەرۆییان لەسەر کراوە لە سنوری شارەوانیەکان لە هەرێمی کوردستان. لە بەشی دووەمی دانیشتنەکە کە بەڕێز وەزیری شارەوانیش هاوشانمان بەشداری کۆبوونەوەکەی پەرلەمان بوو، زەوی زێدەرۆکان باس و خواسی تەواوی لەبارەیەوە کرا.

- لە رێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٥ بەشداربووین لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان کە بەرنامەی کاری دانیشتن بریتی بوو لە دوو خاڵ، خاڵی یەکەم تایبەت بوو بە ووتەی سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی ساڵیادی دووەمی پرسی سەربەخۆیی کوردستان کە لە ٢٠١٧/٩/٢٥ لە هەرێمی کوردستان و سەرجەم ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم ئەنجامدرا و خاڵی دووەمیش بریتی بوو لە خوێندنەوەی دووەمی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمانی کوردستان

- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٢ لە پەرلەمانی کوردستان بەشداری کۆبوونەوەیەکی هاوبەشمان کرد کە لە نێوان ستافی حکومەتی هەریم و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆك فراکسیۆنەکان و لیژنەکانی یاسایی و دارایی و وزە و سامانە سروشتییەکان بەڕێوەچوو، تەوەری کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە پرسی بودجەو بەشداری هەرێمی کوردستان لە قۆناغی ئامادەکردنی ڕەشنوسی بودجەی سالی (٢٠٢٠)ی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و پرسە چارەنووساز و نیشتمانییەکان و ئەنجامدانی دانوستان و گفتوگۆکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ.
- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٣ ڕۆژی شەممە بەیاوەری بەڕێز وەزیری وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان، بەشداریمان کرد لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان بەرنامەی کار تایبەت بوو بە دەنگدان لەسەر پێشنیازە بڕیاری (دیاریکردنی رۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان) دوای خستنە دەنگدانی ناونیشان و خاڵەکانی ئەم پرۆژە بڕیارە و پەسەند کردنی، کۆی بڕیارەکە خرایە دەنگ دانەوە بە کۆی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەند کرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/١ لە پەرلەمانی کوردستان بەشداریمان کرد لە کۆبوونەوەی پەرلەمان ژمارە (٢)ی نائاسایی ساڵی یەکەم کە دانیشتنەکە تایبەت بوو بە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە بڕیاری (دیاریکردنی رۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان) لەلایەن لیژنەی یاسایی و تایبەتمەندەوە خوێندرایەوەو گفتوگۆکرا لەسەر ناوەڕۆك و خاڵەکانی پێشنیازە بڕیارەکە، لەلایەن لیژنەی یاسایی پێشنیازە تازەکان یاداشت کران.
- لە ڕێکەوتی ٢٨ی تەمموزی ٢٠١٩ لە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید بەیاوەری بەڕێزان وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان، کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە تاوتوێ کردنی پێشنیازە بڕیاری (دیاریکردنی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی یەزیدیەکان) و خستنەڕووی خاڵ بە خاڵی پێشنیارە بڕیارەکە دوای ئەوەی لە پەرلەماندا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا بوو.

**چوارەم: کۆبوونەوەی لیژنەی کاروباری یاسایی لە ئەنجومەنی وەزیران.**

١- کۆبوونەوەی ژمارە (١) لە ٢٠١٩/١٢/١٨ کە بریتی بوو لە باسکردن و ڕادەربرین لەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە:

- بەرکارکردنی یاسای فیدراڵی (واژووی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنیەکان ژمارە ٧٨ ی ساڵی ٢٠١٢).
- پێشنیازی (یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوك لە هەرێمی کوردستان).
- پرۆژە یاسای گەشەپێدانی خێزانی لە هەرێمی کوردستان.

٢- کۆبوونەوەی ژمارە (٢) لە ٢٠٢٠/١/١٩ کە بریتی بوو لە باسکردن و ڕادەربرین لە سەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە:

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمانی کوردستان

- هەمواری ڕەشنوسی یەکەمی یاسای وەبەرهێنان ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٠٦.
- هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١٠.
- نظام ممارسة مهنة مراقبة وتدقيق الحسابات في اقليم كوردستان.

٣- کۆبوونەوەی ژمارە (٣) لە ٢٠٢٠/٢/١٠ کە بریتی بوو لە باسکردن و ڕادەربرین لە سەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە:

- یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان.
- پێشنیازی بڕیاری پێدانی پێشینەی خانووبەرەو هاوسەرگیری بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان.
- پێشنیازی یاسای دامەزراندنی سندوقی پشتیوانی دارایی نیشتەجێبوون.

٤- کۆبوونەوەی ژمارە (٤) لە ٢٠٢٠/٢/٢٣ کە بریتی بوو لە باسکردن و ڕادەربرین لە سەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە:

- پێشنیازی یاسای ئەرك ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان.
- قانون المجلس الطبي في اقليم كوردستان.
- پێشنیازی یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان.

٥- کۆبوونەوەی ژمارە (٥) لە ٢٠٢٠/٤/٢٧ کە بریتی بوو لە باسکردن و ڕادەربرین لەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە:

- پرۆژە یاسای (تضمين الموظفين) لە هەرێمی کوردستان.
- پرۆژە یاسای دامەزراوەی دەرمان و خۆراك لە هەرێمی کوردستان.
- پرۆژە یاسای دەروازە سنوورییەکان.
- پێشنیازی سوککردنی باری دارایی هاووڵاتیان.

٦- کۆبوونەوەی ژمارە (٦) لە ٢٠٢٠/٥/١٨ کە بریتی بوو لە باسکردن و ڕادەربرین لەسەر ئەم بابەتەی خوارەوە:

- پرۆژە یاسای دامەزراوەی دەرمان و خۆراك لە هەرێمی کوردستان.

٧- کۆبوونەوەی ژمارە (٧) لە ٢٠٢٠/٦/٧ کە بریتی بوو لە باسکردن و ڕادەربرین لە سەرئەم بابەتەی خوارەوە:

- قانون مجلس الاعلى لمكافحة الفساد والاصلاح العام في اقليم كوردستان/ العراق.

٨- کۆبوونەوەی ژمارە (٨) لە ٢٠٢٠/٦/٢٩ کە بریتی بوو لە باسکردن و ڕادەربرین لەسەر ئەم بابەتەی خوارەوە:

- پرۆژە یاسای دامەزراوەی دەرمان و خۆراك لە هەرێمی کوردستان.

# کارو چالاکییەکانی

# وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری نێوان هەرێم و حکومەتی فیدرال

١- ئامادەکردنی پرۆژەیەکی گشتگیری یاسایی و سیاسی و ئەمنی و عەسکەری بۆ لیژنەی دانووسانی حکومەتی هەرێم تایبەت بە ئاسایی کردنەوەی دۆخی ئیداری و ئەمنی عەسکەری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و جێبەجێ کردنی ماددەی١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی عێراق.

٢- رێکخستنی وۆرك شۆپێك بۆ نوێنەرانی کوردستان و لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستوری عێراق، بە ئامادەبوونی پسپۆڕ و ئەکادیمیانی کوردستان لەو بوارەداو سەرپەرشتیکردن و دروستکردنی لیژنەیەکی بالا بۆ پاڵپشتی کردنی نوێنەرانی کوردستان لە لیژنەی هەمورای دەستوردا.

٣- بەشداریکردن لە وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ رێککەوتن لەسەر پرۆژەی یاسای بودجەی دەوڵەت، بۆ ئەم مەبەستە چەندین جار سەردانی بەغدا کراوە و زنجیرەیەك کۆبوونەوە ئەنجام دراوە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ و جێگری سەرۆك وەزیران و وەفدی بالای حکومەتی فیدراڵ.

٤- سەردانی کردنی بەغدا بە هاوڕێیەتی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە و وەفدی بالای وەزراەتی پێشمەرگە و کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری بەرگری حکومەتی فیدراڵ و لیژنەی بالای وەزارەتی بەرگری و لیژنەی بالای وەزارەتی بەرگری حکومەتی فیدراڵ، بەمەبەستی دابینکردنی مووچەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و رێککەوتن لەسەر کاری هاوبەش و هەماهەنگی بۆ پاراستنی سنورەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٥- سەردانی کردنی بەغدا بە هاوڕێیەتی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵی حکومەتی فیدراڵ بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی جووتیارانی کوردستان، هەروەها کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری سەرچاوە ئاوییەکانی حکومەتی فیدراڵ تایبەت بە کێشەکانی ئاو و هەماهەنگی زیاتری نێوان هەردوو حکومەت.

٦- سەردانی کردنی بەغداو کۆبوونەوە لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵی حکومەتی فیدراڵ بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٧- سەردانی کردنی بەغدا بە بەشداری بەڕێز سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و کۆبوونەوە لەگەل بەڕێز سەرۆك کۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی بالای دادوەری عێراق و وەزیری دادی حکومەتی فیدراڵ بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی جوتیارانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

٨- بەشداری کردن لە وەفدی بالای حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی میونیخ بۆ ئاسایش.

٩- بەشداری کردن لە وەفدی بالای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتی ئیتاڵیا.

١٠- بەشداری کردن لە وەفدی بالای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری هەرێم و سەردانی کردنی بەغداو کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ و جێگری سەرۆك وەزیر و لایەنی پەیوەندارەکان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی بڕینی بەشێك لە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.

وەزیری هەرێم بۆ کاروباری نێوان هەرێم و حکومەتی فیدرال

١١- بەشداری کردن لە وەفدی باڵای حکومەتی هەرێمی کودستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جێگری سەرۆك وەزیران بۆ چارەسەرکردنی کۆی کێشەکانی تایبەت بە دۆسیەی نەوت و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان و سەردانییەکان چەندین جار ئەنجام دراون و زنجیرەیەك کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی حکومەتی فیدراڵ و هەروەها بەردەوامی سەردانەکان و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئێستای حکومەتی فیدراڵ بەڕێز مستەفا کازمی و وەزیرانی (دارایی و پالاندانان)ی حکومەتی فیدراڵ و وەفدی باڵای حکومەتی فیدرال.

١٢- بەشداری کردن لە چەندین کۆبوونەوەو کۆڕ و کۆنفرانس بۆ شیکردنەوە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، لەوانە: بەشداریکرن لە کۆنفرانسی میری لە ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٩، کۆنفرانسی دەزگای ستاندەر لە ساڵی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠، بڕیارە رۆژی ٢٠٢٠/٧/١٧ بەشداربین لە کۆڕێکی سیاسی لە چەتام هاوس بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیداڵدا.

١٣- ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ نێردە دبلۆماسییەکان و روونکردنەوەی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تێڕوانینەکانی بۆ پەیوەندییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان، لەوانە:

- نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق.
- باڵیۆزی بەریتانیا لەعێراق.
- هەر یەك لە کۆنسڵەکانی (ئەمریکا، تورکیا، ئەڵمانیا، بەریتانیا) لە هەرێم.

١٤- ئامادەبوون لە پەرلەمانی کوردستان بۆ شیکردنەوەی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە حکومەتی فیدراڵ و هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ دابینکردنی شایستە داراییەکانی هەرێم.

١٥- ئامادەبوونە لە پەرلەمانی کوردستان و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆك فراکسیۆنەکان و لیژنەکانی دارایی پەرلەمان بۆ روونکردنەوەی یاسای چاکسازی.

١٦- ئامادەبوون لە لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە بەشداری بەرێز سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ی دەستور.

١٧- سەردانی کردنی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق و ئەنجامدانی کۆبوونەوە بە مەبەستی روونکردنەوەی سیاسەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە دۆسییەکانی دارایی و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان.

# کار و چالاکییەکانی
# فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە

## پێشەكی

فەرمانگەی پەیوەندییەكانی دەرەوە لە رێگەی (٩) بەڕێوبەرایەتی و نووسینگە و (١٤) نووسینگەی نوێنەرایەتی حكومەت لە دەرەوە لە كار و هەوڵەكانی بەردەوامە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژیەكانی هەرێمی كوردستان.

لە خوارەوە كارو چالاكییەكانی فەرمانگەی پەیوەندیەكانی دەرەوە لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا دەخەینەڕوو:

### كۆبوونەوە و كارو چالاكییەكانی بەرپرسی فەرمانگە:

- ئەنجامدانی نزیكەی ٣٠٠ كۆبوونەوەو دیدار لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكان و نوێنەرایەتییەكان و نێردە دبلۆماسییەكان و نوێنەری وولاتان.
- بەشداری لە كۆبوونەوەی سالانەی كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان.
- بەشداریكردن لە گروپی سەرەكی كۆنفرانسی ئاسایشی میونیخ لە قەتەر.
- سەردانێكی فەرمی بۆ واشنتۆنی پایتەختی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە مەبەستی خستنەرووی هەڵوێستی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ پرسە هەنووكەییەكان و پتەوكردنی زیاتری پەیوەندییە دووقۆڵییەیكان لەگەڵ وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا.

## كارو چالاكییەكانی
## فەرمانگەی پەیوەندییەكانی دەرەوە و بەڕێوەبەرایەتییەكان

**یەكەم: كارو چالاكی فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەكانی بە گشتی:**

بەپێی سروشتی ئەرك و كاری فەرمانگەی پەیوەندییەكانی دەرەوە لەماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا كار بۆ دووبارە ڕێكخستنەوەی سەرجەم ئەرك و كاروبارەكان و ئەو خزمەتگوزارییانە كرا كە بە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی و نوێنەرایەتییەكانیەوە پێشكەشی كونسوڵگەری وولاتان و نێردە دبلۆماسی و ئاژانس و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان و هاووڵاتیانی هەرێم لە ناوەوە و دەرەوە و ئەو بیانیانە دەكات كە نیشتەجێی هەرێمی كوردستانن.

**أ- پێشكەش كردنی خزمەتگوزاری بە كونسوڵگەری و نوێنەری وڵاتان و نێردە دبلۆماسیەكان:**

فەرمانگەی پەیوەندییەكانی دەرەوە بە رێگەی بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەكانیەوە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی فیدراڵ و یاساو ڕێنمایی و ڕێككەوتننامە نێودەوڵەتییەكان مامەڵە لەگەڵ كاروباری نوێنەرایەتی و كۆنسوڵگەری گشتی و فەخری وولاتانی بیانی و نێردە دبلۆماسیەكان لە هەرێمی كوردستان دەكات و ڕۆژانە بە ڕێگەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ یا خود نووسراوی فەرمیەوە هەماهەنگیان

لەگەڵ دەکات، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی (ئاسانکاری، پشتگیری، پێدانی زانیاری) لە سەرجەم بوارەکاندا کە پەیوەندیدار بێ بە کاروباری هاووڵاتیان یاخود ڕێکخراو و کۆمپانیاو ناوەندە ئابووری و بازرگانی و ڕۆشنبیری و مرۆییەکانیان کە لە هەرێمی کوردستانن.

ب- پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە ئاژانس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان:

بە هەمان شێوە ئەرکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە ئاسانکاری و خزمەتگوزاری کارگێڕی و تەکینکی پێشکەش بە ئاژانس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و حکومی و ناحکومیە بیانیەکان بکات ئەوانەی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانن یا خود سەر بە وولاتانن، کە لە بوارە جۆراوجۆرەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا کار دەکەن.

هەروەها بەدەستهێنانی کۆمەك و هاوکاری مرۆیی بۆ ئاوارەو پەنابەران و هاندانیان بۆ ئەنجامدانی چالاکی و پرۆژەی هەمەجۆری گرنگ و ستراتیجی، بەتایبەت لەو بوارانەی کە وەزارەت و دام و دەزگاو دامەزراوەکانی هەرێم پێویستیان پێی هەیە لە ئەرکەکانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەن. لە هەمان کاتدا هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و ناوەندی هاوبەشی قەیرانەکان JCC و وەزارەتی دارایی و ئابووری بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ئاسانکاری هاتووچۆ بۆ هێنانە ناوەوەی کۆمەك و هاوکاری مرۆیی لەلایەن ئاژانس و ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکخراوەکانی سەر بە وولاتان، بەتایبەتیش ئاسانکاری هاتووچۆ لە ماوەی قەدەغەی هاتووچۆ لە دوای سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا.

ج- پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە ڕەوەندی کوردستانی:

دەستەبەرکردنی ئاسانکاری بۆ کاروبارە کارگێڕی و یاساییەکانی ڕەوەندی کوردستانی لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان یەکێکی ترە لە ئەرکەکانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ڕاستەخۆ بە هاووڵاتیانی هەرێم و ڕەوەندی کوردستانی بە ڕێگەی پەسندکردنی بەڵگەنامە فەرمی و یاساییەکان، ئەوانەی لە هەرێمەوە بۆ وولاتان دەنێردرێن و بە پێچەوانەشەوە، گەیاندن و ئاگادارکردنەوەیان لەو پێ ڕاگەیاندنانەی لە لایەن دادگاکانی هەرێمەوە ئاڕاستەیان دەکرێت، لەگەڵ کارکردن لەسەر هەموو ئەو کاروبارو مامەڵانەی ڕەهەندی یاساییان هەیە کە لە ناویاندا لایەنێکی بیانی نیشتەجێ لە هەرێم یان هاووڵاتیەکی هەرێمی کوردستانی نیشتەجێ لە وولاتانی دەرەوە هەیە.

لە ماوەی یەك ساڵی کارکردندا فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە زیاتر لە (١٤٦٠) بەڵگەنامەی یاسایی جۆراوجۆری بۆ نوێنەرایەتییەکانی دەرەوە ناردووە. هەروەها بەشێوەی ڕاستەوخۆ ڕۆژانە پێشوازی لە ١٠٠ تا ١٥٠ سەردانیکەر کردووە کە کۆی گشتیان بۆ یەك ساڵ بەپێی داتا تۆمارکراوەکان بریتیە لە (٣٦٧ ٣٤) هاووڵاتی و سەردانیکەر کە بە مەبەستی ڕایی کردنی کاروبارە یاساییەکانیان مامەڵەیان لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی و پەسەندکردنی بەڵگەنامەکان هەبووە. هەروەها لە ماوەی یەك ساڵدا ژمارەی ئەو بەڵگەنامانەی پەسندکراون بریتین لە (٧٣٤ ٩٢) بەڵگەنامەی یاسایی.

**دووەم: چالاکییەکان لە ماوەی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا:**

١- دوای وەستانی گەشتە ئاسمانیەکان بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەسەر راسپاردەی بەڕێز (مەسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ژمارەیەك لەو هاووڵاتیانەی بەهەر هۆکارێك گەشتی دەرەوەیان کردبوو و نەیانتوانی بگەڕێنەوە هەرێم، بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و باڵیۆزخانەکانی عێراق لە دەرەوەو حکومەتی ناوەندی بەغدا و کارکردنی بەردەوامی تیمی فەرمانگەکەمان لەگەڵ وەزارەتەکانی ناوخۆ و تەندروستی و گواستنەوەو گەیاندن، توانیمان ئاسانکاری پێشکەش بە ژمارەیەکی بەرچاو لەو هاووڵاتیانە بکەین لە وڵاتە جیاجیاکان کە لە دەرەوە بوون و دەیانویست بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان.

پرۆسەی گەڕاندنەوەی هاووڵاتیان لە ٣٠ی ئادارەوە دەستی پێکردو تا ئێستاش بەردەوامە. لەم ماوەیەدا توانراوە زیاتر ٢٥٠٠ هاوڵاتی لە رێگەی فڕۆکەخانەی هەولێرو نزیکەی ٥٠٠ هاوڵاتی لە رێگەی فڕۆکەخانەی بەغدا و ٥٠ هاووڵاتی دیکە لە رێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەسرا بگەڕێندرێنەوە هەرێمی کوردستان. کە کۆی گشتیان دەکاتە نزیکەی ٣٠٠٠ هاووڵاتی ئەمە جگە لەو هاووڵاتیانەی لە رێگەی سنورەکانی وڵاتانی دراوسێ گەڕێنراونەتەوە.

٢- ئاسانکاری هاتووچۆ بۆ دبلۆماتکاران و ستافی کونسوڵخانەکان و ستافی ئاژانس و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و رێکخراوە مرۆییەکان، بۆ بەردەوام بوونیان لە پێشکەش کردنی کاروبارو چالاکیەکانیان. هەروەها هاوکاری و ئاسانکاری دەستەبەرکراوە بۆ هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانەی بەهۆی بڵاوبوونەوی پەتای کۆرۆنا نەیانتوانیبوو بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان.

٣- هەر لەو ماوەیەدا فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە ئەرکی خۆی راپەڕاندووەو نەیهێشت بۆشاییەك لە نێوان حکومەتی هەرێم و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دروست بێت. دیدارو کۆبوونەوەی بەردەوامان هەبووە لەگەڵ نوێنەرانی وڵاتانی بیانی و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان. ئەمە جگە لەوەی چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ دیپلۆماتکاران و باڵیۆزو کونسوڵ و نوێنەرانی وڵاتان و نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامدرا.

٤- بە هەوڵی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بە چەند قۆناغێك کۆمەك و یارمەتی پزیشکی لە کۆماری چین و ئیماراتی عەرەبی بە هەماهەنگی لەگەڵ کونسوڵی گشتی هەردوو وڵات گەیشتە هەرێمی کوردستان.

## کارو چالاکی

## نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە

هەرێمی کوردستان (١٤) نوێنەرایەتی لە وڵاتە جیاجیاکاندا هەیە کە کارو چالاکییەکانیان رەنگدانەوەی سیاسەت و دیدی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ دنیای دەرەوەدا. لە ئێستادا فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە دەستی کردووە بە دووبارە رێکخستنەوەی نوێنەرایەتییەکان لە رووی کارگێری و یاسایی و پێکهاتەو ئەرك و کارەکانیان و کار بۆ دووبارە پێداچوونەوە بە ئەرك و بەرپرسیارێتی و چالاکییەکانیان دەکاتەوە، بە لەبەرچاو گرتنی بەرنامەو پلانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گرنگیدان بە پەیوەندی دبلۆماسی و دۆستانە لەگەڵ سەرجەم وڵاتانی جیهان، بە ئامانجی پتەوکردن و بەرەوپێش بردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان بە جۆرێك کە کۆك بێت لە گەڵ سیاسەت و رۆئیای کابینەی نۆیەمی حکومەت و ئەو گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی کە هاتوونەتە ئاراوە.

لە هەمان کاتدا بۆ گرنگیدان بە ڕەوەندی کوردستانی و پاڵپشتی و ئاسانکاری بۆ کاروبارەکانیان و بەشداری پێکردنیان لە پرۆژە و بیرۆکە و سیاسەتەکانی هەرێمی کوردستان و ڕێکخستنی کۆبوونەوە و چالاکی جۆراوجۆر لە بۆنەو هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە خەریکی دەرکردنی ڕێنمایی یان پەیڕەوێکی کارکردنە بۆ نوێنەرایەتییەکان بۆ گرنگیدانی زیاتر بە ڕەوەندی کوردستانی و کاراکردن و بەشداری پێکردنیان لە هەوڵ و چالاکی نوێنەرایەتییەکانمان لەو پرسە گرنگانەی پەیوەندیدارن بە هەرێمی کوردستانەوە، تاکو ڕاستەوخۆ ڕۆڵیان هەبێ و پاڵپشت بن لە دەوڵەمەندکردن و سوودگەیاندن بە پیادەکردنی پرۆژە و پلان و بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوەوەی هەرێم و وولاتانی دەرەوەدا.

هەرچەندە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەری تەواوی هەبوو لەسەر خاوبوونەوەو تا ڕادەیەك ڕاوەستانی ڕێڕەوی کارو چالاکییەکان لە هەموو جیهان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا نوێنەرایەتییەکانمان ڕاسپارد کە بە شێوەیەکی بەردەوام ڕاپۆرتی مانگانە بۆ فەرمانگەکەمان بنێرن لەسەر کارو چالاکییەکانیان و هەڵوێست و بۆچوونی وولاتان لەسەر پرس و پێشهاتە پەیوەندیدارەکان بە عێراق و ناوچەکە بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، بۆئەوەی زانیاری تەواو و نوێمان پێ بگات و بە پێی ناوەڕۆکی ئەو زانیاری و ڕاپۆرتانە بەرەو ڕۆڵ بینینی تەواو لە پیادەکردنی دیدگاو سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاراستەیان بکەین.

**بەگشتی لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا کارو چالاکییەکانی نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وولاتانی دەرەوە لەم خاڵانەی خوارەوە کورت دەکەینەوە:**

١- جەخت کردنەوە لە بەرەوپێش بردن و پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانە لە گەڵ وولاتانی دەرەوەو ڕۆڵ بینینی نوێنەرایەتییەکان لە شیکردنەوەی بارودۆخ و پێشهاتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندیدار بە هەرێمی کوردستان و ڕوونکردنەوەی هەڵوێست و دیدگای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر پرس و پێشهاتە جیاجیاکان.

٢- گرنگیدان بە پەیوەندی لەگەڵ ناوەندو ئاژانس و ڕێکخراوە جیهانی و دەوڵەتییەکان، بە ئامانجی بەدەستهێنانی پاڵپشتی و هاوکاری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش بۆ ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەو پەنابەران کە ڕوویان لە ناوچە ئارامەکانی هەرێم کردووەو فشار و بارگرانییەکی زۆری داراییان خستۆتە سەر حکومەت.

٣- هاندانی کۆمپانیاو وەبەرهێنەرانی بیانی و گرنگیدان بە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابووری و دروستکردنی پەیوەندی ڕۆشنبیری و کەلتووری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ گەلان و وولاتانی دەرەوە.

٤- دروستکردنی پردی پەیوەندی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ زانکۆ و پەیمانگاو ناوەندە زانستی و ئاکادیمیەکانی وولاتان و بەدەستهێنانی کورسی خوێندن لە بوار و ئاستە جیاجیاکاندا و چاودێری کردن و پاڵپشتی ئەو هاووڵاتیانەی هەرێمی کوردستان کە بەمەبەستی درێژەدان بە خوێندن لە وولاتانی دەرەوە دەژین.

٥- پاڵپشتی کردنی ڕەوەندی کوردستانی و ئاسانکاری بۆ ئەو کاروبارە کارگێڕی و یاساییانەی پەیوەندیان بە وەزارەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، یان بە پێچەوانەوە. بەتایبەتیش دوای سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا نوێنەرایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە گەڕاندنەوەی ئەو هاووڵاتیانەی هەرێمی کوردستان کە لە وولاتانی دەرەوە گیریان خواردبوو.

٦- گرنگیدان بە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و بەشداری و پاڵپشتی کردنی ئەو چالاکی و سیمینار و کۆبوونەوانەی لە لایەن ڕەوەندی کوردستانی یان وەزارەت و دام و دەزگا و دامەزراوەکانی هەرێم لە وولاتان ڕێکدەخرێن.

٧- دروستکردنی پەیوەندی دۆستانەو نزیکبوونەوەی زیاتر لەگەڵ باڵیۆزخانەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ و بەشداری کردنی هەردوولا لەو بۆنەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی ڕێکدەخرێن.

٨- ناساندنی کەلتوور و کەلەپووری هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و هونەری و هزری وولاتان لەگەڵ وەزارەت و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و ناوەندو دامەزراوە هونەری و ڕۆشنبیرییە تایبەتەکان.

٩- ڕێکخستن و هاوەڵی کردنی شاندە فەرمییەکانی دامەزراوەو وەزارەت و دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها ڕەخساندنی دەرفەت و زەمینەخۆشکردن بۆ شاندو کەسایەتی و کاربەدەستان و ناوەندو دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی وولاتان بۆئەوەی سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن و لە نزیکەوە بە پێشکەوتن و سەقامگیری و ئەزموونی سیاسی و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی هەرێمەکەمان ئاشنا بن.

١٠- سازدانی سەردان و دیدارو کۆبوونەوە بۆ کەسایەتی و ڕۆژنامەوانان و کەناڵ و تۆڕە میدیاییە بەناوبانگەکان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی و سیاسی و ئابووری و ستراتیجی بەمەبەستی بەرهەمهێنانی میدیایی وەك (فیلمی دۆکیۆمێنتاری، کورتە فیلم، دیداری ڕۆژنامەوانی) لە بوارە جۆراو جۆرەکاندا لە هەرێمی کوردستان.

## خشتەی
## ژمارەیەك لە كار و چالاكییەكانی تری فەرمانگە

| ز | لایەنی چالاكی | جۆری كارو چالاكی | ژمارەی چالاكی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕاوێژكاری سیاسی | ڕاپۆرتی شیكاری سیاسی | ٢٩ | لەسەر پرس و پێشهاتە جیاجیاكان |
| ٢ | نووسینگەی تایبەتی سەرۆكی فەرمانگە | ڕاپۆرتی كارو چالاكی ڕۆژانەی فەرمانگە | ٥١ | بەڕێوەبەرایەتی و نوێنەرایەتیەكانی دەرەوە |
| ٣ | بەڕێوەبەرایەتی نووسینگەكانی دەرەوە | ڕاپۆرتی نوێنەرایەتیەكانی دەرەوە | ١١٩ | لەسەر پرسەكانی پەیوەندیدار بە هەرێم و ڤایرۆسی كۆرۆنا |
| ٤ | بەڕێوەبەرایەتی ڕێكخراوە نێودەوڵەتیەكان | نووسراوی ڕێگەپێدان بە ئاژانس و ڕێكخراوەكان و ئاسانكاری تر | ٧ ٣٠٠ | بۆ گەیاندنی هاوكاری مرۆیی بۆ كەمپەكان و هاتووچۆیان |
| ٥ | بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان | پێدانی زانیاری و شیكاری بۆ كوسنوڵگەری وولاتان | ٩ ٩٠٠ | نووسراوی فەرمی و ئیمەیل |
| ٦ | بەڕێوەبەرایەتی كارگێری و دارایی | نووسراوی هاتوو و دەرچوو و كاروباری ڕۆژانەی فەرمانگە | ١٣ ٥٥٠ | ٨ ٣٧٥ نووسراوی هاتوو<br>٥ ٣٥٥ نووسراوی دەرچوو |
| ٧ | بەڕێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی | كاری یاسایی و پەسەندكردنی بەڵگەنامەكان | ٩٤ ١٩٤ | بۆ ناوەوەو دەرەوەی هەرێم |
| ٨ | بەڕێوەبەرایەتی پرۆتۆكۆل | بەدواداچوون و پاڵپشتی لۆجستی بۆ كونسوڵگەری وولاتان | ٤٢٠ | بەخشین لە باج و ڕسومات و سزا، نوێكردنەوەی بەڵگەنامە |
| ٩ | بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەكان و ڕاگەیاندن | هەواڵ و بڵاوكراوەكانی تایبەت بە سەرۆكی فەرمانگەو فەرمانگە | ٢ ٦٢٠ | لە وێبسایتی فەرمانگەو سۆشیال میدیا |
| ١٠ | بەڕێوەبەرایەتییەكانی فەرمانگە بە هاوبەشی | ڕێكخستنی گەشت بۆ ستافی كونسوڵگەری و ئاژانسەكانی **UN** | ١٠ | گەشتی دبلۆماسی، ئاڵوگۆڕی ستافەكانیان |
| ١١ | بەشی پەیوەندییەكانی توركیا | ئاسانكاری هاتووچۆی هاووڵاتیان توركیا لە نێوان هەرێم و توركیا | ٢٨ ٠٠٠ | ئەوانەی نیشتەجێی هەرێم و شارەكانی تری عێراقن |
| ١٢ | بەشی پەیوەندییەكانی ئێران | ئاسانكاری بۆ هاووڵاتیانی هەرێم و ئێران بۆ سەفەر كردن | ٢١ ٢٥٠ | ئاسانكاری چوون و گەڕانەوە |

# کار و چالاکییەکانی

# دەستەی وەبەرهێنان

## پێشەکی:

لە کابینەی نۆیەم، مۆڵەت بە (٤٣) پڕۆژە دراوە بە سەرمایەی نزیکەی (٩٠٥) ملیۆن دۆلار و لەسەر رووبەری (٨٧٥) دۆنم زەوی لەم سێکتەرانەی خوارەوە:

١- پیشەسازی: ١٢ پڕۆژە بە سەرمایەی ٣٥٧ ملیۆن دۆلار.
٢- نیشتەجێبوون: ٥ پڕۆژە بە سەرمایەی ٣٧٥ ملیۆن دۆلار.
٣- فێرکردن: ٧ پڕۆژە بە سەرمایەی ٤٤ ملیۆن دۆلار.
٤- گەشتیاری: ٦ پڕۆژە بە سەرمایەی ٣٠ ملیۆن دۆلار.
٥- وەرزشی: ٣ پڕۆژە بە سەرمایەی ٣٠ ملیۆن دۆلار.
٦- بازرگانی: ٦ پڕۆژە بە سەرمایەی ٤٣ ملیۆن دۆلار.
٧- تەندروستی: ٣ پڕۆژە بە سەرمایەی ٢٠ ملیۆن دۆلار.
٨- کشتوکاڵ: ١ پڕۆژە بە سەرمایەی ٣ ملیۆن دۆلار.

کۆی ئەو پڕۆژانەی لە (٢٠١٩/٧/٢٨)ەوە تا (٢٠٢٠/٧/٧) پێشکەش بە دەستەی وەبەرهێنان کراوە (٢٥٩) پڕۆژە بووە، (٤٠) پڕۆژەیان پەسندنەکراوە و (٢١٩) پەسندکراون لە ناو ئەمانەشدا لە سێکتەری پیشەسازی جۆراوجۆر (٥٤) پڕۆژە پەسەندکراوە و لە سیکتەری کشتوکاڵی (١٠) پڕۆژە پەسەند کراوە. سەرمایەی خەملێندراوی ئەم پڕۆژانە زیاتر لە (٨) ملیار دۆلارە، پڕۆژەکان لە قۆناغی جیاجیای مامەڵەن بە مەبەستی پێدانی مۆڵەت.

## ئاستی چاکسازی:

لەسەر داوای دەستەکەمان پێنج کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای وەبەرهێنان ئەنجامدراوە کە ٢٦ بڕیاری دەرکردوە بە مەستی ئەنجامدانی چاکسازی و پێداچوونە بە بەشێك لە ڕێنمایەکان. بۆ نموونە: (بڕیاری ژمارە ٣٩٤ لە ٢٠١٧/١١/٧) تایبەت بە دروستکردنی نەخشەی وەبەرهێنان، (بڕیاری ژمارە (٥٤٦ لە ٢٠١٩/١١/٢٦) تایبەت دامەزراندنی بۆردی سیستەمی یەك پەنجەرە بەمەبەستی کەمکردنەوەی رۆتین).

- بەهۆی پابەندنەبوون بە یاسا و رێنماییەکانی وەبەرهێنان ئەو پڕۆژانەی کە تا ئێستا دەست بەکار نەبوونە بەهۆی کەمتەرخەمی وەبەرهێنەر، بڕیاردراوە کە مۆڵەتەکانیان هەڵبوەشێنرێتەوە و زەوییەکانیان بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت.
- ١٥ پڕۆژە لە پلانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دیاریکراوە و داوا لە وەزارەتی شارەوانی کراوە کە زەویان بۆ تەرخان بکات دواتر وەك هەلی وەبەرهێنانی ئامادەکراو بخرێتە بەردەستی وەبەرهێنەران.

- بەمەبەستی بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کێشەی بەشە خزمەتگوزارییەکان لەناو پرۆژە نیشتەجێبووەکان، بۆ ئەو پرۆژانەی کە بەشە خزمەتگوزارییەکانی تێدا دروست نەکراوە. سێ لیژنە پێکهێنران بۆ بەراوردی ناوەرۆکی فەرمانی مۆڵەت و ئەوەی لە واقیع کرا، سەرەرای دیاریکردنی لایەنی کەمتەرخەم لە جێبەجێ نەکردنی خزمەتگوزارییەکان، هەر بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە وەبەرهێنەران کراوە کە هەرچی زووە پێویستە دەست بە دروستکردنی بەشە خزمەتگوزارییەکانی ناو پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بکەن.
- کارکردن بۆ دانانی رێنمایی تایبەت بە چێکردنەوەی براندەکان بە هاوکاری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.
- بریاردرا پەلە بکرێت لە تەملیکردنی یەکە نیشتەجێبووەکانی ناو پرۆژەکانی وەبەرهینان و، لیژنەی (متفرغ)ی بۆ پێکهێنرا.
- بڕیاردرا بە قەرەبووکردنەوەی ئەو خاوەن زەوییانەی، کە زەوییەکانیان بەر پرۆژەکانی وبەرهێنان کەوتووە، بەهۆی قەیرانی دارایی و قەرەبووکردنەوەکەیان دواکەوتبوو.
- هەر بەمەبەستی کارئاسانی بۆ مۆڵەت پێدانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەستکراوە بە ئەنجامدانی رێکارەکانی کاراکردنی سیستەمی یەك پەنجەرەیی (دامەزراندنی بۆردی سیستەمی یەك پەنجەرە بە مەبەستی کەمکردنەوەی رۆتین). دواتر بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بریارە دەستەکەمان بە فەرمانی ژمارە (٤٩٦١ لە ٢٠١٩/١٢/٣) لیژنەی بۆ پێکهێناوە. لیژنەکە دەست بەکارە و چەند کۆبوونەوەیەکی ئەنجامداوە.
- ئامادەکردنی پلانی وەبەرهێنان لە سالّی ٢٠٢٠ەوە بە سوودوەرگرتن لە پلانی وەزارەتە پەیوەندارەکان کە زیاتر لە ١٠٠٠ پرۆژە لە خۆ دەگرێت، وەك ئامادەکارییەك بۆ دروستکردنی نەخشەی وەبەرهێنان. پلانەکە ئامادە کراو راگەیاندرا، ئێستا بەردەستە لە وێب سایتی دەستەی وەبەرهێنان بە هەر سێ زمانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی.
- کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پرۆژە نیشتەجێیەکان و لەم چوارچێوەیەشدا هەر سێ پرۆژەی نیشتەجێبوونی (چاودێر ستی) و (مەم و زین) (وەرین ستی) چارەسەرکران.
- کۆبوونەوەی بەرێز سەرۆکی حکومەت و دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ ژمارەیەك لە وەبەرهێنەران بەمەبەستی هاندان و پشتگیری و راییکردنی کارەکانی وەبەرهێنەران و کارئاسانی کردن لە رێکارەکانی مۆڵەتی وەبەرهێنان، هاوکات لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە جەخت لە جێبەجێ کردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم کرایەوە لە پەرەپێدانی وەبەرهێنان و هاندانی وەبەرهێنەری خۆماڵی و بیانی و چاکسازی لە سێکتەری وەبەرهێنان، دانانی ئالیەتی گونجاو بۆ چارەسەری کەموکورتییەکان و لەو پێناوەشدا راو و سەرنج و تێبینیەکانی وەبەرهێنەران بۆ ئەو مەبەستە وەرگیرا.
- ئامادەکردنی رەشنووسی یاسایی وەبەرهێنانی کانزایی بە نووسراومان ژمارە ١٠٤٢ لە رێکەوتی ٤-٣-٢٠٢٠ ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی دیوان کردووە.

## ئاستی خزمەتگوزاری:

- پێکهێنانی لیژنەی بەدواداچوونی بینای خزمەتگوزاری پرۆژە نیشتەجێیەکانی وەبەرهێنان.
- پێکهێنانی لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت بە پێداچوونەوەی نرخی خزمەتگوزاری بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لە بەرژەوەندی هاولاتیاندا. لیژنەکە دەست بەکارە و نرخی بۆ چەند پڕۆژەیەك داناوە بە جۆرێك لە هەندێ پڕۆژە نرخی داشکاندنەکە گەیشتۆتە ٦٠٪.

## ئاستی پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

سەردانکردنی شاندی دەستەی وەبەرهێنان بۆ دەستەی نیشتیمانی بۆ وەبەرهێنان لە عێراق بەمەبەستی هەماهەنگی زیاتر و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لە ڕێکەوتی ٢٧ تا ٢٠١٩/٨/٢٩. دواتر سەردانکردنی سەرۆکی دەستەی نیشتیمانی بۆ وەبەرهێنان لە عێراق بۆ دیوانی دەستە و دانانی میکانیزمی کاری هاوبەش لە داهاتوودا.

## ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:

- بەشداریکردنی شاندی دەستە لە پێشانگای نێودەوڵەتی کشتوکاڵی لە وڵاتی پۆڵۆنیا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٧ تا ٢٠٢٠/١/١٩.
- بەشداری کردنی لە ٢ پێشانگای نێودەوڵەتی لە هەولێر لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٨ و ٢٠١٩/٩/٣٠، بەمەبەستی ڕاکێشان و هاندانی وەبەرهێنەران و پێشکەشکردنی وتار و کۆبوونەوە لەگەڵ چەند وەبەرهێنەرێکی بیانی و ناوخۆ.
- بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی شاندی وەبەرهێنەرانی بیانی لە دیوانی دەستە لەگەڵ وەبەرهێنەر و پیاوانی کاری ئەمەریکی و بانکی جیهانی بە مەبەستی ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٥.
- کۆبوونەوە لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی بە مەبەستی هەماهەنگی کردنی زیاتر لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٦.
- بەشداریکردن لە کۆنفرانسی وەبەرهێنان بۆ چوار ساڵی داهاتوو بەمەبەستی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٤.
- کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوی UNDP لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٣ ئەنجامدراو داوا کرا کە هەرێمی کوردستان لەو پۆلێنەی کە لە سیستەمی بانکی جیهانی هاتووە دەربهێندرێت و هەرێمی کوردستان بەجیا لە عێراق مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. هەروەها داواکرا ئەم ڕێکخراوە زیاتر هاوکاری پێشکەش بە دەستە بکات سەبارەت بە بابەتی دامەزراندنی شار و ناوچەی پیشەسازی و چالاکتر کردنی بواری تەرویج و ڕاگەیاندن.

- بەشـــــداری کردنی نوێنەری دەســـــتەی وەبەرهێنــان لە لیژنەی تــایبەتمەنـدی وەزارەتی پلانـدانــان و لایەنە پەیوەندارەکان بە مەبەســتی دانانی میکانزمەکانی هاوبەشــی پێکردنی نێوان کەرتی گشــتی و کەرتی تایبەت (PPP، BOT). ڕێنمایی تایبەت بەم بابەتە ئامادەکراوە، ئێستا لەبەر دەستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە تا بڕیاری لەسەر بدرێت.
- بەردەوامی کۆبوونەکان لەگەڵ نوێنەرایەتی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردســــتان بە مەبەســـتی هاندان و کارئاســـانی بۆ وەبەرهێنەری بیانی بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردســـتان، تائێســـتاش لەوپێناوەدا کۆبوونەوە لەگەڵ هەریەك لە کۆنســـوڵانی وڵاتانی (ئێران، تورکیا، چیك، چین) ئەنجامدراوە، هاوکات هەماهەنگییەکان بۆ ئەو مەبەستە بەردەوامن.

## ئاستی ئابووری و دارایی:

لە ماوەی ڕابردوو، دەستەی وەبەرهێنان هەڵمەتێکی دەست پێکرد بۆ وەرگرتنی بیرۆکەی گەنجان و کەسانی خاوەن توانا تایبەتیەکان لەبارەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردســـــتان، لە ئەنجامدا بە دەیان بیرۆکە و پرۆژە بە دەستەکەمان گەیشت، کە لە ئێستادا لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار کاریان لەسەر دەکرێت، بۆ ئەوەی بەشێك لەم بیرۆکانە بکرێنە پرۆژە و بخرێنە خزمەت هاووڵاتیان.

## ئاستی کارگێڕی:

- سەردانکردنی پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، هەڵەبجە) و ئیدارەی (گەرمیان و راپەرین) کۆبوونەوە لەگەڵ ئیدارەی ناوچەکان و وەبەرهێنەرانی ئەم شارانە و دواتر سەردانکردنی چەند پرۆژەیەکی وەبەرهێنان بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکان.
- دەستەی وەبەرهێنان پلانی کاری (٤) ساڵی داهاتووی خۆی لە ڕێگای چوار پرۆژە و دوو ڕێکار پیشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران کرد. ئەوانیش (دروســــتکردنی نەخشــــەی وەبەرهێنـان، ســــیســــتەمی بەڕێوەبردنی پیشــکەوتوو، ســیســتەمی یەکپەنجەرە، پڕۆمۆشــن، هەموارکردنەوەی یاســایی وەبەرهێنان، میکانیزمی بەشداری کردن لە وۆرکشۆپ و کۆڕبەندە نێودەوڵەتیەکان).
- ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتەکانی (شــــارەوانی و گەشـــتوگوزار، بازرگانی و پیشـــەســـازی، کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون، تەندروستی) بەمەبەستی هەماهەنگی زیاتر و کارئاسانی لە پێدانی مۆڵەت بە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان.
- کۆبوونەوە لەگەڵ پارێزگای هەولێر و وەزارەتی شــــارەوانی و گەشـــــتوگوزار بە مەبەســـــتی گەیاندنی خزمەتگوزاری بە ناوچەی پیشــەســازی تیمار و کردنی ناوچەکە بە ناوچەیەکی پیشــەســازی وەبەرهێنان و گەشەپێدانی لە ڕێگای گەشە پێدەرەوە.

- ناوچەی پیشەسازی کانی سپی لە ٧-٧-٢٠٢٠کاری پەسندکردنی سەرەتایی بۆ کراوە.
- دوای چەندین کۆبوونەوە لەســـەر دیاریکردنی ئەرك و مافی گەشـــەپێدەر بە گشـــتی ڕێنمایی تایبەت ئامادەکرا، بە هەماهەنگی لەگەل وەزارەتی پیشـــەســـازی و بازرگانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆردیك دروستدەکرێت بە مەبەستی دروستکردنی شارو ناوچەی پیشەسازی.

# کار و چالاکییەکانی
# دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی
# دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

## ئاستی چاکسازی

- دەستەکەمان بە چەند هەنگاوێك چەندین داتا و زانیاری بەشیوەی ڕاپۆرت و دیکۆمێنت دابەزاند لەسەر ماڵپەڕی فەرمی دەستە، وەك ئامادەکردنی گشت ئەو بڕیارانەی کە لە دەستەکەمان لە سەردەمی وەزارەت کۆ کرابونەوە و ئەرشیف کرابوون سەبارەت پرۆسەی بەعەرەب کردن و دەرکردنی خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە بە زۆرەملێ لەلایەن ڕژێمی بەعس لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٨ تاکو ٢٠٠٣/٤/٩ کە لە چوارچێوەی ماددەی ١٤٠ی دەستور بەکار دێت کە کۆی گشتی ئەو بڕیارانەی لەبەردەستمانە ٢٩٠ بڕیاری سەردەمی ڕژێمی بەعس کە ئێستا ئامادەیە و کاری لەسەر دەکەین بۆ وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی و لە داهاتوو بڵاوی بکەینەوە.
- دەرکردنی چەندین بەیاننامە و پەیامی تایبەتی جۆراو جۆری تایبەت بە گشت یاد و بۆنەکانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان و ئەو ڕووداوە لەناکاو و نەخوازراو و هەروەها ئەو کردەوە تیرۆرستی و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ کە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕوویاندوە.

## ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

- لەگەڵ دەست بەکاربوونی کابینەی نوێ بەپێی بڕیارەکانی کۆبوونەوەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران چەندین لێژنە دامەزراوەن وەك بەپێی بڕیاری ژمارە (٧ لە ٢٠١٩/٧/٣٠) لیژنەی تەکنیکی بۆ ناوچە کوردستانیەکان و، بە بڕیاری ژمارە (٢١ لە ٢٠١٩/٩/١١) بۆ پێکهێنانی لیژنەی هەڵسانگاندنی پرۆژەی سەرژمێری گشتی عێراق کە زۆربەی کێشەکان لە سەرژمێری گشتی عێراق لە ناوچە کوردستانییەکان دەست نیشان کراون سەرەڕای ئەوەی دەستەکەمان لە هیچ کامیان ئەندام نیە بەڵام داتا و زانیاری پێویستی بۆ بەردەستی لیژنەکان ئاڕاستە کردووە.
- لیژنەیەك لە دەستەکەمان پێکهات لەسەر خاڵی چوارەمی بڕیاری ژمارە (٤) کۆبوونەوەی لە ڕۆژی (٢٠١٩/٧/٢٢). بۆ ئەو مەبەستەش ڕاپۆرتێك لەسەر زانیاری تەواو سەبارەت بە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق و کارەکانی لیژنەی جێبەجێ کردنی مادەی ١٤٠ و ڕێکارەکان ئامادەکرا کە بە نووسراومان ژمارە (٢٢) لە ٢٠١٩/٩/٢٥ بۆ سکرتاریەتی ئەنجومەن و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون ڕەوانە کراوە .
- سەردانی بەڕێزان سەرۆکی دەستە بەوەکالەت و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری عێراق بە مەبەستی کۆبۆنەوە لەگەڵ وەزیری دادی ئەو کاتە و لەگەڵ سەرۆك کۆماری عێراق لەسەر کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان ناوچە کوردستانییەکانی دەروەی ئیدارەی هەرێم.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەسەر کێشەی زەوی و زار لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم سەبارەت بە کاروبارەکانی لیژنەی باڵای ماددەی ١٤٠ لەسەر ئەم بابەتە هەروەها ئەو پێشێلکاریانەی لەدوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر لەو ناوچانە ڕوویداوە و ڕووبەڕووی خەڵکی ناوچەکە دەبێتەوە.

دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

- بەدواداچوون لەسەر بارودۆخی نالەباری ناوچە کوردستانییەکان بە دیدار و کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆ و بەشێوەی ئۆنلاین و سەردان بۆ ئەو ناوچانە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.

## ئاستی کارگێڕی:

- ئامادەکردنی ڕاپۆرت بۆ لیژنەی تەکنیکی ناوچە کوردستانییەکان.
- پێکهێنانی لیژنەی چاکسازی لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی و بەرنامەی چاکسازی حکومەتی هەرێم کە لە ئێستادا بەردەوامین لە کارکردن لەسەر ئەم بابەتە.

# پوختەی کار و چالاکییەکانی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

## ئاستی چاکسازی:

- لە بواری یاسایی گرتنەبەری رێکاری یاسایی بەرامبەر سەرپێچییەکان و وەرگرتنی رێنمایی بۆ کار ئاسانی جێبەجێ کردنی یاساکانی دەستە و ئامادەکردنی رەشنووسی یاسا بۆ هەموارکردنەوەی یاساکانی دەستە.
- تیمی چاودێری و بەدواداچوون پشـــکنینیان بۆ چەند پرۆژەکی جۆرا وجۆر کردووە وەکو: (پیشـــەســـازی، تەندروســـتی، خواردن وخواردنەوە، کشـــتوکاڵی، گەشـــت وگوزار ) بە مەبەســـتی پابەند بوونیان بە رێنماییەکانی ژینگە.
- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی و قوڵکردنەوەی هەست کردن بە لێپرسینەوەی تاك و کۆمەڵ بۆ پاراستنی ژینگە و چاککردنی هاندانی هەوڵە خۆبەخشراوەکان لەم بوارەدا بۆ نمونە هۆشیارکردنەوەی دام و دەزگا فەرمییەکان و قوتابخانە و پێشکەش کردنی سیمینار و هەڵمەتی پاککردنەوەی شوێنی گەشت و گوزاری .

## ئاستی خزمەتگوزاری:

بە مەبەســـتی پاراســـتنی ژینگە و پەرەپێدان بە کەلتووری ژینگەپارێزی کار دەکەین بۆ بەکارخســـتنی سیستەمێکی پێشکەوتوو و ریسایکلین بۆ چارەسەری زبل و خاشاك و کەمکردنەوەی زیانە ژینگەییەکان و لە خوارەوە کۆمەڵێك کار و چالاکی لە ئاستی خزمەتگوزاریدا بۆتان روون دەکەینەوە:

- **پێدانی مۆڵەت و رەزامەندی بە هەندێك پرۆژە:**

(پێشەسازی، بازرگانی، تەندروستی، نیشتەجێبوون، کشتوکاڵ، خزمەتگوزاری، گشتیاری، پەروەردەیی) و هەروەها ژمارەیەك لەم پرۆژانە مۆڵەت و رەزامەندییان پێ نەدراوە بەهۆی پابەند نەبوونیان بە رێنماییە ژینگەییەکان وەکو (تاوەر، پیشـــەســـازی) و هەروەها لە بواری ژینگەیی ســـروشـــتی پێدانی مۆڵەتی تەواوی باڵندە و ئاژەڵی کەروێشك و هەندێ سەرپێچی راوکردنی گورك و هەروەها مۆڵەتی برینی داری وشك.

- تاقیگەکانی فەرمانگەکانمان هەڵدەســـتن بە ئەنجامدانی پشـــکنینی کیمیاوی خاك و پشـــکنینی کیمیاوی و بەکتریۆلوجی ئاو لە چەند شار و قەزا و ناحیە و گوند و کەمپەکان.
- راپەڕاندنی کاری هاووڵاتیان و وەڵامدانەوەی نووسراوەکان لە رێگەی بەکارهێنانی سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆ ئاسانکردنی ئیش و کاری کارگێری.

## ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی:

لە ماوەی ئەم ساڵەدا دەستەکەمان چەندین دیدار و کۆبوونەوەی لەگەڵ کونسوڵ و نوێنەری وڵاتان و چەندین رێکخراوی جیهانی ئەنجام داوە بە مەبەســـتی هەماهەنگی و هاوکاری لە رووی ئەنجامدان و جێبەجێ کردنی پرۆژەی ژینگەیی لە هەرێمی کوردســـتان لەوانە کونســـوڵی (ئەمریکا، ئەڵمانیا، چین، کۆریای باکور،

ڕێکخراوی GIZ, IL۰) هەروەها هاوکاری وڵاتی چین لە ڕووی دابینکردنی (١٢٠٠٠) ماسـك تایبەت بە ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و دابەشکردنی بەسەر فەرمانگەکانمان لە شارەکان.

## ڕێکار و چالاکییە بەردەوامەکان:

١- ڕەشنووسی ڕێنمایی یاسای بەڕێوەبردنی پاشماوەکان.

٢- ڕەشنووسی ڕێنماییە گشتییەکانی شار و ناوچە پیشەسازییەکان لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ئامادە کراوە.

٣- ڕەشنوسی ڕێنمایی کۆگاکردن و گواستنەوەی سەرچاوە و ماددەی تیشکدەرەکان.

٤- ڕەشنووسی هەمواری ڕێنمایی پۆلینکردنی پڕۆژەکان ٢٠١٧ .

٥- ڕەشنووسی ڕێنمایی سەربڕخانەکان.

٦- ڕەشنووسی ڕێنمایی فڕێدانی پاشماوەکان.

٧- ڕەشنووسی ڕێنمایی خۆپاراستن لە تیشکە نا ئەیۆن کراوەکانی دەرچوو لە سیستەمی پەخش و ناردن و مۆبایل.

٨- ڕەشنووسی ڕێنمایی چۆنیەتی کۆگاکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ماددە کیمیاوییەکان.

٩- ڕەشنوسی ڕێنمایی سندوقی ژینگە.

١٠- ڕەشنووسی هەموارکردنی ڕێنمایی کوالێتی هەوا ٢٠١٩.

١١- هەمواری ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٩ - ٢٠١٩.

١٢- ڕەشنووسی ڕێنمایی چۆنیەتی سزادانی ئەو پڕۆژانەی سەرپێچی ژینگەییان هەیە.

١٣- ڕەشنووسی ڕێنمایی قەرەبووی زیانەکانی ژینگەیی بۆ ئەو پڕۆژانەی سەرپێچی ژینگەییان هەیە.

١٤- ڕەشنووسی هەموارکردنی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە ٨ ساڵی ٢٠٠٨.

١٥ - ڕەشنووسی هەموارکردنی یاسای دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە ژمارە ٣ ساڵی ٢٠١٠.

# پوختەی کار و چالاکییەکانی
# دەزگای کاروباری مین

**گرنگترین چالاکییەکانی ئەنجامدراو لە ماوەی (یەك) ساڵی ڕابردوو لەلایەن تیمە جۆراو جۆرەکانی دەزگای گشتی کاروباری مین لە هەرێمی کوردستان:**

١- تیمەکانی مین لابەری دەزگا (MCT/Mine Clearance Team) زیاتر لە (٩٥٥٩١٦) مەتر دووجا ڕووبەری پیس بوو بە مین و تەقەمەنی پاککراوەتەوە و لەناو ئەو ڕووبەرە (٥٣٥٨) مینی دژە کەسی (١٣) مینی دژە تانك هەروەها (٦٨٧٢) پارچە تەقەمەنی (UXO/Unexploded Ordnance) دۆزراونەتەوە و لەناو بردراون. لە هەمان کاتدا (١٧٥٣٠٠) مەتر دووجا ڕووبەری پیسبوو بە (IEDs/Improvised Explosive Devices) (عبوات ناسفة) پاککراوەتەوە.

٢- دەزگای مین لە ماوەی ئاماژە بۆکراو هەڵساوە بە تەسلیم کردنی کۆی (٦٤) زەوی پاککراوە لە مین و تەقەمەنی بە ڕووبەری (٢١٤١٦٠٦) مەتری دووجا بۆ خاوەنەکانیان بە مەبەستی دووبارە بەکارهێنانەوەیان و بەم شێوەیەی خوارەوە:

- پارێزگای هەولێر (٧) پارچە زەوی بە ڕووبەری (١٩٩٨٦١) مەتر دووجا.
- پارێزگای سلێمانی (٤٣) پارچە زەوی بە ڕووبەری (١٢٨٣٥٠٢) مەتردووجا.
- پارێزگای دهوك (٧) پارچە زەوی بە ڕووبەری (١٣١٤٩٣) مەتردووجا.
- ئیدارەی گەرمیان (٧) پارچە زەوی بە ڕووبەری (٥٢٦٧٥٠) مەتردووجا.

٣- تیمەکانی دڵنیایی جۆری و مۆڵەتپێدان (QA/Quality Assurance) لە ماوەی ئاماژە بۆکراو توانیویانە (١٨٤٠) سەردان بۆ کێڵگە مینەکان ئەنجام بدەن لەو سەردانانەدا تیمەکان توانیان (٢٠٧٠٢٤) مەتر دووجای زەوی پرۆسەی پشکنینی بۆ بکەنەوە. هاوکات بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری لەو ماوەیەی سەرەوەدا هەڵساوە بە نوێ کردنەوەی (١٦) مۆڵەت بۆ کۆمپانیا و ڕێکخراوەکانی بواری مین لە هەرێمی کوردستان.

٤- تیمەکانی هۆشیارکردنەوە لە مەترسیەکانی مین و تەقەمەنی (MRE/Mine Risk Education) لە ماوەی دیاریکراو توانیویانە سەردانی (٥٧١) گوند و کەمپی ئاوارەکان بکەن و (٢٩٤٩٧) لە پیاو و ئافرەت و منداڵ سودمەندبوون. هەروەها تیمەکان هەڵساون بە دابەشکردنی (٢٢٥٨٥) لە هۆیەکانی هوشیارکردنەوە وەك (پۆستەر و نامیلکەی ڕێبەری هۆشیارکردنەوە لیفلیت و کارتی زانیاری پەیوەندی کردن) بەسەر خەڵکی گوندەکان لە ناوچە مەترسیدارەکان.

٥- لە بواری ڕاهێنان و کردنەوەی خول لە ماوەی دیاریکراودا، دەزگا (٣) خولی مین لابەری و چەند خولێکی تری کاروباری مین لە ئاستی ناوخۆ سازداو، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، لەو ماوەیەدا (٤) کارمەندی دەزگا لە وڵاتانی ئەمریکا و کەمبۆدیا بەشدارییان لە خولەکانی کاروباری مین کردووە.

٦- بە درێژایی ساڵی ڕابردوو، (١) کارمەندی دەزگا شەهید بووە و (١) یش بریندار بووە و هەروەها (٢) هاووڵاتی شەهید بوونە و (٣) هاولاتی تریش بریندار بوونە.

# کارو چالاکییەکانی
# فەرمانگەی میدیا و زانیاری

فەرمانگەی میدیا و زانیاری

فەرمانگەی میدیا و زانیاری نوێترین فەرمانگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە. هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم پێکهاتەکەی دامەزرا و بە دارشتنی هەیکەلەکەی لە خاڵی سفرەوە دەست بە کارو چالاکییەکانی لە بواری یەکخستنی ڕاگەیاندنی حکومەت و دروستکردنی کۆمینیکەیشنی (گەیاندن) حکومەت بەتایبەتی دارشتنی سیاسەتی ستراتیژیی ڕاگەیاندنی حکومەت کرد. هەروەها بۆ هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان بۆ خۆپارێزی لە بەرامبەر ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕۆڵێکی گرنگ گێراوە.

**گرنگترین پرۆژە و چالاکییەکانی فەرمانگەی میدیا و زانیاری لەم بوارانەی خوارەوە پێکهاتوون:**

- **ئاستی کارگێڕی:**

به مەبەستی ڕێکخستنەوەی کاری میدیایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەت و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت ، پێداچوونەوە بە هەیکەلی فەرمانگەی میدیا و زانیاری کرا بۆ دەستنیشانکردنی ئەرکی هەریەك لە بەشەکانی. دروستکردنی هەیکەلی فەرمانگەی میدیا و زانیاری کە هاوتابێت لەگەڵ یاسای دامەزراندنی فەرمانگە و کار و چالاکییەکانی. هەروەها دانانی پێناسەی کار بۆ هەموو کارمەندان و پڕکردنەوەی پۆستەکان بە کەسانی شارەزا بە گرێبەست.

- **دارشتنی سیاسەتی میدیا و گەیاندنی حکومەت:**

١- ئامادەکردنی ڕێبەری سیاسەتی گشتی میدیا و گەیاندنی حکومی، کە ئەم ڕێبەرانە لەخۆ دەگرێت:

- ڕێبەری سیاسەتی گشتیی گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان
- ڕێبەری ستراتیژیەتی ڕاگەیاندنی حکومەت هەرێمی کوردستان
- ڕێبەری بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆ بەرپرسانی حکومەت
- ڕێبەری پێوەرەکانی ناوەرۆکی میدیایی
- ڕێبەری وێنەگرتن و ڤیدیۆ بۆ کارمەندانی ڕاگەیاندنی دامەزراوەکانی حکومەت
- ڕێبەری ناسنامەی دامەزراوەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٢- ئامادەکردن و دیزاینکردنی فۆرمی کۆکردنەوەی زانیاری لە لایەن بەشی تەکنەلۆجیای زانیاری لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری بۆ گشت وەزارەت، دەستە و فەرمانگەکانی حکومەتی کوردستان، بۆ بە ستانداردکردنی ماڵپەڕی گشت دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شوێنکردنەوەی لەژێر ماڵپەری حکومەتدا (gov.krd). پرۆسەکە سەرجەم قۆناغی یەکەمی بە ئەنجام گەیشتووە، کە ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە دەگرێتەوە:

فەرمانگەی میدیا و زانیاری

- ڕێکخستنی سیمینارێك بۆ گشت کارمەندانی ڕاگەیاندن و (IT) وەزارەت، دەستە و فەرمانگەکانی حکومەت.
- سەردانکردنی گشت وەزارەت، دەستە و فەرمانگەکانی حکومەت.
- کۆکردنەوەی سەرجەم زانیارییە پێویستەکان لە گشت وەزارەت، دەستە و فەرمانگەکانی حکومەت و پوختەکردنی زانیاریەکان و وەرگێڕانی بۆ زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی.
- ناردنی تەواوی زانیارییەکان بۆ فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری و پێشنیازکردنی چۆنێتی سەرخستنی بۆ سەر ماڵپەڕی فەرمی حکومەت (gov.krd).
- دەستپێکردنی قۆناغی دووەمی بە ستاندارد کردنی ماڵپەڕی گشت دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شوێنکردنەوەی لەژێر ماڵپەری حکومەتدا (gov.krd)، کە پێکدێت لە گواستنەوەی زانیاریی بەسود و گرنگەکانی گشت ماڵپەری دامودەزگاکانی حکومەت بۆ ژێر بەشی دیاریکراوی وەزارەت، دەستە و فەرمانگەکان لە ناو ماڵپەڕی فەرمی حکومەت (gov.krd).
- ئامادەکردن و دیزاینکردنی ڕۆژمێری فەرمی حکومی بۆ دیاریکردنی بۆنە و پشووە فەرمیەکان.

- **وۆرکشۆپ و سیمینار:**

سازدانی وۆرکشۆپ وسیمینار لەم بەروارانەی خوارەوەدا:

لە ڕۆژی ٣١-٨-٢٠١٩ تا ٣-٩-٢٠١٩ (ماوەی چوار ڕۆژ) سیمینارێك بەناونیشانی "دروست کردنی پردی پەیوەندی نێوان خەلك و حکومەت" ڕێکخرا.

لە ڕۆژی ٢-١٠-٢٠١٩، بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشی بەڕێوبردنی زانیاری بە هەماهەنگی لەگەڵ بەشی سامانە مرۆییەکان سیمینارێکی بۆهەردوو بەرپرسی ڕاگەیاندن و ئایتی گشت وەزارەت و دەستە و فەرمانگە و ئەنجومەنی پارێزگاکان (هەولێر- سلێمانی- دهۆك-هەلەبجە) ڕێکخست.

لە ڕۆژی ١٤-١١-٢٠١٩ وۆرکشۆپێك بەناوی "حکومەتی خۆت بناسە/ یەك دەنگ، یەك حکومەت" بە سەرپەرشتی د.هێژا سندی ڕاگری کۆلیژی کارگێری لە زانکۆی کوردستان سازدرا، ئامانجی ئەم وۆرکشۆپە بریتی بوو لە:

- داڕشتنی سیاسەتی گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و فەرمانگەی میدیا و زانیاری.
- ئامادەکردنی ناسنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- بەرز ڕاگرتنی پێگە و ناوبانگی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی ناوخۆ ودەرەوە.
- گرینگیدان بە بەهاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان: مێژوو و کەلتووری گەلی کورد.

- ڕێکخستنی چالاکییەکانی وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەت لەچوارچێوەی پەیام، بەرنامە، سیاسەت و کار و چالاکییەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە پشت بەستن بە هێلە گشتیەکانی حکومەت.
- دروستکردنی هەماهەنگی ناوخۆیی لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- ڕێکخستنی پەیجی فەیسبووکی گشت وەزارەت و دەستە و فەرمانگە و پارێزگاکان

- **ئاستی مەیدانی:**

دروستکردنی تیمێك بۆ سەردانکردنی وەزارەت، دەستە و فەرمانگە و پارێزگاکان بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی پەیجی فەیسبووك و یەکخستنەوەی هەموو هەژمارەکانیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك و دانانی سکیوریتی و یەکخستنی ڤیژواڵی پەیجەکان (پرۆفایل و کەڤەر فۆتۆ).

- **کار و چالاکییەکانی فەرمانگە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا:**

لە کۆتایی مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٠، پلانی کەمپەینێکی میدیاییمان ئامادەکرد بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ پەتای کۆرۆنا کە لە وڵاتی چین سەری هەڵدابوو و بە خێرایی تەشەنەی دەکرد. بە دروستکردنی تیمێك لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری و وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، و چەند کۆبوونەوەیەك لەگەڵ وەزارەت و میدیا و لایەنە پەیوەندیدارەکان، دەستمانکرد بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستی، پێش دەستپێکردنی هەڵمەتەکە، ئەم کۆبوونەوانە ئەنجامدران:

- لە ڕۆژی ١٣-٢-٢٠٢٠بە مەبەستی دانانی نەخشە ڕێگایەك بۆ ئەم هەڵمەتە، و وەرگرتنی زانیاری تەندروستی پێویست بۆ هۆشیارکردنی هاوڵاتیان سەبارەت بەم پەتایە، کۆبوونەوەیەك بە سەرپەرشتی د.جوتیار عادل سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕێکخرا.
- لە ڕێکەوتی ٢٤-٢-٢٠٢٠ بە سەرپەرشتی د.جوتیار عادل سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بە ئامادەبوونی بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی گشت وەزارەت و دەستە وفەرمانگە و هەر چوار پارێزگا بۆ دارشتنی پلانێکی تۆکمەی میدیایی بۆ هۆشیار کردنی هاوڵاتیان و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی ئەم پەتایە، بە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم ڕێکخرا.
- لە ڕۆژی ٢٤-٢-٢٠٢٠ بە ئامادەبوونی د.جوتیار عادل سەرۆکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، کۆبوونەوەیەك لەگەڵ نوێنەرانی دەزگاکانی میدیا ناوخۆییەکانی هەرێم بۆ خستنەڕووی پلانی میدیای حکومەتی هەرێم بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕێکخرا.
- لە کۆتایی مانگی شوبات، یەکەم ڤیدیۆمان بڵاوکردەوە کە نزیکی ٢ خولەك بوو، کە بریتی بوو لە: ڤایرۆسی کۆرۆنا چییە؟ نیشانەکانی چین و چۆن خۆمانی لێبپارێزین؟ ڤیدیۆکە بە سۆرانی و بادینی و عەرەبی و دواتریش بە ئینگلیزی بڵاوکرایەوە.

فەرمانگەی میدیا و زانیاری

- یەکەم کاری ڤیدیۆیی کە دروستکرا، سەرجەم وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکانی حکومەت و میدیاکانی کوردستان بە میدیای حیزب و ئۆپۆزسیۆنەوە ڤیدیۆ و کارەکانی فەرمانگەی میدیا و زانیارییان بڵاودەکردەوە. لە هەژمارە تایبەتەکانی حکومەت لە فەیسبووك و تویتەر و ئینستاگرام و یوتیب بڵاوکرانەوە و کاردانەوەی باشی لێکەوتەوە و لە لایەن چەندین شوێنی دیکەی نافەرمی و ناحکومی بڵاوکرانەوە، لەنێویشیاندا کونسوڵخانەی وڵاتانی بیانی.
- لە مانگی ئاداردا کەمپەینەکە فراوانتر کراو دەزگاکانی ڕاگەیاندمان بەشداریی پێکرد تاوەکو زانیارییەکان دەربارەی ئەم پەتا کوشندەیە بگاتە زۆرترین کەس لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان. لۆگۆی حکومەت و فەرمانگەی میدیا و زانیاری لەسەر هەموو تیڤی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژانە دەبینرا. کەمپەینەکە بە هاشتاگی "#پابەندین" دەستی پێکرد و لە مانگی یەکەمدا لە سەرەوەی لیستی ترێندەکانی فەیسبووك و تویتەر لە عێراق بوو.
- ڕۆژانە گرافیکی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و تازەکردنەوەی بڕیارەکانی وەزارەتی ناوخۆ و ئامارەکانمان بڵاودەکردەوە. بەرهەمە وێنەیی و ڤیدیۆییەکان تایبەتکران بە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵك و گەیاندنی پەیامە تەندروستییەکان، چۆنێتی خۆپاراستن، مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی دیکە، شێوازی پاراستنی تەندروستی ناو ماڵ و پاککردنەوەی کەلوپەل، مامەڵەکردن لەگەڵ فشاری دەروونی و منداڵ و وەرزشکردن لە ماڵەوە و چۆنێتی بەسەربردنی کات لە سەرەتای قەدەغەی هاتووچۆ. لە دوای کەمکردنەوەی ڕێکارەکان و دەستپێکردنەوەی جموجۆڵی سنووردار لە شارەکاندا، هەوڵماندا ڕێنمایی نوێ بڵاوبکەینەوە کە پەیوەست بوون بە چۆنێتی بازاڕکردن، بەکارهێنانی هۆیەکانی گواستنەوەی گشتی، خۆپاراستن لە بەنزینخانە و شوێنە گشتییەکان. جگە لە هەر دوو زاراوەی کرمانجی سەر و خواروو، چەند پۆستێکمان بە زمانەکانی عەرەبی و تورکمانی و کلدانی و شێوەزاری هەورامیش بڵاوکردەوە.
- هەروەها گرافیکی تایبەت بە پرسیارکردن لە حکومەت لەژێر ناونیشانی "پرسیار لە حکومەتەکەم" بڵاومان کردەوە، بۆ ئەوەی متمانەیەکی لای خەڵك دروست بکەین کە حکومەت هی خەڵکە. هەروەها دروستکردنی زنجیرەیەك ڤیدیۆ بە ناوی "خەڵك و حکومەت" کە مەبەست لێی لێك نزیککردنەوەی خەڵك و حکومەت بوو، کە تێیدا وەزیری چەند وەزارەتێك وەڵامی چەند پرسیارێکیان دەدایەوە.
- لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك، فرەیمێك بۆ وێنەی پرۆفایل دروستکرا بە درووشمی "پابەندین بە ڕێنماییەکان"، کە سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان و زۆربەی وەزیرەکان و خەڵکی ئاسایی وێنەکانیان بەم فرەیمەوە بڵاوکردەوە. هەروەها، لە سناپچات، فلتەری "پابەندین" دروستکرا و هەزاران کەس بەکاریانهێنا و زیاتر لە ٥٠٠٬٠٠٠ بینەری تێپەڕاند. لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ڤایبەریش، گروپێکی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دروستکرا و بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمپانیای ڤایبەر ڤێریفای کرا و، کۆمپانیاکە نامەیان بۆ زیاتر لە ملیۆنێك کەس نارد بۆ ئاگاداربوون لەم گروپە، لە ئێستادا گروپەکە ١٢٠٬٠٠٠ ئەندامی هەیە و ڕۆژانە دوایین زانیارییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای تێدا بڵاو دەکرێتەوە.

فەرمانگەی میدیا و زانیاری

- تا کۆتایی مانگی ئایار، ٣ ڕیکلامی تەلەفزیۆنی دروستکران و بەرهەمێکی میوزیکیش دروستکرا بۆ سوپاسکردنی تیمەکانی تەندروستی و ئاسایش و ئەو کارمەندانەی کە لەم ماوەیەدا ئەرك و ماندووبوونیان کێشاوە.
- چەند ڕیکلامێکی رادیۆییش دروستکرا بە هەردوو زاراوەی کرمانجی سەر و خواروو و زمانی عەرەبی لە ڕادیۆ ناوخۆییەکانەوە بڵاوکرانەوە.
- بە ڕێککەوتن لەگەڵ هەر سێ کۆمپانیای تیلیکۆم (کۆرەك تیلیکۆم ، ئاسیاسێل ، زین تیلیکۆم)، کورتەنامە بۆ بەشداربووانیان نێردرا ، کە بریتیی بوون لە ڕێنماییە تەندروستییەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا.
- هەر سێ کۆمپانیای پەیوەندی ناوی تۆڕەکانیان لەسەر مۆبایلی هاووڵاتییان گۆڕی بە STAY HOME
- کۆمپانیای کۆرەك تیلیکۆم رینگ تۆنی مۆبایلی بەشداربووانیان کردە ڕێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی. ئاسیاسێڵ و زەین بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی رینگتۆنەکانی دەستەی پەیوەندییەکانی عێراقی بەکاردەهێنا.
- بە ڕێککەوتن لەگەڵ ١٤ کەناڵی میدیای ناوخۆیی، ڕۆژانە ڕیکلام و ڤیدیۆکانی فەرمانگەی میدیا و زانیارییان سەبارەت بە ڕێنماییە تەندروستیەکانی خۆپاراستن دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاو دەکرێنەوە.
- ڕۆژانە کۆکردنەوە و بەدواداچوون بۆ ڕێکارەکانی هەردوو وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ناوخۆ بۆ کۆنترۆڵکردنی تەشەنەکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان، پوختەکردنی ڕێنماییەکان و وەرگێڕانیان بۆ زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، و بڵاوکردنەوەیان بە سێ زمان لەسەر ماڵپەڕی فەرمی حکومەت دەگرێتەبەر.
- بەدواداچوون و هەماهەنگی ڕۆژانە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری دەربارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان، وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، و بڵاوکردنەوەی نوێترین ئامارەکانی تووشبووان، چاکبووان و مردووان لەسەر ماڵپەڕی فەرمی حکومەت.
- نوێکردنەوەی بەردەوامی هێلکاری و داشبۆرد بۆ پیشاندانی ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان لەسەر ماڵپەڕی فەرمی حکومەت.

- **دروستکردنی پەڕەیەکی تایبەت لە ماڵپەری حکومەت بۆ بواری دارایی و ئابووری:**

دیزاینکردنی پەڕەیەکی تایبەت بۆ پیشاندانی داتای داهات، خەرجی، و قەرزەکانی حکومەتی هەرێم بۆ سەرخستنی بۆ ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دروستکردنی هێلکاری و پۆلێنکردنی زانیارییەکان بەشێوەیەکی خودکارانە لە ڕێی بەکارهێنانی بەرنامەی تایبەتی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت (Power BI).

# كار و چالاكييەكانى ئەكاديمياى كوردى

## یەکەم: گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

لە ماوەی ئەم ساڵەدا (٣) ژمارەی لە گۆڤاری ئەکادیمیا بە هەرسێ زمانی ( کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی) بە هەردوو زاری (ناوەڕاست و بادینی)، بڵاوکردۆتەوە بە قەبارەی زیاتر لە (١٢٠٠) لاپەڕە. ئەم گۆڤارە گرینگی تەواوی بەو توێژینەوە زانستیانە داوە، کە خزمەت بە فەرهەنگ و شووناس و مێژووی کوردستان دەکەن.

## دووەم: سیمینار و کۆربەستن و ڕێزلێنان و بەشداریکردن لە کۆنفرانسدا

- کۆڕێك بۆ بەڕێز م. عەبدولرەحمان سدیق لەبارەی سامانی کەلتوریمان: لە نێوان شێواندن و بەتاڵان بردندا.
- کۆڕێك بۆ بەڕێز م. فەرهاد عەونی لەبارەی کتێبی دیوانی عەونی – بەرگی دووەم.
- کۆڕێك بۆ بەڕێز پ.د فاروق عومەر سدیق لەبارەی نادروست بەکارهێنانی زمانەکەمان.
- کۆڕێك بۆ بەڕێز د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی لەبارەی شاکر خەسباك و کورد.
- کۆڕێك بۆ یادی رۆژی جیهانیی زمانی (دایك) لە ئەکادیمیای کوردی.
- کردنەوەی پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی کوردستان و جیهان بەسەرپەرشتی: مامۆستا هاوکار ڕسکن.
- ووتاری ئەکادیمیای کوردی بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی داییکەوە.
- پێشکەش کردنی سیمینارێك لەلایەن (پ. د. ئیبراهیم حەمەڕەش)، زانکۆی کوردستان/ هەولێر بەناونیشانی: (زمانی کوردی لە سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیارییدا).
- پێشکەش کردنی وتاری (با بەرگریی لە زمانی کوردی بکەین)، لەلایەن قوتابیی بەشی زمانی ئینگلیزی، زانکۆی سەلاحەددین: (زیلان سارمەمی)
- دابەشکردنی وتاری یۆنسکۆ بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی داییکەوە.
- دابەش کردنی کتێبی (یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماك).
- کۆڕی دابەشکردنی دیوانی (فەرهەنگی خەم).
- کۆڕێك بۆ بەڕێز م. نەوڕەس ڕەشید بەناونیشانی (لە ئەبوبکرەوە بۆ ئەبوبەکر).
- کۆڕێك بۆ چوار توێژەری کۆماری ڕووسیا.
- کۆڕێك بۆ دابەشکردنی کتێبی ( بەتەنیشت ژیانەوە) نووسەر م. دلزار حەسەن.
- کۆڕێك بۆ دابەشکردنی رۆمانی (هەولێر ڕینکەبی بەرگی ١١) نووسەر م. شێرزاد هەینی ڕێك دەخات.

- کۆڕێك بۆ دابەشکردنی کتێبی (هەولێر نەوەکانی هیکتۆر) نووسەر م. محمد مسعود محمد.
- کۆڕێك تایبەتی بۆ رۆماننووس و وەرگێری کورد (بەیان سەلمان) و شاعیری فەرەنسی (فیلیپ دۆلارپ) بۆ قسەکردن لەبارەی وەرگێڕانی (میتامۆرفۆس) ئۆڤید بۆ سەر زمانی کوردی.
- ئەکادیمیای کوردی بەشداری چواردەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێری کرد لە ٣ /٤ تاکو ٢٠١٩/٤/١٣.

ئەکادیمیای کوردی

- کۆڕێك بۆ م. ئەبووبکر جاف بەناوونیشـــانی ( ئێمەو ڕۆشـــنگەری، ســـەبارەت بە بوێری بەکارهێنانی ئەقڵ و پەیوەندی بە دونیای ئێمەوە) ڕێکخست.
- کۆڕێك بۆ بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر (محەمەد مەحوی) لەبارەی نووسینی ستانداردی کوردی، ڕێکخست.
- لە ئەکادیمیای کوردی ڕۆژی ٢٠١٩/٤/١٥ لە ڕێ و ڕەسمێکی شایستەدا ڕۆماننووسی گەورە عەزیزی مەلای ڕەش مەدالیای قەلاتی پێبەخشرا.
- ئەکادیمیای کوردی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢٢ ڕێزی لە مێژوونووســـی گەورەی کورد، مامۆســـتا کەلیمولّلای تەوەحودی نا.
- ئەکادیمیای کوردی لە مەراسیمێکی تایبەت بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی حکومەت، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی ڕێزی لە مێژوونووسی گەورەی کورد، مامۆستا کەلیمولّلای تەوەحودی نا.
- لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢٢ ئەکادیمیای کوردی یادی (١٢١)ەمین ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەرزڕاگرت بەکردنەوە پێشـــانگەیەك بۆ ســـەرجەم چاپکراوەکانی ئەکادیمیا بەداشـــکاندنی ٥٠٪، لەگەڵ ناســـاندن و بڵاوکردنەوەی دوو کتێب یەکەمیان پەخشـــنامەی هەولێر (١٩٦١ - ١٩٦٣)، دووەمیان (١١) ژمارەی دەگمەنی ڕۆژنامەی خەبات بوو کە دووبارە چاپ و بڵاوکرانەتەوە.
- کۆڕێك بۆ بەڕێز مامۆستا سوداد ڕەسووڵ دیوانی زەینەب خان ڕاستیە یا وەهم.
- کۆڕێك بۆ بەڕێزان ئەسعەد عەدۆ و ئارەزوو ئیسماعیل لەبارەی لاوك حەیران.
- کۆڕێك بۆ دکتۆرە ئاریانا ئیبراهیم لەبارەی (ڕۆڵی ڕۆژنامەی خەبات لە بەرزکردنەوەی هۆشـــیاری نەتەوەیی کوردیدا).
- کۆڕێك بۆ م. چنار نامیق لەبارەی (چەمکی جینۆساید قۆناغەکانی جینۆسایدی کورد بە نموونە).
- کۆڕێك بۆ م. شـەفیقی حاجی خدر لەبارەی ناسـاندن و بڵاوکردنەوەی وەرگێڕاوی کتێبی بریان ڕۆبەرت گیبس (ئەرێ کورد بوونە بەردەباز) سازکرد.
- کۆڕێك بۆ م. کارۆخ خۆشـــناو ســـەرۆکی (ئەنســـتیتووتی توێژینەوەی ئەمریکی - کوردی) لەســـەر ســـیاســـەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد.
- کۆڕێك بۆ د.ئازار حەسۆ میرخان بەناونیشانی ناسیۆنالیزم ڕوانگەیەکی کوردییانە.
- ئێوارە کۆڕێك بە ناونیشـانی (وەرگێڕان لە کوردییەوە: ئەزموونی محەمەد حوسـێن موهەندیس لە بواری وەرگێڕان لە کایەکانی ئەدەب و زانستد) سازکرد.
- کۆڕێك بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس شاخەوان سدیق لەبارەی ناساندن و بلاوکردنەوەی کتێبی (چێژی خوێندنەوە) و ئەزموون و جیهانی خوێندنەوە لای خوێنەری کورد.

## سێیەم: ناوی چاپکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی

هەرچەندە باری ئابووری بۆ ئەکادیمیا سەخت بووە، بەڵام ئەم دەزگایە لە بڵاوکردنەوەی کتێب ناوەستاوە، ژمارەی کتێبە چاپکراوەکانیشی لەم ماوەیەدا بریتییە لە (٢٣) کتێب بە قەبارەی گەورە و ناوەن. بەشێکی زۆری ئەم کتێبانە بەبێ بەرامبەر دەدرێتە شوێنە پێویستەکان وەك (کتێبخانە گشتییەکان، دەزگا و ناوەندەکانی توێژینەوە، پەرلەمان، سەرۆکاتییەکان، زانکۆکان و ژمارەیەك لە کەسەیەتییەکان کتێبخانە تایبەتەکان. ئەمە جگە لە ناردنە دەرەوەیان بۆ زانکۆ کوردییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و کتێبخانە جیهانییەکان).

١- گەڕەکی شۆرجە لێکۆلینەوەیەکی ئیتنۆگرافی مێژووی بایۆگرافیە.

٢- دەهۆڵ کۆکردنەوەو نۆتە و شیکردنەوە.

٣- کەرکوك نەفرەتی نەوت وستەمی دیمۆگرافیا.

٤- پیڤەرێن ڕێکخستنەڤەیا جڤاکا هەرێما کوردستانێ.

٥- ڕێزمانی بەراورد.

٦- بریتانیا و بەکارهێنانی ئامار لە کێشەی کوردی عێراق (١٩١٩ – ١٩٣٢).

٧- قلائد الجمان.

٨- سەفەرێکی تر بەنێو مەملەکەتی شیعردا.

٩- فەرهەنگی زاراوەکانی ئەندازیاریی گەیاندن.

١٠- گوناح و ئیمان توێژینەوە لەبارەی گرووپە ئیتنییەکانی کوردستان.

١١- کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ.

١٢- هەولێر لێکۆلینەوەیەکی مێژووییە.

١٣- کورد لەسیاسەتی ڕووسیادا.

١٤- بدايات الشعور القومي الكوردي في التاريخ الحديث.

١٥- الشيخ محمد سليم المردوخی.

١٦- وصف المخطوطات الكردية في مجموعات لينينغراد.

١٧- الكورد الاخرون الايزيديون في ظل الاستعمار البريطاني.

١٨- في الفكر التاريخي والسياسية.

١٩- هەولێر (١٩٦١ – ١٩٦٣) پەخشنامەیێکی هەفتەیی یە بە زمانی کوردی و عەرەبی شارەوانی هەولێر دەری دەکات.

٢٠- ١١ ژمارەی دەگمەنی ڕۆژنامەی خەبات.

٢١- کوردستان و پرسی کورد ( ١٩٢٣ – ١٩٤٥).

٢٢- الكرد الايزيديون.

٢٣- گۆڤاری ئەکادیمیای ژمارە (٤٢، ٤٣، ٤٥، ٤٤).

## چوارەم: ئەو بەرهەمانەی کە لەلایەن ئەندامانی ئەکادیمیا لە ژێر ئامادەکردن دایە

١- ئینسکلۆپیدیا بەرگی یەکەم و دووەم لەلایەن (لێژنەی ئینسکلۆپیدیا).

٢- دەرکردنی ژمارەکانی ڕۆژنامەی (صوت الاکراد) لەلایەن بەڕێزان (پ.د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی) و (م. عەبدوڵلا زەنگەنە).

٣- ئامادەکردنی ژمارەکانی ڕۆژنامەی رزگاری (١٩٥٩) لەلایەن بەڕێزان (پ.د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی) و (م. عەبدوڵلا زەنگەنە).

٤- بلاوکردنەوەی بەڵگەنامە و دەستنووس دەربارەی مێژووی هەولێر.

٥- بلاوکردنەوەی کتێبی ڕووداوەکانی (موصل و کەرکووك لە ١٩٥٩).

٦- ژیانی ڕووناکبیری و فەرهەنگی لە ئیمپراتۆریای عوسمانیدا وەرگێرانی لەلایەن بەڕێز (د. نەجاتی عەبدوڵلا)

٧- سەردەمی هەڵەکان لەلایەن بەڕێز (د. نەجاتی عەبدوڵلا).

٨- کتێبی الامبراطوریات، الحدود والقبائل الكردية كردستان ونزاع الحدود التركي - الايراني لەلایەن بەڕێز (د. نەجاتی عەبدوڵلا).

٩- پڕۆژەی کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی فەرەنسا، بەرگی سێیەم و چوارەم لەلایەن بەڕێز (د. نەجاتی عەبدوڵلا).

١٠- نەژاد و مێژوو. کلۆد لیڤی شتراوس، وەرگێران لە فەرەنسییەوە لەلایەن بەڕێز (د. نەجاتی عەبدوڵلا).

١١- کتێبی (قەرزی وشە) لەلایەن بەڕێز (پ.د. فاروق عومەر) ئامادەیە بۆ چاپ.

١٢- نێرگزە جارێك لە تۆپۆنیمی کوردستان لەلایەن بەڕێز (پ.د. فاروق عومەر) لە ئامادەکارییی دایە.

١٣- فەرهەنگ لە بواری مێژوو بە سێ زمانی (کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی) لەلایەن (پ.د. موحسێن محەمەد حوسێن) لە ئامادەکارییی دایە.

١٤- في الفكر التاريخي و السياسي لەلایەن (پ.د. موحسێن محەمەد حوسێن) دەرچووە.

١٥- پڕۆژەی ئامادەکردنی بەڵگەنامە و بیرەوەریی ئەفسەرانی ئێرانی، عوسمانی، بریتانی، ڕووسی لەبارەی شۆرشی- سمکۆ لە (١٩١٣ – ١٩٣٠) کە لە (١٧) حەڤدە کتێب پێکهاتووە لەلایەن بەڕێز (م. محەمەد باقی ئەمین) لە ژێر ئامادەکاریی دایە.

# کار و چالاکییەکانی
# ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان

**ئەم ڕاپۆرتە لەسەر ئەم بنەمایانەی ئاماژەیان پێدراوە داڕێژراوە:**

- ستراتیژی نیشتمانی بۆ پەرەپێدانی بارودۆخی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان کە لە ٢٠١٦/١١/٢٢ لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند کراوە.
- ستراتیژی نیشتمانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ساڵی ٢٠١٢ پەسەند کراوە.
- پلانی نیشتمانی جێبەجێ کردنی بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکانتاییەت بە (ئافرەت، ئاشتی، ئاسایش) لە کاتی ململانێکاندا.

**بۆ هەریەك لەو ستراتیژانە پلانی تایبەتمان هەیە بە نموونە:**

- پلانی گۆڕینی هەڵسوکەوت تایبەت بە قەدەغەکردنی بەشودانی کچانی منداڵ.
- پلانی تایبەت بە نەهێشتنی خەتەنەکردنی مێینە لە هەرێمی کوردستان.

دانانی بەرنامە بۆ پرۆژەی ڕاهێنانی دادوەران و داواکارانی گشتی و لێکۆلەرانی دادی و ئەفسەرانی لێکۆلینەوە تایبەت بە هەروو یاسای باری کەسی و توندوتیژی خێزانی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی داد وەری و وەزارەتی داد و ناوخۆ.

دانانی پلانی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ جێبەجێ کرنی ستراتیژ و سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری ئافرەتاندا گشت ئەمانە پشتیان بەستووە بە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و هاوکاری شارەزاو ڕاوێژکاری ناوخۆیی ونێودەوڵەتی، لەهەمان کات میکانیزمی جێبەجێ کردنیان و بەدواچوون وهەڵسەنگاندنیان دەستنیشان کراوە و ڕەچاوی ئەگەر و ئاستەنگە پێشبینی کراوەکان و دەرفەتەکانی سەرکەوتنی کردووە.

جێبەجێ کردنی بەرنامە و پلانەکانی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بواری ئافرەتاندا پێویستی بە هەماهەنگی گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان و بە پلەی یەکەم، لە هەمان کاتدا پێویستی بە هاوکاری مەعنەوی و مادی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومییە نێو دەوڵەتییەکانە.

هەر لەسەر ئەو بنەمایانە، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان ساڵانە ئەولەویاتی کاری دەستنیشان دەکات و لەگەڵ گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان پلانی جێبەجێ کردن و بەدواداچوون و ئاماژەکانی جێبەجێ کردن دادەڕژێت.

## پوختەی کارو چالاکیەکان:

- لە ٢٠١٩/٧/٢٥ کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنیەکانی ناوخۆ و ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان و ئاژانسە پەیوەندیدارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە مەبەستی پێداچونەوەو بەدواداچوونی بەرنامە هاوبەشەکانی نێوانمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان. لە کۆبونەوەکەدا، گفتوگۆکرا لەسەر خولەکانی تواناسازی بۆ یەکەکانی یەکسانی جێندەری لە وەزارەت و دامەزراوەکانی دیکەی حکومەت و چۆنیەتی بەردەوامی و بەرەوپێشبردنی ئەو خولانە لە ناوەڕۆك و شێوازدا.

- لە درێژەی خولەکانی ڕاهێنان بۆ بەهێزکردنی یەکەکانی یەکسانی جێندەری، لە ٢٨ و ٢٠١٩/٧/٢٩، ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان خولی ڕاهێنانی لەو بوارەدا ئەنجامدا، بەهاوکاری UN WOMEN و یەکێتی ئەوروپا، لەچوارچێوەی پرۆژەی (پاڵپشتی ژنان و کچانی ئاوەرە و کۆمەڵگەی خانەخوێ- کە ناسراوە بە پرۆژەی مەدەد) بۆ "یەکەکانی یەکسانی جێندەری" سەبارەت بە ئەرك و کاری ئەو "یەکانە" لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمدا.
- لە ٣٠ و ٢٠١٩/٧/٣١ درێژەدان بەهەمان خول بۆ ئەندامانی یەکەکانی یەکسانی جێندەری.
- بەستنی کۆنفراسی هاوبەش لەگەڵ (ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت) لە٥-٢٠١٩/٨/٦ ، تایبەت بە گفتوگۆ لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە بابەتە یاساییەکان و بەڵگەنامە نێو دەوڵەتییەکان وەك (سیداو) و (پلاتفۆرمی بێجین) و بڕیاری "١٣٢٥"ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی.
- کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری بانکی نێودەوڵەتی و هاوبەندی بانکە تایبەتیەکانی عیراق، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا چەند پرۆژەیەکی هاوبەش ئەنجام بدرێت لەبواری پەرەپێدانی سەربەخۆیی ئابوری ئافرەتان لە بوارەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بوارەکانی دیکەی تواناسازی ئابوری. (تا ئێستا لەبواری ئامادەکارییەکانن).
- لە ١٦و٢٠١٩/٩/١٧ بەردەوامی بە خولەکانی تواناسازی "یەکەکانی یەکسانی جێندەری" لەگەڵ هاوبەشەکانمان.
- لە ٢٠١٩/١٠/٢٨ بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی (یورۆمید) ئەنجامدانی کۆنفرانسی "یەکەکانی جێندەری" سەبارەت بە "دیدگە، ئامانج، پلان" هەروەها هەڵسەنگاندن و پێداویستیەکانیان بۆ باشترکردنی تواناکانی کارکردنیان و ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنفرانسە دەچێتە پلانی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە.
- بەشداریکردن لەگەڵ وەفدی عێراقی لە کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری دانانی پلانی نیشتیمانی جێبەجێ کردنی بڕیاری "١٣٢٥ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و چەند بیر و ڕایەکمان سەبارەت بە ڕۆڵی هەرێم چەسپاند
- لە ٢٠١٩/١١/٥ کۆبوونەوە لەگەڵ شاندێکی باڵای یونامی بەسەرکردایەتی (ئەلیس والپۆل)، خستنە ڕوی هەندێك تێبینی سەبارەت بە فەرامۆشکردنی هەرێمی کوردستان لەهەندێك ڕووەوە (لەبواری کاری ئەنجومەنەکەمان) دانیان نا بەوەدا هۆکارەکەیان گێڕایەوە بۆ ئەوەی کە ئەنجومەن خۆی بەتوانایە و پێویستی بەو بایەخە نیە کە ئەوان بە بەغدای ئەدەن!! لەهەمان کات وەعدیان دا کەلەمەودوا پەیوەندییەکان بە هێزتربن.
- کۆنفرانس دەستپێك و چالاکییەکانی هەڵمەتی نیشتیمانی شازدە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی توندو تیژی بەرامبەر بە ژنان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ٢٠١٠/١١/٢٥ تاوەکو ٢٠١٩/١٢/١٠ .
- سەردانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری و ژمارەیەك لە وەزیرەکانی کابینەی نۆیەم و پارێزگاری هەولێر بە مەبەستی هەماهەنگی زیاتر لە بواری بەرنامەکانی تایبەت بە ئافرەتان.
- ئەنجامدانی چەند کۆبوونەوەیەك بۆ ئامادەکاری بۆ پرۆژەی دیراسە و هەڵسەنگاندنی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم پەیوەندیدار بە پرسی ژن و دەستنیشانکردنی ئاستەنگ و بەربەستەکان.

- لە ٢٠٢٠/٦/١٩، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی سێکسی لە پێکدادانەکاندا، دەرکردنی بەیاننامەی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و سپۆتێکی تایبەت کە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ناوخۆ و بە هاوکاری فەرمانگەی میدیا و زانیاری ئەنجامدرا کە تیایدا قوربانییەکی یەزیدی (لەیلا تەعلۆ) باسی بەسەرهاتەکانی و قوربانیانی خانمانی یەزیدی کرد.
- لە ٢٠٢٠/٧/٢، پێشکەشکردنی سیمینارێك (بە ئۆن لاین) دەربارەی توندوتیژی سێکسی لە کاتی پێکدادانەکاندا، دوایین ئامار و زانیاری لە سەر کچان و ژنانی رفێندراو و ڕۆڵی حکومەت و ڕێکخراوەکان لە جێبەجێ کردنی بەیاننامەی هاوبەشی واژووکراو لە نێوان عیراق و نەتەوە یەکگرتووەکان و هەماهەنگی لەگەڵ گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان باس کرا.
- لە ٢٠٢٠/٧/٥ ، ئەنجامدانی سیمینارێك دەربارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و شێوازەکانی خۆپارێزی، بە بەشداری خانمانی ئەفسەر و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر.
- لە بەردەوامی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ بەهێزکردنی سەنتەرەکانی یەکسانی جێندەری لە روی داڕشتنی پرۆگرام و پەیڕەوی کاری سەنتەرەکان و یەکخستنی بەرنامەو هەیکەلیەتی لە زانکۆکانی هەرێم.
- بەدواداچوون بۆ بڕگەی (١-٢) مادەی (١٧) یاسای باری کەسێتی  بە ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠٠٨ لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و لەلایەن وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی فەرمانی جێبەجێ کردنی بۆ دەرچوو.
- لەگەڵ وەزارەتی داد/ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی و وەزارەتی ئەوقاف بۆ بەداواچوون سەبارەت بە پێشێل کردنی یاساکان لە پەرلەمانی کوردستان  و پابەندبوون بە یاسای باری کەسێتی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ وە هەروەها مادەی ٢٥ی یاسای باری کەسێتی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان بە ژمارە ١٥ی ساڵی ٢٠٠٨ی پەرلەمانی کوردستان.
- پرۆژە یاسای ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان نێردراوەتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسەندکردنی و ناردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان.
- سەردانی بەغداو کۆبوونەوە لەگەڵ بەرێز وەزیری دادی عێراق سەبارەت بە هەندێك تێکەڵی لە ئەرکەکاندا لەئەنجامی نەهێشتنی وەزارەتی کاروباری ئافرەتان و وەزارەتی مافی مرۆڤ لە عێراق دا بەرپابوون و پاش تەکلیف کردنی وەزارەتی داد بە ئەرکی ئەو دوو وەزارەتە ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر ئەرکەکانی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان.